گزینگ

گۆڤـــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە

بەهاری ١٩٩٨(١٣٧٧)

- هەر شیعرێک ڕەنگێکی تایبەتە
- دەمەتەقەیەکی دۆستانە لەگەڵ کاک ،مارتین ڤان بڕاونێسن، لە بارەی ئەحمەدی خانی و...
- لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی: تیۆر و پراتیک
- تیۆریگەلی فێمینیستی
- شارنشینی، ژێندر(جینسی کۆمەڵایەتی)و وەگەڕخستنی سیاسی لە کوردستان
- پێوەندیی ژن و پیاوله نێوان دوو کولتوور
- مافی ژن لە... (ئیمپراتوری عوسمانی)
- چەند سەرنجێک دەربارەی ئەنفال
- شیعر و ڕۆشنبیریی
- تەرجیع بەندی ،مستەفا بەگی کوردی،
- کۆچی دوایی مامۆستا،محەمەدی قازی،
- ڕۆژژمێری تەورێز: بەڵگەنامە...

ڕانانی کتێب، شیعر، کورتەچیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، هەواڵی فەرهەنگی، چاپەمەنی و...

فریاد:

ئەترسم ئەی وەتەن بمرم، لە داخی هیجری دەردی تۆ
بە ئاواتم لە باوەشتا، بکەم ڕۆحم سپەردی تۆ
لە وەقتی غەرغەرە توخوا دوو قەترە ئاوی «کانیسکان»
فەقەت تابووتەکەم دانێن لە بەرزی «گردەکەی سەیوان»
خودا چەند نیعمەتی داوە لە شوکری عاجزم ئەما
بە دایم دیدە گریانم لە بۆ سەیرانی «کانی با»
ئەگەر مردم لە سەر قەبرم بنێن سەنگێ کە نووسرا بێ
لە مەحشەردا قەرینی من «حەفید شێخی نودا» بێ
لە هەنگامی شەبابی تا نیهایەت عومری ئەو کاکە
خەریکی دەرس و تەعلیم بوو، لە بۆ چشتێ لە بۆ چاکە
تەبارەک مەرقەدی «کاکە» موقەددەس «گردی سەیوانە»
موقامی «خالیدی نەقشی»خەزێنەی عیلم و عیرفانە
لەگەڵ هەمەشهریان خۆم بم لە بن «گردی گولان»یش دا
لە کن من خۆشترە بە خوا لە گەڵ سولتان لە «ییلدیز»دا
لە داخی شیوی «زێڕبنۆک» دوو چاوم «بەکرەجۆ» ئاسا
دەڕێژێ ئەشکی حەسرەت دڵ، بە دایم «سەرچنار»ئاسا
لەتیفە چیمی بەر «تەکیە» هەموو شەو دەنگی تەسبیح دێ
چ خۆشە «گردەکەی یارە» لە دەووری بۆنی شەوبۆ دێ
لە سەر«کارێزی دارۆغا» هەتا «تووی قوجە» بەو لاوە
بەهاری عەینی فیردەوسە گولالەی سووری زۆر لاوە
بڵێ پێم «موستەفا» توخوا چلۆنە سا سلێمانی
بڵێ پاشایەتی و ڕۆحیش فیدای خاکی سلێمانی.

ئیستانبوول ١٩١٤

گزینگ - ژمارە ١٩

بەهاری ١٩٩٨(١٣٧٧)

نێوەرۆک

قسەی ئەو ژمارەیە:	هێرش	٤
ردفیق سابیر: هەر شیعرێک رەنگێکی تایبەتە، ئامادەکردن: سیروان رەحیم		٥
دەمەتەقێیەکی دۆستانە لەگەڵ کاک مارتین...:	محەمەدی مەلا کەریم	٨
پرۆژەی فێرکردنی زمانی کوردی	وەرگێڕانی: قاسم ریانی	١٥
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندەری کوردی(ڕۆژی جیهانی ژن): نەزەند بەگیخانی		١٦
شارنشینی، ژێندر(جینسی کۆمەڵایەتی) و...:	شەهرزاد موجاب، ح. قازی	١٧
پێوەندیی ژن و پیاو لە نێوان دوو کولتوور:	موحسین ئەحمەد عومەر	٢٤
تیۆریگەلی فێمینیستی: ر.سێلدن، پ. ویدۆسۆن، پ. بروکر؛ هاشم		٢٩
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(١١):	«ژیلا.ف» و «تەیفور»	٣٣
شیعر: زۆهرە، ئازەمیدۆخت، سیوەیلی، هاوار، عارف، سایە، حوسێنی و...		٣٨
شیعر و ڕۆشنبیریی:	ئازاد حەمە	٤٢
چەند سەرنجێک دەربارەی ئەنفال:	شۆڕش حاجی	٤٨
ڕۆژژمێری تەورێز(بەڵگەنامە...)	وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی	٥٤
حەوت بەندە دووپاتەکییەکەی موستەفا بەگی کوردی:	جەمیل ڕۆژبەیانی	٥٦
ڕانانی کتێب: «جوغرافیای تاریخی و»،م. ع سوڵتانی:	ئەنوەری سوڵتانی	٦٢
ڕانانی کتێب: «ململانی کورد یان...»، ک. کوچێرا:	ئەحمەد ئەسکەندەری	٦٥
کۆچی دوایی محەمەدی قازی:	ئەحمەدی شەریفی، فاروق	٧٠
هۆنراوە:	محەمەدی قازی	٧١
ئۆردوگای ڕۆمادییە:	عارف باوەجانی	٧٢
هەواڵی فەرهەنگی: گوزارشتی یەکەم کۆنفەرانسی... سەبارەت بە ژنانی کورد		٧٤
بەسەرهات بووچکێ(دیالێکتی گۆرانی):	سیامەک	٧٦
چاپەمەنی:	کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە	٧٨

هەر ڕۆژتان نەورۆز بێ و نەورۆزتان پیرۆز

وێنەی ڕووبەرگ: زۆهرە

ISSN 1104 - 3473

چاپی کتێبی هەرزان، سوێد: ئاوریلی ١٩٩٨

سەرنووسەر:

سولەیمانی چیرە (هێرش)

دەستەی نووسەران:

هاشمی ئەحمەدزادە

نەزەند بەگیخانی

ئەمیری حەسەنپوور

حەسەنی قازی

عەبباسی وەلی

ڕاوێژکار:

عەلی کەریمی

ناوونیشان:

GZING
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

ژمارەی فاکس:

Fax: +46 - 650 - 94029

ئی - مەیل:

E-mail:chireh.solaiman
@hudiksvall.mail.telia.com

وێب نادرێس:

http://w1.650.telia.com/~u65002195

ژمارەی پۆستگیرۆ:

Postgiro: 443 5022-1

- گزینگ، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی - فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.
- گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.
- هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.
- گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.
- ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ئانێردرێنەوە.

یادی ده ساڵەی هەڵەبجە

قسەی ئەو ژمارەیە

س. ج. هێرش

پێشەکی بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٩٨ز(١٣٧٧ه)، گرمترین پیرۆزبایی خۆم پێکێشی خوێنەرەوانی بەڕێز دەکەم و ساڵێکی پڕ لە خێر وخۆشییان بۆ بە ئاوات دەخوازم و هیوادارم ساڵی تازە بۆ گەلی کورد، ساڵی نزیکبوونەوە و لەیەکگەیشتن و گەیشتن بێ، بە ئاوات و ئامانجە وەدینەهاتووەکانی بەهاران و ساڵانی پڕ لە کاردسات و تراژێدی.

هەروەها ئاواتەخوازم، چیدی «وەنەوشە»ی هەیوانی هیوای دایکۆڵەی کورد، بۆ «گەزیزە»ی هەڵپرووکاوی بەهاری پارو پێراری کوردەواری بە ملکەچی خوێن نەخواتەوە و، ڕیشەی «بەیبوون»ی یەکبوون و یەکێتی و هاریکاری لە حەوشەی بەربەرەکانی و دووبەرەکی و لاساریدا سەرهەڵداتەوە و چاوی ڕەشی نەیارانی کورد کاڵ کاتەوە.

ئەوەی لێرە و لەو ژمارەیەی گزینگ دا کە هاوکاتە لەگەڵ نەورۆز و وەرزی بەهار، شیاوی گوتن بێ، ڕێزگرتن و بیرهێنانەوەی یادی دە ساڵەی ڕوودانی کاردسات و تراژێدی شاری **هەڵەبجەی** شەهیدە کە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ڕێژیمی بەعسی عێراق بەڕێوەی برد و لە چاوترووکانێکدا چەند هەزار ئینسانی بێدەرەتان و بێ ئەنوای لە نێو کۆماهەور و کۆگادووکەڵی ژاراویدا قڕکرد. بۆیە جێی خۆیەتی لەلایەن خۆم و هەموو هاوکاران و هاوالانی گۆڤارەکەوە، هەرچی وشە و هەست و سۆزی ئینسانییە بکرێتە چەپکێک «گەزیزە» و لە بەرۆک و سینگی پڕ لە ژار و پەژارەی ئێستاش سارێژنەکراوی هەڵەبجە بدرێ.

هەروەک دەزانین لە دەیەکانی ئەو سەدەیەی وا بەردو تەواوبوون دەڕوا، ڕێژیمی تەواوی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەشکراوە، هەرکام بە شێوە و تایبەتمەندیی خۆیان سیاسەتی دژی کوردییان بەڕێوەبردووە و بەهار و ئازادی و ژیانی کوردیان شێواندووە؛ بەڵام ئەوەی ڕێژیمی بەعس و دیکتاتۆری عێراق دژی کورد کردوویە و دەیکا، لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی ئیدەئۆلۆژی و دینی و ئینسانی و ئەخلاقی نایخوێنێتەوە و هیچ پاکانەشی بۆ ناکرێ کە کۆرپە و زارۆکی کورد بە باوەشی دایکەوە و لە کاتی مەمک مژتندا پەپوولە ئاسا هەڵپرووزێن و سەرۆکی سەهەندەش نە بای پێدابێ و نە باران.

تۆ بڵێی منداڵ و کەنیشک و کوڕوکاڵی کورد هەروا لە ژێر سەوەی بێدەنگیدا بمێننەوە و خوێنی بە فێڕۆچووی هەزاران کەس لە خێزانە ئەنفالکراوەکان لەبیر بەرنەوە و دادی هەقخوازانەی هەڵەبجەی سەربڕاو، بە جیهان و بیروڕای گشتی ڕانەگەیێنن کە: تاوانبار و جینایەتکاران دەبێ بە سزای کردەوەی نائینسانی خۆیان بگەن...

ئاشکرایە کە کاردساتی هەڵەبجە و گەلێک ڕووداوی نائینسانی و درندانەی ڕێژیمی بەعسی عێراق وەک: ئەنفال و دوورخستنەوە و ڕاگوێزان و عەرەبیکردنی جۆغرافیای بەشێک لە نیشتمانی کورد، داگیرکردنی دڵی ئاباووری کوردستان (کەرکووک)، جەوهەر و کاکڵی سیاسەتێک بووە بە نێوی ژینۆساید و کوردتواندنەوە کە ماوەی چەندین ساڵە لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بەڕێوەدەچێ و ئێستاش هەر درێژەی هەیە. بەداخەوە تا ئەو بایەش لەو کونە ڕا بێ و کەس خەتی کەس نەخوێنێتەوە و ئەنجامدەر و درێژەدەری ئەو سیاسەتەش هەروای دەسەردەوە بچێ، هیچ بە دووری نازانم کە دیکتاتۆری عێراق زۆر ئەورۆز و بەهاری دیکەشمان ژاراوی و ژیانی کوردەواریمان بۆژوێ نەکاتەوە!

مەسەلەیەک کە زۆر گرینگە و دەبێ سەرنجی بدرێتێ، وەدیهێنانی ئەو نەخشە و پلانەیە کە ماوەیەکە ڕێژیمی بەعسی عێراق بۆ دەست بەسەرداگرتنەوەی سەر لە نوێی خاکی کوردستانی خوارووە بەتایبەت شاری سلێمانی دەیکێشێ و، ئەوەش بۆ ڕێژیمێکی فاشیست کە جارێکی دیش، ناکۆکی و ناتەبایی دەوڵەتە گەورەکان لە لایەک و لەبەرچاوگرتنی بەرزەوەندییەکانی خۆیان بەتایبەت لە وڵاتە عەرەبییەکان لە لایەکی دیکەوە، ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساند کە لە گوێکێشان و تەمبێکردن و پالاماری دەوڵەتە هاوپەیمانەکان(ئەمریکا و ئینگلیس و...) قوتار بێ، کارێکی تا بڵێی ئاسان و ئاسایی یە.

بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەرکی سەر شانی تەواوی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی ئەمەگداری کورد ئەوەیە کە دەنگی ناڕەزایەتی و دادخوازیی خۆیان لە ئاست ئەو ئەخشە و پلانە بۆ بیر و ڕای گشتی جیهانی بەرز بکەنەوە تا کاردساتگەلی دیکەی وەک ئەنفال و هەڵەبجە ڕوونەداتەوە. ئابێ بهێڵرێ جارێکی دیکە لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراقەوە قانوونی جەنگەڵ لە کوردستان پێڕەوی بکرێ.

جا، بۆ ئەوەی هەم هەڵەبجەیەکی دیکە دووپات نەبێتەوە و هەم مەرگەسات و لە ناوچوونی گیانی هەزاران ئینسان بە گازی شیمیایی کە شەقڵێکی شەیتانی بوو و بە دەست ئەهرێمەنی نەگریسی بەعس لە لاجانگی مێژووی بەشەرییەت درا، هەتاهەتایە لەبیر نەچێتەوە، ئێمەی کورد سەرەڕای داد و هاواری ئینسانی بۆ تۆڵەسەندنەوەی قانوونی، هەق وایە بەتایبەت لە بارودۆخی ئێستادا، یادی دەساڵەی هەڵەبجە بکەین بە ڕەمزی یەکێتی و هاریکاری، بیکەین بە سەمبولی مان و بەرانگاری، هیچ شتێک برینی مێژوویی ئەو تراژێدییە پڕ ناکاتەوە ئەوەنەبێ کە سووتووی پەپوولە هەڵپرووزاوەکانی سەر سینگی دایکۆڵان، کۆڵان کۆڵان کۆ بکەینەوە و بیکەین بە ئیکسیری ئاشتبوونەوە و یەکبوونەوە، باڵای بووکی ناکامی شارەزوور بکەین بە ئاڵای کەسک و سپی و سوور، هاکا لە ئاسمانی نیشتمانەکەمان بشەکێتەوە... ■

رەفیق سابیر

هەر شیعرێك رەنگێكی تایبەتە

ئامادەكردنی: سیروان رەحیم

□ رەفیق سابیر یەكێكە لەو شاعیرانەی، كە لەدوای ساڵی ١٩٧٠ ڕا لە نوێكردنەوەی شیعری كوردی لە باشووری كوردستاندا، بەشداری كردووە و تا ئێستا نۆ كۆمەڵە شیعری بڵاوكردۆتەوە. ئەو لە ساڵی ١٩٥٠دا لە شاری قەڵادزێ لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٧٤دا بەشی زمان و ئەدەبیاتی كوردی لە زانكۆی بەغدا تەواوكردووە. لە ساڵی ١٩٨٧دا لە بولگارستان، بەشی فەلسەفە، شەهادەتنامەی دوكتۆرای لەسەر تێمی رۆڵی كولتوور لە پێكهێنانی هوشیاریی نەتەوەی كورد وەرگرتووە. ئێستا لە سوێد سەرنووسەری گۆڤاری ,رابوون،ە.

● سەرەتا و یەكەم هەنگاو دەگەڕێتەوە كوێ و لە كوێوە دەست پێدەكات؟

ـ سەرەتای یەكەم هەنگاو بۆ كۆتایی ساڵانی شەستەكان دەگەڕێتەوە. ئەو كاتە من قوتابی ئامادەیی، بەشی ئەدەبی، بووم و لە قەڵادزێ دەمخوێند. سەرەڕای خوێندنی قوتابخانە بە گەرمی خەریكی خوێندنەوەی شیعرو ئەدەبی كوردی بووم. لە خوێندنەوەی شیعردا هەستێكی تایبەت و هەژانێكی ڕۆحیم لەلا دروست دەبوو. هەستم دەكرد شیعر بەردو نازادیم دەبات، دەمخاتە جیهانێكەوە كە زۆر جیاواز بوو لەو جیهانە سەخت و دژوارەی كە شەڕی دەوڵەتی عیراق كوردستانی بۆ ڕاپێچ كردبوو. لەو سەردەمانەدا بوو پەنام بۆ شیعر نووسین برد. ئەو شیعرانەی ئەوكاتە نووسیمن زیاتر لاسایی كردنەوەی شاعیرانی وەك وەفایی و گۆران بوون، یان دەربڕینی هەستێكی ساكاربوون بەرانبەر بە ڕووداوەكان و ژیان و خۆشەویستی. هەرچەندە ئەم شیعرانە لە ڕووی هونەری ئەدەبییەوە نرخێكییان نەبوو، بەڵام بۆ من پردێك بوون بەردو دنیای شیعرنووسین، لەودیش گرینگتر سەرەتایەك بوون تا بوێرم لە ڕێگەی پەیڤەوە هەست و تێڕوانینی خۆم بەرانبەر بە ژیان و سروشت و ئەڤین و مرۆڤ دەربڕم، واتا هەست بە دەسەڵات و گرینگیی پەیڤ بكەم.

● لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە سەرەتای گۆڕانێكی نوێ لە شیعری كوردییدا ڕوویدا، دەكرێ بە كورتی باسی ئەم گۆڕانە بەكیت؟

ـ تا ساڵی ١٩٧٠ شیعری كوردی لە باشووری كوردستاندا لە چوارچێوەی ئەو نوێكردنەوەیەدا بوو كە گۆران لە كۆتایی ساڵانی سییەكانی ئەم سەدەیەدا بەسەر شیعری كوردیدا هێنا. گۆران زمانی شیعری كوردی و فۆرم و ناوەڕۆكی شیعری كوردی بە تەواوی گۆڕی. لەجیاتی وەزنی عەروزی عەرەبی، بۆ یەكەمین جار، ئەو وەزنە شیعرییانەی بەكار هێنا كە لە گۆرانی فۆلكلۆری كوردی و شیعری لەهجەی گۆران (هەورامی)دا بەكاردەهاتن، كە بە وەزنی سیلاب ناسراون و ئەم وەزنانەی پێشخست. هەروا لەجیاتی ئەو زمانە پڕ لە وشەی عەرەبی و پڕ لە شێوەكانی بەلاغەی شیعری كلاسیكی، كە بە تەنسیری ئەدەبی فارسی و عەرەبی هاتبوونە ناو زمانی كوردییەوە، لە جیاتی ئەمانە زمانێكی ڕەوانی كوردی و پڕ لە وێنەی ریالیستی سادە، بەڵام قوڵ و پڕ مانای هێنایە ناو شیعری كوردییەوە، كە ئەم وێنە شیعرییانە زۆر لە سروشت و ژیانی ڕۆژانەوە نزیك بوون. هەر بەم پێیە ناوەڕۆكی شیعری كوردی گۆڕانێكی قووڵی بەسەرداهات و باسكردنی سروشت و جوانی و ژن و ژیانی كۆمەڵایەتی خەڵك بە فراوانی هاتنە نێو شیعری كوردییەوە.

هەموو شاعیرانی دوای گۆران تا ساڵی ١٩٧٠ لە ژێر تەنسیری گۆران دابوون، كەم تا زۆر بە شێوەی گۆران شیعریان دەنووسی. یان بەواتایەكی دی ئێمە گۆران مان هەبوو لە لووتكەی شیعریدا و شاعیرانی تر بەدەوری ئەودا دەسووڕانەوە.

بەڵام ئەم شێوە نوێیە شیعرییە پێش مردنی گۆران لە ساڵی ١٩٦٢ دا وەزیفە و كاری هۆنەری خۆی تەواو كردبوو. یان جۆرە حاڵەتێكی دووبارەبوونەوەی بە خۆیەوە گرتبوو، كە وردە وردە بەهۆی دووبارەبوونەوە جوانیی خۆی لەدەست دەدا. ئیتر دەبوایە شیعری كوردی تەكانێكی نوێ بە خۆی بدات. بە درێژایی ساڵانی شەستەكان بەهۆی شەڕ لە كوردستان دەرفەتی ئەوە نەبوو شیعرو ئەدەبی كوردی ئەم تەكانە بەخۆی بدات.

لە ساڵی ١٩٧٠ دا كە ئاشتییەكی كاتیی لە كوردستاندا دەركەوت، بزاڤێكی فراوانی كولتووری و ئەدەبی دەستی پێكرد و كۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری كوردی بڵاوكرانەوە. ئیتر سەرەتای نوێبوونەوەیەكی دی لە ئەدەبی كوردیدا دەست پێكرا.

لەو سەردەمەدا جیل (نەسل)ێكی نوێی شاعیران دەركەوتن، كە زۆربەیان لە سایەی شەڕدا گەورەبوون، هەوڵیان دا بە تەكنیكێكی نوێ و مۆدێرن شیعر بنووسن و خواست و خەون و ئازاری مرۆڤی كورد، لە سایەی شەڕدا باس بكەن. لەو ماوەیەدا كۆمەڵە دەنگێكی نوێی شیعری پەیدا بوون كە بەرهەمی شیعری هەر یەكێكیان تایبەتمەندیی خۆی هەبوو و سەرەتای نوێكردنەوەی پێوە دیار بوو، ئەم شاعیرانە بە پێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆیان [شاعرانی ساڵانی چلەكان و پەنجاكان و شەستەكان] توانییان لە تەنسیری گۆران دەربازبن و شێوە و ستیلێكی

شیعری جیاواز لە ستیلی شیعری گۆران دابێنن. زمانی شیعر گۆڕانێکی نوێی بەسەردا هات. بە سەدان و هەزاران وشەی نوێ کەوتنە ناو شیعری کوردییەوە. وێنەی شیعری و تەشبیه و مێتافۆر شێوەیەکی جیاوازیان بەخۆیانەوە گرت. سیمبۆل بەفراوانی هاتە ناو شیعرەوە. تێڕوانین بۆ شیعر مەودایەکی دیکەی وەرگرت. هەر بەم پێیە ناوەرۆک و بابەتی نوێ دەرکەوتن، هەروا باسکردنی لایەنی رۆحی مرۆڤ شوێنێکی بەرچاوی لە شیعری شاعیرانی ئەم جیلەداگرت ، کە من یەکێکم لەوان. ئەم نوێکردنەوەیە لە سەرێکەوە درێژەدانە بەو نوێکردنەوەیەی کە گۆران دەستی پێکرد، بەڵام لە زەمانێکی دیکەدا و بە جۆرێکی قووڵتر و فراوانتر، لە هەمان کاتدا داڕانیشە لە گۆران، بەو پێیەی بزاڤ و دیاردەیەکی نوێی شیعرییە و رواڵەت و شەقڵی تایبەتیی خۆی هەیە. دەتوانم بڵێم کە ئێستا شیعری کوردی بە تەواوی جیاوازە لە ستیلی گۆران و، لە شیعری مۆدێرنی جیهان، بە تایبەتی شیعری ئەورووپایی نزیک بۆتەوە، دیارە بە تایبەتمەندیی خۆیەوە.

ئەم بزاڤە شیعرییە تا ئێستا هەر بەردەوامە، هەرچەندە بەشێک لەو شاعیرانە دەمێکە وازیان لە شیعر نووسین هێناوە، هەندێکی دیکەیان هەر بە تەکنیک و ستیلی ساڵانی حەفتاکان شیعر دەنووسن. بەڵام لە ساڵانی هەشتاکان و لە نەوەتەکانیشدا شیعری کوردی بە ردەوام دەنگی نوێ دەخاتە روو، کە درێژە بە پێشخستن و دەوڵەمەنکردنی شیعری کوردی دەدەن، دیاردەی فرەدەنگیی و فرەڕەنگیی لە شیعری کوردیدا زیاتر دەچەسپێنن.

ئێستا هەرچەندە شیعری کوردی لە باشوور، وەک سەرجەمی ژیانی کولتووری سیاسیی و کۆمەڵایەتی تووشی ئەزمە هاتووە، بەڵام هێشتا شیعری کوردی روو لە گەشەکردنە و، بە ناو ئەو دژوارییەدا رێگەی خۆی دەبڕێت، ئەگەرچی بە سستیش بێت.

● دەکرێت زیاتر باس لە دیاردەی فرەڕەنگیی و فرەدەنگییی شیعری نوێی کوردی بکەن؟

ـ شیعری کوردی لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە دیاردەی یەکجۆریی و یەکدەنگیی و یەکرەنگیی و یەک میلۆدیی دەربازبووە. ئیتر شیعری کوردیی لەوە دەربازکرا کە کورد، لە هەر قۆناغێکدا، تەنیا یەک شاعیری باشی هەبێت و شاعیرانی تر هەموو لەدەوری ئەو بسوڕێنەوەو لەو بچن و باشترینیان ئەوەیان بێت کە کەمترین تەئسیری ئەوی بەسەرەوە بێت، بۆ نموونە وەک سەردەمی گۆران، یان سەردەمی نالی لە سەدەی نۆزدەیەمدا.

ئەمڕۆ لە شیعری کوردیدا دیاردەی فرەدەنگیی و فرەڕەنگیی شیعری کوردیی بەرچاوترین دیاردەیە. هەر شاعیرێکی داهێنەری کورد بە رێگای خۆیداو بە شێوەی تایبەتی خۆی درێژە بە داهێنانی شیعری خۆی دەدات. ئەگەر لە هەوەڵین ساڵەکانی سەرەتای حەفتادا ئەم دیاردەیە بەزەقی سەرنجی خوێنەرانی رانەکێشابێت، ئەوا ئەمڕۆ بە ئاشکراترین شێوە خۆی سەپاندووە. ئەمەیش تەنیا شاعیرانی جیلی ئێمە ناگرێتەوە، بەڵکە شاعیرانی دوای ئێمەیش دەگرێتەوەو ئەمڕۆ فرەدەنگیی بۆتە بەهێزترین لایەنی شیعری کوردی. بۆنموونە ئەگەر سەیری شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، عەبدوولای پەشێو، فەرهاد شاکەلی و رەفیق سابیر بکەین دەبینین هەریەکەیان دەنگێکی تەواو سەربەخۆن و جیهانی شیعری هەریەکەیان تەواو لەوی دیکە جیایە. بەهەمان دیاردە لە شیعری جیلی هەشتاکاندا دەبیندرێ. بۆنموونە دەنگی شیعریی جەلال بەرزنجی تەواو لە عەباس عەبدوولا یۆسف، یان کەریم دەشتی، یان قوبادی جەلیزادە، یان خەبات عارف جیاوازە، ئەحمەدی مەلا، حەمەفاروق، بەختیار عەلی، فەرهاد پیربال تاد... هەریەکەیان وەک دەنگێکی سەربەخۆن و بەتەواوی لەیەکتری جیاوازن. ئەم شاعیرانە و چەندانی تریش، ئەگەر هەندێ خەمی هاوبەشی ئینسانی و نەتەوەیی و، هەندێ وشەی هاوبەشی لێ دەرچێت، شیعری کەسیان لەویتریان ناچێت. ئەمە سەروەرییەکی گەورەیە بۆ شیعری ئەمڕۆی کورد، چونکە نیشانەی رەسەنی و جۆراوجۆری دەنگەکان و نیشانەی جۆراوجۆری بەهرەکان و جۆراوجۆری سەرچاوە رۆشنبیریی و مەعریفییەکانە، نیشانەی هەوڵی بەردەوامی زۆربەی ئەم شاعیرانەیە بۆ پێشختنی تەکنیک و هونەری شیعری و گەڕان بەدوای داهێنانی نوێدا، هەروا نیشانەی بە مۆدێرن بوون و شاری بوونی شیعرو ژیانی ئێمەیە. بۆیە سادەیی و بگرە نەفامی یە، ئەگەر ئەمڕۆ رەخنەگرێک یان رۆشنبیرێک لەناو جیلێکی شیعریدا تەنیا یەک، یان دوو شاعیر ببینێت، یان داهێنانی شیعریی جیلێک بۆ یەک، یان دوو شاعیر تۆمار بکات. یان ئەگەر تەنیا شێوەی شیعری ئەم یان ئەو شاعیر بکاتە پێوەری شیعری، یان تاکە نموونەی نوێخوازیی. چونکە ئەم فرەدەنگییە دەرفەتی گەشەپێدانی فرەچێژیی لای خوێنەر دروستکردووە، یان بە واتایەکی تر بەشداریی پێشخستنی هەستی جوانناسیی خوێنەرانی کردووە. ئەم دیاردەیە دەمێکە لەناو شیعری گەلانی تردا سەری هەڵداوە و ئەمڕۆش بە فراوانی لە شیعری کوردیدا دەبیندرێت.

● شیعر و ئەزموونی پێشمرگایەتی و شاخ؟

ـ من کاتێک بوومە پێشمەرگە هیوای ئەوەم هەبوو کە ئەک تەنیا من بتوانم وەک نقیسکارێک خزمەتێک بە شۆرش و وڵاتەکەم بکەم، بەڵکوو پێم وابوو لەسایەی «شۆڕش»دا ئەزموونی شیعری منیش دەوڵەمەندتر دەبێت، واتا شۆرشیش تەکانێک بە ئەزموونی شیعریی و داهێنانی من دەدات.

مێژووی ئەدەبی ئەو گەلانەی کە خەباتی رزگاریخوازییان کردووە نموونەی گەلێک پۆزەتیڤی لەم بارەیەوە داوە. بەڵام خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا بەدرێژایی زیاتر لە سیی ساڵ نەیتوانی گەشەیەک بە ئەدەبی کوردی بدات و، تەنانەت نیمچە ئەدەبێکی شۆرشگێر، بە مانا هونەرییەکەی، بێنێتە بەرهەم، ئەمەش خۆی ناوەرۆکی «شۆڕش»ەکە دەخاتە بەر پرسیار. ئایا ئەم خەباتە چەکدارییە بەڕاستی شۆڕش بوو یا بزاڤێکی چەتەگەری و خێڵەکی و دواکەوتوو بوو کە لەسایەیدا نە فیکرو نە شارستانی و نە کولتوور و شیعر جێگەیان نەدەبۆوەو نابێتەوە.

من لە بەهاری ۱۹۷۹ لە ئەوروپا خوێندنم بەجێهێشت و چوومەوە بۆ کوردستان تا لە خەباتی چەکداری گەلەکەمدا بەشداری بکەم. لەوێ لەگەڵ چەند برادەرێکی نووسەردا یەکێتیی نووسەرانی کوردستانمان دامەزراند و گۆڤاری «نووسەری کوردستان» مان دەرکرد کە ئۆرگانی یەکێتی نووسەران بوو. هەروا کۆمەڵێک کتێبی ئەدەبیمان بڵاوکردەوە. ئەوکاتە شەڕی براکوژی لە نێوان هێزەکانی باشووری کوردستاندا تادەهات زیاتر دەبوو. ئێمە هەوڵێکی زۆرمان دا تا وەک نووسەری ئەتەوەیەکی بندەست و وڵات داگیرکراو هۆکاری تەبایی و برایەتی بین. بەڵام سوودی نەبوو. رووداوەکان زۆر لەوە تراژیدیانەتر بوون کە بە نووسەران چارەسەربکرێن. کاتێک چەک دەبێتە زمانی پەیڤین کێ گوێ لە نووسەر دەگرێت؟ ئەوەبوو دواتر من لە هاوینی ۱۹۸۲ دا کوردستانم بەجێهێشت و چوومەوە بولگارستان تا دەست بکەمەوە بە خوێندن. چونکە مانەوەم لە کوردستانی پڕ لە شەڕی براکوژی ئەک هەر سوودی نەبوو، بەڵکە هەڕەشەی لە ئەزموونی شیعریی و گەشەکردنی ئەدەبیشم دەکرد.

● ئێوە لەو نەوەیەن کە شکستی شۆڕشی ئەیلوول کارێکی گەورەی کردە سەر شیعرو بەرهەمتان، ئەمەیان دواتر چۆن لە لاتان ڕەنگی دایەوە؟

ـ نازانم ئاخۆ ئەم کارەساتە کارێکی گەورەی کردە سەر شیعرەکانم یان نەء ، بەڵام هەردسهێنانی بزاڤی چەکداریی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ دا کارەساتێکی نەتەوەیی بوو، چونکە دوای چوارده ساڵ شەڕو خوێنڕشتن و لە کاتێکدا کە بزاڤی کورد لە باشوور مایەی هیوای هەموو کوردبوو کەچی هێنده بە ئاسانی هەردسی هێنا. ئەمە سەرەتای مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیای بۆ گەلی باشووری کوردستان دروست کرد کە بەباوەڕی من هەتا ئێستایش لێی دەرباز نەبووین ، هەموو ئەو تراژیدیایەی ئێستا لە باشووری کوردستاندا دەیبینین هەر درێژەپێدانی هەمان تراژیدیایە.

ئەم بارودۆخە نوێیە بە شێوەی جۆربەجۆر لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەندێک لە نووسەرانی تووشی ڕەشبینی و بێئومێدی کرد، هەندێکی تری تووشی هەژان کرد. ڕووداوەکە پرسیارێکی جیدی سەبارەت بە ناوەڕۆک و ماهییەتی بزاڤی باشوور و هۆکاری تێشکانی بەردەوامی ئەم بزاڤە خستە ڕوو.

ئایا ئەم کارەساتە چۆن لە شیعری مندا خۆی دەرخستووە، یان تا چەند وەک مەسەلەیەکی شیعریی ڕەنگی داوەتەوە، ڕەنگە باشتربێت ئەمە بۆ ڕەخنەگران بەجێبێڵم.

● درێژترین شیعرێک کە بۆ هەڵەبجە نووسرابێت،لام وایە «لاوکی هەڵەبجە»یە، ئایا دەتوانن باسێکی لەدایکبوونی ئەم قەسیدەیە بکەن؟

ـ ئەم هۆنراوەیە پێوەندی بە کارەساتی هەڵەبجەوە هەیە کە لووتکەی ئەو کارەساتانە بوو، لە سایەی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بەسەر کوردستاندا هات. تراژیدیاکە بەڕادەیەک سەخت و کەم وێنەبوو کە من وەک مرۆڤ شەرم دایگرتم کە لە سەردەمێکدا دەژیم هێشتا تێیدا ڕێگەی ئەم جۆرە درندایەتییە دەدرێت.

هەروا وەک کوردێک، کە ئەم تراژیدیایە بەسەر نەتەوەکەم هاتووە، قوڵتر هەستم بەوەکرد کە ئێمە تووشی چ چاوەنووسێک هاتووین. من لە ژیانمدا هێندەی ڕۆژانی کارەساتی هەڵەبجە هەستم بە بێ مانایی ژیان و بێ نرخیی ماهییەتی ئینسان نەکردووە.

من دوای کارەساتەکە شتێکی کورتم نووسی، بەڵام نەمتوانی بەردەوام بم، دوای چەند هەفتەیەک گەڕامەوە سەر ئەو چەند لاپەڕەیەی نووسیبووم، ئیتر بەدرێژایی شەش مانگێک بەردەوام کارم لەسەر دەکرد.

ئەوکاتە من لەوەزعێکی شەخسی زۆر تایبەتی و سەیردا دەژیام، نە لە ڕووی جوگرافی و جێگە و ڕێگەوە ستابیل [مستقر] بووم نە لە ڕووی فیکرییەوە. هۆنراوەکەم لە سێ ڕۆژدا نووسی، کە لە پێشەکی بەرگی یەکەمی دیوانەکەمدا باسم کردووە. لە ڕووی فیکرییشەوە کۆمەڵێک قەناعەتی کۆنم درزیان تێکەوتبوو، سەرەتای هەندێ بیر و بۆچوونی نوێ لام سەریان هەڵدابوو، کە ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە واز لە حیزبی شیوعی عێراق بێنم و، دواتریش بە تەواوەتی پشت لە کاری حیزبایەتی بکەم و خۆم بۆ شیعرو کاری ڕۆشنبیریی تەرخان بکەم. ئایا من لەگەڵ تراژیدیای هەڵەبجە و، لە پرۆسەی نووسینی (لاوکی هەڵەبجە)دا لەدایکبوومەوە؟ نازانم.. نازانم!

● ئەفسوونی ئەو هێمنییە چییە لە لاوکی هەڵەبجەدا کە ئاوابە هێمنیی گەورە شێن بۆ هەڵەبجە دەکەن؟

ـ ڕەنگە ئەفسوونی ئەو هێمنییەی تۆ باسی دەکەیت ئەوە بێت کە من هەوڵم داوە لە فۆرمێکی هونەری گونجاودا، لە ڕێگەی باسکردنی تراژیدیایەکی ئینسانییەوە، ژانی نەتەوەکەم و خەمی خۆم، وەک مرۆڤ و وەک کەسێکی بێ وڵات باس بکەم، هەروا ئەوەندەی توانیبێتم هەوڵم داوە خۆم لە هاتو هاوار و هوتافکێشان و دروشم بەدوور بگرم و زیاتر لە ڕێگەی وێنەی شیعری و مێتافۆر و، پێشچاوخستنەوەی شیعرییانەی کۆمەڵێک وێنە و دیمەن و ڕووداو، کە لە کاتی پێشمەرگایەتی و منداڵیمدا دیبوومن و، لە ڕێگەی شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و دەروونی خۆم و چڕکردنەوەی بیر و هەست و خەیاڵەوە باس لە شتەکان بکەم. یان زیاتر ڕووناکی بخەمە سەر لایەنی ڕۆحی مرۆڤ، نەک وەسفی سیاسییانەی تراژیدیاکە. بە واتایەکی دی من لەو هۆنراوەیەدا هەوڵم داوە باسی تەنسیری ئەم کارەساتە ئینسانییە مەزنە بکەم و هەست و هەژانی ڕۆحیی خۆم وەک مرۆڤ لە بەرانبەریدا دەربڕم.

من نە لە نووسینی هۆنراوەکە و، نە لە بڵاوکردنەوەیدا پەلەم نەکرد. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی دامێ کە تۆزێک هێمنانە بیر لە ڕووداوێکی ناهێمن و دژوار بکەمەوە، هەروا توانیم هەموو، یان زۆربەی ئەو کۆپلە و دێڕانە لابەرم کە پێموابوو لایەنی شیعرییان لاوازە، یان مۆرکێکی سیاسییان پێوە بوو.

● دەتوانن باسێک لە سەرگۆڤاری «ڕابوون» و کاری ڕۆژنامەگەری لە ئەوروپادا بکەن؟

ـ ئەوا شەش ساڵە ئێمە لە سوێد ئەم گۆڤارە وەرزییە دەردەکەین، بەو نیازەی کە لە پێشخستنی بزاڤی کولتووری لە دەرەوەی وڵات بەشداری بکەین. هەروا بەو نیازەی هەندێ دیدو بۆچوونی نوێ سەبارەت بە مەسەلە فیکری و کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان و سەبارەت بە مێژوو و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بخەینە ڕوو.

کاری ڕۆژنامەنووسیی لە دەرەوەی وڵات پڕ سەختە، چونکە مرۆڤ ناچارە بۆ نانی ژیان کارێکی دیکە بکات و، ئەو وەختە زیادەیەی دەمینێتەوە لە خۆی و ماڵ و منداڵی بگێڕێتەوە تا خەریکی گۆڤار، یان ڕۆژنامەدەرکردن بێت. واتا سەختی ژیانی ئێرە دەرفەتی ئەوە نادات کە مرۆڤ، وەک کاری ڕۆژانەی، یان هەر نەبێت وەک بەشێک لە کاری ڕۆژانە خەریکی کاری ڕۆژنامەگەریی بێت، لام وایە ئەمەیش بەشێکە لە گیروگرفتی بێوڵاتی.

هەروا کوردی دەرەوەی وڵات، مەبەستم کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کەم دەخوێننەوە. هیچ گۆڤارێکی کوردی لە دووسەد دانە زیاتری لێ نافرۆشرێت، بە دەگمەن کتێبێکی کوردی هەیە کە سێسەد دانە زیاتری لێ بفرۆشرێت، مەگەر نووسەرەکەی سەر بە پارتێک بێت و، پارتەکەی بەسەر ئەندامانیدا ساغی بکاتەوە.

ئەمە گیر و گرفتێکی مەزنە، لەبەر ئەوەی هیچ گۆڤارو کتێبێک نیوەی ئەو پارەیە ناهێنێتەوە کە تێیدا سەرف دەکرێت. لەم دە ساڵەی دواییدا زیاتر لە دە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی، دوای چەند ژمارەیەک، لەبەر ئەم هۆیە، یان هۆی تر نەیانتوانیوە بەردوام بن. ئێستا ئێمەیش ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشەیە بووینەتەوە.

ئەم دیاردەیە، ڕەنگە نیشانەی بایەخنەدانی کوردی دەرەوە بێت بە زمان و ئەدەب و کولتووری کوردیی.

من زۆر جار بۆ گاڵتە بە هەندێک لە برادەرە نووسەرەکانم دەڵێم کە خەم مەخۆن و پێویست ناکات گلەیی بکەن، چونکە زۆربەی هەرەزۆری کوردی ئەوروپا ئەوەندە ڕوناکبیرن کە پێویستییان بەوە نییە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بخوێننەوە! ■

دەمەتەقێیەکی دۆستانە لەگەڵ کاک مارتین ڤان بڕاونێسن لە بارەی ئەحمەدی خانی و مەم و زینەکەی و، دەوری مەم و زینەوە لە وشیاری نەتەوەیی کورددا

محەمەدی مەلا کەریم

توێژەرەوەی وردەکار و چالاکی هۆڵەندایی کاک ،مارتین ڤان بڕاونێسن، لە ١٩٩٥/٥/٢٧دا وتارێکی لە سیمینارێکی تایبەت بە بیرەوەری ٣٠٠ساڵەی لێبوونەوەی شاعیری نەمری کورد ئەحمەدی خانی یەوە لە دانانی (مەم وزین)، خوێندبوەوەو، پاشانیش وتاری ناوبراو، کە ڕۆشنبیری هەمیشە ئامادەی کورد کاک حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردبووی بە کوردی، لە لاپەڕەکانی ١٥-٢٢ی ژمارە ١٢ی گۆڤاری ڕاژاوەی کوردی ،گزینگ، لەسوێددا بڵاوکرابوەوە. بەندە، کە لە سێ مانگەی دوایی ساڵی ١٩٩٥دا لە ئاڵمانیا بووم، وتاری ناوبراوم لە ڕێگای کاک حەسەنی وەرگێڕییەوە بە دەست کەیشت و خوێندمەوە و نیازم وابوو چەند لاپەڕەیەک بە پەراوێزی هەندێ بڕگەیەوە بنووسم. بەڵام لەبەر ئەوەی وتارەکە لە سنووری ئەو چەند کەسە بەدەر کە لە کاتی خوێندەوەیدا گوێیان لێ بووە، نەکەیشتووە ناو خوانیانی کورد، لە سەر نووسین و ڕا تێدا دەربڕینم بە ناڕەوا زانی، چونکە لەوانەیە کۆمەڵانی خوانیانی پێ بکەونە بەرکاریگەریی داوەرییەکی یەک لایەنەی بیر و بۆچوونەکانی من بێ ئەوەی لە بیر و بۆچوونەکانی کاک بڕاونێسن ئاگاداربووبن. بۆیە بڕیارم دا چاوەڕوان بم تا وتارەکەی بە بڵاوکراوەیی ئەبینم و ئەوکاتە چیم پێ پێویستە بیڵێم. ئێستا کە گۆڤاری نازداری ،گزینگ،، وەک گوتم، ئەو وتارەی بڵاوکردووەتەوە، ڕەوایە هەرکەسێ بیروبۆچوونێکی لە بارەیەوە هەبێ بیخاتە بەرچاو و، منیش کە خۆم بە یەکێک لەوانە ئەزانم، وا ئەم چەندە لاپەڕەیە ئەنووسم و پێشکەشی خوانیانی ئازیزی ئەم گۆڤارەی ئەکەم.

***

کاک بڕاونێسن لە سەرەتای وتارەکەیدا، پاش ئەندازەیەک خۆبەکەمدانان، پرسیارێکی لە ژێر ناوونیشانی «داخودا ئەحمەدی خانی ناسیۆنالیستێکی کوردبوو و داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکرد؟»دا کردووە و، بۆ خۆیشی ئەکەوێتە وەڵامدانەوەی خۆی و ئەڵێ: «هەڵبەت سەبەبی باش هەن بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد ناودێربکرێ و، لە خوارەوە ئەمن نیشان دەدەم کارەکانی، بەتایبەتی مەم و زین، چ دەورێکی گرینگی لە قۆناغە ناسکەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا گێڕاوە. بەڵام داخودا ئەوە پاساوی ئەو[قسەیە] دەدا کە خانی بۆ خۆی وەک ناسیۆنالیستێکی کورد ناودێربکرێ؟». ئەنجا پوختەی بیروبۆچوونی خۆی لەم بارەوە لەم چەند ڕستەیەدا ئەخاتە بەردەستمان کە ئەڵێ: «ئەمن لەو بڕوایەدا نیم و پێشم وایە ناتوانین بە پشت بەستن بەیەک دوو دێڕی بە نێو بانگی نێو مەم وزین بگەینە ئەو ئاکامە [ئاکامی ئەوە کە خانی ناسیۆنالیستە ـ م] و بڵێین خانی بیری لە دەوڵەتێکی کورد کردووەتەوە».

بەر لەهەرچی بە پێویستی ئەزانم بڵێم من زۆرم مەبەست نەبوو لە سەر ئەوە بڕۆم کە وا ئاخۆ ئەتوانرێ خانی وەک ناسیۆنالیستێکی کورد ناودێر بکرێ یا نەء مادەم بڕاونێسن بۆخۆی دانی بەوەدانا کە مەم و زینی خانی «دەورێکی گرینگی لە قۆناغەناسکەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد داگێڕاوە» و «سەبەبی باش هەن بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە باوکەگەورەی ناسیۆنالیزمی کورد ناودێر بکرێ»، چونکە لە سەرڕۆیشتنی بابەتێکی وا تەنها فرەوێژییەکی بەرەڵلای لێ ئەوەشێتەوە و چییتر نا، لەبەرئەوەی کە، وەک لە قسەکانی بڕاونێسن خۆیشی، لە دوادوایی وتارەکەیدا، دەرئەکەوێ، لەو ڕۆژەوە ئیستیلاحی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست هاتوونەتەنێو زانستی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەوە دەیان شناسنامە بۆ ئەم دوو ئیستیلاحە و هەر ئیستیلاحێکی تری کۆمەڵایەتی ـ سیاسی دانراوە و، زۆر لە تیۆریست و زاناکانی ئەم بابەتە بە قسەی گەلێکی تر لەوانەی قسەیان لەم بابەتەدا کردووە ڕازی نین و، ئەوپەڕەکەی ئەوەندەمان بۆ ئەمێنێتەوە کە بڵێین بە گوێرەی فلانە تیۆری و بە قسەی فیسارە تیۆریست ناسیۆنالیزم ئەوەیە و کەواتە خانی ناسیۆنالییستە و، بە قسەی یەکێکی دی بە جۆرێکی ترە و کەواتە ناسیۆنالیست نییە و، بۆیە لام وایە پێویست بوو بڕاونێسن هەڵوێستی تیۆری خۆی لەم بارەوە هەر لەسەرەتاوە ڕوون بکردایەتەوە و، بە پێی ئەوەیکە خۆی پێی ڕاستە، شناسایی یەکی وەک مەنتیقییەکان ئەڵێن (جامع ومانع)ی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستی بۆ بخستینایەتە دێرەپێشینەکانی وتارەکەییەوە تا بزانین مەرجەکانی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست چین و، کامیان لە خانیدا هاتووەتەدی وکامیان نەء.

بەڵام مادەم کاک بڕاونێسن مەسەلەی ناسیۆنالیستی و ناناسیۆنالیستی خانی بەستەوە بە هەڵوێستییەوە لە بوونی دەوڵەتێ بۆ کوردو، ئەمەیش پوختەی بابەتی تایبەتێتی خانی یە، ئیتر مەسەلەکە چاولێپۆشین هەڵناگرێ، چونکە هەر کەسێ سەرەتای مەم وزینی خانیی بە لێ تێگەیشتنەوە خوێندبێتەوە بێ پێچوپەنا لەم ڕاستییە ئەگا و لەبەرچاوی و لە زەینیدا زەق ئەبێتەوە و، ڕازی کینەی خەستوخۆڵی کۆنەپەرستانی تورکیاش لە خانی ومەم وزین، بە درێژایی ساڵانی هاتنە

❑ داخودا ئەحمەدی خانی ناسیۆنالیستێکی کوردبوو و داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکرد؟

ئاژاوەی مەم و زین، بۆ ئەم ڕاستییە ئەگەڕێتەوە، ئەگینا مەسەلەی دڵداریی تراژێدیی مەم وزین، با ڕەمزیش بێ بۆ مەسەلەیەکی گەلێ لەم دڵداریيە قووڵتر و دوورتر، ئەوە نییە ئەم جەنگە شێتگیرانەی لە دوایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانەوە تا ئەمڕۆ بۆ بکرێ.

بیری دەوڵەتێ بۆ کورد لە سەرەتای مەم و زینی خانیدا تەنها ئەوەندە نییە بڕاونێسن بیخاتە چوارچێوەی تەسکی «یەک دوو دێڕی بە ناوبانگی مەم وزین»ەوە. مەسەلەکە گەلێ لەمە قووڵترە و پێوەندییەکی دیالەکتیکی بە هەموو بەیتە ناسیۆنالیستییەکانی سەرەتای مەم وزینەوە هەیەو، ئەگەر زۆری و کەمییش دەوری لە بابەتێکی وادا هەبێ، زۆر لە «یەک دوو دێڕی بە نێوبانگ» زیاترە.

کەواتە، وا دێینە سەر ئەسڵی مەبەست. ناسیۆنالیزم یانی چی و، ناسیۆنالیست کێیە؟

ئەگەر ئێمە واتای ئەم دوو وشەیەمان مەبەست بێ کە پاشانیش بوون بە دوو ئیستیلاحی سیاسی، ئەوە هەمووان ئەزانن ناسیۆنالیست بە کەسێک ئەڵێن گەلەکەی خۆی خۆش بوێ و داکۆکیی لێبکا و بە پێی توان خۆی تەرخان کردبێ بۆ خزمەتکردنی و، کەواتە ناسیۆنالیزمیش خۆشویستنی گەلی خۆ و داکۆکی لێکردنی و خۆتەرخان کردنە بۆ خزمەتی. بەڵام ناخۆ کەسێکی وا و کارێکی وا لەکەیەوە هاتوونەتە ئاراوە و، لە چ ڕادەیەکی خۆشویستنی گەلی خۆ و داکۆکی لێکردنی و خۆتەرخان کردن بۆ خزمەتیدا مرۆڤ ئەبێ بە ناسیۆنالیست و، لە چ ئاستێکدا ئەو شتە پەیدا ئەبێ کە پێی ئەوترێ ناسیۆنالیزم؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بۆ سەردەمێ کە هێشتا واتای نوێی دوو وشەی (گەل) و (نیشتمان) نەهاتبوونە [نێو] ئەدەبی سیاسییەوە.

هەمووان ئەزانن لە سەردەمانێکی زوودا و تا درەنگانێکیش ئەو واتایانە لە ئارادا نەبوون کە ئەمڕۆ وشەی (گەل) و (نیشتمان)یان بۆ بەکارئەهێنن و، بەشبەحاڵی (گەل) و واتاکەی، لە هەندێ ڕووداوی مێژوویی ناپایەداری کەفوکوڵ زوونیشتووەوە بەولاوە پێوەندی نەبووە مرۆ بە خەڵکی دیکەوە ببەستێتەوە لە پێوەندی خزم و کەسوکار و لە خێڵ(عەشرەت) زیاتر و، هیچ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە خێزان و ئەنجا بنەماڵە و پاشان خێڵ بەولاوە نەبووە و، کەسێک خۆی بە خاوەن پێوەند نەزانیوە بە خێڵێکی ترەوە با هەردوو خێڵەکەیش لە پاڵ یەکدا ژیابن، مەگەر ژن و ژنخوازی پێکەوەی بەستبن و، ئەم پێوەندییە تایبەتییەیش لە سنووری ئەو کەسانە خۆیان نەچووەتە دەرەوە و سەرانسەری ئەندامانی هەر دوو خێڵەکەی نەگرتووەتەوە. هەرچی (نیشتمان)یشە کە پێشتر بۆ واتایەکی تر بەکارهاتووە و (وەتەن)یا(زێد)یان لە جیاتی بەکارهێناوە کە بە واتای شوێنی لە دایکبوونە، سەردەمانێکی زۆر لەو شوێنە یا ئەو پەڕەکەی ئەو دەوروبەرە تێنەپەڕیوە کە مرۆی تێدا هاتووەتە دنیاوە و گەورەبووە و خێڵەکەی تێدا ژیاوە، گەرمیان و کوێستان و ڕێگای نێوانیان نیشتمانی مرۆی خێڵەکی بووە و لەوە بەولاوە هیچ، با خەڵکی ناوچەکەیش هاوزمان یا هاوناییەنی خۆی بووبن.

ئایینێکی وەکوو ئایینی ئیسلام ئەنتەرناسیۆنالیزمێکی ئایینی بۆپەیڕەوانی خۆی داهێناوە، جیهانی تێکڕا بە دوو چاو تەماشا کردووە: ئیسلامخانە(دارالسلام) و جەنگخانە(دارالحرب)و، تەنانەت بایەخێکی ئەوتۆی بۆ ناوچە بێلایەنەکان دانەناوە کە لەگەڵ ئیسلام لە جەنگدا نەبوون، بەڵام بەهەرحاڵ بە کافرخانە(دارلکفر)ی داناون. بەشبەحاڵی ئیسلامخانەکە، هەمووی بۆ هەموو موسوڵمانێ بە نیشتمانی خۆی داناوە و سنوور وگومرگ و ئەو شتە نوێیانەی تێدا نەبووە کە پاش پەیدابوونی دەوڵەتی نوێی نیشتمانی پێکهاتوون، تەنانەت ئەگەر ئیسلامخانەکە چەند دەوڵەتیشی تێدا بووبێ، ئایینی ئیسلام بەشبەحاڵی مرۆی موسوڵمان ددانی بەو دەوڵەتە جیاجیانە دانەناوە کە جیهانی ئیسلام لە پێش موسوڵماناندا پارچەپارچە بکەن و، هەموو وڵاتەکانی ئەو دەوڵەتانەی بۆ هەموو موسوڵمانان بە وڵاتی خۆیان، یا بە ئیستیلاحی ئەمڕۆ بە نیشتمانی خۆیان، داناوە. لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆی موسوڵمان هەرچەند توانیویە بە هەموو وڵاتانی ئیسلامدا بگەڕێ و لە هەر لایەک ئارەزووی بوو نیشتەجێ ببێ، ئەو پێوەندە(نیشتمانی)یەی تەنها بە ماوا و نشینگەی خێڵەکەی خۆیەوە بووە ئەگەر خێڵەکی بووبێ و، بە شارەکەی یا بە ناوچەکەیەوە ئەگەر شاریی یا لادێیی بووبێ و، کە جاروباریش لە ئەدەبیاتدا ناوی (نیشتمان) هێنراوە هەر ئەوەندە مەبەست بووە. دیارە ئێستا مەسەلەکە بەوجۆرە نەماوە و، ئەو واتایەی ئایینی ئیسلام بۆ (دارالسلام)ی داناوە لای هیچ دەوڵەتێک لەوانەی هاووڵاتەکانی موسوڵمانن، تەنانەت لای ئەوانەیشیان کە خۆیان یەگجار بە ئیسلام دانەنێن، پەیڕەوی لێناکرێ.

کەواتە، واتای گەل و نیشتمان و نیشتمانپەروەری، وەک ئێمە لێی حاڵی ئەبین، شتێکی نوێیە و سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی دەوڵەتی نوێ کە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداری و ڕووخانی میرایەتییە دەرەبەگەییەکان و پێکهاتنی سنووری نیشتمانی.

لەگەڵ ئەمەیشدا وەنەبێ بتوانرێ هەموو هاونیشتمانێکی هەر دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی نوێ بە ناسیۆنالیست دابنرێ، هەر لەبەر ئەوەی کۆمەڵەکەی لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا ئەژی، وەک نایشتوانرێ خەڵکی وڵاتێ کە هێشتا دەرفەتی بوونی ئەو جۆرە دەوڵەتەیان بۆ نەڕەخسابێ بە ناناسیۆنالیست بدرێنە قەڵەم. مەسەلەکە تا ڕادەیەکی دوور بەستەیە بە بارودۆخی پێگەیشتن و گەشەکردنی ئەم هەستەوە لە ناو کۆمەڵدا و لەوانەیە کەسانی ناسیۆنالیست لە وڵاتێکی پاشکەوتووی ژێردەستەدا زۆر زۆرتربن لە ژمارەیان لە وڵاتێکی خاوەن دەوڵەتی سەرمایەداری تێدا گەشە کردووی پێشکەوتوو و، بەگوێرەی ئامادەیی خەڵکی وڵاتی یەکەم، لەچاو خەڵکی وڵاتی دووەمدا، بە قوربانیدان لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیاندا. بۆیە و، بە هۆی ئەم ڕاستییەوە، ناتوانین بڵێین تا کۆمەڵ پێ نەنێتە قۆناغی سەرمایەدارییەوە و هەستی نیشتمان پەروەری نەبێ بە دیاردەیەکی وا بەشی زۆری کۆمەڵ بگرێتەوە، چەکەرەی ناسیۆنالیزم و کەسانی ناسیۆنالیست لەو کۆمەڵەدا نابن. هەستی ناسیۆنالیستی سەدان ساڵە چەکەرەی لە دڵی کۆمەڵدا کردووە و، هەر ئەو پێوەندە دەروونییە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی مەتریاڵی دامەزراوی مرۆ بە خێڵەکەی و ماوا و نشینگە و گەرمیان وکوێستان کردنی زستان و هاوینیەوە و بەو شوێنانەوە ئەبەستێتەوە ئەم هاتوچۆ

سالانەیان پیادا نەکا، هەر نەوەیە گەشە نەکا و سەرەنجام نەبێ بە بنەمای ناسیۆنالیزم لە وڵاتی نەمرۆیەدا کە پێوەندییەکەی گەشە نەکا و لە خێڵەکەیەوە نەتەنێتەوە بۆ هەموو خێڵەکان و هاوزمان و هاووڵاتەکانی تری و سەرەنجام گەل ونیشتمانی لا پێکدێن.

لەلایەکی تریشەوە، وەک پێشتریش بە کورتی ئیشارەتمان پێکرد، وەنەبێ شناسایی کردنی ناسیۆن و ناسیۆنالیست و ناسیۆنالیزم لای گشت ئەوانەی بەم بابەتەوە خەریک بوون هەر یەک شناسایی بێ و هەموو لەسەری هاودەنگ بن. شناسایی کردنی ئەم ئیستیلاحە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییانە، وەک زۆر ئیستیلاحی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی تریش، بە گوێرەی جیاوازیی قوتابخانە سیاسی و بیرییەکان و بەڵکوو لە چوارچێوەی خودی هەرکام لەو قوتابخانانەیشدا ئەگۆڕێ. لەبەر ئەوە ئێمە هیچ پێویستییەک نابینین بۆ ئەوە کە خۆمان بەناچاری بە هیچکام لەو شناساییانەوە ببەستینەوە، چونکە هەرکامیان بگری کۆمەڵێک کەموکورتی و ناتەواویی هەیە و کۆمەڵێ ڕەخنەی دێتەسەر. سەرەڕای ئەوە کە نایشبێ لامان وابێ پێویستە هەموو شتێ دەق بە سەنگ و تەرازووی زانستی سیاسی ئەورووپایی بکێشین، بەڵکوو ئەبێ وردبینەوە بزانین کام لەو شناساییانەلەگەڵ ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی کوردایەتیی کوردان زۆرتر ئەگونجێ، تا لە بڕیاردانماندا سەبارەت بە خۆمان پشت بەوەیان ببەستین و بیکەین بە بنەمای بڕیاردانی چۆنیەتی وەزعی خۆمان.

ئێمە ئەبینین کورد لەو ڕۆژەوە کە ناوی خۆی ناوە (کورد) و بە کورد خۆی ناساندووە و خۆی لە گەلانی دراوسێی بەجیا داناوە، چەکەرەی نەتەوەیی خۆی، با بە شێوەیەکی کاڵ وکرچیش بێ، دۆزیوەتەوە و، هەرچەند لەم مەیدانەدا بەرەوپێش چووبێ، ئەو چەکەرەیەی زیاتر سەری دەرهێناوە و گەشەی کردووە. وەک وتمان، قۆناغی یەکەمی دەرکەوتنی چەکەرەی نەتەوەیەتیی کورد ئەوە بووە ئەم کۆمەڵە خەڵکەی بە یەک زمان ئەدوێن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دیالێکتەکانی زمانەکەیان، وەک هی هەر زمانێکی تر، لێک جیاوازبوون و ئێستاش هەر لێک جیاوازن، هەموو بە خۆیان وتووە (کورد). جا لێرەدا لەوانەیە بەشە کوردی ناوچەیێ لە بەشە کوردی ناوچەیەکی تر زووتر بە خۆیان وتبێ کورد و، هی ناوچەیەکی تر پاشتر.. ئەمە توێژینەوەی ئەوێ تا بۆمان دەرکەوێ[1]، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە سەرەتای هەستی ناسیۆنالیستیی کورد لەو ڕۆژەوە دەست پێئەکا کە کۆمەڵە خەڵکێ هەستیان بە جیاوازیی خۆیان لە خەڵکی تر کردووە و بە خۆیان وتووە (کورد).

قۆناغی دووەمی دەرکەوتنی ئەم چەکەرەی نەتەوەیەتییە ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە، وەک بە خۆیانیان گوتووە (کورد)، بە وڵاتەکەشیانیان وتووە(کوردستان)و، بەمە لەوە دەرچوون کە تەنها کۆمەڵە خەڵکێ بن یەک زمانیان هەبێ و، بوون بە خاوەنی خاکێکی سنووردیاریش. دیارە لە نێوانی ئەم دوو قۆناغەیشدا کە هەموو بە زمانێ دواون، داهونەریت و خوو و ڕەوشت و پێکهاتنی دەروونیی یەکگرتووشیان پێکهاتووە و، بەم سێیانەسێیان لە چوارمەرجەکەی نەتەوە، وەک لە سۆسیالیزمی زانستیدا دەستنیشان کراوە، تێیدا هاتووەتەدی و، تەنها مەرجی چوارەم ماوە کە ئابووریی تێکەڵەو، ئەویش بەبێ دەوڵەتی یەکگرتوو نابێ، بەڵام بە شێوەیەکی ئاوڵەمەیی(جەنینی) بووە کە ئەوەتە بەشەکانی ئەم وڵاتە، با لە ژێر دەسەڵاتی میرایەتیی دەرەبەگی جیاجیا یا دەوڵەتی داگیرکەری بێگانەی جیاجیایشدا بووبن، نیمچە تێکەڵاوییەکی ئابووریان بە زنجیرە لە نێوان پارچەکانیاندا بووە وەک بڵێین (ئ)لەگەڵ (ب) و (ب) لەگەڵ (ج) و (ج) لەگەڵ (د) و هەروا بەمجۆرە لە سەرەوە و لە خوارەوە و لە ڕاستەوە و لە چەپەوە.

دەرکەوتنی چەکەرەی نەتەوەیەتیی بە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لە وتنی شیعر و لە نووسینی نامە و لە دانانی کتێبدا دەرئەکەوێ کە بەشبەحاڵی کورد لە پتر لە ١٢٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ وتنی شیعری نووسراوە[2] و دیارە پێشتریش بۆ وتنی شیعری فۆلکلۆریی سەرزارەکی سەری هەڵداوە وەک لە شیعرە ئایینییەکانی (ئەهلی حەق)دا بەرچاومان ئەکەوێ، بەڵام بە هۆی موسوڵمان بوونی کوردان و بە عەرەبییەتی کاروباری ئایینی موسوڵمانان و نەخوازەڵا لای شافیعی مەزەبەکانیان کە زۆرترینی کوردی شافیعی مەزەبن[3]، بە عەرەبی نووسین و، بە هۆی فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی واوە لە کوردستاندا کە بە فارسی نووسیوانە، بە فارسی نووسین، تا درەنگانێ دەرفەتی بەکوردی نووسین نەڕەخساوە. بۆیە سەرەتای نووسینی پەخشانی کوردی، ئەوەندەی تا ئێستا بۆ ئێمە دەرکەوتبێ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم.[4]

ئەم سەرهەڵدانی چەکەرەی نەتەوەیەتییە، لەبەر گەلێ هۆی لە ویستی خەڵکی کوردستان بەدەر، تا بڕانەوەی جەنگی دووهەمی جیهان وردەوردە گەشەی کردووە و نەبووە بە دیاردەیەکی وا زۆرتری خەڵکەکە بگرێتەوە، بەڵام لەمێژە بێ نیشانە نییە و تا هاتوویشەتە پێشەوە زیاتر دەرکەوتووە. پێم دوور نییە ئەگەر توێژینەوەیەکی وردەکارانە بکرێ و دەرکەوێ کەوا پەیدابوونی ئایینی (ئەهلی حەق) و (ئێزیدی) دوان لەو نیشانانە بن، بەتایبەتی کە ئەدەبی ئایینیی ئەهلی حەق و کتێب ونوێژی ئێزیدییان بە زمانی کوردین. پێشتریش کە شاعیرێکی عەرەب، ئەبوموسلیمی خوراسانی پاش کوشتنی لە لایەن ئەبووجەعفەری مەنسووری عەبباسی یەوە بەوە لەکەدار نەکا کە لە ئەوەی (کوردە غەدداریەکان)ە، دەستخۆشیی لە مەنسوور نەکا کەوا کوشتی، ڕەنگ بێ ئەو کوشتنەی نیشانەی ئەوەبێ کە ئەبوو موسلیم، وەک کوردێ، نیازی یاخی بوونی لە مەنسوور بووبێ. کە سەلاحەدینی ئەیووبیش لە تیکریتەوە چووتە موسڵ و ئەنجا جزیرە و شام و میسر و لەم بەرەوپێشچوونەیدا لەشکری تایبەتی لە کورد لە سەورەی خۆی خڕکردووەتەوەو، لە دیواخانە سەڵتەنەتییەکەیدا هەمو قسەیەکی تایبەتی و نهێنی بە کوردی کراوە و، سەرلەشکر و قازییەکانی زیاتر کورد بوون و، چەند خێڵە کوردی بۆ پاراستنی دامودەزگای خۆی لە کوردستانەوە گواستووەتەوە بۆ شام و میسر، ئەوەیش جۆرێکی تری سەرەتایی سەرهەڵدانی گیانی نەتەوەیی یە.

کە شاعیرێکی وەک خانای قوبادی یش ٢٥٦ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، واتە هەر لە سەردەمی خانیدا یا چەند ساڵێک پاش کۆچی دوایی خانی، چونکە دەق نازانین خانی کەی کۆچی دوایی کردووە؛ (شیرین و خوسرەو)ی نیزامی گەنجەوی ئەکا بە کوردی بە دیالێکتی گۆرانی و، لە سەرەتاکەیدا ئەفەرموێ:

ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن
پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دنیای بەد کێش
مەحظوظەن هەرکەس بە زوبان وێش
مەعلومەن هەر کەس بە هەر زوبانێ
بواچۆ نەظمێ جە هەر مەکانێ

وێنەی عەروسان زێبای موشک چین
بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
خاریج جە مەعنی نەبێ مەضمونش
کریابێ چون شیعر (جامی) مەوزونش
جەلای خیرەدمەند دڵ پەسەند مبێ
شیرینتەر جە شەهد شیرەی قەندمبێ
جە عەرصەی دنیای دوون بەدفەرجام
بە دەستوور نەظم (نیظامی) تەمام
بە لەفظ کوردی، کوردستان تەمام
پێش بوان مەحظوظە، باقی (والسلام)[5]

ئەوە بێ سێودوو وا ئەگەیەنێ لە ناسیۆنالیستیدا گەیشتووەتە ڕادەیەک زمانی گەلەکەی خۆی لە زمانەکانی گەلەکانی تر کە پێشتریش و پاشتریش لە ناو گەلەکەیدا بۆ پێنووسین و پێخوێندن باوبوون و بە کارهێنراون، پێ کەمتر نەبووە و بەڵکوو پێی باشتر بووە. نموونەی تری قسەی وا لە وانەیە دەستگیر بێ ئەگەر مرۆ بۆ دۆزینەوەی لە دووی سەرچاوە بە ناو کون و کەلەبەراندا بگەڕێ، هەرچەند ئەگەر نەیشبێ زۆر مەبەست نییە. مادەم لەو سەردەمەدا وپێش ئەو سەردەمە و لەوەپاش و لە سایەی ئەو گەشەکردنی ئەدەب و زانست و هونەردا کە لە ڕۆژگاری میرایەتیی ئەردەلانییەکاندا سەری هەڵدابوو، هەڵمەتێکی بە سەنگ و تەرازووی ئەو ڕۆژە گەورە دەستی پێکردبوو بۆ وەرگێڕانی چیرۆکە شیعری کوردی و دانان و نووسینەوەی شیعری دەبڕگەیی و لە سەرسەنگەکانی عەرووزی عەرەبی لە هەموو بابەتێک بە کوردی. ئەوانە گشت نیشانەی ئەو بایەخە زۆرەن شاعیرانی کوردی ئەو سەردەمە بە زوبانی کوردییان داوە و، ئەمەیش، دیارە، دیمەنێکی سەرهەڵدانی گیانی ناسیۆنالیزمی کوردی یە لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا.

بەڵام پێگەیشتووترین و پڕ گەشەترین نموونەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەیدانی بیر و ئەدەبدا و بە درێژایی مێژوو تا ئەگاتە سەردەمی حاجی قادری کۆیی هەر ئەحمەدی خانی یە و، ئەگەر پێشەکیی مەم وزینی خانی نیشانەی ئەوەنەبێ گیانی ناسیۆنالیستی، با لە ناو توێژاڵێکی تەنکی کۆمەڵیشدا بێ، پەیدابووە و، بووە بە خەون و خولیای کۆمەڵێ ڕوناکبیر، ئەبێ چی لەوەپاش ببێ بە نیشانەی ئەوە؟

بەڵێ، پێشەکی مەم و زینی خانی بەڵگەیەکی زۆر پڕبایەخە بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی ئەک بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد دابنرێ وەک کاک بڕاونێسن ئەفەرموێ، بەڵکوو بە ڕۆڵەی شەرعی و حەڵاڵزادەی ئەو دیاردەیە بژمێردرێ کە دایکەکەی بریتی یە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کورد کە لەو سەردەمەدا پێی ئەنایە قۆناغێکی گەلێ لە جاران پێشکەوتووتریەوە کە قۆناغی خۆدۆزینە و خۆناسینەوەیە. ئەگەر ئەو پێشەکییە بە هەموو هێزی خۆی پاساوی ئەوە نەدا، خانی وەک یەکەمین ناسیۆنالیستی کورد ناوبرێ، زەحمەتە بتوانین ئەم کاڵایە بە باڵای پێشەنگێکی تری دووسەد ساڵ لەوە پاشی وەک حاجی قادری کۆییش ببرین کە لە کورۆکی مەسەلەی ناسیۆنالیزمدا چەند پلە لە دوای خانییەوەیە، ئەو کورۆکەی بڕاونێسن بێ ترس و لەرز لە خانی دانەڕێنێ.

مەسەلە تەنها «یەک دوو دێڕی بە نێوبانگی نێو مەم و زین»نییە، وەک کاک بڕاونێسن ئەڵێ، بمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کەوا خانی بە ناسیۆنالیست ناودێر بکەین و بڵێین بیری لە دەوڵەتێکی کوردی کردووەتەوە. مەسەلەکە زۆر لەوە زیاتری بە دەمەوەیە و، بابەتەکەیش، تێکڕا بە کورۆک وساق و توێکڵەوە، ٩٧ بەیتی خشتی لە دوو باسی سەرەتای مەم وزیندا گرتووەتەوە. من زۆر لەوە سەرسامم ئەگەر کاک بڕاونێسن کە ناویم بە کوردی زانێکی باش بیستووە، سەرانسەری مەم و زین و بەتایبەتی ئەو ٩٧ بەیتە پڕمانا و قووڵداچووانەی پێشەکییەکەیەتی خوێندبێتەوە و تەنها ئەو ٥-٦بەیت و نیوەی بە شایانی بەڵگەهێنانەوە زانیبێ بۆ باسەکەی و، ئەو بۆچوونە ناتەواو و نادروستەی خۆیی پێهەڵکڕێنرابێ لێیان. پێشەکی مەم و زین گەلێ گەلێ لەوە ڕوونترە کە مرۆیەکی خوێندەوار نەتوانێ بە ئاسانی تێبگا ئەڵێ چی و گلەیی چی لە چەرخی ڕۆژگار ئەکا و چی بۆ گەلە دیل و ژێردەستەکەی ڕۆم و عەجەمی ئەوێ؟

فەرموون لەگەڵ چەند بەیتێک لەم پێشەکییە بزانین ئەڵێ چی و، ئاخۆ کاک بڕاونێسن چاکی بۆچووە لە تێگەیشتنی واتاکانیدا. خانی ئەفەرموێ:

ساقی! تۆ ژ بۆ خودێ کەرەم کە
یەک جورعەیی مەی د جامێ جەم کە
دا جام بە مەی جیهان نوما بت
هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت
دا کەشف ببت ل بەر مە ئەحوال
کانێ دبێ مویەسسەر ئیقبال
ئیدبارا مەوێ گەها کەمالێ
ئایا بویە قابیلێ زەوالێ
یا هەر وەهە دی ل ئیستیوا بت
حەتتا وەکو دەوری مەنتەها بت
قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخی لەولەب
طالیع ببێ ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەک ببێ ژ خواب هوشیار[6]

خانی لەم چەند بەیتەدا ئەیەوێ پەردەی لە ڕووی دوارۆژ بۆ لابدرێ، جامێکی جەمی بۆ بێتەکایەوە هەموو ڕووداوەکانی لەوەپاشی بۆ تێدا دەرکەوێ و هەرچی ئێمە ئەمانەوێ تێیدا ڕوون ببێتەوە. ئەیەوێ بزانێ کەی بەختی ئێمە کورد یارئەبێ؟ ئەڵێ هەرچی دەورەی خۆی تەواوکرد و گەییە ئەوپەڕەکەی، ئەبێ ببڕێتەوە و دژەکەی دەرکەوێ. ئەگەبەتیی ئێمەی کوردیش گەیوەتە ئەو پەڕەکەی. سا ئاخۆ ئیتر دەمی بڕانەوەی ئەو کلۆلییە هاتووە، یان تا دنیا دنیایە هەر وا ئەبین؟ بشێ ئەستێرەی بەختی ئێمەی کورد ڕۆژێ هەڵبێ، بەخت جارێ لە جاران یارمان بێ و لە خەوی بێئاگایی بەخەبەر بێ؟

لەوانەیە بڕاونێسن لە ئاست ئەم چەند بەیتەی سەرەتای چوونە ناو مەتڵەبی خانیدا بفەرموێ: ئەم چەند قسانە قسەی ئایدیالین، لە کاتێکدا کە شناسایی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست زانستە و بنەما و پایەی تایبەتی خۆی هەیەو، قسەی ئایدیالییانەش لە بەرانبەری زانستدا پووڵێ ناهێنێ و بە کەڵکی هیچ نایەت.. بەڵام ئەی لە ئاستی ئەم گشتە(مە=ئێمە)یەدا ئەبێ بفەرموێ چی؟ خانی باس لە کام (ئێمە)ئەکا، لە کۆمەڵێ خەڵکی هەرهیچ نەبێ چەند سەدهەزاریی کورد، یا لە کێ؟ بۆ چ کۆمەڵە خەڵکێ ئەڵێ کلۆلییان گەیشتووەتە ڕادەی ئەوپەڕی و پلەیەکی دیکەی ئەماوە تێیپەڕێنێ و ئەبێ ئیتر وەزعیان بگۆڕێتەوە بۆ بەری ئەوبەر و دژی ئەو کلۆلییە و، کاتی ئەوە هاتووە ←

ئەستێرەی بەختیان لە خەوی بێئاگایی وشیاربێتەوە و هەڵبێ؟ ئەگەر ئەم قسانە کە بە زمانی ئەو هەزاران کوردەوە ئەیانکا نیشانەی هەستکردن بە دەردی ئەو جەماوەرە فراوانە و هاوبەشیکردنی چارەی سیاسییان نەبن و، بەنیستیلاحی ئێمە خۆمان کوردایەتی و نەتەوەیی و کوردپەروەری و، بەنیستیلاحی زانستی نوێ و کاک براونێسن ناسیۆنالیزم نەبن، ئەبێ چی بن؟ ئاخۆ ڕەوای هەقە براونێسن حسێبێکیان بۆ نەکا و بەنیشانەیەکی ـ باسادە وسەرەتاییش بێ ـ ناسیۆنالیزمیان نەداتەقەڵەم هەر لەبەر ئەوەی کە بەر شناساییی فلانە تیۆریستی ئەورووپایی ناکەون؟ خانی هەروەها ئەفەرموێ:

ڕابت ژ مە ژی جیهان پەناهـــــەک
پەیدا ببێ مـــە پادشاهـەک
شیرێ هونەرا مە بیتە ژانین[7]
قەدرێ قەلەما مە بیتە زانین
دەردێ مـە ببینێ عیلاجێ
عیلمێ مە ببینێ ڕەواجێ[8]

خانی، واتای هەڵهاتنی ئەستێرەی ئێمەی کورد بەوە لێکئەداتەوە کە پادشایەکی جیهانپەناپۆ ئێمەیش، وەک میللەتانی تر، هەڵبکەوێ و، ئێمەیش پادشایەکمان ببێ وەک ئەم گشتە گەلانەی دنیا پادشای خۆیانیان هەیە، تا لە سایەی ئەو پادشایە و دەوڵەتی ئەوپادشایەدا شیری هونەری ئێمەیش بێتە ڕاوەشاندن و، قەدری قەڵەمی لە بەر بێ پادشایی و بێدەوڵەتی کەسنەزانیومان بزانرێ و، لە ڕێگای ئەو چارەیەوە کە دەوڵەت بۆ دەردی گەلی ئەکا دەردەکانی ئێمەیش چارەبکرێن و، زانستی لەبەر بێکەسی و بێ چاودێریکەری ئێمەیش ـ بێ ڕەواج و بڕەو. قەدروقیمەتێ لە ناو زانستی گەلانی تردا پەیدا بکا.

جا ئەگەر خانی، وەک براونێسن ئەڵێ، بیری لە دەوڵەتێکی کوردی نەکردووەتەوە، پادشای بۆچی و بۆ کێ یە و، پادشای بێدەوڵەت چەند ئەهێنێ و سوودی چییە؟ خانی ئەزانێ ئێمەی کورد خاوەنی شیری هونەرین ئەگەر کەسێ هەبێ ڕایوەشێنێ و، قەڵەمی بە بڕشتمان هەیە ئەگەر پشت و پەنایەکی هەبێ ڕەواجێکی بداتێ خەڵک پێی بزانن و لێی وەناگابێن. خانی پادشای بۆ چارکردنی ئەو گیروگرفتانە ئەوێ.. ئەزانێ ئەگەر پادشا و دەوڵەتمان بوو هونەرمان دەرئەکەوێ، نووسراومان بڵاوئەبێتەوە، دەردمان تیمارئەکرێ و زانستمان لە ناو خۆمان و لە ناو گەلاندا بڕەوی ئەبێ. پادشای بۆ ئەم مەبەستانەیە و پادشایش پادشای دەوڵەتە. ئیتر نازانم کاک براونێسن چۆن ڕێگا بە خۆی ئەدا بفەرموێ خانی بیری لە دەوڵەتێکی کوردی نەکردووەتەوە؟ خانی بە قووڵی بیری لە دەوڵەتێ بۆ کورد کردووەتەوەو، زۆر باشیش ئەرکی سەر شانی ئەو دەوڵەتەی زانیوە و، زۆر چاک لەوە گەیشتووە کە بوونی دەوڵەت بۆ گەل چ سوودێکی پێ ئەگەیەنێ و، ئەم بەیتانەیشی شایەتێکی ئەم بابەتەن کەس ناتوانێ بە درۆی بخاتەوە.

خانی لە باسکردنی ئەو دەسکەوتانەدا بە بوونی پادشا دەستی گەلەکەی ئەکەون، بەو ئەندازەیشەوە ناوەستێ کە گوتی لە سەری ئەڕوا و، ئەفەرموێ:

گەر دێ هەبوا مە سەرفرازەک
صاحیب کەرەمەک، سوخەن ئەوازەک
ئەقدێ مە د بو ب سککە مەسکوک
ئەدما وەهە بێ ڕەواج و مەشکوک
هەرچندی کو خالص و تەمیزن
ئەقدەین ب سککەیێ عەزیزن[9]

ئەگەر ئێمە کەسێکی سەربەرزمان هەبووا، دەستو دلکراوە و قسەزان و لەگەڵ خەڵکدا بە لوتف، ئەختینەی ئێمەیش هەروا بە سادەیی ئەئەمایەوەو ئەخش ومۆری ئەو پادشا گەورە و سەرفرازەی لێئەدرا و وەک ئێستا ئەئەبوو هیچ ئەکا و خەڵک گومانی لەوەدا ببێ کە زێڕوزێوی پاک و بێگەردە چونکە مۆری دەوڵەتێکی خۆمالییان پێوەنییە. بەڵێ، ئەختینەی ئێمە لە خودی خۆیدا پاک و بێگەردە، بەڵام زێڕوزێو قیمەتەکەیان لەوە دایە نیشانەی دەوڵەتیان پێوە بێ.

مەبەستی خانی لەم بەیتانەی ئەوەیە بێ بوونی دەوڵەت هیچ نابێ بە هیچ. زێڕوزێوی خاوێن و بێگەردمان هەن، بەڵام لە بەرئەوەی نەبوون بە دراو و مۆری دەوڵەتیان پێوە نییە، خەڵک مامەڵەیان پێناکەن و گومانی قەڵبییان لێئەکەن.

ئەیشتوانرێ بگوترێ مەبەستی خانی لە ئەختینە تەنها زێڕوزێو نییە و هەموو شتێکی بەهاداری مایەیی و مەعنایی ئەگرێتەوە. لەم حاڵەدا واتای بەیتەکان وای لێدێتەوە تا دەوڵەتمان نەبێ هەر ڕەنج بە خەسار ئەبین و هیچ شتێکی بەهادارمان بە بەهادار دانانرێ و، زانست و هونەر و بەهرە و لێهاتوویی و کارامەیی و دەسڕەنگینیمان گشتی بە فیڕۆ ئەڕوا.

ئیتر لەمە زیاتر چیمان لە خانی بوێ بۆی بکەین بە بەڵگە کە کوردێکی ناسیۆنالیست بووە و دەوڵەتێکی تایبەت بە گەلەکەی خۆیی ویستووە؟ بەڵام ئەو لەمە زیاتریش ئەڵێ کە هەرکەسێکی بە ئینساف و لە شت گەیشتوو لێیەوە بگاتە ئەو ئەنجامە کەوا خانی یەکەمین هەڵگری ئالای ناسیۆنالیزمی کوردی یە بە واتا تەواوەکەی ئیستیلاحی ناسیۆنالیزم و، هاواری بۆ ئەوە بووە کوردیش وەک هەر گەلێکی خاوەن تەخت وتاج، پادشای سەرتەخت و تاج لە سەری خۆیی هەبێ. فەرموون بزانن ئەڵێ چی:

گەر دێ هەبوا مە پادشاهەک
لایق بدی یا خودێ کولاهەک
تەعیین ببویا ژ بۆ وی تەختەک
ظاهیر ڤە دبو ژ بۆ مە بەختەک
حاصل ببویا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە د بوو مە ژی ڕەواجەک[10]

نازانم ئیتر چی لەمە زیاتر پێویستە بۆ ئیسپاتکردنی ناسیۆنالیستیی خانی و داواکردنی پادشا و دەوڵەت و تاجوتەختی بۆ گەلە سیاچارەکەی؟

تا ئێستا کاک براونێسن ئەوەی بۆ خانی بە زۆر ئەزانی ئەوەندە پێش سەردەمی خۆی کەوتبێ مرۆیەکی بە واتای سیاسی وشە ناسیۆنالیست بێ و داوای دەوڵەت و پادشا و تاجوتەختێ بۆ گەلەکەی بکا؟ ئەی ئەفەرموێ چی ئەگەر پێش شۆڕشی فەرەنسە بە ٩٤ساڵ و بەر لە دایکبوونی کارل مارکس بە ١٠٢ساڵ مەم و زینی دانابێ و لە سەرەتای ئەم مەم و زینەیدا ئەرکی سەرشانی ئەو پادشایەی بۆ گەلی کوردی ئەوێ بەمجۆرە دەستنیشان کردبێ کە ئەڵێ:

غەم خواری دکر ل مە یەتیمان
تینانە دەرێ ل دەست لەئیمان[11]

واتە: ئەگەر ئێمەی کورد پادشایەکمان هەبووایە، خەمی منداڵە هەتیو ←

و بێکەسەکانی گەلەکەمانی ئەخوارد و لە دەست کەسانی ڕژد و نامەردی دەربازئەکردن کە ڕۆژانە ئەیانچەوسێننەوە و خوێنیان ئەمژن و ماڵی میرایەتی باوک و دایکیان ئەخۆن و هیچ خزمەتێکیان ناکەن و هیچ یارمەتییەکیان نادەن. بێگومان خانی کە تەنها ناوی (یەتیمان)لەم بەیتەدا دێنێ، مەبەستی هەموو توێژاڵێکی ستەمدیدە و بێ دەستەڵاتی کۆمەڵە و، ئەرکی داکۆکی لە مافی هەموو ئەوانە بە ئەرکی پادشا و حکوومەتی کورد و کوردستان ئەزانێ و، ئەو ئەهاتووە لێرەدا دەستووری دەوڵەتی کوردستان بنووسێ و تەنها بە چەند سەرە مقەستێک ئیشارەت بۆ ئەرکە سەرەکییەکانی حکوومەتی کوردان ئەکات..

جا دیسانەوە بانەداتەوە بۆ سەر مەسەلەی دەوڵەت لەو ڕووەوە کە ئەرکی پاراستنی میللەت و وڵاتی لە سەرشانە و باری ژیانی سەختی گەلی کورد لە ژێر دەزگا و چەکوش و بەرداشی ستەمی ڕژم و عەجەمدا دێنێتە بەرچاو و ئەڵێ ئەگەر کورد دەوڵەت و پادشای تایبەتی خۆیانیان بووایە،

غالب نەدبو ل سەر مە ئەڤ روم
نە دبونە خرابەیێ د دەست بوم
مەحکومێ عەلییە و صەعالیک
مەغلوب و موطیعێ تورک و تاجیک[12]

ئەو تورکانە بە سەرماندا زاڵ نە ئەبوون و کوردستاان نەئەبووە کەلاوەیەک لە ژێر دەستی بایەقوشدا تێیدا بقرێنێ بە نیشانەی وێرانی و چۆڵی لە بەرئەوەی کە خەڵکەکەی لە سایەی جەور و ستەمی تورکاندا قڕیان کردبێ و ئەوانەیشیان مابن لە بەر ناچاری هەڵاتبن و بەجێیان هێشتبێ و، هەموو گەورە و بچووکێ حوکمی بە سەردانەئەکردین و نەئەبووینە ژێردەستەی تورک و تاجیکی لەو پەڕی ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوو.

باشە، ئەگەر خانی دەوڵەتی کورد و پادشای کوردی ناوێ و کوردێکی پڕ بەپێستی وشە ناسیۆنالیست نییە، ئەوێکی شناسنامەی نەتەوەیی لە باخەڵدانەبوو، جیاوازیی چی بوو بۆی ئەگەر حوکمڕانەکەی ڕۆم بێ یا عەجەم بێ یا کورد بێ یا هەرچی و، چیی لێ ئەگۆڕا ئەگەر ژێردەستی تورک و تاجیک بووایە یا هی هەر میللەتێکی تر یا میللەتەکەی خۆی؟

دیارە خانی ئەیەوێ کورد ئازاد و سەربەخۆ بێ و ژێردەستەی هیچ دەوڵەتێکی بێگانە لە میللەتەکەی خۆی نەبێ، ڕۆم بێ یا عەجەم بێ یا هەرچی و، لە ژێر فەرمانڕەوایی هیچ حوکمڕانێکی ناکورددا نەبێ.

بەم پێیە لە سەر ئەم باسە ئەڕوا و، بە هۆی پەی نەبردنیەوە بەو قانوونانەی بەردەوپێشچوونی مێژوو و گەشەکردنی گەلان بەڕێوەئەبەن و، وەک هەر خاوەن باوەڕێ بەهێزە نادیارەکان، ڕازی ئەو بارەگرانەی سەرشانی گەلەکەی ئەگێڕێتەوە بۆ خواستی خوداوەند و، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەندە هۆشیارە شوێن کەوتنی ئەو حوکمڕانە بێگانە و داگیرکەرانەی کوردستان بە نەنگ و شوورەیی بزانێ، بەڵام ئەڵێ نەنگ و شوورەییەکەی بۆ کەسانی بەناوبانگ و خاوەن دەسەڵاتە، واتە بۆ فەرماندارانی میرایەتییەکانە کە چەکداریان هەن و ئەتوانن خەڵک خڕکەنەوە بۆ بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرانی ڕۆم و عەجەم و، تاوانی گەلی هەژار و ڕۆشنبیرانی گەل نییە کە شاعیرەکانی وەک خانین و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان بە دەست نییە:

ئەما ژ ئەزل خودێ وەسا کر
ئەڤ روم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر
تەبعییەتێ وان ئەگەرچی عارە
ئەو عارە ل خەلقێ نامدارە
ناموسە ل حاکم و ئەمیران
تاوان چی یە شاعیر و فەقیران؟[13]

جا ئەگەر کەسێ لێرەدا وردبێتەوە کە مەلایەکی باڵادەستی سۆفی مەشرەبی قووڵ ـ باوەڕ بە خوا و بە ڕەوایی خواستی خوا، ڕەپوڕاست پاش ئەو بەیتەی دەستگرتنی ڕۆم وعەجەمی بە سەر کورد و کوردستاندا بە خواستی خوداوەند دانا تێدا، لە کاتێکدا کە مرۆ چاوەڕوانی ئەوەیە بڵێ خواستی خوداوەند گەڕانەوەی بۆ نییە و مرۆ ئەبێ هەمیشە ملکەچی بێ و پێی قایل بێ، بێ پێچوپەنا بە نەنگ و شوورەیی دائەنێ و حوکمڕانان و میرانی میرایەتییەکانی کوردستان بەوە بەدناو ئەکا کە سەریان بۆ ئەو داگیرکەرە بێگانانە نەواندووە و شوێن خواستی ئەوان کەوتوون. بەڵای منەوە ئەوە نموونەیەکی بەرز و باڵای بیری عاقڵانی و چەرخی ڕاپەڕینە کە بە پێچەوانەی بیری سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستەوە ئەیەوێ خەڵک ئەڵقە لە گوێی ئەو ئەفسانەیە نەبن کە گومڕاکەرانی جەماوەر لە هەر لایێ ناویان لێ نابوو (قەدەر) و بە ئاوی قەدەری خواییەوە ئەیانویست ئەو جەماوەرە هەرددم وەک گەلەمەڕی ژێردەستی قەساب فەرمانبەرداری حوکمڕانانی بێگانە و دیلی ئارەزووەکانی داگیرکەری ستەمکار بن.

ئەنجا خانی چەند بەیتێ لە باسی بە هیممەتیی مرۆ و کار بۆ ئاسانیی خاوەن هیممەتان و دنیا بۆ ڕامییان و ڕێگای ئەمەدا ئەڵێ و، سەر لەنوێ ئەگەڕێتەوە بۆ دەرددڵ هەڵڕشتن لە بارودۆخی سیاسیی کورد و بەراوردکردنیان لەگەڵ گەلانی دەوروپشت و، ئەڵێ من سەرم لە کاری خوا سووڕماوە کە ئەبینم کورد لە ئازایەتی و دەسبڵاوی و دڵفراوانی و نانبدەییدا هیچیان لەو گەلانە کەمتر نییە و بەشیری ناووناوبانگ دنیایان داگیرکردووە و وڵاتی هیممەت بەرزییان خستووەتە ژێر دەستی خۆیان و هەر پیاوێکیان بگری لە بەخشندەییدا حاتەمێکی تایی و لە قارەمانەتیدا ڕۆستەمێکی زاڵە و، لە عەرەبستانەوە بیگرە تا ئەگاتە گورجستان لە ناو گەلانی ئەو وڵاتانەدا هەر کوردە پشت وپەنای هەموو داماوێکە و یارمەتیدەری هەر گەلێکە کارێکی پێی ببێ، کەچی لە ناو هەموویشیاندا هەر ئەمان وا دیل و زەلیل و ژێردەستەن:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتا دنێ دا
ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحروم
بیل جومله ژ بۆ چ بونە مەحکوم؟
وان گرتی ب شیر شەهرێ شوهرەت
تسخیر کرن بیلادێ هیممەت
هەر میرەکێ وان ببەذلێ حاتەم
هەر میرەکێ وان بڕەزمێ روستەم
بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان
کورمانجیە بۆیە، شوبهێ بورجان[14]

جا دەست ئەنێتە سەر زامە بە سوێکەی کورد کە تائەمڕۆش بەدەم ئازاریەوە ئەناڵێنێ و ئەڵێ کوردان بوون بە شوورە و دیوار بۆ ڕۆم و عەجەم و ڕێیان لە هەردوو لا گرتووە لایەکیان بتوانێ ئازاری ئەو لاکەیان بدا، خۆیان کەوتوونەتە ئەملاو ئەولای هەر کامیانەوە و بون بە کلیلی دەرگای سەر سنوورەکانی ئەو دوو لایەنە دژبەیەکە و هەر خێڵێکیان بووە ←

به شوورەیەکی نەسمڕاوی پتەو. بەم هۆیەوە هەردوولا، ڕۆم و عەجەم، کوردیان کردووە بە نیشانەی تیری قەزا. جا هەرکاتێ لێشاوی دەریای ڕۆم و عەجەم بێتە سەریەک، کورد لە نێوانیاندا شەڵاڵی خۆین ئەبن و لە خۆینی خۆیاندا ئەگەوزێن، چونکە هەر لایەکیان بیەوێ لەو لاکەیان بدا لە پێشدا لە کوردەکەی بەردەمی ئەدا.

ئەف روم و عەجەم ب وان حەصارن
کورمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو طەرەفان قەبیلێ کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن
هەر طایفە سدەکن: سەدیدن
ئەڤ قولزومێ روم وبەحرێ تاجیک
هندی کو بکن خروج و تەحریک
کورمانج دبن ب خون مولەططەخ
وان ژێک ڤە دکن میثالێ بەرزەخ[15]

ئیتر پاش گەڕانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ باسی جوامێری و هیممەت و بەخشندەیی و غیرەت و نازایی کورد کە کوردپەروەرییەکەی ئەگەیەنێتە ڕادەی زیادەڕەوی تیایدا و ئەڵێ ئەم سیفەتانە بەو ڕادەیەی لە کورددا هەن لە هیچ گەلێکی تردا نین، دێتە سەر لێکدانەوەی هۆی ناکۆکیی دێرینەی نێوان کوردان خۆیان و ئەڵێ:

هندی ژ شەجاعەتێ غەیورن
ئەو چەند ژ مینناەتێ نەفورن
ئەڤ غیرەت و ئەڤ علویێ هیممەت
بو مانعێ حەملێ بارێ مینناەت
لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دایم بە تەمەڕوود و شیقاقن[16]

واتە: چەند نازا و بەغیرەتن ئەوەندەیش سڵ لەوە ئەکەنەوە کە بچنە ژێر باری منەتی کەس و، ئەو غیرەت وهیممەت بەرزییەیان ناهێڵێ چاو لە ژێری منەتی کەس بن و لە ئەستۆی گرن. بۆیە هەرکامیان بگری ئامادە نییە لەگەڵ یەکێکی دیبیان ڕێکبکەوێ و، هەمیشە لە نێوانی خۆیاندا ناکۆکن و وا ئەزانن ئەگەر یەکیان گرت و یەکیان بە قسەی ئەویانی کرد ئەوە ملی بۆ خەواندووە و بووە بە منەتباری. ئەمەیە لێکدانەوەی خانی بۆ هۆی یەکنەگرتنی کوردان و بەتایبەتی ئەوانەیان شتیان بە دەستە و یەکگرتنیان بە قازانجی گەلەکەیان ئەگەڕێتەوە.

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

پەراوێز:

١) ئا لەم بارەوە شتێ هەیە قوولیی ڕیشەی هەست بە کەسایەتی نەتەوەیی خۆ و بە جیاوازی لە گەلانی تر کردنی کورد، بەزەقی ئەخاتە پێش چاوی هەرکەسێ لێی ورد بێتەوە. ئەوەیش ئەوەیە ئەم ناوچانەی ئێستا بەهەموویان ئەگوترێ کوردستان و، لە سەردەمەکانی زوودا هەریەکی میراتیەک و زیاتری پێوەندی نەبووی مەگەر لە گەڵ میرایەتییەکانی هاوسنووری حوکمی کردووە و، هەر کۆمەڵێک لەو میرایەتییانە بە دیالێکتێکی* زمانەکەیان دراون بە ئاسانی پێوەندی بە دیالێکتەکانی ترەوە دیاری و دەستنیشان ناکرێ و پێدووەکانیان تا پاش ماوەیەک تێکەڵیی لەگەل یەک لەیەکتر ناگەن، کەچی لەگەڵ ئەوەیش هەموو لەسەر ئەوە سوور بوون کە خۆیان بە کورد بزانن و سالەهای ساڵ لە ژێر ناوی کوردایەتیدا هەڵسووڕاون و خەباتیان کردووە، لە کاتێکدا گەلانێکی وەک ڕوس و ئۆکراینی و ڕووسی سپی یا بوسنەیی و سێربیایی کە بە باشی پێکەوە ئەدوێن وڵە یەکتری حاڵی ئەبن، ئەم نزیکیی زمانەیان لەیەک نەک هەر نەبووە بە هۆی ئەوەی خۆیان بە یەک نەتەوە بزانن، بەڵکوو نەیشبووە بە مایەی ئەوە ئەوەندە خۆ لەیەک بە نزیک دابنێن بتوانن بە ژیانێکی دۆستانەی بێگەرد لە پاڵ یەکدا بەجیابژین، مەگەر بە زۆری زۆرداریی بەسەریاندا بڕابێ.

* ئێمە پێیان ئەڵێین دیالێکت، ئەگینا تەنانەت ئەوان خۆیشیان دیالێکتەکانی خۆیانیان بە(زمان) ناوبردووە.

٢) لەم بارەوە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی (ئەهلی حەق) لە کوردستانی ئێران کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆری لێ چاپ دراوە و هێشتایش زۆری ماوە، گەلێ غوونەمان ئەخاتە پێش چاو، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانەرە بەرهەمەکانی «صەدیقی صەفیزادە بۆرەکەیی» وەک: *مشاهیر اهل حق*، چاپی (شرکت افست)، تهران، ١٣٦٠؛ *بزرگان یارسان*، چاپی (سازمان چاپ خوشە)، تهران، ١٣٦١؛ *دورەء بهلول*، چاپی (خوشە)، تهران، ١٣٦٣.

٣) لە مەزهەبی شافعیدا نوێژ ئەبێ هەر بە زمانی عەرەبی بێ، بەڵام ئەبووحەنیفە ئەڵێ: ئەگەر موسوڵمانێ نەیتوانی وشەکانی نوێژ بە عەرەبی لەبەریکا ئەتوانێ واتاتێکڕاییەکانیان بە زمانی خۆی بڵێ و نوێژەکەی بۆ حسێب ئەکرێ.

٣) لەگەڵ ئەمەیشدا نیشانەی واهەیە ئەوە بگەیەنێ لە کورستانی پێش ئیسلام و سەرەتای موسوڵمانبوونی کوردستاندا، ئەوەندەی ڕادەی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لە ناو خەڵکدا ڕێگەی دابێ، نووسین بە کوردی باوبووە، بەڵام پاشان بە هۆی زاڵبوونی کولتووری بە کاکڵ ئیسلامی و بە توێکڵ عەرەبییەوە بە سەر ژیانی کولتووری وڵاتەکەدا، ئەوەی بووە لەناوچووە. **گیوی موکریانی** لە نامیلکەی (*گیونامە*)دا هەندێ بەڵگە و دەستاوێژی بۆ ئیسپاتکردنی ڕاستیی ئەم قسەیە و، تەنانەت غوونەی خەت و ئەلفوبێی کوردی پێش ئیسلامی بڵاوکردووەتەوە و بە نیوە و ناتەواو هێمای بۆ سەرچاوەی قسەکانیشی کردووە و، بەشبەحاڵی پاش ئیسلامیش لە کتێبی (*شوق المستهام فی معرفه رموز القلام*)ی «**ابن وحشیه النبطی الکلدانی**»یەوە کە لە ساڵی ٢٤١ی کۆچی [٨٥٥-٨٥٦ز]دا نووسیویە، ئەگێڕێتەوە کە تێیدا نووسراوە خاوەنی کتێبی ناوبراو کتێبێکی سێ بەرگیی لە بەغدا دیوە بە پیتی کوردی نووسراوە و خۆی دوو بەرگیانی لایە یەکێکیان باسی پەروەردەکردنی دارخورما ئەکا و ئەویان لە دۆزینەوەی ئاو لە ژێر زەویدا ئەدوێ. من بۆ خۆیشم لە یەکێ لە ژمارەکانی ساڵانی ناوەڕاستی حەفتاکانی گۆڤاری (*العربی*)ی کوێتیدا وتارێکی دوکتۆر **عەبدولحەلیم مونتەصیرناوێکم** دیوە باسی کتێبێکی بە زمانی کوردی وبەپیتی ئارامی نووسراوی ئەکرد لە بابەتی کشتوکاڵدا، بەداخەوە ئەو ژمارەی ئەو گۆڤارەم لە دەستدا نییە تا چیی لەم بارەوە نووسیبوو بیگێڕمەوە. لە یادیشم نییە ژمارە چەندی چ ساڵێ بوو. وابزانم کتێبی ناوبراو هەر ئەو کتێبەیە گیو لە نامیلکەکەیدا باسی کردووە. ئەگەر بە هەڵەیەش نەچووبم وام دێتەوە یاد لای کەمی بەشێکی ئەو وتارەم، کە ئەوەندەیەتی پێوەندی بە کورد و کولتووری کوردەوە هەیە، کردووە بە کوردی و لە ڕۆژنامەی (*هاوکاری*)ی بەغدادییدا بڵاوم کردووەتەوە.

٥) بڕوانەرە: *شیرین و خوسرەوی* **خانای قوبادی**، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێکخستووە و پێشەکی بۆ نووسیوە. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٥، لاپەڕە ١٤-١٥.

٦) بڕوانەرە: **ئەحمەدی خانی**، مەم و زین، ئەستانبوول، چاپخانەی نەجمی ئیستیقبال، ١٣٣٥-١٣٣٧، ل ١٢. بۆ نووسینەوەی تێکستی ئەو چەند شیعرەی مەم و زین کە لەم باسەدا کردوومن بە بەڵگە، کەڵکم لەم چاپانەی تری مەم وزینیش وەرگرتووە: ئەحمەدی خانی، مەم وزین، ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی هەژار، چاپی ئیتالیا، ١٩٨٩؛ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، شرۆڤەکردن و ڤەکۆڵینا ئەمینێ ئۆسمان، بەغدا، ١٩٩٠؛ مەم وزین، ئەحمەدی خانی ڤەژاندنا پەرویز جیهانی، بڵاوکراوەی ئینستیتیوتی سەلاحەددین. ١٣٦٧.

٧) ئەم وشەی (ژانین)ە لە هەموو چاپەکانی بەردەستماندا بە (دانین) نووسراوە. بەڵام لە دەستنووسی ژمارە ٢١٣٤٥ی (دار مخطوطات صدام)ی بەغدادا (ژانین)ە. من ئەمەم پێ ڕاست بوو و لایشم وایە واتای (ڕاومشاندن)ە کە بۆ شێر بەکاردێ.

٨) بڕوانەرە: **ئەحمەدی خانی**، سەرچاوەی پێشوو.

٩) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

١٠) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

١١) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

١٢) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

١٣) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

١٤) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

١٥) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

١٦) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

٢٠ملیون کورد لە تورکیا
لە مافی خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەشن.
لە بە رەسمی بوونی کوردان
ئێستاش حاشا دەکردرێ.
زمانی کوردی
وەک لقی زمانە هیندوئورووپاییەکان
هیچ پێوەندییەکی بە زمانی تورکییەوە نییە.

پرۆژەکەمان: دەستپێکردنی کورسێکی ٢٠ پۆژێنگیی زمانی کوردی لە ئەنستیتووی ئافریقا ـ ئاسیایی زانستگای ئوپسالا.

مەبەستمان: ئەوەیە لە دەورەیەکی سێ ساڵەدا، ٩٠ کەسان پەروەردە بکەین کە پاشان بگەڕێنەوە تورکیا و زمانی کوردی بە دەرس بڵێنەوە.

ئێستا ئەنجومەنی کولتوریی کورد کۆکردنەوەیەکی ئابووری ڕێکخستوە بۆ ئەوەی خەرجی دەورەی فێرکردنەکە و یارمەتی ١٥خوێندکاربۆ هەر تێرمێک دابین بکا.*

پشتیوانی ئێوە بە نرخە!

Kurdiska kulturstiftelsen i Stockholm, Finbodavägen 2, 6tr. 131 31 Nacka •Tel:08-6423624•
E-post:k.stiftelsen@nacka.mail.com
Postgiro: 90 25 00-8

ئێمە لەو پرۆژەیە پشتیوانی دەکەین:

Sten Andersson, CH Hermansson. Gösta Ekman, Marie-Louise Ekman, Sven Wollter, Arne Ruth, Kim Anderzon, Tomas Bolme, Erik Blix.

* لە دانگنس نیهێتر: ڕۆژی یەکشەمۆ ١ ی فێبرییەی ١٩٩٨ وەرگیراوە.

پرۆژەی فێرکردنی زمانی کوردیی

ئاننا وێستین (Anna Westin)

□ لە ساڵی ١٩٢٣ەوە کوردەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەش کراون. ئێستا ئەنیستیتووی زمانە ئافریقایی ـ ئاسیاییەکانی زانکۆی ئوپسالا خەریکی دارشتنی بەرنامەیەکی دوەرەی زمانی کوردی یە بۆ کوردەکانی تورکیا. مەبەست ئەوەیە کە پاش ئەو دەورەیە ئەوان بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و "زمانە قەدەغەکراوەکە" دەرس بڵێنەوە.

ئەنجومەنی کولتووری کورد لە ستۆکهۆڵم لە پشت ئەو پرۆژەیەی زانکۆی ئوپسالایە. لە ئێستاوە بە مەبەستی پەیداکردنی خەرجی خوێندن و سەفەری خوێندکارانی کورد، هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵیی دەستی پێکردوە. بوو ئوتاس(Bo Utas)، پسپۆڕی ئێراننناسیی ئەنستیتووی زمانە ئافریقا ـ ئاسیاییەکان دەڵێ:

ـ ئێمە بەڵێنیمان داوە یارمەتی بکەین و دەورەکە جێبەجێ بکەین، ئەگەر بێتوو ئەنجومەنی کولتووری کورد بتوانێ لە عۆدەی باری دارشتنی ئابوریی پرۆژەکە بێتەدەر.

بوو ئوتاس هەروەها دەڵێ:

ـ بەڵام ئێمە ئێستا هیچ زانیارییەکمان بە دەست نەگەیشتووە کە بەرنامەکە بە کوێ گەیوە. کەوابوو بەپێی بارودۆخی ڕۆژ ناتوانم لەوە زیاتر کە ئێمە بەدڵەوە یارمەتی دەکەین شتێک بڵێم. چونکە ئەو پرۆژەیە بە ڕاستی مەبەستێکی باشی هەیە.

بە گوتەی ساڵح ئینجە، بەرپرسی ئەنجومەنی کولتووری کوردی، بەرنامەی دەستپێکردنی یەکەم دەورە لە زانکۆی ئوپسالا بۆ پاییز لەبەر چاو گیراوە. مەبەست ئەوەیە کە لە ماوەیەکی سێ ساڵە دا، ٩٠ خوێندکاری کورد لە کوردستانی تورکیاوە پەروەردە بکرێن. ئەو دەڵێ:

ـ بەربڵاوی پرۆژەکە بێگومان بەوەی بەستراوەتەوە کە ئێمە چەند پارە دەتوانین کۆبکەینەوە.

ئەنجومەمی کولتووری کوردی لە حاڵی حازردا لە ڕێگای بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەکاندا بۆ پرۆژەکەی خۆی داوای یارمەتی ماڵیی دەکا. لە بڵاوکراوەکەی ئەنجومەندا هاتووە کە ئەو خوێندکارانەی لە ئوپسالا دەخوێنن "زانیارییەکانی خۆیان لە ڕێگای دەرس گوتنەوەی زمانی کوردی لە تورکیا بەکار دێننەوە". بەڵام کاتێک ئێمە لەگەڵ ساڵح ئینجە قسەدەکەین هیچ زەمانەتێکی ئەوتۆ نادا و دەڵێ:

ـ ئێمە دەمانەوێ یارمەتیدەری ئەوە بین، مرۆڤی خوێندەوار هەبێ و لە کوردستان زمانی کوردی بڵێتەوە. بەڵام ئەوەیکە لەکاتی گەڕانەوەی خوێندکارەکان بۆ تورکیا هەموو گیروگرفتێک چارە بکرێن، ناتوانین بێگومان ناتوانین بەڵێنیەک بدەین.

چەند ساڵێک دەبێ کە لە تورکیا ئاخافتن بە زمانی کوردی ئازاد بووە و تەنانەت لەو دادگایانەی لە پلەیەیەکی نەزم دان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بەڵام ئێستاش زمانی کوردی لە ڕادیو و تەلەڤیزیۆن دا هەر قەدەغەیە.

هەموو کەس ئەوەی دەزانێ کە کوردەکان لە تورکیادا لە لایەن دەوڵەتەوە ڕاودەنرێن، بە گوێرەی قسەی ساڵح ئینجە، ئەنجومەنی کولتووری کوردی ناتوانێ ئەمنیەتی بەشدارانی دەورەکە زەمانەت بکا پاش گەڕانەوە بۆ وڵات، ئەو دەڵێ:

ـ بەڵام ئەوە پرۆژەیەکی سیاسی نییە، کەوا بوو نابێ هیچ چەشنە مەترسییەکی زیندانیبوون هەبێ.

وەرگێڕانی: قاسم ڕیانی

ڕۆژنامەی "UPPSALA NYA TDNINGEN"، سێ شەمۆ ٣ی فێبرییەی ١٩٩٨

نەزمند بەگیخانی

نکۆڵی لێناکرێ کە ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، دەستکەوتێکی دێمۆکراسی و شارستانی یە، سیمبۆلێکی واتاداری بە هێزە دژی چەوسانەوە، نایەکسانی و ستەمکاریی بەرانبەر بە ژن بە پلەی یەکەم و دژی مرۆڤ بە گشتی. لە کاتێکدا ژنان لە وڵاتانی جیاجیادا بە کۆڕ، خۆپیشاندان، بڵاوکراوە و چاوپێکەوتن... هتد، گوزارە لە هەشتی مارس دەکەن، کەس دەنگی ژنی کورد نابیستێ. ژنانی کورد یان دابەش بوون بە سەر حیزبەکاندا و پلان و پێڕەوی ئەوانیان کردووەتە پرۆگرامی خۆیان و خواست و داواکارییەکانیان پشتگوێ خستووە بۆ دواڕۆژێکی نادیار، یان بە بێدەنگی بەتەنیشت ژیاندا تێدەپەڕن.

تا ئەمڕۆش، لە خەیاڵی زۆربەی مرۆڤی کورددا دەسەڵات و پایەداریی پیاو بە سەر ژن بە حاڵەتێکی «سروشتی» دادەنرێ، بۆیە کورد پێی ئەستەم و تەنانەت نارەوایە لە ئاستی نایەکسانییەکانی ژێندر دەنگ هەڵبڕێ و هەڵگەڕێتەوە. لەم بارودۆخەدا، ژن و پیاو ڕۆڵ و نەخشەکانی ژیانیان بە پێی ویستێکی نارەوا دابەش کردووە: ژن ڕۆڵی «ئامێزی منداڵخستنەوە» و «کۆیلە» دەبینێ، پیاویش ڕۆڵی «ئامرازی لەناوبردن» و «سەردار». ئەم پێوەندییە بە توندی لە فکری میللیی کوردیدا ڕەگی داکوتاوە. بۆیە هەر هەوڵدانێک بۆ ئاساییکردنەوە و چاککردنی پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو کاری شوڕشێکی دەوێ.

مەبەستمان لە شۆڕش، شوڕشی فکر و ڕۆشنبیریی یە نەک چەکداری. مرۆڤی کورد ئەمڕۆ پێویستە دەرگایەک بکاتەوە بۆ خۆخستنە ژێر پرسیار و بەخۆداچوونەوە، بۆ هەڵبژاردنی شێوازێکی شارستانی و زانستییانە لە کردەوە و ئاخاوتن، لە بیروبۆچوون و ڕەفتارکردن لەگەڵ دەوروبەر و ڕووداوەکانی سەردەمدا. لەوانەیە خۆخستنە ناو ئەم پرۆسە شارستانییە یا دانهێنان بە قەبوڵکردنی، جۆرە نیگەرانییەک لە دەروونی خەڵکدا دروست بکات، بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی لە دەرەوەی پێوەندیی و داب و نەریتە باوەکان هەست بە لاسەنگیی و بزربوون دەکەن. ئەم هەستکردن بە نیگەرانییە خەستتر دەبێت کاتێک گۆڕانەکان مۆدێلێکی دیکەی ژیان و بیرکردنەوە دەهێننە کایەوە کە نەک تەنها کار لە پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکەن، بەڵکوو ناسنامەی تاک، بە ژن و پیاوەوە دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

ئەو کەسانەی ناسنامەی خۆیان لە ترادیسیۆن و بەها ئەخلاقییە باوەکاندا دەدۆزنەوە، لە هەموو کەس زیاتر و توندتر بەرەنگاری گۆڕان و دیاردە نوێیەکان دەبنەوە. ئەمانە بە ناوی ترادیسیۆن و کولتووریی نەتەوەییەوە پاکانەش بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بە کۆیلەیی کردنی ژن دەکەن. هەڵبەت ئەم هاوکێشەیە تەنها کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو لە زۆر وڵاتانی جیهان لە بڕەو دایە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ژنان بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی دژی ئەم سیاسەتە نارەوایە هەڵسانەوە و داوای مافە مرۆڤایەتییەکانی خۆیان کرد لە گشت بواردا. دەستکەوتی ئەم خەباتە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە. بڕیاری تەرخانکردنی ڕۆژێک بە ناوی «ڕۆژی جیهانی ژنان»ەوە بەشێکە لە بەرهەمی ئەم خەباتە. بۆیە هەشتی مارس لە پرۆسەی مێژوودا بە سیمبۆلی دێمۆکراسی دادەنرێ.

بۆ گوزارەکردن لەم سیمبۆلە گرینگە، ئێمە بڕیارمان دابوو بەشێکی زۆری ژمارە ١٩ ی «گزینگ» بۆ دۆسییەی «لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی» تەرخان بکەین. لە یەکەم ساڵی کردنەوەی ئەم دۆسییەدا، ئەو هەوڵەمان سنووردار بوو بە کۆمەڵێک هۆکاری وەک نەبوونی هاوکاریی و ڕێکخستنی گونجاو، کەمیی بابەتی لەبار و شیاو دەربارەی ژێندری کوردی، نەگونجانی کات... هتد. لەبەر ئەم هۆیانە لەوانەیە دۆسییەکەمان کەموکوڕیی زۆری تێدابێت؛ هیوادارین لە ئایندەدا بتوانین بە شێوەیەکی فراوانتر گوزارە لەم ڕۆژە پیرۆزە بکەین. ■

نەفسانەی گەلی نیوە ـ کۆچەر و عەشیرەیی

شەرحی پشتەوەی کتێبی بە نێوبانگی مارتین ڤان بڕاونێسن، ئاغا، شێخ و دەوڵەت (لەندەن، بنکەی چاپەمەنی زێدبووکس لیمیتد، ۱۹۹۱) کوردەکان وەکوو «یەک لە جڤاتەهەرە گەورەکان لە جیهاندا کە بە شێوەی سەرەکی عەشیرەتین»[1] دەناسێنێ. لەو دەنگوباسانەی کە ئامرازە ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی ئامریکای سەروو سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی ئەم دواییانەی عێراق ـ پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەر هەولێردا بلاویان دەکردەوە، ئەم شارە بە یەک میلیۆن دانیشتووەوە پەیتا پەیتا وەک «شارۆچکە» (town)باسدەکرا. بە پێی تەعریفی قاموسی ئامریکایی:-Funk and Wagnall´s Standard Desk Dictionary (1981) شارۆچکە بریتی یە لە «هەر جۆرە جێی تێدا ژیان و خانووبەرەی دیکە کە لە دێیەک گەورەتر بێ، بەڵام وەک شار بە یەکەوە نەلکابێ». هەولێر، سلێمانی و دەرزەنێک شوێنی دیکەی کوردستان بێ ئەملاونەولا لە تەک ئەم تەعریفەی لە «شارۆچکە» بە دەستەوە دراوە ناگونجێن. ئەوە هاسانە ڕەخنە لە زۆربەی مێدیای ڕۆژئاوایی بگیرێ لەبەر ئاگادارنەبوونیان لە ڕاستەقانی شارنشینی لە کوردستان. گیروگرفت ئەدەبییاتی ئاکادێمیکن سەبارەت بە کوردستان، کە زانیاری ئەوانیش هێندە لە ئی مێدیا زیادتر نییە. ئەفسانەی دانانی کوردەکان بە گەلێکی عەشیرەتی و، ناشارنشین هەتا بڵێی باوی هەیە. ئەگەرچی ئەو ئەفسانەیە تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن ئەو نەتەوانەوە سازکراوە کە فەرمانڕەوایی بە سەر کوردستاندا دەکەن، واتە فارسەکان، تورکەکان و، عەرەبەکان. دەزگای ئاکادێمی ڕۆژئاوایش نەیتوانیوە لە بوونی نەریتێکی دوورودرێژی ژیانی شارنشینی لە کوردستان تێبگا. ئەمن هیوادارم ئەم کۆنفەرانسە یارمەتی بکا بە تێگەیشتنی بە جێی هەرە زیادتر سەبارەت بە بنچینە و بناغە پێچەڵپێچە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەتی لایەنی شارنشینی وی.

تێبینییە تێئۆرییەکان

ئەگەرچی لە ڕۆژ هەڵاتی نێوەڕاست، نەریتی نووسین سەبارەت بە ژیانی شارنشینی، لادێیی و عەشیرەتی هەیە (بۆغوونە لە ئاسەواری ئیبنی خەلدوون دا)، بەشی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شارنشینی بەدەرەجەی یەکەم بەرهەمێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوایی یە. زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوایی بە دروستی لەبەر جیهانبینی ئێتنۆسێنتریک و نێرمەزنی(andocentric) خۆیان ڕەخنەیان لێگیراوە. زۆر لەو کۆنسێپت ومێتۆدۆلۆژییانەی لە لێکۆڵینەوەی شارنشینی دا بەکارهاتوون بە پێی لێکۆڵینەوەی شارە ڕۆژئاواییەکان کراون، کە بە سەرهەڵدانی کاپیتالیزم گۆڕانێکی زۆریان بە سەرداهات. لە ڕاستیدا ئەو ئەژمار و ڕەقەمانەی ئەمن لەم نووسراوەدا بە کاریان دەهێنم بەرهەمی چۆنیەتی سازدانی ئەژمار و ئاماری ڕۆژئاواین.

سەرەڕای بەرپەرچدانەوەی مەیل وڕێبای نێرمەزنی و ئێتنۆسێنتریک لە زانستی ئاکادێمدا لە لایەن منەوە، ئەمن بایەخی هەموو چوارچێوە کۆنسێپتییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ناخەمە بەرپرسیار. تێئۆری کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوایی و گیروگرفتە ئیدەئۆلۆژییەکانی بە تەواوی جۆراوجۆرن و هەلی ئەوە هەیە [ئینسان] شان بداتە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و خۆی لە هێندێک لەو گیروگرفتە ئیدەئۆلۆژییانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی نەریتی بپارێزێ. قسەی تێدا نییە، ژیانی شاریی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە بەڵام زۆر لە کۆنسێپتەکانی ڕۆژئاوایی وەکوو «هاووڵاتیتی»، «کۆمەڵگەی مەدەنی» و «مۆدێرنیزاسیۆن» دەکرێ بە ئاوایەکی بەکەلک بەکار بهێندرێن بۆ لێکۆڵینەوەی دینامیسمی شارنشینی کورد. ئەمن خۆم کە هەم لە شارە ڕۆژهەڵاتییەکان و هەم لە ڕۆژئاواییەکاندا ژیاوم، هەوڵدەدەم[لەم نووسراوەیەدا] ئاگام لە پێوەندی دیالێکتیکی نێوان لایەنی جیهانی و لایەنی تایبەتی هەبێ سەبارەت بە مۆتالای پێوەندی ژێندر لە مهاباد.

سەرچاوەکان

سەرچاوەیەکی هەرەگرینگ ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی خۆمە لە مهاباد، بۆکان و سنەدا. ڕاپۆرتی ئەژماری کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئامادەکراون زانیاری چەندێتی سەرەکی سەبارەت بە ژیانی شارنشینی لە شارە کوردییەکانی ئێران بە دەستەوە دەدەن. ئەوان هەروەها ڕێگە بۆ پێداچوونەوەیەکی بەراوردکارانەش دەکەنەوە لەمەڕ هێندێک

لایەنی ژیانی ژنان لە لادێ و شارەکانی کوردستاندا. سەرچاوە کوردییەکان لە فۆلکلۆرەوە بگرە هەتا مێژوو زانیاریی زۆریان تێدایە. هەروەها لە سەفەرنامەی گەڕۆکەکانی ڕۆژئاوا کە لە ناوچەدا گەڕاون کەڵک وەردەگرم.

پێداچوونەوەیەکی کورت سەبارەت بە شارنشینی لە مهاباد

هەتا نیوەی سەدەی ١٩هەم، سابلاغ یان ساوجبولاق (بە تورکی واتە «کانی سارد»، لە سالی ١٩٣٥ نێوی گۆڕا بە مهاباد) پێتەختی میرایەتی بەتوانای موکری بوو. ئەگەرچی هەرێمەکە، کە موکریان و کوردستانی موکریشی پێدەڵێن، زێد وشوێنگەی شارانی کۆن بەڵام لەناوچووە(مینۆرسکی ١٩٣٤،١٨٩)، شاری سابلاغ بە ڕواڵەت لە سەرەتای سەدەی ١٨ هەمدا دروست کراوە (هەر بەپێی سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٨٨)، واتە سەدەیەک دوای کوشتوبڕ (قەتڵی عام)ی کوردستانی موکری لە سالی ١٦١٠ بە دەستی شاعەبباس.

تا بەرایی سەدەی ١٩هەم ، ئەم شارۆچکەیە بریتی بوو لە ١٢٠٠ ماڵ و دانیشتوانی بە گۆترە ٦٠٠٠کەس بوون. شارۆچکەکە نەک هەر تەختی فەرمانڕەوایی موکری بوو، بەڵکوو بازاڕێکی سەرەکیش بوو بۆ چەند سەد دێیەک. حوکمی شازادە موکرییەکان لە سالانی ١٨٦٠دا ڕووخا و هەرێمەکە بوو بە بەشێک لە ئیدارەی ئازەربایجان کە لە لایەن ئەو حوکمدارانەی وا لە تارانەوە دیاری دەکران فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکرا.

لە ئاخر و ئۆخری سالانی ١٨٨٠دا، ئەم شارۆچکەیە نێوەندێکی گرینگی بازرگانی بوو بە هەبوونی دەزگای پۆست وتێلگرافەوە.

تاجرە خۆجێیەکان وهەروەها خەڵکی دیکەش لە تەک ڕووسیا و ئیمپراتوری عوسمانی دا تەجارەت و ساتوسەودایان دەکرد.[٢]

هەتا ئەو دواییانەش کاروانسەرایەک هەبوو بە نێوی کاروانسەرای موسڵیان واتە جێی حەسانەوەی ئەوانەی لە موسڵەوە هاتوون. بەرهەمی کشتوکاڵی لەو هەرێمەوە دەناردران بۆ ئازەربایجان، ڕووسیا و شارە دراوسێیەکانی عوسمانی. لە سالانی ١٨٨٠دا، تورکیا کونسوڵخانەیەکی[شابەندەری ـ و) لە سابلاغ دانا. دنیا گەڕی بریتانیایی یای «بیشاپ» کە لە ئۆکتۆبری ١٨٩٠دا سەری لە سابلاغ داوە دەنووسێ:

ساوجبولاق پێتەختی سەرووی کوردستانی ئێران و، نیشتگەی حاکمێک (فەرماندارێک)، بەتەواوی مەرکەزی گواستنەوەی پێستە. لەوێوە تەجارەتێکی زۆر لەگەڵ ڕووسیا و لەگەڵ شیرکەتێکی فرانسەیی دەکرێ، وەک باسدەکرێ، ئەو شیرکەتە سالانە بایی چەندین هەزار فرانک پێست لەوێ دەکڕێ. ئەم شوێنە ساتوسەودایەکی زۆریشی لەتەک عەشیرەتە کوردەکانی چیاکانی دەوروبەر و کۆچەرەتورکەکانی پێدەشتەکاندا هەیە و، تەجارەتی بەرچاوی مازووشی تێدا دەکرێ. ئەم [شوێنە] بیست مزگەوتی پچووک، سێ حەمام، چەند کاروانسەرای زۆر شڕ و شەوێقی هەیە. بازاڕی گۆشت و بازاڕی گەنم ودانەوێڵەشی بە ڕمێنن و شتی زۆری لێ وەدەست دەکەوێ(بیشاپ، ١٨٩١:٢٠٧).

سابلاغ ئەگەرچی [ئەودەمی] دانیشتوانی زیادتر کورد بوون بەڵام جڤاتی بەژمارە زۆری جوولەکە، هەرمەنی و ئاسۆریش لەو شارەدا ژیاون. لە دە گەڕەکی سابلاغ یەکیان نێوی گەڕەکی هەرمەنییان و ئەوی دیکەیان نێوی گەڕەکی جوولەکان بوو. سەرەڕای بالادەستیی ئیسلام، لەوێ کلیسایەکی مەسیحیش سازکرا بەڵام بەدەم شەڕی یەکەمی دنیاگرەوە تێکدرا ونەما. تورکی عوسمانی، ئازەرییەکان وهەروەها هێندێک فارسیش لەم شارۆچکەیەدا ژیاون.

لە بەرایی شەڕی یەکەمی دنیاگردا، سابلاغ شوێنێکی گرینگی ستراتێژی بوو. تەجارەتی لەگەڵ ڕووسیا پەرەی سەندبوو و کونسوڵخانەیەکی ڕووسیا و دەستەیەکی میسیۆنێر(موبەشیر)ی لۆتێری ئامریکایی لێ دامەزرابوون. مادەیەکی سەرەکی کە دەناردرا ڕووسیا مازوو بوو کە بەرهەمی دارستانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بوو. بێ ئەملاوئەولا سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کاپیتالیزمی بازرگانی بەڕێوەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ناشکرایە، کە ئەم جورە تەجارەتە ئاکامی پێشوەچوونی ڕیشەیی نێوخۆیی نەبوو کە بگاتە گوڵکردن وگەشانەوەی پێوەندی کاپیتالیستی لە کوردستانی موکری. لە کاتێکدا هەر لە کۆنەوە تەجارەتێکی بەرتەسک لە ئابووری بەر لە کاپیتالیستی هەرێمەکەدا بەڕێوەبوو، گەشانەوەی تەجارەت و بازرگانی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی ١٩هەم و بەرایی سەدەی بیستەمدا نیشانەیەک بوو لە مەیلی یەکانگیربوونی کوردستانی موکری لە ئابووری کاپیتالیستی جیهانیدا.

لە ماوەی شەڕی یەکەمی دنیاگردا کوردستانی موکری بوو بە شەڕگەی شەڕی نێوان تورکیای عوسمانی و ڕووسیا. عوسمانییەکان سابلاغیان داگیر کرد، لە سالی ١٩١٦دا شارەکە و زۆر لە دێیەکانی دەوروبەری بەدەستی ئەرتەشی ڕووسیا قەتڵی عام کران، ئەوان تەنێ توخنی منداڵان و ژنان نەکەوتن ئەگەرچی نزیکەی ٢٠٠ ژنی گەنج لەلایەن سەربازی ڕووسیاوە ئەتک کران(فۆسووم ١٩١٨). سالێک دواتر، شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزرانی یەکێتی شوورەوی کۆتایی بە دەستدرێژی ڕووسەکان بۆ سەر ئەو هەرێمە هێنا. تەجارەتی نێوان کوردەکان و ڕووسەکانیش لە پڕ دوایی هات.

لە هەمان کاتدا ئەو گۆڕانکارییانەی لە تاران بەڕێوەبوون ئاکامیان پەرەسەندن و قووڵتربوونەوەی زیادتری دەستەڵاتی دەوڵەتی ئێران بە سەر کوردستانی موکریدا بوو. کودەتا (ئینقلاب)ی ١٩٢١و هاتنە سەرکاری بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێران پرۆسەی بە تۆبزی یەکانگیرکردنی ئەو هەرێمەی لە دەوڵەتی ئێراندا خێراتر کرد. ئەگەرچی هۆیە سەرەکییەکانی یەکانگیربوون هێزە زۆردارییەکانی (ئەرتەش، ئەمنییە/ژاندارمەری و پۆلیس) دەوڵەت بوون،[بەڵام] هەڵسووڕان و تێوەچوونی بۆرژۆکراسی مەدەنیش زۆر بە دەرەوە و لەبەرچاو بوو.

پرۆژەی گۆڕا "مۆدێرنیزاسیۆن"ی ڕەزاشا لە مهاباد، بریتی بوو لە دامەزراندنی بناخەیەکی بەڕێوەبەری کە لە ئیدارەکانی حکوومەتی وەکوو ئیدارەی عەدلییە، پەروەردە، لەشساغی، سەبتی ئەملاک (تاپۆی ملک)، ئەوقاف، کشتوکاڵ و فەرمانداری و هتد پێکهاتبوو. هێندێک لە دامەزراوەمەدەنی و عەسکەرییەکان بریتی بوون لە سەربازخانەیەکی مۆدێرن، خوێندنگەیەکی عیلمانی و ئیدارەی شارداری. تازەکردنەوەی شار بریتی بوو لە کێشانی دوو شەقام و دامەزراندنی چرای بەرق.

ڕەزاشا هەنگاوی زۆر توند و تیژی بۆ فارساندنی [خەڵک] هەڵهێنایەوە، لەوانە پاوانکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی. مەبەست

لەو هەنگاوانە لە نێوبردنی هەوێتی نەتەوایەتی و فەرهەنگی کورد بوو. بەڵام ئەم سیاسەتە سەری نەگرت. مهاباد و شارۆچکەی بۆکانی دراوسێی بوون بە نێوەندنی دەربڕین و بانگەوازی ناسیۆنالیستی بەتایبەتی لە بواری شێعردا.

بە دەم تەواوبوونی شەڕی دووهەمی دنیاگردەوە، ساباڵاغ بوو بە نێوەندی چالاکی سیاسی و ئەدەبی کوردی. حیزبێکی نهێنی ناسیۆنالیستی: کۆمەڵەی ژ.ک [کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان: نێوی کۆمەڵە لەلایەن ئەم وەرگێڕەوە ساغ کراوەتەوە، بڕوانە گزینگ ژمارە ١٨، ل٤٦] دەورێکی سەرەکی گێڕا لە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی و ئەدەبی هەرێمەکەدا. لە کۆتایی شەڕی[دووهەمدا] کۆمەڵە ئالوگۆڕی بەسەردا هات و بوو بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ولە مانگی ژانڤییەی ساڵی ١٩٤٦دا کۆماری کوردستانی دامەزراند.

مهاباد پێتەختی ئەو ڕێژیمە خودموختارە بوو و یازدە مانگی حوکم کرد. ئیدارە حکوومەتییەکان کوردێندران، ئەرتەشێکی میللی دامەزرا و، ژنان حیزبی خۆیان پێکهێنا و ئەو حیزبە لقێک بوو لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. زۆر کوردی عێراقی و هەروەها کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لە بەڕێوەبەری داودەزگای مەدەنی و عەسکەریدا بەشداریان کرد. کۆمار لە بواری فەرهەنگیدا زۆر چالاک بوو، یەکەم دەزگای ڕادیۆیی وەکارخست، یەکەم سینەما نیشان درا، یەکەم تیاتوری کوردی هاتە سەر شانۆ، یەکەم چاپخانە دامەزرا، ڕۆژنامەیەک و پێنج گۆڤاری بڵاوکردەوە و یەکەم کتێبخانەی گشتی دامەزراند.

دوای ڕووخانی کۆمار، قەیرانی سیاسی کە [ڕێژیمی] شایشایانی پەهلەوی لە کاتی داگیرکرانی ئێران بە دەست یەکێتی شوورەوی و بریتانیا لە ١٩٤١دا لاواز کردبوو، درێژەی کێشا. لە شار چالاکی سیاسی دەستی پێکردەوە و تا لە پاییزی ١٩٥٢دا، جووتیران لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان و مهاباد لە دژی خاوەنئۆلکەکان ڕاپەڕین. دنەی ئەو ڕاپەڕینە گەلاڵەی ئەو قانوونە بوو وا لە لایەن سەرۆک وەزیری لیبێراڵ دوکتور موسەدیق ڕا پێشکێش[ی مەجلیس کرا] و پەسند کرا. بە پێی ئەم پێشنیارە قانوونییە لە سەدا بیستی بەشی خاوەنئۆلکەکان لە بەرهەمی [کشتوکاڵی] کەم دەکرایەوە. جووتیرەکان ئاغاکانیان لە گوندەکان وەدەرنا و داوای زۆر ڕیشەیتریان هێناگۆڕێ وەکوو دابەشکردنەوەی زەوی لە نێو ئەوانەیداکە ڕەعەمەلی دەهێنن. ئەو بزووتنەوەیە زۆر بێ بەزەییانە بە دوو قووڵی لە لایەن هێزەکانی ئەرتەش و ئاغاوات ڕا سەرکوت کرا. دووکاندار وکاسبکارانی بۆکان (بەتایبەتی بەرگدرووان) لە نزیکەوە لەگەڵ جووتیران کەوتبوون. بەڵام شاری مهاباد دەستەوەستان مایەوە و پشتیوانی لە جووتیران نەکرد(هێمن، ٣٨ :١٩٤٧).

دوای کودەتای ١٩٥٣ بە ڕێبەری سی ئای ئێی، حکوومەتی نێوەندی کۆنترۆڵی تەواوی خۆی بە سەر شار[ی مهاباد]دا دامەزراندەوە. حەشیمەتی مهاباد لەوەتا ساڵانی ١٩٥٠ بە خێرایی زیادی کردووە. دانیشتووانی شار لە ساڵی ١٩٥٦، ٢٠٣٣٢ کەس بوون؛ دەساڵ دواتر ئەم ژمارەیە گەیشتە ٢٨،٦١٠ کەس واتە بە ڕێژەی ٪٤٠,٧. یەک لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەو زیادبوونە ریفۆرمی زەوی وزار بوو کە لە بەرایی ساڵانی ١٩٦٠دا کرا. بە پێی سەرچاوەیەک، ٪٥٢,٦ زیادبوونی دانیشتووانی مهاباد لە نێوان دوو ئەژمارگرتنی دەساڵانە واتە لە نێوان ١٩٦٦ و ١٩٧٦ لە بەر کۆچکردنی خەڵکی لادێ بۆ شار بووە و هۆی ئەوەش ڕێفۆرمی زەویوزار بوو(هووگلەند ١٩٨٢:١١٧). هەژمارگرتنێکی نێوان دەساڵان واتە تاساڵی ١٩٧٦ ڕێژەی ٪٥٤ نیشان دەدا. تا ساڵی ١٩٨٦، دانیشتووانی مهاباد و بۆکان بە یەکەوە گەیشتنە ١٤٣,١٧٦ کەس. ڕمانی ئابووری کشتوکاڵیی ئێران و درێژەکێشانی بارودۆخی شەڕ لە کوردستان لە ١٩٧٩وە هۆکاری گرینگن بۆ کۆچکردن لە لادێیانەوە و ، ئەوەش لەم ساڵانەی دواییدا یارمەتی کردووە بە زیادکردنی بەگوێی ژمارەی دانیشتووان[لە شار] (بڕوانە خشتەی ژمارە١).

مەیل وڕێرەوێکی دیکە گۆڕانی قەدرایی بەڕێژەی دانیشتووانی لادێ وشارە. لەکاتێکدا لە ساڵی ١٩٥٦دا هەژماری دانیشتووانی لادێی ناوچەی مهاباد ٪٨٢,٧ بووە. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٨٦داکشاوەتە ٪٤٩,١. ئەوە مانای وایە کە ڕادەی دانیشتووانی شارنشین بۆ یەکەمجار کەمێک زیادتر بووە واتە ٪٥٠,٩ لە ساڵی ١٩٨٦دا (بڕوانە خشتەی ژمارە٢). ئەمن هیچ گومانم لەوەدا نییە کە هەژمارگرتنێکی تازەی دەساڵە کە نۆڤامبری دابێ(مەبەست کاتی پێشکێشکردنی ئەو باسەیە- وەرگێڕ) دەکرێ، زیادبوونی زیادتری ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین نیشان دەدا. زانیاری لەمەڕ بەشەکانی دیکەی کوردستان (لە

خشتەی ژمارە١ : دانیشتووانی مهاباد

ساڵ	دانیشتوو	نێر	مێ	لە سەدی زیادبوون
١٨٣٨	٦٠٠٠ *			
١٨٩٠	٩٠٠٠ ئا	...	...	...
١٩٤٨	١٦٤٥٥ ب	٨٢٦٦	٨١٨٩	٨٢,٨
١٩٥١	١٥٩٧١ پ	...	...	-٣,٥
١٩٥٦	٢٠٣٣٢	١١٤٢٣	٨٩٠٩	٢٧,٥
١٩٦٦	٢٨٦١٠	١٥١٢٠	١٣٤٩٠	٤٠,٧
١٩٧٦	٤٤٠٦٧	٢٣٦٤٢	٢٠٤٢٥	٥٤,٥

سەرچاوەکان: *) ڕاولینسۆن(١٨٤١)؛ ئا) دۆمۆرگان؛ ب) حکوومەتی ئێران (٢٦ :١٩٥٠)؛ پ) رزم آرا (٥١٢ :١٩٥١)؛ ڕەقەمی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٥٦ بە پێی گوزاریشی دەساڵانەی ئاماری لێک دراوەتەوە.

عێراق و تورکیا) هەر مەیل و ڕێڕەوێکی ئەوتۆ نیشان دەدا. جا بۆیە، دەشێ ئیدیعا بکرێ کە لە ئاخری ئەم سەدەیەدا کۆمەڵگەی کورد بە دەرەجەی یەکەم کۆمەڵگەیەکی شارنشینینە. (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢)

هەوێتی شار لە زمان و فۆلکلۆردا

جیاوازی نێوان شارۆچکە و لادێ لە ڕۆژئاوای ئاسیا ڕیشەی لە زەمانی کۆن دایە و، دەگەڕێتەوە بەر لە سەروبەند و کۆمەڵگەی کوردی.

خشتەی ژمارە٢: گۆڕانی بارتەقایی دانیشتووانی لادێ ــ شار (شارستانی مهاباد)

ساڵ	گشت دانیشتووان	دانیشتووی لادێ	٪	دانیشتووی شار	٪	ژمارەی دێیەکان
١٩٥٦	٢٣٣,٧٥١	١٩٣,٣١٦	٨٢,٧	٤٠٤٣٥ [ئ]	١٧,٢	٨٩١
١٩٦٦	١٥١,٤٠٧	١١٣,٤٤٠	٧٤,٩	٣٧,٩٦٧ [ب]	٢٥,١	...
١٩٧٦	١٩٧,١٥١	١٣٢,٥٠٥	٦٧,٢	٦٤,٦٤٦ [پ]	٣٢,٨	...
١٩٨٦	٢٨١,٣٤٤	١٣٨,١٤٤	٤٩,١	١٤٣,١٧٦ [ت]	٥٠,٩	٤٢٩ [ج]

تێبینی: ئا) بریتی یە لە مهاباد(٢٠,٣٣٢)، میاندواو(١٤,٧٩٦) و بۆکان (٥,٣٠٧)؛ ب) بریتی یە لە مهاباد (٢٨,٦١٠) و بۆکان(٩,٣٥٧)؛ پ) بریتی یە لە مهاباد(٤٤,٦٧٠) و بۆکان(٢٠,٥٧٩)؛ ت) بریتی یە لە بۆکان و مهاباد؛ ج) ٤٨ دێ(ئاوەدانی) دانیشتوویان نەبووە.

جیاوازی نێوان دێ، شارۆچکە و شار لە زمانی کوردیدا ئاستە کراوە. لە کوردیی سۆرانیدا بۆ وێنە کۆترەدێ دێیەکی پچووک و ڕووتە؛ دێ،گەورەترەە؛ شارەدێ، دێیەکی گەورە یان شارۆچکەیەکە و شاریش زۆر لە دێ گەورەترە. وشەی شار بە ئاشکرایی دانیشتوویەکی زۆرنیشان دەدا. هەروەک دەکرێ ئێمە لەم وشانەی خوارەوەدا ببینین: "شارەمێروولە"، "شارە زەردەواڵە". وشەی "شارەزا" کە بە «ئاگادار، لێزان، پسپۆڕ» مانادەکرێتەوە زۆر وێدەچێ ئاوەڵناوێکی لێکدراوبێ بە واتای «ئەوەی لە شار لە دایک بووە». هەرێمێک کە لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی مهاباد هەڵکەوتووە ناوی "شاروێران"ە، بە پێی نەریتی سەرزارەکی ئەو ناوچەیە، زێد و شوێنگەی شارێکی گەورەبووە، ڕەنگە نێوەندی میرایەتی موکری بووبێ بەر لە قەتڵی عامی موکرییەکان بە دەستی شاعەبباس لە ساڵی ١٦١٠دا. دێیەکی گەورەی دیکەش لە ڕۆژئاوای موکریان نێوی شارەستێن ە.

جیاوازی نێوان شار و لادێ لە فۆلکلۆری کوردیشدا ئاستەکراوە. بۆوێنە خۆش بژێتی وبەختەوەری شار، لە گۆرانییەکی لادێی کوردستانی موکریدا هاتووە. لەو گۆرانییەدا دایکێک تووک ونزا لە ڕەزاشا دەکا کە کوڕەکەی بردووە بۆ ئیجباری(سەربازی)، دایکە دەڵێ ئەو کوڕەکەی خۆی بە قەندی گرانی شاری گەورە کردووە بە ڕەزاشا هەڵدەکاڵێ کە ڕۆڵەی خۆشەویستی لێ سەندووە کە بە کوێرەوەری گەورەی کردووە:

یاخودا ڕەزاشا حەوت کوڕت بمرێ/ کێ بووە ئیجباری لە کوردی بگرێ؟/ یا خودا ڕەزاشا تەختت وەرگەڕێ/ ئیجباری کوردی دەما بۆ شەڕێ/ کوڕم گەورەکرد بە قەندی شاری / ڕەزاشا بردی لە بۆ ئیجباری...

کەواهبو، شار هەوێتی لەمەڕ خۆی هەیە و، لە زۆر بارانەوە لە دێ جیاوازە.[٣]

پێوەندی ژێندەکان: شار و لادێ

دنیاگەڕە ئورووپاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەبارەت بە ئازادی ژنانی کورد لە لادێی کوردی و لە ساباڵغ نووسیویانە. بۆوێنە، یای بیشاپ، دەڵێ لە ساباڵغ ژنان خۆیان دانەدەپۆشی(١٨٩١:٢٠٩). دنیاگەڕێکی دیکە، والتر بێ. هاریس، سەری لە گوندە شاخاوییەکانی ڕۆژاوای ساباڵغ لە نزیک سەردەشت دا و بەتەواوی بەوە فروسماو بوو کە ژن و پیاو(مێ و نێر) ئازادانە لە دەستی یەکتریدا هەڵدەپەڕین. لەگەڵ ئەوەشدا، هاریس هەم باسی بەرتەنگبوونی ئەو ئازادییە و هەم جیاوازی نێوان شار ولادێمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو سەبارەت بە هەڵپەڕکێیەک کە بۆ ڕێزلێنان لەوی لە گۆڕەپانی ئاوەدانییەکەدا کراوە ئاوا دەنووسێ:

... کوڕوکچ بۆ چێژوەرگرتن لە هەڵپەڕکێی نەتەوایەتی خۆیان دەچوونە گەڕی داوەتێ کە جوان وشادیهێنەر بوو، ئەو هەڵپەڕکێیە چ جووڵانەوەیەکی دڵداخوڕێنی پێوە دیار نەبوو کە بە شێوەی ئاسایی نیشانەی هونەری هەڵپەڕکی یە لە ڕۆژهەڵات. ئینسان ناکرێ زۆر بەو ئازادییەدا هەڵبڵێ کە دراوە بە ژنانی کوردستان ــ ئازادییەک کە وێدەچێ زۆرکەم یان قەت بە خراپ کەلکی لێوەرنەگیرێ، چونکوو لە نێو ئەم خەڵکە شاخاوییە وەحشییەدا ستانداردی ئەخلاقی زۆر لە سەرەوەیە؛ تەنێ لە شارەکاندا واوێدەچێ ئەوان[ژنان] داکشابنە ئاستی فارس وتورکان. لێرە لەم ناوچە لاکەوتوو و دوورەدەستانەدا سزای توندوتیژی کۆن هێشتا لە نێو نەچووە و دستێکەڵکردن و زینا هێشتاش پاداشتی مەرگە(هاریس ١٨٩٥:٧٤٨).

هەمووان دەزانن کە لە لادێکانی کوردستانی موکری، هەروەها لە زۆربەی شوێنەکانی دەرەوەی شارانی کورد، خۆداپۆشین و حیجاب لە گۆڕێدا نییە. لە لادێییاندا ژنان ئازادانە لە گشت ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵ پیاوان هەڵدەستن و دادەنیشن؛ لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند بارەوە هەڵئاواردن بە پێی ژێندر لە گۆڕێدایە بۆوێنە لە مزگەوت یان لە دیوەخانی ئاغاواندا. سەرەڕای ئەم دەوروبەرە کەم تازۆر لیبراڵانەیە، کار و کارکردن بە پێی ژێندر بە وردی دابەش دەکرێ. کاری نێو ماڵ لە ئاوهێناوە بگرە تادەگاتە چێشتلێنان، نان پێژان، منداڵ بەخێوکردن، ڕستن و کاروباری وەک ئامادەکردنی ئاوردوو (تەپاڵە، دەوە، پووش) و تەونی مافوورە بەتەواوی لە ئەستۆی ژنانن. لەوەش زیادتر، ژنان بەشێکی جیانەکراوەن لە کاری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا. بۆوێنە ئەوان بەرپرسی شیردۆشین و ڕەنێوهێنانی شیرەمەنین و، ئەگەر پێویست بێ لە کێڵانی زەوی و بژار و دەسکەنە و خەرمان هەڵگرتنیشدا بەشداری دەکەن. سەرەڕای بەشداری چالاکانەی ژنان لە بەرهەمهێنانی

کشتوکاڵیدا، ئەوان لە ئازادی زۆر دوورن. لە ڕاستیدا، بابەزنی(patriarchy) لە شێوەیەکی زۆر زاڵمانەدا بە سەر ژیانی لادێنشینانداا زاڵە. مانەوەی دیاردەی وەکوو ڕەدووکەوتن، ژن هەڵگرتن و ژن بە ژنە پێوەندی نایەکسان و سەرکوتکەرانەی ژێندر دەدرکێنێ.

بە ڕوانینی بەڵگە لەوەتی دوابەشەکانی سەدەی ١٩هەمەوە، بە دڵنیایی دەکرێ بڵێین کە بە دەم پەرەسەندنی شارنشینییەوە، ژنان لە مهاباد بە شێوەیەکی لەزێدە تاق خراونەتەوە بۆ ئەوەی بە کاری نێومالەوە خەریک بن. ئەمە بێ ئەملاوئەولا لەمەڕ ئەو ژنانەی کە سەر بە چینە سەرووترەکانن لەوانە تاجران وچەند بنەماڵەیەکی خاوەنمولک(ئاغاوات) کە لە شاریدا دەژین ڕاستە. ژنانی سەر بە توێژی نێوەڕاست لەوانە دوکاندارانی بەڕمێن، پیاوانی ئایینی وکاربەدەستانی حکوومەتیش بە گشتی تاق خرابوونەوە؛ ئەوان بە گشتی لە دەرەوەی ماڵێ چارشێویان بەخۆدادەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ژنانی سەر بە چینە خوارووترەکان ئازادییەکی زیادتریان هەبوو بۆ هاتوچوو لە چوارچێوەی شاریدا. زۆر لەوان چارشێویان نەبوو یان پۆششێکی کەمیان هەبوو؛

چالاکی ئابووری ژنان: شار، ناوچەی لادێ

لە ساڵی ١٩٧٦، ژنانی کەمتر لە دەساڵان و بۆسەرەوە لە ناوچەی لادێ، بە شێوەی سەرەکی خەریکی چالاکی و کاروباری کشتوکاڵی بوون(٧٧,١٪) لەکاتێکدا ژنانی شارنشین زیادتر بە کاری مەسلەکی / تێکنیکەوە خەریک بوون(٥٨,٠٪ لە سەدی ئەو ژنانەی وا لە مهاباد لە بەشی سێرڤیسدا کاریان کردووە ١٨,٨٪ و لە ناوچە لادێیەکان ٣,٨٪ بووە (بڕوانە خشتەی ژمارە٣).

خوێندن و خوێندەواری

جیاوازی نێوان ناوچەی لادێ و شارنشین لە بواری دەرەجەی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پەروەردەی ڕەسمی بە ئاشکرایی خۆی دەنوێنێ، یەکەم خوێندنگەی عیلمانی کوڕان (خوێندنگەی سەرەتایی سەعادەت) لە ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی مانگی (١٦-١٩١٧) لە مهاباد دامەزرا. دەساڵ دواتر لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی هەتاوی (٢٦-١٩٢٧)، دوو خوێندنگەی دیکەش کرانەوە، کە یەکیان بۆ کچان بوو (خوێندنگەی سەرەتایی پەروانە). ئەگەرچی دانیشتووانی لادێیەکان بە لانی کەمەوە دە ئەوەندەی شاری مهاباد بوون، شارەکە بەختی کرانەوەی خوێندنگە تازەکانی پێبڕا. تا ساڵی ١٩٥٠، تەنێ ٣٠ دێ خوێندنگەیەکی یەک ژوورییان هەبووە(سەمەدی ٢٨:١٣٦٣).

خشتەی ژمارە٣: دانیشتووی ژن(+ ١٠) کە لە پیشە سەرەکییەکاندا خەریکی کاربوون

کاتاگۆری پیشەیی	شاری مهاباد		ناوچەی لادێیی	
	١٩٦٦	١٩٧٦	١٩٦٦	١٩٧٦
کاری پیشەیی(مەسلەکی/تێکنیکی) هتد	٩٦	٤٨٩	٢	١٢٤
کاری ئیداری وبەڕێوەبەری	...	...	...	١
کاری سێکرتێری و پیشەی ئەوتۆ	٩	٥٤	٢	٢
فرۆشیاری	١٤	٢٨	١٠	٢٩
کرێکاری سێرڤیس	٢٤٢	١٥٩	١٨٤	١٤٤
کرێکاری کشتوکاڵی	٩	١٥	٥٢٠	٢٨٦٠
کرێکاری بەرهەمهێنان	٩٩	٨٧	١٠٠	٥٢٨
نەزاندراو	٣٩	١٠	٢٣	٢١
سەرجەم		**٨٤٢**		**٣٧٠٩**
سەرجەمی دانیشتووی ژن		**١٤,٤٤٠**		**٤١٩٥٠**

سەرچاوە: گوزاریشی هەژماریی مهاباد، ١٣٥٥، خشتەی١٨.

ئەوان خەریکی شتکرین دەبوون و هێندێک جاریش ئەو کەلوپەلەی لە ماڵێ بەرهەمیان هێنابوو (دەستەوانە، سەرکلاوە، گۆرەوی، نان و هتد) خۆیان لە بازاڕ دەیانفرۆشت، یان لە چۆمی یا شوێنی دیکە ئاویان دەهێنا.

خشتەی ژمارە٤: دانیشتووی ژنی خوێندەوار لە ٧ساڵانەوە بۆ سەرەوە تا ئاخری ساڵی ١٩٦٦

ئاستی خوێندن	شاری مهاباد	ناوچەلادێییەکان
خوێندەوار	٢٤٧٩	٤٦٨
سەرەتایی	١٩٢٠	٤٤٢
ئامادەیی	٥٢٨	٦
زانکۆ	١١	-

ژنانی مهاباد زۆر لە ژنانی دانیشتووی دەرەوەی شاران خوێندەوارترن. بە پێی هەژمارگرتنی ساڵی ١٩٧٦، ٤٤٪ ژنانی دەساڵان و بۆ سەرەوە لە مهاباد خوێندەواربوون و ئەو ڕەقەمە بۆ ژنانی ناوچەی لادێیی تەنێ ٩٪ بووە.

ژێندر و فەرهەنگی خوێندەواری لە مهاباد

لە دەستپێکردنی نووسینەوە دەستراگەیشتنی ژنان بە فەرهەنگی خوێندەواری و خوێندەواربوون بەرتەنگ بووە. ئەگەرچی لە کوردستان چەند ژنێک کە سەر بە نەجیوزادە بوون هەلیان بۆڕەخسا خۆیان خوێندەوار کەن پیاوان پاوانێکی بەهێزیان بە سەر بەرهەمهێنان ودەکارکردنی فەرهەنگی خوێندەواردا هەبووە.[٤] بەر لە دامەزراندنی خوێندنگەی مۆدێرن، تەنیا شوێنی پەروەردە و فێربوون، مزگەوتەکان، خانەقاکان(نێوەندی ئایینی تەریقەتی نەخشبەندی) و تەکییەکان(نێوەندی ئایینی تەریقەتی قادری) بوون، کە هەم لە شار و هەم لە گوندەکاندا هەلسوورانیان هەبوو. لە بەرایی سەدەی ٢٠مدا، مهاباد ١٣مزگەوت، ٢ خانەقا و تەکییەکی هەبوو(حوزنی ٣٤-٣٣ :١٩٣٨). لادێ بەشی خۆی لە دامەزراوە ئایینییەکاندا هەبووە. لە ڕاستیدا، دێیەکانی تورجان و بورهان شوێنی دوو خانەقای سەرەکی بوون، کە خوێندکاری ئایینی [فەقێ ـ وەرگێڕ] و مەلایان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و وڵاتە دراوسێیەکانەوە بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا. لە کاتێکدا کە ئەم دامەزراوە ئایینییانە نێوەندی سەرەکی فەرهەنگی خوێندەواری بوون، دیوەخانی نەجیوزادە خاوەنزەوییەکان لە لادێ و تاجرە دەوڵەمەندەکان لە شاریش خەریکی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی ئەدەبی شاعیرانە بوون. خوێندنگە ئایینییەکان و دیوەخانەکان بەتەواوی تەرخان و پاوانی پیاوان بوون .

دامەزراندنی خوێندنگە مۆدێرنە عیلمانییەکان لە مهاباد بە گژداهاتنەوەی چالاکیی پاوانخوازانەی دامەزراوە ئایینییەکان بە سەر دەستەلاتی خوێندەواربوون و نووسیندا بوو. تا ساڵی ١٩٤٦، لە ماوەی ژیانی کورتی کۆماری کوردستاندا، خوێندنگەکانی کچان شوێنێکی بەرچاویان هەبوو لە ژیانی ڕێژیمی خودموختاردا. شاگردەکچەکان لە ڕێژەی شەقاماندا بەشداربیان دەکرد، سروودی نیشتمانپەروەرانەیان دەخوێندەوە و لە بۆنەی ڕەسمیدا وتاریان دەخوێندەوە و، نامەکانیان لە ڕۆژنامەی کوردستان دا چاپ دەکرا. دوای ڕووخانی کۆمار، ڕێگە نەدرا بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و، تەنیا چاپخانەیەکی کە هەبوو لە لایەن حکوومەتەوە دەستی بەسەرداگیرا و لە شاریان گواستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پەروەردە لە نێو ژنانی مهابادا نیشانەی پەرەسەندنی بناخەی کۆمەڵایەتی داهێنانی خوێندەوارانە بوو. باوەکوو ئەوەش، دێمۆکراتیزەبوونی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی بەستراوەتەوە بە ئازادییە سیاسییەکان و مافە دێمۆکراتییەکان کە شێلگیرانە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەرپەرچ دراوەتەوە.

هاووڵاتێتی و وەگەڕخستنی سیاسی

ئێستا مهاباد وەک نێوەندی ناسیۆنالیزمی کورد و نەریتی فەرهەنگی هەڵگەوتوو و زمانی ـ ئەدەبی وی ناسراوە. لەوەتی دروستبوونی لە سێسەد سەدە لەوەپێش ژیانێکی پڕ گێرە وکێشەی تەجروبە کردووە. ئەوێ پێتەختی دەوڵەتۆکەیەکی کوردی بوو تا ئەوەی کە نزیکەی سەدوپەنجا ساڵ لەمەوبەر بە زۆری لە دەوڵەتی قاجار یەکانگیرکرا و، بۆ ماوەیەکی کورتیش، بوو بە پێتەختی کۆماری بۆرژوا ـ دێمۆکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦. ڕێژیمی سیاسی میرایەتی موکری و دەوڵەتی ئێران باش دەگونجێ وەکوو سەرەڕۆیی فێئۆدالیزم یان ملهوڕی(despotism) نێودێر بکرێ، لەکاتێکدا کە پێوەندییە فێئۆدالییەکان دەستەلاتی تەواویان بە سەر ناوچەی دەرەوەی شاریدا هەبوو، تەجارەت و بازرگانی لە شاردا لە ژێر هەلومەرجی لەباری دەرەوە وەکوو بە شلی یەکانگیربوون لە دەوڵەتی قاجاردا و داوخوازەکانی ئابووری جیهانی کاپیتالیستی پێشکەوت. مەیل و ڕێڕەوی پتەوی ناوەندیکردن(centralizing) لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دوای شۆڕشی مەشڕووتە(دەستووری) بەتایبەتی دوای دەستەلات بەدەستەوەگرتن لە لایەن حکوومەتی پادشایی پەهلەوی پێشی بە سازبونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گرت کە لەسەر پێوەندییە کاپیتالیستییەکانی بەرهەمهێنان دامەزرابێ.

لە ماوەی حکوومەتی کورتخایەنی کۆماری کوردستاندا، ژیانی ئابوری، فەرهەنگی، کۆمەلایەتی و سیاسی شار دێمۆکراتیزەبوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دی. لەگەڵ ئەوەشدا، لە لادێیەکان، ئەو شوێنەی زۆربەی دانیشتووانی تێدا دەژیان، درێژەکێشانی پێوەندییە فێئۆدالییەکان لەمپەرێکی جیددی بوو [لەسەر ڕێی] بەرەوپێشچوون و خۆگرتنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا. سەرنجڕاکێشە کە نە دەوڵەتی ئێران و نە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان نەیانتوانی ریفۆرمێکی زەویوزار وەڕێ بخەن. ڕاپەڕینی جووتیران لە ساڵی ١٩٥٢- ١٩٥٣ لە مهاباد و بۆکان قەومانی خەباتێک بوو لە پێناو ریفۆرمی بورژوا ـ دێمۆکراتی لە دەرەوەی شاردا، ناسیۆنالیستە کوردەکان تا ئەمڕۆش لە وزەیاندا نەبووە لە مانای ئەو سەربزێوییە گرینگە تێبگەن.

لە ڕەوتی نێوەندیکرانی دەستەلاتی دەوڵەتی ئێراندا، شارە کوردییەکان یەکەم ئامانجی یەکانگیرکردن بوون. دەستبەسەرداگرتنی شارەکان بە ڕێگەی عەمەلییاتی عەسکەرییەوە زۆر هاسانتر بووە. یەکانگیر کردنی خەڵکی دەرەوەی شار و لادێیەکان تاڕادەیەکی زۆر بە ڕێگەی دەستەبەرکردنی وەفاداری ڕێبەرانی فێئۆدالْ و عەشیرەتی جێبەجێ

خشتەی ژمارە٥ : دانیشتووی ژنی خوێندەواری دەسالانە و بۆ سەرەوە

ناوچە	١٩٥٦		١٩٦٦		١٩٧٦	
	دانیشتوو	٪ خوێندەوار	دانیشتوو	٪ خوێندەوار	دانیشتوو	٪ خوێندەوار
شارنشین	—	—	١١,٩٣٠	١٨	٧٥,٤٥٤	١٩
لادێنشین	—	—	٣٣,٥١١	٠,٩	٥٠,٧٣٢	٩
مهاباد	٦١٤٤	١٠	٨,٩٢٠	٢٠	١٦,٧٩٩	٤٤

کراوە. ئەگەرچی دوڵەتی ئێران دوای شوڕشی مەشڕووتە شێوەیەکی قانوونی ڕۆژئاواییانەی وەخۆکرد، بەڵام خەڵک هەر بەڕواڵەت پلەی هاووڵاتیان دراباوویە. تا ڕێفۆرمی زەویوزاری بەرایی ساڵانی ١٩٦٠، زۆربەی ئێرانییەکانی کە لە ناوچە لادێیەکاندا دەژیان بە ڕەعێت نێودێردەکران و ئەو ڕێژەیەی لە دێیەکاندا لە گۆڕێدا بوو نێوی ڕێژەیی ئاغا و ڕەعێتی بوو. ئاڵوگۆڕکردنی «ڕەعێتان» بە «هاووڵاتیان» و ماف وئەرکەکانیان هەر لە سەر کاغەز مابووەوە. لەکاتێکدا ژنان لە مافی دەنگدان بێبەش بوون، کەڵک وەرگرتنی پیاوان لەم مافەش هەر گاڵتەکردن بە پرێنسیپە بۆرژوا دێموکراتییەکان بوو.

خەڵکی مهاباد، وەکوو هاووڵاتییەکانی دیکەی ئێران ڕێگەیان نەدەدرا لە بڕیاردان سەبارەت بە کاروباری شارەکەیان یان وڵاتدا بەشداری بکەن کە بە تۆیزی خراپوونەوەسەری. شارەکە دامەزراوی فەرهەنگی و سیاسی نەبوو کە بتوانن وەکوو نێوەندی (forum) گشتی هەڵسووڕێن، چ کتێبخانە، چاپخانە، ڕۆژنامەی ناوچەیی و چ کۆمەڵەی ئەدەبی یان فەرهەنگی تێدا نەبوو. کاتێک لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٥٠دا ستاسیۆنێکی ناوچەیی ڕادیۆ لە لایەن ئەرتەشەوە لە مهاباد دامەزرا (بۆ پاککردنەوە و ڕەواندنەوەی بانگەشەی ڕادیۆی بێگانە)، ڕادیۆ و مێدیای دیکەی وا لە لایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵ دەکران بۆ ئەوە کەلکیان لێوەرگیرا تواندنەوەی خەڵک لە دەوڵەتدا خێراتر کەن. ئەرتەش و پۆلیسی نهێنی، ساواک، ئەوەیان دەستەبەر کرد کەس نەتوانێ دەنگی ئۆپۆزیسیۆن هەڵبڕێ.

لە ژێر هەلومەرجی غەدر و زۆرداریدا، مهاباد بە چۆکدا نەهات وملی لە یەکانگیرکردنی بە تۆیزی لە دەوڵەتدا سوو. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە شاردا بەهێزتر بوو و، لادێیەکان و دەرەوەی شار وەک داڵدەیەک بۆ خۆڕاگری چەکدارانە مانەوە(بۆغوونە لە ڕاپەڕینی ١٩٦٨-١٩٦٩و لەوەتی ساڵی ١٩٧٩).

بەشداری ژنان لە سیاسەتدا. ج بە هاندانی دەوڵەت یان ئۆپۆزیسیۆن لانی کەم بووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە سەرانسەری ئێران بە دەستی هەردوو شای پەهلەوی سەرکوتکران و ژنان تا ساڵانی ١٩٦٠ لە مافی دەنگدانی گشتی بێبەش بوون. ئەگەرچی سەرژکایەتی کۆماری کوردستان هەنگاوی هەڵهێنایەوە بۆ وەگەڕخستنی ژنان بۆ ئەوەی پشتیوانی مادی لە حکوومەت بکەن، ئەو وەگەڕخستنە لەبەر ئەوەی بەرنامەی ناسیۆنالیستی داوای تەبایی ژێندەرەکانی دەکرد لە ژێر ئالای ناسیۆنالیستیدا بەرتەنگ بوو. لە چالاکی سیاسی نهێنییشدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە حەولیان نەدا بۆ وەگەڕخستنی ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا، زوودوای ڕووخانی حکوومەتی شایشایانی پەهلەوی، ژنان لە زنجیرەیەک خەباتدا بە مەبەستی وەدەستهێنانی خودموختاری لە ڕێژیمی نوێی ئیسلامیدا، بەشداریان کرد. حیزب وڕێکخراوە سیاسییە چەپییەکان لە وەگەڕخستنی ژناندا زیادتر تێوەچوون. هەر ئەوەش دەیسەلمێنێ بۆچی دوو ڕێکخراوی چالاکی ژنان لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٧٩دا لە سەقز و سنە دامەزران و نەک لە مهاباد ئەو جێیەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی کۆنسێرڤاتیڤ دەستەلاتی زۆر زیادتر بوو.

لە ساڵی ١٩٧٩، هەلومەرجی لەبار بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ژنان یان بە لانی کەمەوە ڕێکخراوێکی ژنان بە بەرنامەیەکی فێمینیستییەوە لە مهاباد و چەند شارێکی دیکەی کوردیدا هەبوو. ئەمن بۆ گوتنی هەلومەرجی لەبارتر، لەگەڵ شتی دیکەدا، مەبەستم ئاستێکی بەرزتر لە خوێندەواری، کۆبوونەوەی زیادتری شاگردی کچ لە خوێندنگە ئامادەییەکان، خەریکبوونی زیادتریان بەکاروباری نانەریتی، نانیتومالی(بۆغوونە: وەکوو دەرسگوتنەوە، خزمەتی لەشساغی، کار لە ئیدارە حکوومەتییەکاندا)، سیستمێکی زۆر ئاڵۆزتری مێدیا و، تەسهیلاتی باشتری پێوەندی یە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەلومەرجی مادی تەنێ هۆکارێکە لە ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. لە کوردستان، زۆرداری و غەدری توندو تیژی دوڵەتی [کارێکی وای کردووە]سەرۆکایەتی ناسیۆنالیستیی کێشەی ژێندر و چینایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کورددا[کەم ڕەنگتر کاتەوە] و پێی لەسەر دانەگرێ. وشیاری ژنان بە شێوەی تێنێزی و کردەوەی فێمینیستی کەوتووەتە بەر سێبەری وشیاری ناسیۆنالیستی و لێی بەجێ ماوە.

ژنێک کە پارەکە لە مهابادەوە تەلەفۆنی کرد بۆ بەرنامەیەکی شۆڕی مۆسیقا لە مەد ـ تێڤێ، بانگەوازی بۆ خوشکەکانی ئەوەبوو کە «ژنان نیوەی کۆمەڵگەی کورد پێکدەهێنن» و داوای لێکردن وەگەڕ کەون و لەگەڵ خەباتی ناسیۆنالیستی کەون.

بە جێیە بگوترێ لە کوردستان، وەک زۆربەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، شارنشینی هەتا هاتووە زیادی کردووە و هەڵکشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراوردکردن لەگەڵ شارە ڕۆژئاواییەکان ئەمە«شارنشینییەکی بێ شارانەیە». غەدر و زۆرداری دەوڵەتی و پاشماوەی پێوەندی بەر لە کاپیتالیستی ئابووری هەم لە شار وهەم لە دێ مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردی لە هاوتا ڕۆژئاواییەکان جیا دەکاتەوە. لە کاتێکدا تەشتی مانگیلە (satellite dishes)، کامپیۆتێر و، ماشێنی فاکس ڕێڕەوێک بەرەو جیهانیبوون(globalization)ی فەرهەنگ نیشان دەدەن، دابونەریت درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، مهابادی ئێستا، بە تەواوی پێچەڵپێچ و ئاڵۆزە. ئەوە زەحمەتە سەرەدەر لە دینامیکی پێوەندیی ژێندر لە شارێکدا بکرێ کە ئاڵوگۆڕێکی خێرا بە خۆوە دەبینێ لە هەلومەرجێکدا کە کۆچکردن لە لادێیانەوە ناپسێتەوە و لە بارودۆخی گۆڕانی ستروکتوری دەوڵەتی خودامەزنی دا.

لێبینی نووسەر: ئەم باسە لە کۆنفەرانسی سێڤر(پاریس ـ فرانسە) سەبارەت بە «کورد وشار» لە ٢١ی سێپتامبری ١٩٩٦دا پێشکێشکراوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە هێشتا تەواو نەبووە و وەک هەنگاوێکی سەرەتایی و دارشتنی باسەکە پێشکێشی کۆنفەرانس کرا و لە باری تیۆری و فاکتەوە نەمتوانیوە ئەوەندەی خۆم بە پێویستم دەزانی باسەکە شی بکەمەوە.

پەراوێزەکان:

١) ئەگەرچی لێکۆڵینەوەی شارنشینی لە دەرەوەی چوارچێوەی باسەکانی ئەم کتێبە دایە، لێکۆڵینەوەکە دیەنێکی زۆر پێچەڵپێچتر لە ژیانی کورد بە دەستەوە دەدا و بیری ئەوەیکە کوردەکان بە گەلێکی عەشیرەتی دابندرێن بەرپەرج دەداتەوە.

٢) مێژوونووسی کورد حوزنی موکریانی لە ساڵی ١٩٣٦دا نووسی(٣٠، ١٩٣٨): «خەڵکی شاری سابلاغ لە تەجارەت و ئاڵشوێرش دا زۆر لە خەڵکی دیکەوە پێشکەوتووترن. لە ئێران و لە ڕووسیا هیچ شارێک نییە کە کوردێکی سابلاغی لێتەبێ و لەوێ خەریکی تەجارەت و بازرگانی نەبێ».

٣) ئەو دوو هەوڵتیە جیاوازە، نێوەرۆکی بەرنامەیەکی زنجیرەیی تەلەڤیزیۆنین کە لە لایەن ئیستگەی تەلەڤیزیۆنی مهابادەوە سازکراوە. لەو بەرنامە زنجیرەییەدا، ژیانی

ساکاری لادێ بەپێچەوانە و بە دژی ژیانی پێچەڵپێچ، پڕگێرە وکێشە، نەناسیاو، بە مەترسی و گرانی ژیان لە شاری مهاباد نواندراوە.

٤) بۆ زانیاری سەبارەت بە پێگەی بەرتەنگی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی ئەدەبی دا لە کوردستان بڕوانە حەسەنپور(٧٧-٧٥:١٩٩٢).

Bibliography

Bishop, Mrs. (Isabella. Bird), 1891 *Journeys in Persia and Kurdistan*. London, John Murray.

Fossum, L. O. 1918 "The war-stricken Kurds", *The Kurdistan Missionary*, Vol. 10, No. 7, pp. 5-6.

Harris, Walter B. 1895 "Wanderings in Persian Kurdistan," *Blachwood's Magazine*, November, pp. 736-53.

Hooglund, Eric. 1982 *Land and Revolution in Iran, 1960-1980*. Austin, University of Texas Press.

Minorsky, V. 1934 "Sāwdj-bulāk," *Encyclopaedia of Islam*, Vol . IV, pp. 186-92.

de Morgan, Jacques-Jean. 1894 *Mission scientific perse*. Tome I. Paris. Imprimerie Nationale.

Rawlinson, H. C. 1841 "Notes on a journey from Tabriz, through Persian Kurdistan to the ruins of Takhti-Soleiman and from thence by Zanjian and Tarom to Gilan, in October and November 1838, with a memoir of the site of Atropatenian Ecbatana," *Journal of the Royal Geographical Society*, Vol.
X, Part 1-2, pp. 434-444.

Hassanpour, amir. 1992 *Nationalism and language in kurdistan, 1918-1985*. San Francisco, Mellen Research University Press.

حسین حوزنی، *کوردستانی موکریان یا آتروپاتین*، رەواندز، ١٩٣٨.

وزارت کشور، اداره کل آمار و ثبت احوال، *کتاب اسامی دهات کشور، جلد اول*، استانهای ١و ٢و ٣و٤، تهران، فروردین ١٣٢٩.

رزم آرا، *فرهنگ جغرافیائی ایران*، جلد٤، تهران، چاپخانه ارتش.

سید محمد صمدی، *تاریخچه مهاباد*، مهاباد، ١٣٦٣.

❁ ❁ ❁

پێوەندیی ژن و پیاو لە نێوان دوو کولتوور

موحسین ئەحمەد عومەر

وەک سەرەتایەک مەبەست لە دوو کولتوور، کولتووری باوی جووتێریی و شوانکارەیی (کۆچەری)یە کە هەر لە کۆنەوە لە ناو کۆمەڵی کورد وەک کۆمەڵێک روخساری کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، کەسایەتی کوردیان دروست کردووە. ئەم دوو کولتوورەش سەر بە دوو ستروکتور* یان دوو ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی پێکنەچوو و تەواوکەری یەکتر دێنە بەرچاو. ئەمانەش بریتین لە خێڵ بۆ تەواوی دانیشتووانە کوردە کۆچەرییەکان کە پیشەی سەرەکیان شوانکارەیی بووە. دەرەبەگیش بۆ تەواوی دانیشتووانە نیشتەجێیەکان کە پیشەی سەرەکیان بە پلەی یەکەم بریتیی بووە لە جووتێری و بەروبوومی زەوی. بێگومان بۆ دۆزینەوەی ئۆرگانیزاسیۆنی دەرەبەگایەتی دەبێ لە ناو ئەمانە بگەڕێین، واتە لە ناو ئاغا و خان و میرو بەگە نیشتەجێیەکانی کوردستان کە هەر لە کۆنەوە سەر بە بنەماڵەی گەورە بوون و سامان و دەستەڵاتیان لە دەست بووە. لەم رووە ئێمە بە هیچ شێوەیەک بە سیستەمی فیۆدالی ئەورووپییان بەراورد ناکەین، چونکە زۆر بە سادەیی دەرەبەگی کوردی، فیۆدالی ئەورووپی نییە، هەروەها فیۆدال بەو شێوەیەی لە ئەورووپا هەبووە ئەک هەر لە ناو کورد بەڵکوو لە لای گەلانی هاوسێی کوردیش نەبووە. جا لەبەر ئەوەی لە وتارێکی دیکە بە درێژی روانینی خۆم دەربارەی ئۆرگانیزاسیۆنە کۆمەڵایەتییە باو و تەقلیدییە کوردییەکان خستۆتە روو، لەمەندە زیاتر درێژە بەم لایەنە نادەم، چونکە لە ناوەرۆکی سەرەکی ئەم وتارە دوورمان دەخاتەوە کە بریتی یە لە: شوێنی ژن، ئینجا پێوەندی ژن و پیاو لە ناو دوو کولتوور یان دوو مۆدێلی ژیانی کۆمەڵایەتی کە دەکاتە: مۆدێلی جووتێریی کە بێگومان پێویستی بە نیشتەجێ بوونە، لەگەڵ مۆدێلی شوانکارەیی کە پێویست بە نیشەجێ بوون ناکات و دانیشتووانی ئەم مۆدێلە تەواوی پێویستییەکانیان لە کۆچەری و بەروبوومی مەروماڵات و لەوەڕگا سروشتییەکان وەردەگرن.

سەرەتا دەبێ دەستنیشانی ئەوە بکەین کە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە دووبەرەکی و ناکۆکی و نەگونجان لە نێوان ئەم دوو کولتوورە یان ئەم دوو شێوە ژیانە هەبووە. کۆچەرەکان بە چاوێکی سووک سەیری گوندییەکانیان کردووە، بەروبوومی کشتوکاڵیان لێ تێکداون و لێیان زەوت کردوون. بە هەمان شێوە جووتێرەکانیش وەک درندە و ناشارستانی تەماشای کۆچەرەکانیان کردووە. لێرەوە بۆ ئەوەی بە وردی پەنجە بخەینە سەر ناکۆکی و

دووبەرەکیەکان، ئینجا لە شوێنی ژن و پیاو وردبینەوە، کەرستەکانی ئەم لێکۆڵینەوەمان لە روانینەکانی **مەلا مەحمودی بایەزیدی** کتێبی: «*عادات و رسوماتنامەی کوردان*»[1] هەڵدەهێنجین کە لەمبارەیەوە من بە گەورەترین کۆمەڵناس و ئیتنۆگرافناسی کوردی سەدەی نۆزدەمی دادەنێم. بێگومان نووسەرانی دیکەش بۆ نموونە **سەجاددی** لە زۆر شوێن لە کتێبی «*کوردەواری*» روانینەکانی دەربارەی ئەم مەبەستانەی سەرەوە لەگەڵ هی بایەزیدی یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەمانەی بایەزیدی بە پلەی یەکەم دێن.

بایەزیدیێ دوو تێرمی جیاواز بۆ شوانکارە و نیشتەجێیەکان بەکاردەهێنێ. ئەمەش کورد و گۆرانە. هەڵبەت کورد بۆ شوانکارەکان و گۆرانیش بۆ نیشتەجێیەکان. وەک ناکۆکی نێوانیان لەمبارەیەوە بایەزیدی دەڵێ: «کوردە کۆچەرییەکان دەڵێن گۆرانەکان هیچ نین و بێ توانان و ئەڵێن ئەو منالانەی لە ژنە گۆرانەکان بوون بێ شەرم و ترسنۆکن، بۆیە ژنیان لێ ناخوازن. لە لایەکی تریشەوە کوردە نیشتەجێیەکان (واتە گۆرانەکان) دەڵێن ئەو منالانەی لە ژنە کۆچەرییەکانن بێ ئەدەب و چەقاوەسوون.»[2]

بەڵام ئەم پێوەندییەش تا رادەیەک بە پێی ناوچە گۆڕاوە. بە گشتی نیشتەجێیەکان لە کۆچەرەکان ترساون، بەڵام لە هەندێ شوێن وەک ناوچەی سۆران و زۆر شوێنی دیکە، بەو شێوەی بایەزیدی باسی دەکات کۆچەرەکان لە نیشتەجێیەکان ترساون: «ئەم دوو بەشە، کورد و گۆران (کۆچەر و نیشەجێ) یەک حەز لەویتر ناکات و لە یەکتری رازێ نین (...) نیشتەجێیەکان وانین. لەبەر دەم کۆچەرییەکان بێدەستەڵاتن. بەڵام ئەم زانیارییانە لە ناو کوردەکانی ناوچەی موش و وان و بایەزید و فارس و ئێرانە. بەڵام کورد و گۆرانەکانی ناوچەی هەکاری و بۆتان و ئامێدی و سۆران وانین. بەڵکوو بە پێچەوانەوە کوردەکان لەبەردەم گۆرانەکان بێدەستەڵاتن.[3]

لە لایەکی دیکە وەک نموونەیەک بۆ چەوساندنەوەی کوردەکان(شوانکارەکان) بۆ سەر گۆرانەکان (نیشتەجێیەکان) سەجاددی سەدەیەک دوای بایەزیدی تا رادەیەک هەمان شت دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: «گۆرانەکان لەبەر دەغڵودانەکانیان زۆر لەم کۆچەرییانە نەترسن، چونکە ئەمانە هیچ مەبەستیان نییە بۆ ئەوەی مەرومالاتەکەیان تێربێ هەزاران دەغڵودان لە ناوبچێ، گوێ نادەنێ بە تایبەتی ئەو رێبازەی کە دەیگرن لە کۆچکردندا، رێبازی عێڵە بۆ گەرمیان و کوێستان کردن بایەر وێرانە، گۆرانەکان بە ناچاری هیچ دەغڵودانێکی لێ ناکەن».[4]

ئەم دوو کارێکتەرە بە پلەی یەکەم بەرهەمی جیاوازی و لێکنەچوون و تەواوکەری یەکتری دوو ستروکتور یان دوو نۆرگانیزاسیۆنی کۆمەلایەتین کە دوو کارێکتەری جیاواز و لێکنەچووی کۆمەلایەتی دروستکردووە. وەک کۆمەڵێک ئەدگار و کردەی سایکۆسۆیسۆلۆژی بەرفراوان خۆیان دەنوێنن. بە هەمان شێوە، شوێن و رۆڵی ژن و پیاو لە چوارچێوەی ئەم دوو کولتوورە زۆر جیاوازە، دەشێ بە جیاوازیی نێوان هەردوو کولتووری بچوێنین کە ناکۆکی و نەگونجانێکی ژیاری لە نێوانیان هەیە، واتە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو.

بە پێی ئەو کەرستانەی بایەزیدی و دواتریش سەجاددی دەماندەنێ جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ژنی شوانکارە و ژنی نیشەجێ، هەروەها لە نێوان پیاوی شوانکارە و پیاوی نیشەجێ کە ئەوان بە کورد و گۆران ناویان دەبەن. لە ناو شوانکارەکان ژن چالاکە و نازادییەکی بەربڵاوی هەیە و لە هەمان کات ئیشکەرێکی هۆشیارە. بە پێچەوانەوە لە ناو نیشتەجێیەکان کە گوندی و شاری دەگرێتەوە ژنەکان سستن و تارادەیەک بێ کارن. لە ناو شوانکارەکان پیاوەکان کەم کاردەکەن بەڵام سوارچاکی لیوەشاوەن، کەچی لە ناو نیشتەجێیەکان، پیاوەکان کارگەرتر و چالاکترن. لێرە دەبێ ئەوەش بڵێین کە گەلێک لە گەڕۆکە ئەورووپییەکان باسی جوانی روخسار و بەژن و بالای پیاوی شوانکارەی کوردیان کردووە و لە هەمان کات پەنجەشیان خستۆتە سەر ناشرینی ژنەکانیان. ئەم روانینە وەک بینینێک لە دەرەوە، ئەگەر راستیش بێت، لە خوێندنەوەیەکی رواڵەت زیاترنییە چونکە ئەوان بیریان بۆ رۆڵ و کاری هەریەکێکیان نەچووە و لە پێوەندییە راستەقینەکە نەگەیشتوون و بە تەنیشت شتەکان تیپەڕیون.

بایەزیدی دەربارەی ژنی گۆران و ژنی کورد دەڵێ: «ژنە کۆچەرەکان لە کاتی پێویستدا یارمەتی میردەکانیان ئەدەن ئەگەر لە شەڕیشدا بن، بەڵام ژنە گۆرانەکان زۆر ترسنۆکن و لە ماڵەوە نایەنە دەرەوە. بەڕاستێ ژنە کۆچەر ژنن، هەم کاری ماڵەوە ئەکەن و کرێکارن و لە شەڕیشدا هاوڕێی چەک و هاوڕێی پیاون. بەڵام ژنە گۆرانەکان بەشداری هیچ ناکەن. تەنها لە ماڵەوە ئیش ئەکەن»[5]

بایەزیدی هەمان ڕوانینیشی بۆ پیاوی هەر دوو کولتوور هەیە: «...پیاوەکانیشیان (واتە هی کوردەکان کە دەکاتە شوانکارەکان) ئیش ناکەن و بەڵکوو هەموو کاروباری ماڵ بە دەست ئافرەتەوەیە. بە پێچەوانەوە هەرچی کاروباری ناو ماڵ هەیە لای گۆرانەکان (واتە نیشتەجێیەکان) بە دەست پیاوەوەیە، تەنها نان و چێشت لێ نانێن و جلیش ناشۆن».[6]

لەم روانینە کلاسیکییانەی بایەزیدی بە جوانی جیاوازیی کەسایەتی و رۆڵی هەردوو ژن هەست پێدەکەین. بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر لە ئازایەتی و ترسنۆکی، چالاکی و سستی ئاڵۆزتر و قووڵترە. لە پشت ئەم دوو دیاردە کۆمەلایەتییە کۆمەڵێک فاکتۆری سۆسیۆلۆژی بە هەردوو لایەنەکەی، واتە مەسەلەی ستروکتورە کۆمەلایەتییەکە یان مەسەلەی نۆرگانیزاسیۆنە کۆمەلایەتییەکە، کە دەورێکی ڕاستەوخۆی هەبووە لە دابەشکردنی رۆڵی کۆمەلایەتی، هەستی پێدەکرێ، ئینجا مەسەلە کولتوورییەکانی سەر بەم نۆرگانیزاسیۆنە کە لە کۆمەڵێک دیارەی سایکۆلۆژی و کولتووری تایبەت بە خۆیان دەبینرێن. لەم پێوەندییە ئاڵۆزەش بە پلەی یەکەم پێوەندی دەستەلات و هێز دێت. ئەمەش بە پێی سروشت و کولتوور و کەلەکەبوونی دابونەریتی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی هەزاران ساڵە، پێوەندییەکان ئەم فۆرمە وەردەگرن کە دەیانبینین، واتە ناهاوسەنگ و یەکلایی. لە کۆمەڵی شوانکارە پیاو تەنیا کاری پاراستنی خێڵی لە ئەستۆ بووە، واتە هەمیشە لەسەر پێ بووە بۆ جەنگ و تاڵان کردن. بە چەشنێکی دیکە دەتوانین خێڵی شوانکارە بە نۆردویەکی سوپایی بچوێنن: پیاو کاری تەنیا جەنگ بێت و ژنیش وردەکاری تر بکات، هەڵبەت ئەم کولتوورەش لە سەداسەد کولتوورێکی نێرە، بۆیە دەبینین رۆڵی ژن لە چاو هی پیاو زیاتر لابەلا و بچووکە. دەتوانین ئەم رۆڵەش زیاتر بە رۆڵی سستەرەکانی ناو نوردوە سوپاییەکە بچوێنین کە پیشەیان برینپیچی و شتی دیکەیە. کەواتە ئەم ژنە رۆڵێکی پێدراوە لە یەک کاتدا لە هی پیاو نزمترە بەڵام رێزی لێ دەگیرێ چونکە سیستەمی خێڵەکی وای دەوێ، لە هەمان کاتیشدا ئەم رۆڵە لە چاو ژنی کۆمەڵی جووتیری یان نیشەجێ ئازادتر دێتەبەرچاو، چونکە ستروکتور یان نۆرگانیزاسیۆنەکان بە یەکترێ ناچن. بێگومان ئەم لێکدانەوە بۆ

پێوەندی ژن و پیاوی نیشتەجێیەکانیش راستە بەڵام ئەوان لە ناو ناوەرۆکێکی تر و پێوەندییەکی دیکەی دابەشکردنی ڕۆڵ دەژین کە پێوەندی بە هەمان دەستەڵات و هەمان هێزەوە هەیە. لەم رووە دەتوانین پێوەندی ژن و پیاو لە کۆمەڵی شوانکارە و نیشەجێ بە دوو هێڵی لێک جیاواز نیشان بدەین. ئەو پێوەندییە سایکۆسۆسیۆلۆژییەی پیاو لە کۆمەڵی شوانکارە هەیبووە زیاتر شاقوولی بووە، ئەمەش بڕبڕەی پشتی خێڵی پێکهێناوە. بەڵام ئەو پێوەندییەی ژن هەیبووە زیاتر ئاسۆیی بووە، ئەمەش زیاتر پێوەندی بە ژیانی لابەلای خێڵەوە هەبووە. بێگومان لە سەرەتادا پێوەندییەکان لە نێوان ئەم دوو هێڵە بەم شێوە نەبووە، رەنگە لە سەردەمێکدا تەریبی یەکتر بووبن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ بە دوای ئەوە بگەڕێین کەی لە ناو خێڵ کولتووری نێر دەستەڵاتی بە دەست هێناوە و بۆتە کولتووری زاڵ. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمێکی زۆر زووی مرۆڤایەتی، بێگومان پێویستمان بە ماددەیەکی زۆری ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی دەبێت، لێرەش ئەو بوارە فراوانەمان نییە لێی قووڵ بینەوە، لەگەڵ ئەمەش لە خوارە وەک وەڵامێک هەوڵدانێکمان بۆ ئەم پرسیارە هەیە، هەڵبەت لە پاڵ بەستنەوەی بە کێشە و ناکۆکی نێوان هەردوو مۆدێلە کولتوورییەکە، کە بە ناکۆکی و نەگونجانی نێوان ژن و پیاو، یان زۆر بە سادەیی بە جیاوازی نێوان ژن و پیاوی دەچوێنین. پیاو بۆ سیستەمی شوانکارە، ژنیش بۆ سیستەمی نیشەجێ یان جووتێری.

لە سەرەوە گوتمان هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە ناکۆکی و نەگونجان لە نێوان ئەم دوو مودێلەی ژیان هەبووە. ئەمەش دوو کارێکتەری دروست کردووە دەتوانین لە رووی دەورەوە بە دوو رەوشتی وەک توورەیی و نەرمی بچوێنین. توورەیی بۆ پیاو، نەرمیش بۆ ژن. لێرەش سێکس وەک تابوویەک لە روانگەی مرۆڤی شوانکارە، دواتریش وەک حاڵەتێکی دەروونی لە شێوەی نەخۆشی عوسابیNévrose بە پلەی یەکەم دێت کە لە خوارەوە لە روانگەی فرۆید دەیخەینە روو.

ئەم ناکۆکی و نەگونجان و جیاوازییەی نێوان ژن و پیاو دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر زوو، بۆ سەردەمی دایکسالاری و باوکسالاری. چۆن ژن شوێنی خۆی بۆ پیاو چۆڵ کرد؟ چۆن پیاو دەستەڵاتی رەهای خۆی سەپاند. بێگومان ئەم پرسیارانەش دەمانبەنەوە سەر پرسیارەکەی پیشوو: کەی نێر لە ناو خێڵ دەستەڵاتی بە دەست هێناوە؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، دەبێ جارێکی دیکە دڵنیایی لەسەر ئەوە بکەینەوە کە کۆمەڵی کورد بە پلەی یەکەم کۆمەڵێکی شوانکارەیە. واتە دەستەڵاتی پیاو، نێر بە پلەی یەکەم دێت. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی هەر دەستەڵاتێکی سادەی پیاو نییە؛ بەڵکوو پێکهاتوویەک و سیستەمێکی زۆر ئاڵۆزی هەیە کە دەتوانین بەم هێڵە شاقوولییە پەنجەنومای ئەو پەیوەندییە بکەین: (خودا ــ ئاغا و میر و خان ــ شێخ و مەلا ــ باوک ــ کوڕ) لەم پێوەندییە کە لە نێوان ئاسمان و زەوییە ژن جێگای نییە و نابێتەوە، چونکە لە لایەن پیاوەوە شوێنی بچووک کراوەتەوە کەواتە دەبێ لە لایەن خوداوەش وەک بوونەوەرێک تێیهەڵبدرێ، ناوەرۆکی باوکسالارانەی گشت ئایینێکیش بەڵگەی ئەمەن. ئەگەر لەم پێوەندییە شوێنیشی بۆ بکەینەوە دەبێ هێڵێکی دیکە دروست بکەین، ئەمەش بەم چەشنەیە: (.. ــ ژن ــ..)، کولتووری نێر یان باوکسالاری لەم پێوەندییە ڕێگا بە خۆی دەدا بە ئارەزووی خۆی ئەم بەرو ئەو بەری ژن پڕبکاتەوە، بێ ئەوەی ژن بتوانێ یان نیرادەی پرۆتێستێکی گەردوونی هەبێ، چونکە باوکسالاری وەک کەلوپەلی خۆی حسێبی بۆ دەکات. بە کورتی لە کۆمەڵی دەستەڵاتی باوکسالاریدا ژن وەک منداڵ، واتە وەک کچ و ژنی باوک حسێبی بۆ دەکرێت: «باوکسالاری هەر تەنیا دەست نیشانکردنێکی سادە نییە بۆ فۆرمیکی تایبەتی خیزان، باوک دەستەڵاتی بە سەر دایکدا هەبێت، بەڵکوو ئەم تێرمە دەستنیشانی تەواوی ستروکتور یان ئۆرگانیزاسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە سەرچاوەکەی لە دەستەڵاتی باوکەوە هاتووە. لە ناو ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە میری شارێک و ئاغای خێڵێک هەمان دەستەڵاتی باوکیان هەیە. ئەم بە یەکچووانەنە ئەوەندە هاوتای یەکترن زۆرجار دەگوترێ "حکومەت باوکی گەلە".»[7]

دیسان هەروەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسیارەکانی سەرەوە، دەبێ بگەڕێینەوە ئەو سەردەمەی کە هێشتا ئایین بە شێوە مۆناتایستییەکەی (تەوحیدی) پەیدا نەببوو، بۆ سەردەمی بڕۆنزی مرۆڤایەتی بگەڕێینەوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی چەمکی خودای تاک و تەنیا و رەها شوێنی خوداوەندە مێیەکان (یان خوداوەندە ژنەکان)ی گرتەوە. بێگومان ئەمەش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرهەڵدانی وێنە و چەمکی باوکەوە هەیە کە بە جێگۆڕینێکی رەها لە گەل وێنە و شوێنی دایک جێبەجێ بووە:(...براهما، یەهۆڤ، زیۆس و ژوپیتەر، خۆیان بە سەر ئایینداراەکان دەسەپێنن و وەک باوکی مرۆڤایەتی شوێنی دایک و ستاتووی دایک بچووک دەکەنەوە. ئەمەش هەروەک ئەوە وایە مرۆڤ خۆی چەمکی خودای داهێنابێت بۆ دڵنیایی لە سەرکردن و هێشتنەوەی دەستەڵاتی باوک)[8]، ئەمەش لەگەڵ دەستەڵاتی سەرۆک خێڵێک یەکدەگرێتەوە و ئەو کارێکتەر و فۆرمە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەی ئەم سەرۆک خێڵە لە ناوەوەی خێڵ پەیڕەوی دەکات و بە سەر دانیشتووانی خۆی دەسەپێنێ، لە دەستەڵاتێکی پڕی باوکسالاری زیاتر کە لە پێوەندی ژن و پیاو وەک یاسایەکی بە روخسار و فۆرم سروشتی بەڵام شاراوە، هەستی پێدەکرێ.

لێرەوە بۆ ئەوەی لەم جێگۆڕکییە رەهایە بگەین، چۆن خودا، خوداوەندە (مێیەکان)ی لە جیهانی خۆی دەرکرد و بوو بە سەرداری جیهان و گەردوون؟ پەنا بۆ ئەفسانە یۆنانییەکان دەبەین کە شتی گرینگمان لەمباریەوە بۆ دەگێڕنەوە. یەکێک لە ئەفسانە هەرە گرینگەکان کە وەک سەمبولێک تیکچوونی ئەم هاوسەنگییەی نێوان ژن و پیاو، دواییش کێشەی نێوان شوانکارە و جووتێری پیشان دەدات، کێشە و دووبەرەکی نێوان دیمیتیر (خاکی دایک) و میردەکەی هادیس (خودای دۆزەخ)ە کە لەسەر سەرپەرشتی کچەکەیان (پیرسیفۆن) ناکۆکییانە:(...دیمیتیر هەوڵدەدا و دەیەوی کچەکەی لە لای خۆی بهێڵێتەوە، چونکە مێردکردنی بە ڕای ئەو بەدبەختییە و کۆتایی بە منالی نازادیی ئەو دەهێنێ و دەکەیتە ژێر فەرمانڕەوایی یەکێکی نێر. لەو ڕۆژەوە کە پیرسیفۆن خوێن دەبینێ (عادە) باوکی (هادیس) دێت و سەرەڕای نارەزایی دایکی دەیباتە ژێر زەمین. سروودێکی هۆمێر لەمبارەیەوە دەگێڕێتەوە کە دیمیتیر بۆ کچە زیندانکراوەکەی دەگرییت و خۆراک ناخوات. ئەمەش نیشانەی یەکەم شۆڕشی خوداوەندی (مێ)یە دژێ خودای نێر. ف. ئوبۆن لەو باوەڕیە ئەم ئەفسانەیە سەمبولێکی بەرهەڵستیی و رەفزی دەستەڵاتێ مێیە دژی دەستەڵاتی تازە لە دایکبووی نێر. بەڵگەش بۆ ئەمە هەرەشە و گەفی دیمیتیرە دژی (خودای خۆر)ی باوکسالاری کە لەگەڵ فراندنی کچەکەدایە. سەرەنجام، دیمیتیر دەڵێ ئەگەر ئەمە چارەنووسی کچەکەم بێت، تەواوی مرۆڤایەتی بۆگەن بێت، چیتر دانەوێڵەیەک چییە شین ←

نەبێت، نە تۆو بمێنێ نە گەنم، ئەگەر کچەکەم نەگەڕێتەوە. بە هەمان شێوە ف. ئوبۆن دەڵێ دەتوانین لێرە بۆ ئەوەش بچین کە هاوارێکی لەم جۆرە، دەشێ هاواری جووتیاران بێت بەرانبەر بە داواکارییەکانی چین یان توێژی شوانکارەکان. دەشێ سەردەمی پەیدا بوونی ئەم هاوارە ئەفسانەییە (هاواری دیمیتیر بۆ گەڕانەوەی کچەکەی) بگەڕێتەوە پێش پەیدابوونی یەکەم گاسن، چونکە پێشنیاری جووتیرییەکی تەواو مێیینەمان بۆ دەکەن. لە هەموو حاڵەتێکدا، لەم نموونە دەستەڵاتی مەزنی خوداوەندی گەورەی (مێ) دەبینرێ، چونکە بەم هاوارە دیمیتیر، شەش مانگ دواتر کچەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. هەڵبەت زیۆس بەم کارە هەڵدەستێ دوای ئەوەی بە یەکسانی شتەکان لە نێوانیان دابەش دەکات. ئەم تێگەیشتنەی نێوان خودا و خوداوەند دەشێ بە چەشنێکی دیکەش لێکبدرێتەوە، وەک کۆنترایەک لە نێوان ژن و پیاو بۆ بەڕێوەبردنی خاکی بەرهەمدار. ئەمەش سەردەمی (نیمچە باوکسالاری)دەگرێتەوە.[9]

بەڵام ئەم دەستەڵات و سەرکەوتنەی دیمیتیر یان خوداوەند کەم دەخایەنێ. کۆمەڵ لە حاڵەتی (نیمچە باوکسالاری) دەردەچێت و دەستەڵاتی ڕەهای باوک کە خۆی لە وێنەی خودای تاک و تەنیا و ڕەها، لەسەر زەویش خۆی لە وێنەی سەرۆک خێڵ و میر و پاشا و باوک دەنوێنێ، زوو جێبەجێ دەبێت. هەڵبەت ئەمەش بە پرۆسیسێکی زۆر ئاڵۆز و درێژخایەن ڕوویداوە. هەر لە سەردەمی بڕۆنزی کۆمەڵێک چەمکی ئایینی دێنە ئاراوە و پاشان جەنگ و چەمکی پاڵەوان و گرینگی سەرۆک خێڵ خۆیان زاڵ دەکەن و هەموو ئەمانە شوێنی پیاو قایمتر دەکەن. جا وەک پاشماوەیەک لە داهونەریتی کورد کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ناکۆکییانەی سەردەم کە باسمان کرد، واتە چۆنیەتی پەیدابوونی دەستەڵاتێ نێر، لەم دیاردانەی خوارەوە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ کە بایەزیدی بۆمان دەخاتە ڕوو. لە هەمان کات دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەم کولتوورە لە ناو نیشتەجێیەکان کە بە جووتیری خەریکن، کەمتر هەستی پێدەکرێ. بایەزیدی دەڵێ: «کوردەکان منداڵەکانیان فێری هونەری چەک هەڵگرتن ئەکەن، فێری ڕمبازی و سواری و تفەنگ هەڵگرتن و تەقە کردن ئەکەن. هەموو بیروهۆشیان لای شەڕ و ئاژاوەیە، پێش ئەوەی شەڕ یاخود هێرشێک ڕووبدات، ئەمانە چیرۆکی شەڕ و شوڕی کۆنیان بۆ منداڵەکانیان ئەگێڕنەوە..»[10]

وەزیفەی ئەم کارێکتەرە سایکۆسۆسیۆلۆژییە بە پلەی یەکەم مەسەلەی مانەوە و درێژەدان بە ژیان و پاراستنی هێزە، بەڵام ئەگەر سەرنجێکی وردتری بدەین، دەبینین ژن لەم پێوەندییانە (ڕمبازی و تفەنگ هەڵگرتن و سواری ...) دا بوونی نییە یان دیار نییە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی لابەلا ژنی شوانکارە هەروەکو بایەزیدی دەڵێ تفەنگ هەڵدەگرێ و لە تەک پیاو شەڕیش دەکات. بەڵام ئەمە تەفاسیلێکی بچووکە تەنیا بۆ ژنی شوانکارە ڕاستە، ژنی جووتیر یان نیشتەجێ هەمان کارێکتەری نییە، ئەو لە ژێر دەستەڵاتێکی باوکسالاری ڕەها دەژیت، هەرچی هی شوانکارەکەیە، پیاوەکان خۆیان لە پاڵ سەرپەرشتی پێکردنی تەواوی کاروباری خێڵ تفەنگیشی پێهەڵدەگرن. دەتوانین بڵێین ئەم تفەنگ هەڵگرتنەی ژنی شوانکارە بە تایبەتیش ژنی سەرۆک خێڵەکان پاشماوەی داواکارییەکان یان هاوار و نارەزاییەکەی دیمیتیر بێت لە کولتووری خێڵەکی بە کزی ماوەتەوە. دیسان دەتوانین بە خاسیەتێکی کەسایەتی مرۆڤی شوانکارەشی دابنێین کە دەبێ ژن و پیاوەکانی هەردەم لە سەر پێ بن.

لە ئۆرگانیزاسیۆنی خێڵەکی دەستەڵاتی نێر دەستەڵاتی هەرە باڵایە، هەروەکو گوتمان سەرۆک خێڵ یان ئاغا کە لە وێنەی (خودا ئینجا باوک) خۆی دەنوێنێ لە سەرەوەی گشت پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. لێرەوە دەتوانین لە ڕوانگەی فرۆید باسی چۆنیەتی پەیدابوونی چەمکی باوک ئینجا خودا بکەین، هەڵبەت لە ناو ئۆرگانیزاسیۆنێکی وەک خێڵ کە کۆنترین ئۆرگانیزاسیۆنی مرۆڤایەتییە. بەڵام ئەم باسە دیسان لە بابەتی سەرەکی دوورمان دەخاتەوە ئەگەرچی ڕاستەوخۆ پێوەندی پێیەوە هەیە. تەنیا تاقە خاڵێکی گرینگ هەبێت دەربارەی شوێن و ڕۆڵی ژن لە ناو ئەم کولتوورە باسی بکەین، ئەویش سێکسە کە وەک تابوویەک لە کۆمەڵی شوانکارە یان خێڵەکی لە شێوەی ژن خۆیان پێ نیشان دەدات، واتە ژن خۆی لە کۆمەڵی خێڵەکی دەبێتە تابوو. لەمبارەیەوە بایەزیدی و دواتریش سەجاددی ئەم کەرستانەمان دەدێ. بایەزیدی دەڵێ: «... ژنە کورد (واتە ژنە شوانکارەکان) لە شەردا نازادن و دەستیان بۆ درێژ ناکرێ و هیچ کاتێک شەڕ لەگەڵ ئافرەتا ناکەن و پارێزگاری لە شەرەفی دەکەن.»[11]

بێگومان، ئەمە ئەگەرچی ڕۆڵی سستەرەکەی ناو ئۆردووەکەمان بە بیردێنێتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا ژن وەک تابوویەک بەو شێوەی فرۆید باسی دەکات پیشان دەدات کە لە یەک کاتدا پیرۆزە و قەدەغەیە، چونکە لە بن تارای ئەم دەست درێژنەکردنە کە وەک شتێکی پیرۆز ڕێزی لێ دەگیرێ سێکس دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ. دیسان هەروەکو شتێکی تابوو بایەزیدی دەڵێ: «ژن و شیخ و مەلا، ئەم سێ بەرەیە، هەر تکایەک بکەن بێ هیوا نابن. زۆر جار دوو تیرە لە مەیدانا ئەکەونە شەڕ هەردوو لا بە یەکدا دێن و لە یەکتری ئەکوژن، هەرکە ئافرەتێ هات و سەرپۆشی خۆی لە نێوانیاندا ڕاخست هەردوولا پێکدێنەوە.»[12]

لە لایەکی دیکە هەر بۆ تابووی سێکس لە کولتووری شوانکارە کە بێگومان لە ناو تەواوی کورد بە ئایین پشت ئەستوورکراوە تا کولتووری باوک کە وەک ڕەگی ئەم تابووەیە خۆیان پیشان دەدات، بایەزیدی دەڵێ: «لە کاتێ زینا کردندا، واتە خراپ کردنی ئافرەت، ئەوە، ئەو ئافرەتە ئەکوژن ئەگەر ژن و کچ و خوشکیشیان بێت.»[13]

دیسان هەر دەربارەی پیرۆزی و قەدەغەیی کە ناوەڕۆکی تابووی ژن یان وردتر تابووی سێکس دەگرێتەوە، بیر و دەستەڵاتی نێر ئەم مەسەلەیە گشتێ دەکات. بۆ نموونە کە شەڕدەکەوێتە نێوان کوردەکان (واتە شوانکارەکان) ئەگەر ئەو شەڕە لە سەر ژنانیش نەبێت، دەستەڵاتی نێر کە دەکاتە دەستەڵاتی باوکسالاری کە بە مانا سیاسییەکەشی دەکاتە دەستەڵات و سیستەمی ستەمکاری Déspotisme، ئەمەش نەک هەر لە نێوان ژن و پیاو بەڵکوو تەواوی پێوەندییە سایکۆسۆسیۆلۆژییەکانی کۆمەڵی خۆرهەڵاتی لەسەر بنیات نراوە، هەستی پێدەکرێ. بایەزیدی لەم بارەیەوە نموونەیەکمان دەداتێ: «...بۆیە لە ناو کوردان ئەم پەندە باوە: شەڕی کۆیکان لە سەر دیلانن، واتە شەڕی پیاوان لە سەر ژنانن!»[14]

سەجاددی ـ یش بە هەمان شێوە باسی شوێنی ژن لە ناو کۆمەڵی خێڵەکی یان شوانکارە دیاری دەکات و دەڵێت: «کوردەکان... لەم سەرکەوتنەدا با بەتەواویش سەرنەکەون توخنی ژن و منداڵ ناکەون، هەر ئەوەندەیە تاڵانی ماڵەکانیان ئەکەن و هیچی تر...»[15]

هەروەکو لە سەرەوە گوتمان، لەم ڕوانینانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ژن لە ناو کولتووری شوانکارەدا، بێگومان بۆ ←

نیشتەجێیەکانیش هەمان شت راستە، قەوارە یان شوێن یان ڕۆڵێکی هەیە لەسەر دوو کۆڵەکەی دژ بەیەک دامەزراون، ئەم دوو کۆڵەکەش بریتین لە پیرۆزی و پیسی. ئەمەش بۆ خۆی ناوەرۆکی هەموو تابوویەکە. فرۆید دەڵێ:«... تابوو لەسەر بنچینەیەکی ئیزدیواجی عاتیفی (Ambivalence Affective) لە دایکبووە، بەرهەمی ناکۆکییەکە لە نێوان ئازارێکی ئاگایی و تێربوونێکی ناناگایی، هەر یەکەشیان لە لایەن خۆیانەوە بە تەنیا دەبنە هۆی مەرگ.»[16]

کەواتە ژن کە لە کۆمەڵی شوانکارەیی کورد بەو شێوەی بایەزیدی و سەجاددی باسی دەکەن، ڕێزی لێ دەگیرێ و دەست بۆ شەرەفی نابەن، زیاتر وەک شتێکی پیرۆز سەیری دەکرێ بۆیە تابوو و قەدەغەیە، ئەو کاتەی ئەو ژنە زینا دەکات یان کاری خراپ دەکات کە لە کولتووری شوانکارەی باوکسالاری مەبەست لە سێکسە، ژنەکە دەکوژرێ چونکە تابووەکە لایەنی پیرۆزی خۆی ون دەکات و لایەنێ پیسی خۆی دەردەخات، لێرەش تابووەکە بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئەو کەسە تووشی مەرگی راستەقینە دەبێتەوە. لەم پێوەندییەش، هەڵبەت بە هۆی ئەم ئیزدیواجیە عاتیفییە دەکەوێنە بەرانبەر حاڵەتێکی عوسابی پڕ. بێگومان پێوەندییەکەی نێوان ژن و پیاوی شوانکارە ئەوەمان پێدەڵێ، با ئەم ژنەش لە چاو ژنی نیشەجێ ئۆتۆنۆمییەکی ژیاریشی هەبێت و لە نێوان هەردوو کولتووریش جیاواز بێت.

ئەم ڕێزگرتنەی ژنی کورد لە کۆمەڵی خێڵەکی و شوانکارە کە وەک تابوویەک خۆی نیشان دەدات، ڕەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمە کە تۆتەمیزم لە ناو کۆمەڵی کورد شوێنی ئایینی ئەمڕۆی هەبووە. ئەمەش وەک کۆمەڵێک پرەنسیپی ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی خۆیان پیشانداوە. لەم رووە فرۆید دەڵێ: «گەلێک داپونەریت کە لە کۆمەڵانی کۆن و نوێ هەستی پێدەکرێ و ماونەتەوە دەبێ وەک پاشماوەی سەردەمی تۆتەمیزم وەربگیرێن.»[17]

جا ئەم حاڵەتە عوسابییەش کە لەسەرەوە باسمان کرد، وەک نەخۆشییەک هەستی پێناکرێ بەڵکوو وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نێگەتیڤ یان وەک کۆدیکی سایکۆسۆسیۆلۆژی دەبینرێ. ئەمەش خەیاڵمان بۆ ئەو ناهاوسەنگییە دەباتەوە کە لە نێوان ژن و پیاوی سەر بەم دوو کولتوورە هەیە. لێرە پەنا دەبەینەوە بەر پێناسەکەی فرۆید بۆ ئەم حاڵەتە عوسابیە کە یارمەتیمان دەدات ئەم خاڵەی پێ روون بکەینەوە:

«بەم چەشنە زاڵبوونی ئارەزووە سێکسییەکان بە سەر ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکان کارێکتەری مرۆڤی عوسابی پێکدەهێنن، بەڵام ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکانیش خۆیان لە تێکەڵاوێک لە هەندێ توخمی وەک ئەنات و ئیرۆتیزم لە دایک بوون.»[18]

کەواتە مرۆڤی خێڵەکی یان شوانکارە (هەڵبەت بۆ نیشتەجێیەکانیش هەمان شت راستە) بەو شێوە ژیانەی هەیەتی، کە دەمارێکی باوکسالاری ژیانی روحی و فیزیکی بەڕێوە دەبات، لە روانگەی بۆ ژن، بە زەحمەت دەتوانێ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی سێکس لە ڕۆڵی سێکس وەکو سێکس جیا بکاتەوە، ئەمەش بۆ خۆی ناوەرۆکی گشت نەخۆشییەکی عوسابییە. ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموو شتە قەدەغە و تابووەکان بە بەرگێکی پیرۆز خۆیان داپۆشیوە، کە رووبەروو بوونەوەش لە شێوەی توند و تیژی خۆی دەخاتە نێوان پێوەندییە ناهاوسەنگەکە، واتە نێوان ژن و پیاوی شوانکارە و نیشەجێ، حاڵەتە عوسابیەکە دەگاتە لووتکە، واتە لایەنە پیسەکەی تری تابووەکە، شتە ڕێزلێنەگیراوەکە خۆی پیشان دەدات، ئەمەش واتە مەرگی ژن و پیاوەکە.

* وشەی ستروکتور نزیکەی دە پانزە ساڵێکە هاتۆتە ناو ڕۆشنبیریی کوردی و نووسەرانی کورد بە زۆر مانا و تا رادەیەکیش بە هەڵە بەکاری دەهێنن، لە کاتێکدا مانای تەواوی دەکاتە ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی (بۆغوونە وەک ئۆرگانیزاسیۆنی خێزان، خێڵ، یان هەر دام و دەزگایەکی دیکە کە هەرەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیاری هەبێت، وەک زانستگا یان پارتە سیاسییەکان). ئەم دەستەواژەیە لە سەرەتاکانی گەشە کردنی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە بە کاردێت و ئەمڕۆش دەیان نووسەر و فەیلەسوف و کۆمەڵناس بە کاری دەهێنن. بەڵام ستروکتور لە سۆسیۆلۆژی هاوچەرخ بە پلەی یەکەم لە لایەن کۆمەڵناس و فەیلەسوفی فەرەنسی (کلود لیڤی ستروس) بە کاردێت و هەر ئەویش پەنجا ساڵێک بەر لە ئێستا هێناویەتە ناو لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی.

بێگومان ستروس میتۆدێکی قووڵ و وردی هەیە لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. دواتر ئەم میتۆدە بە درێژایی ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاکان گەشەی کرد و هەر لە سەر دەستی ئەو بوو بە ڕێبازێکی فەلسەفی سەربەخۆ کە بە ستروکتورالیزم ناسراوە و پاشان کۆمەڵێک نووسەر و فەیلەسوفی دیکەی فەرەنسی خۆیان لە ناو هەمان ڕێباز دۆزییەوە وەک: میشیل فوکۆ، ڕۆڵان بارت، لوی ئالتوسێر... هتد، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین ئەم نووسەر و فەیلەسوفانەش بەردەوام ئینکاری ئەوەیان کردووە لە خانەی ستروکتورالیزم دابنرێن و ئەم شتانەیان بە قالب و کلیشەی بێ مانا زانیوە و تەنیاش وەک میتۆد سوودیان لە ستروکتورالیزم وەرگرتووە. بۆ زانینی زۆرتر بڕوانە:

GUY ROCHER, L'Organisation Sociale. éd. Paris, 1968. HMH. Ltée.

سەرچاوە و پەراوێز:

١ـ ناوی بنچینەیی کتێبەکەی مەلا مەحمودی بایەزیدی یە. بە داخەوە لەبەر ئەوەی ئەسڵەکەمان دەست نەکەوت ناچار پەنامان بردە بەر وەرگێڕانەکەی د. شوکریەرەسوڵ، کە بە ڕای من وەرگێڕانێکی تا بڵێی خراپە. دەبوایە نووسەر نوسخە کرمانجییەکە وەکوو خۆی، دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی زۆر و فەرهەنگ بۆ دانان چاپی بکردایەتەوە.

٢ـ مەلا مەحمودی بایەزیدی، *داب و نەریتی کوردەکان*، وەرگێڕانی لە رووسییەوە د. شوکریە رەسول. دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا. لا. ٧٤.

٣ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٧٥.

٤ـ عەلائەددین سەجاددی. کوردەواری. چاپخانەی مەعاریف. بەغدا. ١٩٧٤. لا. ١٥١.

٥ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٧٥.

٦ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٧٦.

٧ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا ٧٦.

8. Elisabeth Badinter. L'un est l'autre. Des relations entre Hommes et femmes. éd. Odile Jacob. Paris.1986. p. 111.

9. Ibid. p. 112.

١٠ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ١١٣ـ١١٤.

١١ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٣٥.

١٢ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٣١.

١٣ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٢٥.

١٤ـ بایەزیدی، هەمان سەرچاوە، لا. ٢٥.

١٥ـ سەجاددی. سەرچاوەی پیشوو. لا. ١٤٤.

16. Sigmmund Freud. Totem et Tabou. Interprétation par la psychanalyse de la vie sociale des peuples primitifs. traduit de l'allemand par Serge Jankélévitch. Petite Bibliothèque Payot. Paris. 1923. 1965. p. 98.

17. Ibid. p. 154.

18. Ibid. op. cité. p. 114.

رامان سێلدن
پیتر ویدۆسۆن
پیتر بروکر

تیۆریگەلی فێمینیستی

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: هاشم ئەحمەدزادە

ئەم وتارە بەشێکی هەڵبژاردەیە لە کتێبی ،ڕێنوێنی تیۆری ئەدەبیی هاوچەرخ، کە لەلایەن سێ مامۆستای ئەدەبیاتەوە نووسراوە. یەک لەوان بە ناوی رامان سێلدن لە پێشدا خۆی ئەم کتێبەی نووسی و لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاوی کردەوە، بەڵام بە دوای مەرگی ئەودا، پیتر ویدۆسۆن و پیتر بروکر، دوای پێداچوونەوە و زیادکردنی چەند بابەتی نوێ، ئەم کتێبەیان سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٩٧ بەچاپ گەیاندەوە. ئەم کتێبە کە لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە خراوەتەبەر باس و لێکۆڵینەوە، بە یەکێک لە باشترین سەرچاوە بەپێز وهەمەلاینەکانی قوتابخانەی ڕەخنەگریی ئەدەبی دەژمێردرێ. ئەم وتارەی بەردەستتان وەرگێڕدراوی بەشی شەشەمی کتێبەکەیە و پێویستە بگوترێ کە بە هۆی درێژبوونی وتارەکە، تەنیا چەند بەشی گرینگ و بەکەڵک هەڵبژێردرا کەوا لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە.

نووسەر و خوێنەرەوەی ژن هەمیشە ناچاربوون بەپێچەوانەی مەسیری ناومەلە بکەن. ئەرمستو کاتی خۆی دەیگوت کە «مێیینە بەهۆی بێبەری بوون لە هێندێک تایبەتمەندیی بەرچاو، مێیینەیە». **توماس ئاکیناس**(ی پاک) لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە ژن «پیاوێکی ناتەواو»ە. کاتێک جان دان "*هەوا و فریشتەکان*"ی نووسی، ئاماژەی بە تیۆریی ئاکینیاس کرد(بەڵام بەرپەرچی ئەم تیۆرییەی نەداوە) بەو مانایە کە «فۆرم نێرینەیە و ناوەرۆک یان مادده مێیینە». زەینی خودایی وبالادەستی نێرینە فۆرمی خۆی بە سەر مادەی شلک و بێجوولەی مێیینەدا دەسەپێنێ. لە زەمانی بەر لە مەندێل، پیاوان تۆوی خۆیان وەک شتێکی بەکار چاو لێدەکرد کە هەوێتیدەدات بە تۆوی چاوەڕێ و بێهەوێتی ژن. لە *ئورستێیا*، *تریلۆژیی ئاشیلۆس* دا، ئاتنا سەرکەوتوویی بۆ جنسی نێرینە دادەنێ. ئاپۆلۆن باسی ئەوەی دەکرد کە ژن دایکی منالی خۆی نییە. سەرکەوتنی پەرەنسیپی عەقڵی نێرینە کۆتایی بە دەورانی حوکمی «ئیلاهەکانی سەرەمار» (Furies)ی شەهوەتپەرست دێنێ و دەسەڵاتی باوکسالاریی بە سەر مێوەجاخی(دایکسالاری)دا ڕادەگەیەنێ. فێمینیسم لە ماوەی مێژووی دوورودرێژی خۆی (ئەگەرچی وشەی فێمینیسم لەوانەیە تەنیا لە نەوەدەکانی سەدەی ١٩وە هاتبێتە ناو زمانی ئینگلیسییەوە، بەڵام خەباتی ژنان لەدژی باوکسالاری بۆ زۆر پێشتر دەگەڕێتەوە) هەوڵی داوە کە بنەماکانی کولتووری ئەم باوەڕە خۆپەرستانە بگۆڕێ و دامەزرێنەری باوەڕ بە یەکسانیی جنسی نێر ومێ بێ وهەروەها دەسەڵاتی جنسی لە کۆمەڵگادا بنەبڕ بکات. بۆنموونە ماری ئیلمان لە کتێبی **بیرکردنەوە لە ژن** (١٩٦٨) دا باوەڕی باو لە سەر پێوەندی تۆوی ژن و پیاو، بنەماشکێنی دەکات ودەڵێت کە ئێمە باشتر وایە پێمان وابێ کە تۆوی ژن سەربەخۆ، نەترس و تاکخوازە(نەک بێتلایەن) و ماکەی پیاویش شتێکە خۆی دەسازێنێ و لە چەشنی مەڕە (نەک پڕ هەست). ڕەخنەگریی فێمینیستی لە بەرنامە جۆراوجۆرە کانی خۆیدا، هەروەها هەوڵی ئەوەی داوە کە خۆی لە چنگ واتەکانی سروشتیکراوی باوکسالارانەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی ڕزگاربکات. لەم پێوەندییەدا وا باشترە فێمینیسم و ڕەخنەگریی فێمینیستی بە سیاسەتی کولتووری نێودێربکرێ تا بە «تیۆری» و تیۆریگەل».

لە ڕاستیدا هێندێک لە فێمینیستەکان پێیان خۆش نییە لایەنگریی لە هیچ تیۆرییەک بکەن. هۆی ئەم هەڵوێستە ئەوەیە کە لە ئەنستیتووگەلی ئاکادێمیدا، تیۆری بەلانی زۆرییەوە نێرینانەیە و بە دەسەڵاتی پیاوەوە گرێدراوە و بۆ فێمینیستەکان لە قاودانی ئۆبژەبوونی هەڵخەڵەتێنەری «زانستی»ی نێرینە، بۆنموونە تیۆری فرۆید لە سەر گەشەکردنی هەستی جنسی مێیینە، کارێکی تێکەڵاو و بەژان بووە.

سەرەڕای ئەم هەڵوێستە، ڕەخنەگریی فێمینیستیی ئەم دواییانە ـ بە هیوای دەربازبوون لە لایەنەکانی (سابیت و بێ ئەملاوئەولایی) تیۆری و بۆ پەرەپێدانی ئاخافتن(discourse)ی مێیینە کە نەتوانرێ لەباری فکرییەوە بە نەریتێکی ناسراو(کە لەوانەیە دەستکردی نێرینە بێ) ببەسترێتەوە، لە فکری پۆستمۆدێرنیستی و دوابنەماشکێنیدا خۆراکی تیۆریکی دۆزیوەتەوە و هۆیەکەشی ئەمەیە کە ئەم تیۆرییانە لە ڕاستیدا ناوەرۆکی دەسەڵات و ڕاستبوونی نێرینە بەرپەرچ دەدەنەوە. تیۆرییەکانی دەروونشێکاری لە لایەن ڕەخنەگرانی فێمینیستییەوە بەتایبەتی بەکارهێنراون.

مرۆڤ دەتوانێ ڕەخنەگریی فێمینیستی بە سەر سێ قۆناغدا دابەش بکات. قۆناغ یان شەپۆلی یەکەم کە دەگەڕێتەوە ساڵانی بەر لە شەستەکان و دەورەی تیۆرییەکانی فێمینیستە سپییەکانی ئورووپا و باکووری ئامریکا. شەپۆلی دووهەم کە پێکهاتەیەکە لە دەستکەوتەبەرچاوەکانی تیۆریگەلی دوای شەستەکان. شەپۆلی سێهەم ئەم تیۆرییانە دەگرێتەوە کە بە «پۆستمۆدێرن» ناسراون و بە گشتی

بنەمای ناسنامەی جنسی، ئیتنیکی و نەتەوەیی دەشکێنن.

شەپۆلی یەکەمی ڕەخنەگریی فێمینیستی: وڵف و دوبوڤوار

فێمییسم هەڵبەت بەشێوەیەکی گشتی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە کە وەک هێزێکی مادی لانیکەم لە بریتانیا و ئامریکا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە گەشەکردندا بووە. بزووتنەوەکانی مافی ژن و مافی دەنگدان بۆ ژن کۆڵەکە و بناغەی سەرەکیی وەرێکەوتنی ئەم قۆناغەیان شەپۆلی بوونە. ئەم بزووتنەوانە لە پلەی یەکەمدا پێیان لە سەر ڕیفۆرمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەگرت و ئەم داواکارییانەش بەچەشنێک تاڕادەیەک لە دژایەتی دان لەگەڵ فێمینیسمی «نوێ»ی شەستەکان کە باسی جیاوازیی ژن دەکات و لە سەر هێندێک تایبەتمەندیی ژنانە پێدادەگرێ. لە نێو کەسایەتییەکانی شەپۆلی یەکەمی تیۆرییەکانی فێمینستیدا مرۆڤ دەتوانێ ناوی دوو نووسەری هەرە بەرچاوی ژن ببات. **ڤیرجینیا وڵف** کە بە قسەی **ماری ئیگلتن** «دایک ودامەزرێنەری باسی هاوچەرخ»ە و «ڕاگەیەنەری زۆرێک لەو بابەتانەیە کە پاشان ڕەخنەگرانی فێمینیست خستوییانە بەر باسی قووڵ و ئەو بۆخۆشی بوودتە زەمینەی بەربەرەکانی زۆر ڕاوبۆچوون و، **سیمۆن دوبوڤوار** کە بە گوێرەی قسەی **ماگی هوم** شەپۆلی یەکەم دەکرێ بگوترێ بە کتێبی **جنسی دووهەم**(١٩٦٩) نووسراوی دوبوڤوار کۆتایی دێت.

ناوبانگی ڤیرجینیا وڵف بەلای هەموو لایەنێک دەچێتەوە سەر نووسراوەکانی داهێنەرانەی ئەو وەک نووسەرێکی ژن . ڕەخنەگرانی فێمینیستی ڕۆمانەکانی وڵفیان لە ڕوانگەی زۆر جیاوازەوە لێکداوەتەوە. لە هەمانکاتدا وڵف دوو دەقی سەرەکی نووسیوە کە پاڵپشتێکی گرینگن بۆ تیۆری فێمینیستی: **دیوێکی خۆیی** (١٩٢٩) و **سێ گینی**(١٩٣٨)*.

وەک فێمینیستەکانی شەپۆلی یەکەم، وڵف خۆی بە بێبەشیی ژنان لە باری مادییەوە خەریک دەکات لە بەراورد لەگەڵ پیاواندا. دەقی یەکەمی ئەو باسی مێژوو و بەستێن و ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی بەرهەمگەلی ژنان دەکا ودەقی دووهەمیانی باسی دەسەڵاتی نێرینە و کار (قانوون، بارهێنان، پزیشکی و...) دەکات. ئەگەرچی وڵف بۆخۆی لە **سێ گینی** دا حاشا لە «فێمینیست»بوون دەکات، بەڵام لە هەردووکیاندا داکۆکی لە پرۆژەگەلی فێمینیستی دەکات. ئە داوای ریفۆرم لە قانوونی تەڵاق و یارمەتیی تایبەتی بۆ دایکان دەکات و پێشنیاردەکا زانکۆی ژنان بکرێتەوە و ڕۆژنامەی تایبەتی ژنان دەرچێ. وڵف لە **دیوێکی خۆیی** دا دەڵێت کە نووسراوەی ژنان دەبێ سەربەخۆیانە لە ئەزموونی ژنان بکۆڵێتەوە نەک لە پێوەندی لەگەڵ پیاواندا. هەربۆیەش، ئەم دەقە دەربڕی دەستپێشخەرانەی باوەڕی هەبوونی نەریتێکی جیاواز و بەرچاوی نووسراوی ژنانە. یارمەتی گشتی وڵف بە فێمینیسم ئەوەیە کە ئەو دێتە سەر ئەم باوەڕە کە هەوێتی ژێندر(gender) بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی سازکراوە و دەکرێ بخرێتە ژێر پرسیار و گۆڕانی بەسەردابێت و، لە پێوەندی لەگەڵ ڕەخنەی فێمینیستیدا ئەو بەردەوام خەریکی پێداچوونەوەی ئەو گیر وگرفتانە بوو کە لە بەردەم نووسەری ژن دا هەن. ئەو پێی وابوو کە ژنان هەمیشە لە بەدیهێنانی ئامانجە بەرزە ئەدەبییەکانی خۆیاندا تووشی کۆسپی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوون. وڵف ئاگاداری کەمایەسییەکانی خۆی لە باری فێربوون و بارهێنانەوە بوو. ئەو بەپێچەوانەی براکانی، فێری زمانی یۆنانی نەبووبوو. **تۆریل مۆی** بە کەڵک وەرگرتن لە باوەڕەکانی **ژولیا کریستیڤا** لەمەڕ نووسینی **پێشڕەو** باسی ئەوە دەکات کە وڵف هۆگر و خولیای «هاوسەنگی»یەک لە نێوان تیپەکانی نێر و مێ دا نییە، بەڵکوو ئەو حەز دەکا بە تەواوی هەوێتی جێگرتوو لە سەر بناغەی ژێندر هەڵتەکێنێ و بەهەڵاواردنی باوەڕە جێگرتووە جۆراوجۆرەکانی لە داستانە مۆدێرنەکانی خۆیدا، پەردە لە سەر واتەگەلی کاکڵگرانەی ژێندر لابدات. یەک لە بابەتە هەرە گرینگەکانی وڵف لە بارەی نووسەرانی ژندا، «کار بۆ ژنان»ە. ئەو لەم نووسراوەیدا باس لە دوو کۆسپی سەر ڕێگای خۆی دەکات بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی خۆی. یەکەم، ئەو بە هۆی ئایدیۆلۆژیگەلی لەمەڕ ژنایەتییەوە تووشی کۆسپ و تەگەرە دەهات. دووهەم، تابۆی درکاندنی هەستی مێیینە دەبووە هۆی پێشگرتنی لە «گوتنی ڕاستەقینە دەربارەی ئەزموونەکانی خۆی وەک لەشێک». وڵف پێی وابوو ئەوەیکە نووسینی ژنان لە هی پیاوان جیاوازە لەبەر ئەوە نییە کە ژنان لە باری دەروونناسییەوە جیاوازییان لەگەڵ پیاو هەیە، بەڵکوو لەبەرئەوەیە کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو جیاوازە. وڵف پێیوابوو کاتێک ژنان یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتییان لەگەڵ پیاوان وەدەستهێنا، ئیتر هیچ هۆکارێک نابێتە پێشگری ئەوان بۆ گەشەپێدانی سەربەستانەی توانایی هونەریی خۆیان. **سیمۆن دوبوڤوار** فێمینیستی فەرانسەیی، هاوسەری هەتاسەری **ژان پۆل سارتر**، لایەنگری **ئابۆرت**، خەباتگێڕی چالاکی مافی ژن، دامەزرێنەری ڕۆژنامەی چیرۆکیی فێمینیستی و گۆڤاری تیۆریی فێمینیستی بە ناوی **پرسیارگەلی فێمینیستی**، دیاریکەری سەردەمی کۆتایی هاتنی شەپۆلی یەکەم ودەستپێکرانی سەرەتای شەپۆلی دووهەمە. کتێبی لەڕادەبەدەر کاریگەری جنسی دووهەم (١٩٦٩) بە ڕوونی ڕەنگدەرەوەی لایەنی «مادی»ی شەپۆلی یەکەمە و لە هەمانکاتیشدا بە هۆی سەلماندنی جیاوازییە بەربڵاوەکانی نێوان بەرژەوەندی وقازانجی جنسیی ژن و پیاو و هێرشکردنە سەر زوڵم وزۆریی بیۆلۆژیکی و دەروونناسی و هەروەها ئابووریی پیاوان لە دژی ژنان، سەرەتایەکە بۆ شەپۆلی دووهەم. ئەم کتێبە پرسیارە سەرەکییەکانی فێمینیستیی مۆدێرن بە ڕوونی دەستنیشان دەکات. کاتێک ژنێک دەیهەوێ خۆی بناسێنێ بەمەوەدەست پێدەکات کە «ئەمن ژنم». هیچ پیاوێک ئەمکارە ناکات. ئەم ڕاستییە لێک دووربوونی بنەڕەتی «مێیینە» و «نێرینە» ئاشکرا دەکات. لە پێناسەکردنی مرۆڤدا لە وشەی «پیاو» کەڵک وەردەگیرێ نەک «ژن». ئەو لاسەنگییە دەگەڕێتەوە سەر تەوڕات. ژنان بە هۆی پەڕش وبڵاوییان لە نێو پیاواندا نە مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە و نە هاوپێوەندیی سروشتی. ژنان بەپێچەوانەی گرووپگەلی تری زوڵملێکراو لە یەکتریش کۆنەبوونەتەوە. ژن لە پێوەندییەکی لاسەنگ بە پیاوەوە گرێدراوە. پیاو لە ئەساسدا هەمان «یەکێک»ە و ژن «ئەوەی تر». دەسەڵات و حوکمی پیاو فەزایەکی ئایدیۆلۆژیکی وەهای بەدیهێناوە کە تێیدا هێمنایەتی بۆ گوێڕایەڵیی ژن مسۆگەر کراوە. «دانەرانی قانوون، قەشەکان، فەیلەسوفەکان، نووسەران وزانایان پێیانوایە پلە و پایەی ژێرچەپۆکەبوونی ژن لە ئاسمانێ ڕا داندراوەو ئەمە لەسەر زەویدا شتێکی بەکەڵکە و هەروەک وڵف پێی وایە کە ژنان بۆخۆیان لە سەقامگیرکردنی ئەو بۆچوونانەدا و بەحیسابهاتنیان وەک «ئەوەی تر» ڕۆڵێکی تایبەتییان

* گینی: سکەی زێڕی بریتانیایی یان پێوانەی پارە لە ڕابردوودا بووە بە بایەخی یەک پاوند و پێنج پێنس ــ وەرگێڕ.

هەیە.

دوبوڤوار لە بەرهەمەکانی خۆیدا بە وردی لە نێوان جنس و ژێندر جیاوازی دادەنێ وپێوەندییەکی دوولایانە لە نێوان کارکردنی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا دەبینێ: "مرۆڤ بە ژنی لەدایک نابێ، بەڵکوو چاکتر وایە بڵێین دەبێتە ژن!... ئەوە ژیار وشارستانییەتە کە وەک شتێکی گشتی ئەم دیاردەیە بەرهەم دێنێ... تەنیا دەستێوەردانی کەسێکی تر دەتوانێ تاکە کەس بکات بە ئەوی تر. ئەوە سیستمەکانی لێکدانەوەن کە لە پێوەندی لەگەڵ ژیناسی، دەروونناسی، بەرهەمهێنانەوە، زانستی ئابووری،... ناساندنی(نێرینانە)ی «کەسێکی تر» گەڵاڵەدەکەن. بەگشتی، دوبوڤوار هاودەنگ لەگەڵ فێمینیستەکانی تری «شەپۆلی یەکەم»، خوازەری ڕزگاری لە جیاوازییەکانی ژیناسانەیە و لەمەڕ بێباوەڕی بە «مێیینەیی» لەگەڵیاندا هاوفکرە ـ هەربۆیەش ئەو لە نێوان خۆی و هێندێک لە فێمینیستەکانی هاوچەرخ کە لە جیاوازیی لەشی ژن و پیاو وەسەما دەکەون و کەیفیان پێ سازدەبێ، هێڵێک دەکێشێت.

شەپۆلی دووهەمی ڕەخنەگریی فێمینیستی

شێوەیەکی وەلەو ساویلکانەی، دیاریکردنی سەرەتای «شەپۆلی دووهەم» دەگەڕێتەوە زەمانی بڵاوبوونەوەی کتێبی **بێتی فریدان** بە نێوی ڕەمزی مێیینە لە ساڵی ١٩٦٣دا. فریدان لەم کتێبەدا بۆیەکەمجار و بە تێروتەسەلی فێمینیسم لە حەساری خەیاڵاتی ژنانی سپی، هێترۆسیکسواڵ و چینی ناونجیی ئامریکایی کە بێ پلەوپایەی کۆمەڵایەتیین و لە ئەرک وکاری ماڵدا گیریان خواردووە ڕزگاردەکات و دەیکاتە ڕۆژەڤی ئەتەوەیی. ئەو، هەروەها ڕێکخراوی NOW واتە ڕێکخراوی ئەتەوەیی ژنان لە ساڵی ١٩٦٦دا دادەمەزرێنێ. شەپۆلی دووهەمی فێمینیسم و ڕەخنەگریی فێمینیستی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بەرهەمی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نیوە و کۆتایی شەستەکانن. شەپۆلی دووهەم لە ژێر کارتێکەریی ئەم بزووتنەوانەدا بووە و فێمینیستەکانی شەپۆلی دووهەم بۆخۆیان یارمەتیدەری ئەم بزووتنەوانە بوون. ئەگەرچی فێمینیسمی شەپۆلی دووهەم درێژە بەخەباتی شەپۆلی یەکەم دەدات و بۆ مافی ژن لە هەموو بوارێکدا تێدەکۆشێ، بەڵام ئەوەی پتر پێی لە سەر دادەگیرێ سیاسەتی بەرهەمهێنانە، «ئەزموون»ی ژنان لەمەڕ «جیاوازی» و جنسییەت»ە.

لە زۆربەی باسگەلی پێوەندیدار بە جیاوازیی جنسی پێنج ڕوانگەی سەرەکی دە ئارادان: ژیناسی، ئەزموون، ئاخافتن (discourse)، بەشی ناخۆئاگا(unconscious) و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وئابووری. ئەو باسانەی کە جەخت لە سەر ژیناسی دەکەن و لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوون چاودەپۆشن، پتر لەلایەن پیاوانەوە دەکارکراون و مەبەستیان ئەوەیە کە ژنان لە «شوێنی» خۆیان ڕاگیرێن. ئەو قسەکۆنەی لاتینی "tota mulier in utero" واتا «ژن شتێک نییە جگە لە زێدان» ئەم ڕوانگەیەی لە کۆنەوە سەقامگیر کردووە. ئەگەر ئەوە لەشی ژنە کە چارەنووسی وی دیاری دەکات، ئیتر هەموو ئەو تێکۆشینانەی ڕۆڵ ونۆرەی جنسی دابەشکراو دەبەنە ژێرپرسیار، لە بەرانبەر ئەزمی سروشتدا دەبنەوە هیچ. لەلایەکی ترەوە هێندێک لە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان لە جیاوازی و تایبەتمەندیی ژیناسییانەی خۆیان وەک سەرچاوەی هێز و سەروەری یاددەکەن نەک وەک هۆی نزم بوون و بەکەمزانین. هێندێک لە فێمینیستەکان قسە لە «ئەزموون»ی تایبەتی ژن بوون وەک سەرچاوەیەکی پۆزیتیڤ و پرپایەخ دەکەن لە ژیان و لە هونەردا. ئەوان هەروەها دەڵێن، لە بەر ئەوەیکە ئەمە تەنیا ژنە کە خاوەنی ئەزموونەکانی تایبەتیی ژنانەیە (تۆوی مێیینە، بێ نوێژ/ڕێگل بوون، زان)، تەنیا ژن بۆخۆی دەتوانێ لە سەر ژیانی ژنان بدوێ. هەروەها ئەزموونی ژنێک تێگەیشتن و هەستێکی جیاوازی لە ژیان تێدایە؛ ژنان شتان وەک پیاوان نابینن و بیروڕای ئەوان لە سەر ئەوەی کە چ گرینگە و چ گرینگ نییە لە هی پیاوان جیاوازە. نموونەیەکی بەرچاو لەم ڕوانگەیە کتێبی **ئێلاین شۆڤالتەر** کە بە وردی باسی جیاوازییەکانی ئەدەبی دەکات کە لە نووسراوەی ژناندا دەبیندرێ. ڕوانگەی سێیەم واتا ئاخافتن(discourse)، تا ڕادەیکی زۆر سەرنجی فێمینیستەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. کتێبی **زمانی دەستکردی پیاو**(١٩٨٠)ی **دەیل سپێنەر** هەر ئەوجۆرەی لە نێوەکەیرا دیارە، باسی ئەوە دەکات کە دەسەلاتی نێرینە بە سەرزماندا بووەتە هۆی ئەوە کە ژنان بە شێوەیەکی بنەڕەتی زوڵمیان لێبکرێ. ئەگەر ئێمە ئەو باسەی **فوکۆ** بە ڕاست بزانین کە «ڕاستەقینە»پێوەندی بەو کەسەوە هەیە کە کۆنترۆڵی ئاخافتنی (discourse) بە دەستەوەیە، ئاشکرایە دەبێ بێینە سەر ئەم باوەڕە کە حوکمی پیاوان بە سەر ئاخافتندا بووتە هۆی ئەسیر بوونی ژنان بە دەست ڕاستییەکی «نێرینە»ەوە. لە سەر بناغەی ئەم ڕوانگەیە نووسەرانی ژن بەم ئاکامە دەگەن کە لە جیاتی خوڵقاندنی ئاخافتنی جیاواز و تایبەتی مێیینە دەبێ ئەوان دژی دەسەلاتی پیاوان بە سەر زماندا خەبات بکەن. **روبین لاکۆف** کۆمەڵناسی زمان ، کە بۆخۆی ژنە ڕوانگەیەکی پێچەوانەی ئەمەی هەیە و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە زمانی ژنان بەکردەوە لە هی پیاوان نزمترە، چونکە زمانی ژنان نیشانەی «لاوازی» و «سورنەبوون»ی تێدایە و لە سەر شتی «ناگرینگ»، سووک و ناجیددی پێدادەگرێ و هەستی شەخسی زۆر تێدا بەرچاوەو بە بڕوای وی ئاخافتنی پیاوان «بەهێزتر»ە و ئەگەر ژنان بیانەوێ یەکانیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان وەدەستبهێنن، دەبێ زمانی ئەوان بەکاربێنن. زۆربەی فێمینیستەکان پێیانوایە ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژییە پیاوسالارانەکە دێەنی پیاوان بەهێز نیشان دەدەن و هی ژنان بە لاواز، بوونەتە هۆی شوشتنەوەی مێشکی ژنان. بۆچوونە دەروونشێکارانەکانی **لاکان** و **کریستێڤا** چوارەم ڕوانگەی فێمینیستی واتا ڕوانگەی ناخۆئاگا پێکدێنن. هێندێک لە فێمینیستەکان بە گرێدانی «مێیینە» لەو پرۆسانەی کە دەسەلاتی ئاخافتنی «نێرینە» کەم دەکەنەوە، بەتەواوی وازیان لە ڕوانگەی ژیناسانە هێناوە. هەر شتێک کە دەبێتە هۆی یاریی ئازادانەی مانا و پەرەپێدانی ئەم پرۆسەیە و پێشگیری لە «قەپات»بوونی ئەم دەکات بە «مێیینە» دەژمێردرێ. جنسێتی مێیینە شتێکە شۆڕشگێڕانە. ڕووخێنەر، بەربڵاو و «ئاوەڵە». ئەم ڕێبازە لە پێناسەکردنی جنسێتی مێیینە خۆدەپارێزێ. ئەگەر پرەنسیپێکی مێیینە دەئارادا هەیە، دەبێ ئەم پرەنسیپە دوور بێ لە ئەوەیکە مێیینە بە دەست نێرینە پێناسە بکرێ. ڤیرجینیا وڵف یەکەم ڕەخنەگری ژن بوو کە لە لێکدانەوەی نووسراوی ژناندا لایەنی کۆمەڵناسانەی هێنایە ئاراوە. لەوکاتەوە، بەتایبەتی فێمینیستە مارکسیستەکان هەوڵیان داوە گۆڕانی پارسەنگی دەسەلات لە نێوان ژن وپیاو بە گۆڕانی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ببەستنەوە. فێمینیستە مارکسیستەکان لەم بارەوە لەگەڵ لایەنگرانی تری ئەم قوتابخانە فێمینیستییە لە سەر بەرپەرچدانەوەی هەبوونی جۆرێک لە مێیییەتی جیهانی هاوڕان. شەپۆلی دووهەمی

فیمینیسم دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ڕوانگەی جیاوازەوە بە چەند ڕێبازی تر دابەشبکرێ:

- ڕەخنەگریی فیمینیستیی بریتانیایی ـ ئامریکایی
- ڕەخنەگریی فیمینیستیی فەرانسەیی

لە چوارچێوەی ئەم دابەشکردنەدا چەند ڕێبازی بەرچاو دە ئارادان:

- «کەیت میلێت» و سیاسەتی جنسی
- فیمینیسمی مارکسیستی
- ئیلاین شۆڤالتر و ڕەخنەی ژنانە
- فیمینسمی فەرانسەیی: کریستیڤا، سیسکۆ، ئیریگارای

شەپۆلی سێهەمی فیمینیسم

تیۆرییەکانی ڕەخنەگریی فیمینیستی «شەپۆلی سێهەم»یان جیهانی سێهەم دەکرێ لە ژێر ئەم سەردێڕانەی خوارەوە لێکدرێنەوە. ئەم تیۆرییانە بە گشتی لە ژێر کاریگەریی تیۆریگەلی «پۆستمۆدێرن»دان کە هەوڵ دەدەن بنەمای هەوێتی جنسی و نێتنیکی و نەتەوەیی بشکێنن:

- تیۆریگەلی دوابناخەگەریی (poststructuralism)
- تیۆریگەلی پۆستمۆدێرنیسمی
- تیۆریگەلی دواکۆلۆنیالیسمی (colonialism)
- تیۆریگەلی هاوجنسخوازیی

(هەرکام لەم تیۆرییانە خۆیان بە چەند لق دابەش دەبن کە بەداخەوە لێرەدا مەجالی شیکردنەوەیان نییە، لێرەدا تەنیا بەشێک لە ڕەخنەگریی فیمینیستی لە ژێر سەردێڕی نووسین لە ڕوانگەی ژنەوە بۆ زیاتر شارەزابوونی خوێنەرەوە لەگەڵ دەکارهێنانی تیۆریی فیمینیستیی ڕەخنە، نوسراوەی **رامان سێلدن** بڵاودەکەینەوە ـ وەرگێڕ).

ڕەخنەی فیمینیستی: نووسین لە ڕوانگەی ژنەوە

ئایا شتێک بە ناوی «زمانی ژنان» لە ئارادا هەیە؟ ئایا ژنان بە هۆی جیاوازیگەلی ژیناسی، ئەزموونی یان کولتووری، ڕەوتێکی جیاوازی نووسینیان لەگەڵ پیاواندا هەیە؟ ژنان لە باری ئەندام و لەشەوە لەگەڵ پیاوان جیاوازن، ئەوان هەروەها تایبەتمەندیی فیزیکیی جیاواز لە هی پیاوانیان هەیە (زان، بێ نوێژ/ڕێگل بوون) و لەباری غوونەگەلی ڕەفتاریشەوە ئەم جیاوازییانە لە گۆڕێدان. تۆ بڵێی ئەم جیاوازییانە ببنە هۆی وەدیهاتنی ئاخافتن (دیسکۆرس)ی جیاواز لە سەر بناغەی ژێندر؟

دەبێ بێ سێودوولێکردن بگوترێ کە دەسەڵات وحوکمی پیاوان بە سەر کولتووری ئەدەبی هەتا ئێستا لە باری مێژووییەوە بەو مانایە بووە کە زۆربەی ژنان لە ژێر کەند وکۆسپی سیستمی باوکسالاری(حوکمی پیاو)دا نووسیویانە.

ژنان لاسای شێواز و تایبەتمەندییەکانی ئەو ژانرە ئەدەبییانەیان کردووەتەوە کە لە بنەڕەتدا نێرینە بوون و بۆ شاردنەوەی جنسی خۆیان نووسراوەکانیان یان بێنێو بڵاوکردووەتەوە یان ناسناویان بۆخۆیان هەڵبژاردووە. تەنیا ئەوکاتەی جۆرێک لە ژانری ئەدەبی(ڕۆمان) وەک ئامرازێکی شیاو بۆ دەربڕینی ئەزموونی ژنان سەقامگیربوو، نووسین بۆ ژن وەک کارێکی سەرکەوتووانە مسۆگەر کرا؛ هەرچەند ئەوکاتەش ئەگەر ژنێک ویستبای ڕۆمانێکی بە «بر» و بە «هێز» بنووسێ، هێشتا دەبوایە خۆی وەک پیاو ناساندبا (**ماری ئان ئیونز**، بوو بە «جۆرج ئیلیوت» و **ئیمیلی بروئنتە**، بوو بە «ئیلیس بێل»ی دەستەوەستان).

دەستنیشانکردنی ئاکامەکانی ئەو کۆسپانەی بەردەم ژنان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بێگومان نووسەرانی ژن بە هۆی ئەم کۆسپ و تەگەرانە تووشی ئازارێکی زۆر بوون. خوێندن بۆ ژنان[خوشکان] لە بەراورد لەگەڵ براکانیاندا لە پلەی دووهەمدا بووە (ڤیرجینیا وڵف سەرەڕای زانستی سەرنجڕاکێشی خۆی، لە بەر ئەوەیکە لە خوێندنی ڕەسمی بێبەری کرابوو هەستی بە زۆلملێکراوی دەکرد). نوسراوەکانی ژنان زۆرجار وەک بەرهەمی کەم و بێپێز وەلادەندران. تەنیا ڕێگایەک بۆ ئەوەی وەک نووسەری ژن لە ئارادابی ئەوەیە کە مل بۆ بایەخەکانی ئەدەبی داسەپاو لەلایەن پیاوانەوە کەج بکەی و بەرژەوەندییەکانی خۆت وەک ژن بخەیە ژێرپێ.

بە بڕوای من ئەوەی تا ئێرە باسم کردووە وا دەردەخات کە ئەگەر ئازادی و هەل بدرێ بە ژنان، ئەوان بە شێوەیەکی جیاواز لە پیاوان دەنووسن. گوتنی ئەم شتە لە سەلماندنی هاسانترە. تێگەیشتنی ئەوەیکە ڕوانگە و نێوەڕۆکی نووسراوەی ژنان لەگەڵ هی پیاوان جیاوازە کارێکی دژوار نییە. بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین کە دەکارهێنانی ستروکتورە گەورەتر وگشتییەکان (زەمینەی چیرۆک، شێلگیری) لە لایەن ژنانەوە کەمتر «نێرینە»یە؟

نیشاندانی ئەوەیکە ئاخافتن(دیسکۆرس)ی ژنان لە هی پیاوان جیاوازە، لەوەش دژوارترە واتا هاسان نییە نیشان بدرێت کە دەستەواژە، ڕستە و پاراگرافی نووسراو مۆرکی ژێندریان پێوەبێ و بزاندرێ بە دەست پیاو نووسراون یان ژن. هاسانتر ئەوەیە کە بە پێی قەراردادەکانی جنسێتی، تایبەتمەندییەگشتییەکانی نووسراوەی ژنان وپیاوان وەسف بکەین کە لە ئەنجامدا ئەم تێگەیشتنانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەون:

نێرینە: ناسین ـ دەسەڵات، ڕوونی، چڕی، کرداری بەهێز

مێیینە: هەست، پێوەندی، گەرموگوڕیی خێزان، فۆرمی بەرتەسک، کرداری لاواز

ئەم بڕوایانە بە ئاشکرا لە کولتوورەوە سەرچاوە دەگرن و ناکرێ بڵێین بنەمایەکی ژیناسانەیان هەیە. دەکرێ زۆر غوونەی تر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە دابەشکردنە دوولایەنییە(مێیینە/نێرینە) بهێندرێتەوە. ئەم غوونانە ئەو ڕاستییە ڕوونەدەکەنەوە کە کولتووری باوکسالاری تا ڕادەیەکی زۆر لە داسەپاندنی ئیرادەی خۆی بە سەر ئەدەبییاتدا سەرکەوتوو بووە.

لەوانەیە بڵێین جۆرج ئیلیۆت تایبەتمەندییەکانی نووسەری پیاوی ڕەچاوکردووە. ئەوە ڕاستە، بەڵام ئیلیۆت لە هەمانکاتدا ڕێبازێکی نوێی بەهێزی بەنیسبەت پێداگرتن لە سەر گەرموگوڕیی ناوخێزان، هێناوەتە ناو دنیای ڕۆمانەوە. سەرەڕای ئەوەش ناومکین بوو مرۆڤ بزانێ ڕۆمانەکانی ئیلیۆت بە دەست ژنێک نووسراون. ئەوەیکە بەشێوەیەکی کوێرانە بخوازرێ جنسێتی نووسەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەستنیشان بکرێ، ئاکامی نێگەتیڤی هەبووە، چونکە نە تەنیا ژنان هێندێک جار دەتوانن وەک پیاوان بنووسن، بەڵکوو پیاوانیش دەتوانن وەک ژنان بنووسن.

ئەوەی لەم باسانە دەردەکەوێت ئەمەیە کە زمانی «نێرینە» یان «مێیینە» پێوەندییەکی بە جنسێتی نووسەرەوە نییە. ئەگەر زمان بنەمای ژێندری هەبێ، ئیتر هیچ سنوورێکی ژیناسانە لە ئارادا نابێ کە پێشگیری لە ژن یا پیاو وەک دوو جنسی جیاواز بکات بۆ بیرکردنەوە بە شێوەی ئاخافتن(دیسکۆرس)ێکی تایبەتی. ■

مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا

لێکۆڵینەوە و نووسینی: ،ژیلا، ف، و ،تەیفور،

باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن

١١

ئیمپراتوری عوسمانی

دوای کشانەوەی مەغولان و تێک چوونی دەسەڵاتێکی مەزن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەورانێکی خان خانی و هەرکەس بۆ خۆی دێتە پێشەوە کە سەرەتای پێکهاتنی دەورانی دەرەبەگایەتی بە شێوەی رۆژهەڵاتیی لە مەلبەندەکانی کوردەواری دایە. ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ کە ـ وەکوو خەسڵەتی ئەم ناوچەیە ـ کوردستان خاوەنی سمێڵ قیتی بۆ پەیدا دەبێ و لایەکی تورکەکانی عوسمانی (١٩٠٩-١٢٥٠زایینی) داگیری دەکەن و لایەکی دیکەی تورکەکانی سەفەوی (١٧٣٤-١١٤٨زایینی). دیارە وەک گوتوومانە ئەوە پێوەندییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی حاکمە کە کار دەکاتە سەر دەست و پێوەندان و چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکا. ئەوەشی لێ زیاد کەین کە دەسەڵاتی حاکمیش بۆ خۆی گیرۆدەی قۆناخی مێژوویە و گۆڕانکارییەکان لە سنوورێکی دیاریکراو تێناپەڕێن.

هەرچی خان و دەرەبەگ و میری کوردە لە مەروانییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە بابان و ئەردەڵان وەک نیکیتین بۆی چووە سەیرکردنی چۆنیەتییان نیشان دەدا کە لەو دەورانەدا "جگە لەوەی کە ئەسڵ و بنچینەی سەرۆکەکان کورد بوون، هیچ جیاوازییەکی دیکە لەگەڵ باقی ئەمیرنشینەکانی موسڵمان دا بەدی ناکرێ و گەڕان بەدوای تایبەتییەکی کوردیدا بێ خۆیە".[١] واتە ئەوە پێوانەی زەمانە کە دیاری دەکا نەک کورد بوون یا نەبوونی فلانە سوڵتان و ئەمیر و دەرەبەگ.

گەرچی عوسمانی و سەفەوی لەباری ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و بڕوای ئایینی و هەلومەرجی مێژوویەوە جیاوزییەکی تایبەتییان لەباسەکەی ئێمەدا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو دەسەڵاتی بە تەواوی جیاواز بوون و دایم شەڕیان پێکەوە هەبووە و شەڕەکانیشیان لە کوردستاندا کردووە و پێرەوی دوو شەریعەتی جیاواز بوون، دوو دیمەنی جیاوزیان هەیە. بۆیە وا بە باش دەزانین باسەکە بکەین بە دوو بەشی جیاوازەوە و لە ژێر دوو سەردێڕی عوسمانی و ئێراندا دابەشیان بکەین.

"پەیمانی کورد و عوسمانی شازدە ئەمارەتی گەورە و بچووک و پازدە سنجاق (حوکومەت)ی بۆ کوردان بە ڕەسمی ناسی بوو. ئەم میر و بەگانە سەربەخۆیی تەواویان لەناوچەی خۆیان هەبوو و سکەیان لێ دەدا و خوتبە بە نێویان دەخوێنرایەوە. بەڵام لە کاتی شەڕدا دەبووا هێز بەرن بۆ یارمەتی سوڵتان و شان بە شانی شەڕ بکەن. هیچ کاتێکیش سنووری ژێر دەسەڵاتی خۆیان نەگۆڕن. یانێ نەچنە سەر میرنشینی دیکە و دژی سوڵتانیش نەجووڵێنەوە...."[٢]

عوسمانییەکان بە بنچینە تورکەمەن بوون و لە سەرەتادا شێوە ژیانێکی مەغولییانەیان هەبووە کە پێشتر باسمان کردووە. تەنیا شتێک کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە ئەمانە زیاتر لەگەڵ موسڵمانیەتی تێکەڵاو ببوون و بە گشتی یاساکانی ئیسلامیان لەبەرچاو بووە و بەڕێیانەوە بردووە. ئەدەکرا بەسەر وڵاتی ئیسلامدا حوکم بکەن و ئایینەکەیان لەبەرچاو نەگرن. ئەوەشمان لەبەرچاوبێ کە ئیسلام لەم دەورەدا دیمەنێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتبوو و لە دیمەنی تارادەیەک کوێلەداری و نیوە کوێلەداریەوە هاتبووە دەرێ و زیاتر دیمەنی دەرەبەگایەتی رۆژهەڵاتیی بە خۆیەوە گرتبوو. بۆ وێنە کاتێک دیلیان لە مەسیحییەکان دەگرت وەکوو پێشوو نەیاندەفرۆشتن بەڵکوو دەکران بە سەرباز و تالیمی ئیسلامی و تورکی دەدران. سەبارەت بە مافی ژن گۆڕانکارییەکی زۆر بەرچاوی نەکردبوو بەڵکوو نابەرابەرییەکان زیاتر جێ کەوتبوو.

لەبەرچاو گرتنی ئایینی خەڵک لە لای عوسمانییەکان ئەوەش دەگێڕێتەوە کە ئەوان بەسەر بەشێک لەوڵاتی مەسیحیدا حوکمیان دەکرد و ئەویشیان لەبەرچاو بوو. بۆ وێنە ژنی مەسیحی لە خەڵوەتی سوڵتانەکاندا زۆر بوون. دایکی عزالدینی دووەم کچی شازادەیەکی یۆنانی بوو و دەڵێن عزالدین بۆ خۆشی بە نهێنی ببوو بە مەسیحی. دایکی موراد یەکەم و بایەزیدی یەکەم لە مەسیحییەکانی یۆنان بوون. یەکێک لە ژنەکانی موراد شازادە خاتوونێکی بولغاری بوو بە نێو تامارا و یەکی دیکەیان شازادە خاتوونێکی بیزانسی بوو بە نێوی هێلێنا. سوڵتان بایەزید کچی شازادەیەکی سەربی هێنا بە نێوی دسپینا و... ئەمانە چاودێرییان بەسەر تەشریفاتی دەربارەدا هەبوو.[٣] دیارە کە ئەم ژنانە پاش داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەبەر پێوەندی سیاسی هێنراوبوون. ئەوەش دەزانین کاتێک قازانجی دەسەڵات لەبەیندا بێ موسڵمان و مەسیحی بوون زۆر گرینگ نییە، گرینگ ڕاگرتنی قازانجەکەیە. بەڵام نابێ لەبیر بکەین کە بوونی ئەم ژنانە و هاوسێیەتی عوسمانی و بیزانس وەکوو ناوەندی بەهێزی مەسیحییەت لەو کاتەدا هیچ بایەخێکی لەباری پێشکەوتوویی مافی ژنانەوە نەبووە. بە تایبەت کە دەزانین هەر لەو کاتەدا (سەدەکانی نێوەڕاست) لە وڵاتە مەسیحییەکانیشدا ژنان لەباری کۆمەڵایەتییەوە زۆر زیاتر لە ژنانی موسڵمان لەژێر تەوژمی باوک سالاری ڕەشی کلیسادا بوون و هەر ژنێک

زاری به زانین کراباوه، به نێو ژنه جادو دەیان سووتاند. جیاوازییەکە دواتر لە سەدەی نوزدە و بیست دا پەیدا دەبێ، لە نێوان دوو بەرەی عوسمانی و سەفەویش دا ئەم جیاوزییە لە ئاخرەکانی ئەم دەورانەدا زۆرتر بەرچاو دەبێ. زەمینەی ئەم گۆڕانکارییانە لەو ڕەوتە مێژووییەدایە کە ئێمە بەتەماین چاوێکی پێدا بخشێنین. هەرچۆنێک بێ ئەم دڵ ڕاگرتنەی مەسیحییان لە دەورەی دووەمی دەسەلاتی عوسمانییەکاندا کە لە ١٤١٣ەوە دەست پێدەکا ڕوو لە کورتی دەدا و، ژن و مشاوێرە مەسیحییەکان لە دەربار وەدەردەنرێن و بە گرتنی قوستەنتەنییە (ئەستەمبوڵی ئێستا) پێتەختی مەسیحییەکان لە ١٤٥٣ لەکاتی سوڵتان محەمەدی دووەمدا بەتەواوی کۆتایی پێدێ.

سێ یاسای گۆڕانکاری(ڕفۆرمیستی)سوڵتان محەمەدی دووەم، کە یەکیان لە (١٤٨١-١٤٥١) و ئەوی دیکە لە (١٤٥٣-١٤٧٧) و سێهەمیان لە ١٤٨٠ دەرچوون (١١٨ ب١ت)، بوو بە هۆی ئەوە کە داب و نەریتە جیاجیاکانی هۆز و تایفە جیاوازەکان یەک کاسە بکرێنەوە و هەموو دەسەلاتی ئیمپراتوری بە یەک شێوە بجووڵێتەوە ئەمە زەمینەیەکی دروست کرد بۆ یەکگرتوویی ئایین و هێزی سوپایی، کە ئەم یەکگرتنە بۆ خۆی دەبێتە زەمینەی پێکهاتنی هەستی نەتەوایەتی یەکگرتوو لە سەدەکانی دواتردا. بەڵام لەم کاتەدا بەر لە هەموو شتێک، ئەمە خۆڵەخۆیدا بە مانای ئەستاندنەوەی دەسەلاتە لە خەلیفەکانی ئایینی ئیسلام و جارێکی دیکە یەک کاسەکردنەوەی دەسەلاتی ئایین و حوکومەت. ئیتر ئەوە ڕێبەری ئایینی نەبوو کە دەسەلاتی دنیاییشی بەدەستەوە بوو بەڵکوو ئەوە دەسەلاتداری دنیایی بوو کە بەرێوەبەری ئایینیشی دەکرد. سوڵتان ببوو بە خەلیفەی ئیسلامیش. دەکرێ بڵێین ئەمە سەرەتای تەواو بوونی خان خانی و ناوەندی کردنی دەسەلاتە کە یەکسەر کاری کردۆتە سەر دەرەبەگ و عەشیرەتەکانی کوردیش.

لە سەردەمی سلێمانی یەکەم (١٥٢٠-١٥٦٦) نیزامێکی دادیاری دانرا بە نێوی عورفی سوڵتانی[٤] کە پێشی سەرەڕۆیی میر و بەگ و موفتییەکانی تا ڕادەیەک دەگرت، بەڵام ئەم نیزامەش وەکوو یاساکانی محەمەدی دووەم نەگەیشتە نێو بنەماڵە و کاری شەرع و لە سنووری دەربار و سوپا تێنەپەڕی و شەرع هەر بەدەست عولەمای شەرعەوە بوو کە بە ڕەسمی شەریعەتی حەنەفی یان بەڕێوە دەبرد.[٥]

لە کۆمەڵی سەردەمی عوسمانیدا ـ هەر وەکوو پێشتر لە خەلافەتی ئەمەوی و عەبباسی و جێگاکانی دیکەدا ـ ئایین تەنیا ڕوانگە و بیر و باوەڕی تاکەکەس یان گروپێک نەبوو لە پێوەندی لەگەڵ خودا و چۆنیەتی ئینساندا، بەڵکوو نەزمێکی دیاریکراو بوو لە کردەوەی مرۆڤ و جێگای کۆمەڵایەتی تاکەکەس لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا. شێوەی قسەکردن، ئاکار و تەنانەت کار و پێشە، هاوسەرگرتن، کڕین و فرۆشتن، میرات و... هەر دابێکی تایبەتی دەبوو لەگەڵ یاساکانی ئایینیدا ڕێک بکەون. لەولاشەوە هەر ئەم یاسایانە ڕێگایان بە زۆر شت دەدا کە بە شێوەی ناسایی لەگەڵ داهونەریتدا نەدەگونجان. بۆیە ناسینی ڕێککەوتنی ئەوانە پێکەوە دەبوو بە زانستێک کە هەر کەس چاکتری لێ زانیبا پلەی کۆمەڵایەتی لەسەرەوەتر دەبوو. بە نموونە، دانانی خەڵوەتی و ڕاگرتنی سەدان ژن بۆ یەک تاکە پیاو لە قووڵایی پێداویستییەکانی کۆمەڵەوە هەڵنەقوڵابووە، بەڵام یاسای کوێلەداری کە بە شێوەی ڕاگرتنی جاریە لە ئیسلام دا هاتووە ئەو نیجازەی بۆ ڕەخساندوون. دامودەزگای خەڵوەتیی ژنانی سوڵتان ئەوەندە بەربڵاو و پڕ تەشریفات بووە کە بەرپرسایەتی ئەو حەرەمە کە پێی دەگوترا "دارالسعادە" ئەوەندە گرینگ بوو کە "لە هەموو عوسمانی دا دوای سوڵتان دووکەس پلەیان لەو بەرپرسە زیاتر بوو، سەرۆک وەزیران و شێخ الاسلام".[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی ژنانی ئەم سەردەمە لە کوردەواریدا، بڕوانە وتاری: «دیمەنی ژن لە مەم و زینی خانیدا» (گۆڤاری گزینگ ژمارەی ٩).

ڕەوتی ناوەندیکردنی دەسەلات لە کوردەواریشدا هەر بەم شێوە بووە کە میر و خانە کوردەکان ئەساسی نیزامی بنەماڵە (ژانتیلیس)یان تێک دا و دەسەلاتیان کۆکردەوە لە بنەماڵەی خۆیاندا. هەر میرێک چەند عەشیرەتی لەژێر ڕکێفی خۆی دانا. ڕاست ئەو کارەی کە عوسمانی و سەفەی بە نۆبەی خۆیان کردیان و دەسەلاتیان لە میرەکان ئەستاند و لەدەست خۆیاندا کۆیان کردەوە.[٧] ئەم ناوەندیکردنە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە ڕەوتێکی مێژووییە کە بۆ سەرکەوتنی چینی تازە پێکەییشتووی سەرمایەدار پێویستە و ئەوە کە کەڵکی لێ وەردەگرێ و لە ئاخرەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا دەبێتە ڕێ خۆشکەری هێندێ ئازادی (هەرچەند ناتەواو). ئەم بەشە بە پەرە پێدانی ژیانی شارستانی و بڵاو بوونەوەی بیری ڕووناکبیرییەوە دەست پێدەکات. بۆ نموونە یەکەم ڕۆژنامە لە ئیمپراتوری عوسمانی دا لە ١٨٢٩(سەردەمی مەحموودی دووەم ١٨٠٨-١٨٣٩) لە پێنج هەزار نوسخەدا لەچاپ درا بە نێوی "ڕۆژژمێری ڕووداوەکان"، کە زیاتر فەرمان و هەواڵەکانی دەرباری بڵاو دەکردەوە و حەوتووی ژمارەیەک دەردەهات.[٨] بە گشتی سەردەمی مەحموودی دووەم دەورەی پێکهاتنی زەمینەی دەسەلاتی بورژوازی و گۆڕانکاری ژیانی شارستانی یە، چ لە باری لەشکری و چ لەباری باج و زەکاتەوە و چ لەباری دامەزرانی دەزگای ئیداری و دەوڵەتییەوە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە ئەوەندە نەبوو کە بکرێ نێوی بەرنامەیەکی دیاریکراوی نامانجداری لێ بنێین. چونکە هێشتا هەموو نیزامی فێرکردن و بارهێنان هێشتا لەدەست مەلا و مەدرەسە ئایینییەکاندا بوون. مەحموود نەیتوانی دەست لەوانە بدا. بەڵام تێکۆشا کە هاوشان لەگەڵ ئەوەدا مەدرەسەی غەیرە ئایینی دابنێ بۆ بەشی سەنعەت و لەشکر. لەوانە مەدرەسەی موهەندیسی دەریایی، موهەندیسی لەشکری و مەدرەسەی دوکتووری کە لە هەر دەورەیەک دا هەزار خوێندکاریان وەردەگرت. هەر لەو کاتەدا بۆ پەروەردەکردنی مامۆستای ئەم مەدرەسانە لاوەکانیان بەرێ دەکرد بۆ ئوروپا.[٩] کەواتە پێوەندی لەگەڵ ئوروپا هەبووە و ئەم سەردەمە کاتێکە کە شۆڕشی بۆرژوازی فەرانسە بە ئاکام گەییشتووە، بەڵام ئەم پێوەندییانە نەگەییشتە باری گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵ، ئەگەرچی گەییشتباش دەزانین کە ژنان لەو سەرکەوتنانەی بۆرژوازی ئوروپایەشدا هەر بێبەش دەبوون.

گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە بەشەکانی دیکەی ژیانیشی دەگرتەوە بۆ وێنە لەسالی ١٨٢٩دا فینە(شەپکە) لەسەر دانان و کۆت و شەروالی ئوروپایی لەبەرکردن بۆ هەموو ئەوانەی لە دەزگاکانی دەوڵەتیدا بوون ئیجباری کرا و عابا و مێزەر هەر بۆ ئایینییەکان مایەوە.[١٠] بەڵام بەشی ژنان هەر پێچە و ڕووبەند بوو.

ئەم گۆڕانکارییانە لە سەردەمی عبدالمجیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١) دا درێژەی هەبوو کە زیاتر بەدەست موستەفا ڕەشید ڕێبەری جووڵانەوەی "لایەنگرانی گۆڕانکاری" کرا کە بۆ خۆی شەش جار بووبە سەرۆک وەزیر. لەم دەورەیەدا پشتگیری لە سەرمایەداری بە شێوەیەکی ڕێک و پێک کرا. لە سالی ١٨٣٨دا پارلەمانی "ئەحکامی عەدلیە" جێگای ←

پارلەمانی "باب عالی" گرتەوە. بە پێی فەرمانێک لەلایەن سوڵتانەوە کە بە «فەرمانی گوڵخانە» بەناوبانگە ئەم پارلەمانە و هێندێ یاسای تازە هاتەگۆڕێ. ئەم یاسایانە دەسەڵاتی سوڵتانی کەم نەدەکردەوە بەڵام سوڵتان بەڵێنی دابوو کە پشت لەیاساکان نەکا.[11] بەپێی ئەم فەرمانە بڕێک لە دەسەڵاتی شێخ الاسلامەکان کەم دەبۆوە کە هەموو هەست و نیستی سوڵتان و خەڵکیان لەژێر فتوادا بوو. بەڵام ئەم فەرمانە هێزی نەگەییشتە کوردەواری کە لە ژێر ڕکێفی شێخەکاندا بوو.

ئەگەر زانیمان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ، خوێندەواری یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانە، دەزانین کە ئەوە بێ دانانی مەکتەب و مەدرەسەی شێوە مۆدێرن پێک نایێ. لەبەر ئەم گرینگییە بۆ پشکنینی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان چاوخشاندنێک بە چۆنیەتی دانانی مەدرەسەکانی سەردەمی عوسمانی بە پێویست دەزانین.

لە ١٨٤٨مەدرەسەکانی (رشدیە) پێک هات، کە بۆ کوڕانی ١٠ تا ١٥ ساڵ دانرا ئەم قوتابییانە دواتر دەچوونە مەدرەسە پێشەییەکان کە باسمان کرد. لە ١٨٥٥دا، ٦٠ مەدرەسەی ڕشدیە هەبووە کە ٣٣٧١ قوتابییان وەردەگرت. هەر لەو کاتەدا مەدرەسە ئایینییەکان ١٦٧٥٢ تەلەبەیان هەبوو و مەدرەسەکانی غەیرە موسوڵمان ١٩٣٤٨ قوتابی کچ و کوڕیان هەبووە[12] واتە مەدرەسە غەیرە ئایینییەکانی موسوڵمانان لەم کاتەدا کچیان وەرنەگرتووە. چل ساڵ دواتر لە ١٨٩٥دا لە ٩٢٤١٧٥کچ کە لە تەمەنی مەدرەسە دا بوون لە مەدرەسەکانی موسوڵماناندا ٧٧٧٤٠ کچ دەرسیان خوێندووە و ٣٥٠ کەس لە دانشسەرای ژنان (دارالمعلمات) خەریکی فێربوونی مامۆستایی بوون. دیار نییە کە ئەم ژمارانە چەندی هی پێتەختە و چەندی هی شارەکانی دیکەیە، بەڵام یەک شت ڕوونە کە لەو سەردەمە دا (ئاخرەکانی سەدەی ١٩) لە کوردستان ناشێ مەدرەسەی غەیرە ئایینی هەبووبێ ئەگەریش هەبووبێ بۆ کچان نەبووە. "هانری بایندر" کە هەر لەوکاتەدا سەفەری بۆ کوردستان کردووە دەنووسێ لە موسڵ کچە موسوڵمانەکان (دیارە ئەوانەی کە زۆر دەست ڕۆیشوو بوون) دەچوونە فێرگەی مەسیحی دەیانخوێند، بەڵام زۆربەیان لە دە ساڵەیی دا شوویان دەکرد و فێرگەیان بە جێ دەهێشت.[13]

دانانی کارگە و کارخانە و پەرەسەندنی سەرمایە، بوو بە هۆی پێکهاتنی چینێک لە دوکاندار و موعامەلەچی و پێشەکار و سەراف لە شارەکاندا. پێکهاتنی ئەم چینە تازەیە لە تەنیشتی فێرگەکاندا و هاوکات بڵاو بونەوەی نزیک بە دە ڕۆژنامە و لە چاپدانی سەدان کتێب و بەڕێکەوتنی تیئاتری عوسمانی زەمینەیەک بوو کە تورکەکانی لاو (عثمانلی لر) تێیدا پەروەردە بوون. دانانی نیزامی مەشروتە لە ١٨٧٦ کە تەمەنی تەنیا ساڵێک بوو و جارێکی دیکە لە ١٩٠٨ ئاکامی کار و تێکۆشانی ئەم لاوانە بوو.

لە بەندی نۆهەمی یاسای ئەساسی ١٨٧٦دا هاتووە کە هەموو کەسێک ئازادی فەرد(تاکەکەس)ی هەیە. ئەمە یەکەم سەنەدی ئازادی مرۆڤی ژێردەستی عوسمانییە. بەڵام نەگوتراوە کە ئەمە ژنانیش دەگرێتەوە یان نەء. چونکە بە پێی بەندەکانی دیکەی یاسای ئیسلام حوکم دەکا.

لە ١٩٠٦ کۆمەڵەی وەتەن و ئازادی پێک هات و پاشان کومیتەی یەکگرتن و پێشکەوتن. ئەمانە داوای بەڕێوەچوونی یاسای ئەساسی یان دەکرد. هەر لەم سەروبەندەدایە کە کلوب(یانە)گەلی کوردی پێک دێن و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی دەردەچێ.

لە کۆنگرەی دووەمی یەکگرتن و پێشکەوتن (اتحاد و ترقی)دا داوای وەلانانی سوڵتان دەکرێ[14]. لە ١٩٠٧ شۆرش هەموو وڵاتی داگرت کە بوو بە هۆی بانگکردنەوەی پارلەمان لە ١٩٠٨ و کورتکردنەوەی دەستی سوڵتان لە قانوون. بەرانبەرکێی هێزی کۆن (سوڵتان و ئیسلامییەکان) لە لایەک و هێزی نوێ (یەکگرتن و پێشکەوتن) لە لایەکی دیکەوە ئاکامی ئەوە بوو کە لە ١٩٠٩دا سوڵتان خەلع بوو و لە ئەستەمبوڵ وەدەر نرا.[15] دوایە هەر هێزە لەلایەکەوە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و هاوکات هەوڵ دەدرا یاسای ئەساسی بگۆڕدرێ. بەڵام گۆڕانکارییەکی وەهای تێدا نەکرا جگە لە جێگیرکردنی زیاتری سەرمایە و ڕوون کردنەوەی بەشی سەرمایەدار لە وڵات دا. هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی بەسەردا هات و ئاخرین نوزە لە نیزامی کۆن بڕا.

ئێمە باسی بیروباوەڕ و چۆنیەتی داوخوازەکانی بزووتنەوەکانی کوردی دێڵینەوە بۆ باسێکی تایبەتی بەڵام لێرە دەبێ شتێک دەست نیشان بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بزووتنەوەکانی میللی و پێشکەوتنخواز لە ناوەندی عوسمانی دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگاکە، لە کوردەواریدا بزووتنەوەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵەکە. بە تایبەت چونکە شکستی بەشاندا دێ. ئەمە نرخاندنی بزووتنەوەکان نییە. تەنیا ڕاستییەکە ڕووی داوە، یانێ ئەو جووڵانەوانە دەبنە هۆی دابڕینی کوردەواری لە بزووتنەوە ناوەندییەکە و ناهێڵێ گەشەی ئاسایی خۆی بکا. دوایەش کە شکا، گۆڕانکارییەکان وەکوو دیاردەیەکی نامۆ پێی دەگا و دەبێتە زەختێکی دیکە لەسەری. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە پێویستە چاوێک بخشێنین بە ژیانی کۆمەڵایەتی ژن لەو سەردەمەی کوردواریدا.

"لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی زێڕینی دەردەبەگایەتی (فیئۆدالیزم)ی کورد بەناوبانگە کۆمەڵی کورد لە دنیای دەردەوە دابڕابوو. ئەمیرەکانی کورد کە بیر و بەرژەوەندییان لە سنوورەکانی ناوچەکەیان تێنەدەپەڕی دوور لە پاتەخت و خۆپارێز لە هەر هێرشێک کە دەسەڵاتییان بخاتە خەتەر، بۆ یەکگرتوویی خەڵکی خۆیان بەردو پێش بردنیان هیچ شایستەیی و تواناییەکیان لە خۆیانەوە نیشان نەدا."[16]

ئەمە ڕاستیی ناوەرۆکی دەسەڵاتی کوردانە لەو سەردەمەدا، بەڵام ئاخۆ خەڵکی کورد لەژێر دەستی ئەو دەسەڵاتەدا چۆن ژیاون. بە داخەوە سەرچاوەکان لەم بارەوە زۆر بێ دەنگن. هەرچی مێژوو نووسی وەکوو شەرەفخانە، یەک جاریش ئاوری لە ژیانی خەڵکی بندەست نەداوەتەوە و هەر باسی ئەفسانە و شەرحی دیوەخان و شەڕ و هەڵای میر و دەردەبەگانە. ئەوەی گەڕۆک و دەست بە قەڵەمی لەو چەشنەیە تەنیا توێژگێکی سەری ماستەکەی دیوە و نەی چێشتووە و بەس باسی ڕوومەتی ژنان و پیسی منداڵانیان کردووە و باقیەکەی باسی کێو و چۆم و دیوەخانی ئاغایە و ئایا خواردنەکەیان خۆش بووە یان ناخۆش؟ زۆربەی نووسینەکانیشیان پڕە لە ڕق و قین. ئێمە بە چاو لێکردن لە هەموو ئەو سەرچاوانە دەتوانین تەرحێک لە ژیانی ژنی کورد لەو سەردەمەدا بدەین کە نەختێک لەو تەرحە گشتییەی کە تا ئێستا باو بووە جیاواز بێ.

دەزانین کە لەم دەورانەدا یاسای ئیسلام بەسەر پێوەندییەکانی بنەماڵە و کۆمەڵدا زاڵە و گۆڕانێکی تایبەتی لە ئەسڵی یاساکان نەکراوە و تەنانەت لە هێندێ لایەنەوە توندتریش بووە. گەرچی ئەوەش دەزانین کە هەر یاسایەک لە کۆمەڵ و دەورەیەکی تایبەتیدا دیمەنێکی تایبەتی بە خۆیەوە دەگرێ و شەریعەت دانەرەکانیش بە پێی سەردەم لێکدانەوەی

تازەی بۆ دەبیننەوە، بەڵام یەک شت ڕوونە ئەو ئەسڵاتەی کە پێوەندی بە موڵکیەتی پیاو بەسەر ژنەوە هەیە و ئەو نابەرابەرییانەی وەکوو چەند ژنی و مارە و تەڵاق و میرات و... هتد؛ شتگەلی وەها توند و تیژ و پیرۆز بوون کە کەس دەستی لێ نەداوە. واتە کەس موڵکی خۆی بە ڕەزامەندی بەجێ ناهێڵێ.

دیمەنی ژیانی ژن بە لەبەرچاو گرتنی وتاری سەرەوە چوارن کە بە پێ جێگای ژیان و پلەی چینایەتی دەگۆڕێن. ئەم چوار دیمەنە بریتین لە ١ـ ژنی خێڵ وعەشیرەت ٢ـ ژنی لادێ (غەیرە عەشیرەت) ٣ـ ژنی میر و ئاغا و دەرەبەگ ٤ـ ژنی شاری (چینی ناوەندی)

١) ژنی خێڵ و عەشیرەت

ئەندامی عەشیرەت بەر لە هەموو شتێک ئەندامی عەشیرەتەکەی خۆیەتی. بەر لەوەی کورد بێ یا موسوڵمان بێ یا هەر شتێکی دیکە. ئەو لایەنگری و دڵگەرمی و ئەمەکداریە دوو لایەنەیە و هەر بەو شێوە کە ئەندامی عەشیرەت لایەنگری عەشیرەتەکەی دەکا، عەشیرەتیش پشتیوانی ئەوە. ژنی پیاوێکی هاوخوێنی خێڵ ناموسی هەمووانە. ئەمە خۆ بە خۆ مافێکی تایبەتی بە ژن دەدا کە پێی سەربەرزە. بۆیە "لە کاتی شەڕدا لەدوورەوە ڕاناوەستێ بزانێ چ دەقەومێ و بەشداری دەکا"[١٧] یانێ لەسەر عەشیرەتەکەی دێتە دەنگ.

ژنی عەشیرەت ماڵی هەموو عەشیرەتەکە بە ماڵی خۆی زانیوە، بۆیە پێویستی بە ئیزنی مێردەکەی نەبووە بۆ دەرەوە چوون و ئەم ماڵ و ئەو ماڵ کردن، پێویستی بە ڕووگرتن لە هەموو پیاوان نەبووە. "ژنی گەنج و جوان لەگەڵ پیاواندا دانەنیشن و قسە نەکەن و پێ نەکەنن بێ ئەوەی مێردیان دڵیان لێ پیس بکا و گومانیان لێ بکات.[١٨] ئەمە ئەو شتەیە کە زۆر جار بۆتە جێگەی سەرنجی خەڵکی دیکە. بەڵام حیجابەکەیان لە سنووری ئیسلام دەرنەچووە. لە ڕاستیدا ئەو ڕوو داپۆشان و چارشێو دۆڵاخ کردنە، زیادی ئەوپەڕگرە و لە دەستوورە شەرعییەکە بەولاوەترە. دیارە ژنی عەشیرەت بشی ویستبا پێی نەدەکرا دەنا کارکردنی لێ بە ئەرک دەبوو. سەرەڕای ئەمەش ڕێگای تەکیە و مزگەوت و خانەقا و دیوەخانی نەبووە.

بە پێی ئەوەی کە هەموو کاری ناوماڵ لە نان کردنەوە هەتا شیر دۆشین و منداڵ بەخێو کردن و ... بە ئەستۆی ئەو نەبووە، "پیاو هیچ کارێکی گرینگی نەگرتۆتە خۆی تەنها بۆ شەڕ و چەکداری نەبێ[١٩] دیارە لە بەشی پیاو شوانیی ئاژەڵ و کاری کشتوکاڵیشی دەبێ لێ زیاد کەین، بۆیە ژن بەتەواوی دەسەڵاتداری ناوماڵ بووە و ڕێزی تایبەتی هەبووە و "ئەمینی پیاوە و پارەی پیاوەکەش لای ئەوە و ئەو هەڵی دەگرێ".[٢٠] ئەم ڕێز و حورمەتە تا ئەو ڕادەیە بووە کە توانیویەتی وەکوو شێخ و مەلا نێوبژی شەڕ بکا. "زۆر جار دوو تیرە لە مەیدانا ئەکەونە شەڕ هەر دوو لا بەیەکدا دێن و لە یەکتری ئەکوژن و خوێن ئەڕێژن. هەر کە ئافرەتێ هات و سەرپۆشی خۆی لە نێوانیاندا ڕاخست هەر دوو لا پێک دێن وشەڕەکە کۆتایی دێ.[٢١]

زینا و ڕەدوکەوتنی ژن بێ ئەم لاو ئەولا سزای مەرگ بووە و هەردوکیان دەکوژرێن و کەسیش لە خوێنیان نەپرسیوە. (ئەم دابە لە بڕێ شوێنی کوردەواری هێشتاش هەر ماوە و کەس نییە یەک دوو بیرەوەری تاڵی لەم جۆرە کردەوانە نەبێ)، بەڵام ڕەدو کەوتن یان "هەڵگرتنی کچ هیچ شوورەیی نییە ئەگەر خۆیان گەیاندە ماڵی شێخ و ئاغایەک ئەوە ڕزگار بوون و مەسڵەت دەکرێ، دەنا ئەگەر لەڕێگادا گیران ئەوە دەکوژرێن.[٢٢] دیارە ئەگەر هەردووکیان ئەندامی یەک عەشیرەت نەبان کارەکە زۆر گرێ پووچکەی تێ دەکەوت و مەسڵەت تەنیا بە دانی کچێکی دیکە جێ بە جێ دەبوو. هەرلێرە دەست نیشان بکەین کە ژن بە ژنەکردن زۆر باوبووە.

"مارەیی یا خود شیربایییەکی زۆر ئەستێنن. لەسەد هەتا پێنج سەد سەر مەڕ. بۆ هەموو باوک و برا و خۆشکی بووکیش دەبێ دیاری بدرێ"[٢٢] مارەیی هەموو کاتێک بە پێی پلە و پایە و دەوڵەمەندیی دوو لایەنە دیاری دەکرێ و جگە لە (نرخی!)کچەکە ڕێز ڕاگرتنی بنەماڵەکەشە.

ژن لەباتی خوێن دان. (ئەگەر یەکێک لە بنەماڵەیەک کوژرا بێ، کوژەرەکە کچی یان خۆشکی دەدا لە تاواندا)لە نێو عەشیرەتدا هەرە زۆر بووە. ئەمە لە لایەک وەک هەمیشە نیشان دەدا کە ژن کەرەسەیەکە لەدەست پیاودا. لە لایەکی دیکەوە نیشان دەدا کە ژن لایان بە قیمەتە. بەڵام ئەگەر زانیمان کە "لەسەر کچ گرەوی پێشبڕکێی ئەسپی کردووە و ئەگەر دۆڕابا کچەی دەدا بە کابرای سەرکەوتوو"[٣٣] وەک کە گرەو لەسەر ئەسپ و تفەنگ ئیتر ئەوە نرخەکە زۆر دەشکێ، گەرچی ڕەنگە بگوترێ لای کوردی عەشیرەت ئەسپ و تفەنگیش زۆر خۆشەویست بووە. بیر کەینەوە پیاوێک دێتە ماڵێ و بە کچەکەی یان خۆشکەکەی دەڵێ: شتومەکت کۆ کەوە ئەتۆم دۆڕاندووە بە فلانە پیاو! ئاخۆ دەبێ هەستی کچە لەو کاتەدا چ بووبێ؟

لە عەشیرەتدا فرۆشتنی زۆر باو نەبووە مەگەر لە بنەماڵەی ئاغا و شێخ و میرەکاندا. "تەڵاق دانی ژنیش زۆر کەمە و بە کارێکی ناپەسند و شوورەیی دانەنرێ.[٢٤]

ئەندامی عەشیرەت بوون بە مانای لەبیر بردنەوەی چینایەتی و دەست ڕویشتوویی و هەژاری نییە. "ژنە دەوڵەمەندە ناسراوەکان سواری ئەسب ئەبن و خۆیان چەکدار ئەکەن، ڕم بەدەستەوە ئەگرن و خۆیان ئەڕازێننەوە و پێش کاروان ئەکەون بەڵام ژنە هەژارەکان منداڵەکانیان بە پشتیانەوە ئەبەستن و لەگەڵ کاروانەکەدا ئەکەونە ڕێ".[٢٥]

ژنی عەشیرەت هەر ئەوەی کە بە خەڵات لەگەڵ خۆی بردووە بەشی بووە و میراتی لە باب و دایکی نەستاندووە. ئەک مافی نەبووبێ بەڵکوو داب وابووە کە بە شوورەیی زانیوە و گوتوویەتی "خێرناداتەوە". بۆ خۆیان بەخشیویانە بە براکانیان.

ژنێک کە مێردی مردبا لە بنەماڵە نەدەچووە دەرێ ساڵێک تازیەبار دەبوو و پاشان یا مێردی نەدەکرد ومنداڵەکانی گەورە دەکرد یان مێردی دەکرد بە یەکێک هەر لەو بنەماڵەیە. وەک دەزانین جاری وایە بێ پرس و بە پێی داب دەبووە ژنی برای شووەکەی کە هێشتا ژنی نەهێناوە.

٢) ژنی لادێ (غەیرە عەشیرەت)

ئەمانە ژنی ئەو خەڵکە بوون کە سەر بە هیچ عەشیرەتێک نەبوون و تەنانەت مەلا مەحمودی بایزیدی بە جووتێر و گۆران نێویان دەبا...[٢٦] کەوابوو لە پشتیوانەی عەشیرەتی بێوەری بوون و هەژاریشی ئەگەر لێ زیاد کەین وای لێ دێ کە ئیتر ئەو ڕێز و حورمەت و ئازادیەی ژنی عەشیرەتیان نەبووە. گەرچی هەموو ئەرک و کاری نێوماڵ و بەشداری لە کشتوکاڵیش بە ئەستۆی ئەوانەوە بووە، بەڵام پیاو دایم لەسەری بووە و بۆ خۆی بەرپرسی ماڵ بووە. "ژنە گۆرانەکان بەشداری هیچ [شەڕ و کاری

دەرەوەی ماڵ] ناکەن و تەنها لە ماڵەوە ئیش دەکەن". ٢٧

ـ "کوردە عەشیرەتەکان خزمایەتی لەگەڵ کوردە نیشتەجێیەکاندا کەم دەبەستن، ژن خواستنیان زۆر کەمە". ٢٨

ـ بە هەرزان مارە دەکرا و بە ئاسان تەلاق دەدرا.

ـ ڕەدووکەوتن سزای مەرگ نەبووە و بە ئاسانی مەسلەت کراوە. لە هێندێ ناوچە ئەگەر ژنێک ڕەدوو نەکەوتبا تانەی لێ دەدرا ودەگوترا ئەوە کەس خۆشی نەویستووە و بێ دەست و پێ بووە، نەیتوانیوە پیاوێک بۆ خۆی پەیدا بکا.

ـ پاش مردنی مێردەکەی بە هەر لایەکدا ڕویشتبا کەس پێشی پێ نەدەگرت. ماڵ و موڵکی خۆی نەبووە کە بی بەستباوە.

باقی شتەکان هەر گشتین و لەهەموو لایەک هەر وەک یەکن.

٣) ژنی میر و بەگ

ئەمانە زیاتر لە کۆشک و قەڵادا ژیاون. ڕێز و حورمەتیان بەسترابووە بە دارایی و بنەماڵەکەیانەوە. نەک بە کارزانی و لێهاتوویی خۆیانەوە. دەسەڵاتی چینایەتی هەبووە و توانیویەتی فەرمان بە خەڵکی دیکە بکا، بەڵام لە نێو ماڵی خۆی بە ئەندازەی ژنی عەشیرەت و لادێ دەستی بەسەر نێو ماڵ و موڵکی مێردەکەیدا نەڕویشتووە. کاریان لە سەرپەرستی کردنی دایان و کلفەت(قەرەواش) و نۆکەر تێ نەپەڕیوە. لەکاتی چوونە دەرەوەدا دەبوا ڕووبەند و سەرپۆشیان هەبا. ٢٩ بە ماڵ و موڵکێکی زۆر مارە دەکران و خەڵاتی زۆریشیان لە باوان وەرگرتووە، بۆ خۆیان مافی ئەوەیان هەبووە زاوت (گزیر)بگرن بۆ پێ ڕاگەیشتن بەسەر موڵکەکەیاندا. بەڵام زیاتر مێردەکەی ئەم ئەرکەی جێ بە جێ کردووە. ژنە ئاغا بۆی نەبووە لەکاروباری [شەڕ و کێشە وماڵ و موڵک و دیوەخان] مێردەکەیدا خۆی تێکەڵ بکا. میر و ئاغا کەنیزەکیان بۆ خۆیان و بۆ ئیشی نێوماڵ کڕیوە. ئەولیا چەلەبی نێوی ٢٢ کەنیزی لە قەڵای مەلاتیە هێناوە کە هیچیان نێوەکانیان ئیسلامی نییە.

بەئاسانی ژنی بە سەردێ و بەڵام بە ئاسانی تەلاق نادرێ. مەگەر نێوان ناخۆشییەک لەگەڵ بنەماڵەکەی پەیدا ببێ. بەدرخان کە بە عەدالەت ڕاگرتن زۆر بەناوبانگە، بەوتەیەک ٩٠ کوڕ بەوتەیەکی دیکە ٤٠ کوڕ و چوارده کچ و بە وتەی کوڕەزاکەی ٩٩ منداڵی هەبووە. ٣٠ ئاخۆ ئەم هەموو منداڵەی لە چەند ژن بووبێ؟!(دیسان بڕوانە وتاری: «دیمەنی ژن لە مەم و زینی خانیدا»...)

٤) ژنی شاری

ئەمانە لە هەر سێ جۆری باسکراو بێ بەشتر بوون. شاری ئەو کاتە بریتی بووە لە ڕاستە بازاڕێک کە دوکانی پێشەسازی و بازرگانی تێدا ڕێز کرابوو، بە ئیزافەی کاروانسەرایەک و مزگەوتێک و حەمامێک. جا بە پێی ئەوە کە دانیشتوانی ناوچەکە چەند بووبێ و شارەکە چەند لەسەر ڕێگای کاروانان بووبێ، ئەوە گەورە یا چووکە بووە. ئەم ئیش و کارانەش کە لە شاردا هەبووە هیچیان بۆ ژن نەدەبوون و ژن لە ماڵی خۆی زیندانی بووە. خەڵکەکەش کەمتر پێوەندی عەشیرەتی و خزمایەتییان پێکەوە هەبووە. ژنەکانیش زۆر بە دەگمەن لە عەشیرەتەوە هاتبوون (عەشیرەت کچ بە شار و بۆرەپیاو نادا) ئەولیا چەلەبی چەند دیمەنێکی لە ژنی شارەکانی ئەو کاتەی کوردستان بەدەستەوەداوە کە بەم شێوەن.

ـ "شاری مەلاتیە: کچان لە تەمەنی دە ساڵەیی مێرد دەکەن. ژنانی دەست ڕویشتوو بە ڕووبەند و سەرپۆشەوە وەدەر دەکەون، ژنانی هەژار چارشێوی سپی و ڕووبەند و کڵاوڕەق یان هەیە". ٣١

ـ "دیاربەکر: لە ئاگادارانم بیستووە کە لە ماڵەکانی ئەم شارەدا ١٤٠ کەس لە ماڵی خۆیان حەمامیان هەیە بۆ ئەوەی ژنەکانیان بە بۆنەی حەمامەوە لەماڵ نەیەنە دەرێ". ٣٢ نە تەنیا ژنان بەڵکوو کچە چکۆلەکانیشیان نایەنە نێو بازاڕ و ئەگەر کچێک بێتە بازاڕ خۆی و بابیشی سزا دەدرێن، هەتا بەو ڕادەیە لە ڕاگرتنی ناموسی خۆیاندا تێ دەکۆشن[!!]. ٣٣

ـ "بتلیس: حەمامی خەسرەو خان لە بتلیس بەشی ژنانە و پیاوانەی هەیە. دەگوترێ شەست ماڵ حەمامیان لە ماڵی هەیە چونکە پێیان خۆش نییە ژنەکانیان بچنە حەمامی دەرێ. ئەگەر ژنێک لەبازاڕدا ببیندرێ لەگەڵ تووڕەیی خەڵک بەرەوڕوو دەبێتەوە". ٣٤

دریژەی هەیە

سەرچاوەکان

١- کرد و کردستان، وسیلی نیکیتین، محمد قاضی، ل ٣٨٨.
٢- کوردەکان، کەندال نەزان، ئیبراهیم یونسی، ل٥٢.
٣- تاریخ امپراتوری عثمانی، استانفورد جی. شاو، بەرگی١، ل ٥٨-٥٩.
٤- پێشوو ل ٢٠٨.
٥- پێشوو ل ٢٣٨.
٦- پێشوو ل ٢٠٨.
٧- بڕوانە ل ٣٩٩ سەرچاوەی١.
٨- تاریخ امپراتوری عثمانی، استانفورد جی. شاو، بەرگی٢، ل٧٨.
٩- پێشوو ل ٩٨.
١٠- پێشوو ل٩٩.
١١- پێشوو ل١١٤تا١١٨.
١٢- پێشوو ل١٩١.
١٣- سفرنامە هانری بایندر، کرامت الله افسر، ل ٢٦٦.
١٤- ل٤٥٢ سەرچاوەی ٨.
١٥- پێشوو ل٤٧٦.
١٦- ل٥٤ سەرچاوەی ٢.
١٧- عادات و تقالید الاکراد، مەلا مەحمودی بایزیدی، شکریە ڕەسول، ل ٢٥.
١٨- پێشوو ل ٣٣.
١٩- پێشوو ل ٢٧.
٢٠- پێشوو ل ٦٠.
٢١- پێشوو ل ٣٠.
٢٢- پێشوو ل ٣١.
٢٣-پێشوو ل ٥٨.
٢٤- پێشوو ل ٤٢.
٢٥- پێشوو ل ٣٠.
٢٦- بڕوانە پێشوو، ل ٧٣و٧٤
٢٧- پێشوو ل٧٥.
٢٨- پێشوو ل ٧٤.
٢٩- سیاحتنامەی ئەولیا چەلەبی، فاروق کەیخوسرەوی، ل٢٦.
٣٠- جنبشهای ملی کرد، کریس کوچرا، ابراهیم یونسی، ل٢١.
٣١- پێشوو ل ٢١.
٣٢-پێشوو ل ٤٨ .
٣٣- پێشوو ل ٦١ .
٣٤- پێشوو ل ١٠١.



گـــوناه

زۆهره

جارێ بە قسەی دایکم نەکرد،
لە بەر ئاوێنە وەستام و لێوم سوور کرد،
لە بەر شەماڵ قژم پەخشان کرد،
بە قسەی دایکم نەکرد،
جلێ کە بۆ نەورۆز بوو،
پێشتر لە بەرم کرد،
کەوشە بەرزەکانی دایکم لە پێ کرد،
هەستم کرد ئازادم..
بە قسەی دایکم نەکرد،
لە سەر دیواری حەوشەکەمان بازم دا،
لە گەڵ کوڕەکانی گەڕەک ئاشنابووم،
نەترسام، لە سەر سەکۆی حەمام دانیشتم،
گوێم لە دایکم نەگرت.
بە دەنگی بەرز پێکنیم.
سەیری لەشم کرد لە بەر ئاوێنە...
نەمهێشت هەڵمبژێرن،
بێن بۆ خوازبێنیم.
نەمهێشت بمکرن،
جلی سپیم لەبەر کەن.
خۆم هەڵمبژارد
بە جلی بەرم بووم بە بووک،
نەڕۆیشتم بۆ بازاڕ... تا ئاڵتوونم لە مل کەن..
زەرۆشانیان نەکردم،
کەوشی بەرزم لە پێ نەکرد و
لێوم سوور نەکرد،
هەستم کرد ئازادم.
نەمجارە بە قسەی یەزدانیشم نەکرد..
کاتێ دڵتەنگ بووم، بێ دەستنوێژ قورئانم لە ئامێز گرت،
گوناهم کرد..
ئاوێتەت بووم،
ڕووت و ڕەها..
وەکوو ئەو کاتەی لە دایکبووم
وەکوو ئەو کاتەی دایکم لە دایکبوو
ئازاد بووم... ئازاد...

دوو کورتە شیعر:

عەبدوڵڵا ئازەرمیدۆخت

ئەی کانیلەی شیر و هەنگوین..

ئافرەت نەبێ،
نە گەنم گوڵ ئەکات و
نە ئازادی بەشمان ئەبێ و
نە خاکیشمان لا پیرۆزە

خۆشم ئەوێی،
ئەی کانییەکەی شیر و هەنگوین..
خۆشم ئەوێی!
بە قەد خاک و
گوڵەگەنم!
خۆشم ئەوێی،
وەک ئازادی و
عەشقی گەورە..
ئەی کانیلەی شیر و هەنگوین..
ئەی سەرچاوەی پێکەنین و
گریانی مەنگ..
خۆشم ئەوێی!

***

ڕێبەندانی ١٣٧٥ هەتاوی

بەند

ئەی ئافرەت!
ئەی مرۆڤی هەرە گەورە!
ئەی شکۆمەند!

ئەی شاپەری گشت دوورە خەوێ!
«گەر لە درزێکی زیندانەکەتەوە تەماشام کەی
لووتکەکە ئەدۆزمەوە،
ـ گەرچی شەوە ـ
ئەمن چمە لە خۆر؟!
ئەگەر ڕوخسارت دەرکەوێ؟!

***

ڕێبەندانی ١٣٧٥ هەتاوی

رێبوار سیوەیلی

دانمارک

هندێ پێداچوونەوەی شیعری بە سالی ٩٧دا..

(تۆ)

١

بۆ ئەوەی بتوانم پێش هاتنی خەو
جوانی تۆ
وەک چیرۆکێ بخوێنمەوە،
دەبێ کتێبێ بنووسم،
پەڕەکانی لە ئەستێرە بێت و
بەرگەکەی لە شەو..

٢

دوو ساڵە دەتناسم و
دوو سەد شەڕمان کردووە
لە ساڵی سێهەمدا،
شەڕەکان دەبنە چیا
چ خۆشەویستییەکە
چیای شەڕی ڕاگرتووە؟

٣

بە لەشی تۆوە
شوێن پەنجەکانی خوا دیارن:
سپیدەیەک گەشایی بە چاوت بەخشی و
خۆر ئاوابوون بە پەلەپەل
ڕەنگی سێبەری پێ هەڵپڕژاندی..
ئیتر هیلاک بوو ڕۆیی خەوت!
کە سبەینێ هاتەوە لات،
عەینەکەکەی نە دۆزییەوە،
بەڵام بینی،
چاوەکانت کاڵ کاڵ و سەوز
ئەسمەر ئەسمەر قەد و باڵات!

٤

جارێک نوقڵێکت دامێ
خستمە گیرفانی پاڵتۆکەمەوە.
کە هاوین تێپەڕی و تۆ ڕۆیشتییەوە
من هەموو شتێکم لە بیر کرد..
زستان هاتەوە،
ئەو ڕۆژەش کە دەستم بە گیرفانی پاڵتۆکەدا کرد
نوقڵەکەم بە دەستەوە هات،
خەریک بوو فڕێی دەم..
.. کە خواردیشم،
هەموو ڕۆژەکەمی شیرین کرد.

٥

یاری بە هەستەکانت مەکە،
هەستەکان پڕن لە باڕووت
لە نائومێدییەکاندا
چەکەرەی تەقینەوە دەردەکەن
ناخت دەکەنە وێرانەی جەنگ،
خۆشت بە قوربانی!

٦

وەرە ئاگری بەهانەکانت
لە ڕووباری ئامێزما بکوژێنەوە
لە پێخەفی ئاشتیا بنوو
نان و چایەک لە سەر سفرەی پێکەنین بخۆ
خۆر هەڵاتن ماچم بکە و
خۆر ئاوابوون مەچم بەرێ..

من و تۆ

٧

گاهێ بۆ منالیت ئەگری و
گاهێ هەست بە پیربوون ئەکەی
من لە یەکەمیاندا ژیرت ئەکەمەوە و
لە دووەمیشیاندا
لەگەڵتا دەست ئەکەمە گریان..

٨

با بێچووە کەرۆیشکێ ڕاگرین
کە شەڕمان بوو هەریەکەمان
کوڕێکی ئەم ژوورە دەگرین
ئەوسا بێچووە کەرۆیشکەکە بە قونە قون
نامەی من بۆ تۆ ئەهێنێ و
هی تۆش بۆ من!

٩

لەوە ئەچێ ئێمە قەت یەکترمان نەویستبێ
لەوە ئەچێ هیچ چارەمان لە یەک نەنووسرابێ
ئاژاوەکان لێمان بێتاقەت بوون،
لەوە ئەچێ
ئاشبوونەوە تەنیا شتی هاوبەشمان بێ!

١٠

ئەزانم ئەنجامی ئەم هەموو بیرکردنەی تۆ
باڵ گرتنی بە دواوەیە و ناگەمە جێ..
ئەزانم ئەنجامی ئەم هەموو ئەشکە
وشکبوونی بە دواوەیە و ناگەمە جێ
ئەزانم چیرۆکی من
تەنیایی باڵندەیەک دەبێ
نە دەتوانێ بۆ کەنار بگەڕێتەوە
نە دەشتوانێ زیاتر بفڕێ!
بە سەر ئاسمانی دەریاوە تەنیا خۆزگەی
کەوتنە خوارەوەی بۆ ناو بەلەمی دیدارێک
ئەبێ..

١١

دڵی من ترپەیەکە
بۆ شکاندنی سامی هەیبەتی مەرگ.
گەر ڕۆژەکان وشکترین خنکان بن،
دڵی من کانییەکە لە سەر چەقی سارای
ماندوویی
بۆ تەنیاییش،
ماڵێکی گەورەیە
هەم دەتوانیت پڕی کەیت لە فرمێسک
هەم لە نهێنی..

١٢

کردنەوەی هەر دەرگایەک پردێکە
لە وڵاتێکەوە دەمگەیەنێ بە وڵاتێکی تر..
لە وڵاتی یەکەمدا بیرکردنی تۆ ئاوارەم دەکا
لە نێوان هەردووکیشیاندا ون دەبم
گەر بشگەمە جێ،
بە وڵاتی یەکە دەڵێم: خەیاڵ
دووەمیشیان ناو دەنێم : ماڵ!

١٣

گرینگ نییە میوەی ئەم دوورییە
ئەشکە یان پاکبوونەوە
گرینگ نییە سەرابی ئەم تەمەنە
پرییە یان کۆم بوونەوە
گرینگ ئەوەیە
کۆتایی ئەم ڕێگایە بچێتە بن داری
لێکتری نزیکبوونەوە.

***

هاوار

هەڵەبجە و غازی ژەهراوی

شاری هەڵەبجەی جوانەمەرگ،
بووکی ناکامی شارەزوور،
یادی ڕۆژانی جارانی
سەیرانگای (زەڵم) و (گوڵان) و
کۆڕی گەرمی ناو باخی میر
بەهەشتی جوان و ڕازاوەی
داوێنی (گوڵپ) و(عەنەب)و
(عەبابەیلی)ی خنجیلانەی
لاپاڵی (باڵانبۆ)ی دڵگیر

شوێنی هەوارگەی دێرین و
ڕێبازی کۆچی گەرمیان و
کوێستانی (گەڵگە) و(کەلیخان)
جێ لانکە وبێشکەی ڕازاوەی
ئەحمەد موختاری شاعیر و
مەڵبەندی ئیلهامی شیعری
بە سۆزی مامۆستا گۆران

دەستە خوشکی نەشمیلانەی
شاری هەڵمەت وقوربانی و
هاوبیری ڕێی تێکۆشان و
خەباتی سەختی بێ ووچان

ئیمڕۆ سەراپای وێرانە
غەمگین و مات و ڕەشپۆشە
بۆتە گۆڕستانی پیر و
ژن ومنداڵی بێ تاوان
جۆشی لوولکی پاڵە و پاڵ
سۆزی لەڕەی کونی شمشاڵ
حۆیلانیی کێژۆڵەی جافیی
دەنگخۆشی سەرگرد ولاپاڵ
چریکەی دەنگی کناڵەیلی
هەرزەکاری دەزگیراندار
بۆ سیاچەمانەی هەوارامان

قاسپەی کەوی باڵ نەخشین و
کناچەی پۆڕی ناوچغورد و
فیکەی شوانی ڕانەمەڕ و
گاوانی گالوک بەدەستی
دەوری مێرغوزاری(زەردیان)

هۆرەی جووتیار و سەپانی
گۆڵە مەرەزە و خەرانی
گوێ(زەڵم)و(دەلێن) و(موان)
مەقامی قەتار و خاوکەر
بە شیعری بەرز و بە سۆزی
خاڵۆی مەولەویی (تاوگۆزی)
بۆ سەلەی (قەڵای شیروانە) و
بۆ ڕەوە ئاسکە سرکەکەی

(شاکەل) و پێدەشتی گەرمیان

بەدەستی هێزی فاشستی
نۆکەری سەرمایەداران
لە ماوەی پێنج دەقیقەدا
ورتە لە هەموویان بڕا و
بە هەزارانیان لێ خنکا و
وەکوو قەرەخەرمان سووتان

دێمۆکراتی ومافی مرۆڤ
مافی چارەنووسی گەلان
دەرکەوت سەراپای درۆ بوو
درۆشمی باررگانی بوون
بۆ چەواشەی خەڵکی سادەی
ساویلکەی کورتبینی نەزان

لەبەر چاوی هەموویانا
شاری هەڵەبجە وێرانە،
لە دەنگی پەپووی ناساز و
شین و چەمەرە بەولاوە
هیچ دەنگێکی کەی لێ نایە
نە کناچەی پۆڕی (زەردیان)ە و
نە قاسپەی کەوی (شنرۆ) و
نە جۆشی لاوی دەنگ خۆشە و
نە مەرحەبای سەر ڕێگایە

پەرداخی تاوانی فاشست
بە خوێنی ئاڵی شەهید و
بە فرمێسکی تازەبووکی
ناکام ودایکی کۆست کەوتوو
سەرڕێژە و لێوان لێوانە

تاوان گەیشتۆتە ئەو پەڕی
بە هیچ پێوانە وتەرازوویەک
ناپێورێ و هەڵناسەنگێنرێ

باری تاوان هەتا بڵێی
بارێکی قورس وگرانە

مەگەر تەنها لای ئەوانەی
ویژدان، دڵنەرمی، بەزەیی
وشەی ڕوونی سەر کاغەز بێ و
کەرەسەی دەزگا و دوکان بێ

مەگەر تەنها لای ئەوانە
بایەخی گیانی شەهیدان
لە ناو بازاڕی سیاسەتا
وەکوو تۆڵەکە هەرزان بێ
مەگەر لە لای هەڵپەرست و
کاسە لێس ومیللەت فرۆش
چاوپۆشین لە تاوانی وا
ڕووداوێکی ئاسایی بێ و
لەبیرچوونەوەی ئاسان بێ

(پیرەمەگرون)ی گەردنکەش،
هۆ (باڵانبۆ)، هۆ (شمیران)،
هۆ لووتکەی (شاهۆ) و (هەورامان)
شوێنەواری قەڵای سەختی
خان «ئەحمەدخان»ی ئەردەڵان
هەوارگەی کۆڕی تەهلیلەی
هەزاران پیر و مرید و
تەرانەی «گاتە» و«ئاوێستا»و
مەڵبەندی «باوە زەردەشت»و
ئاتەشکەدەی پیری موغان

لە دوورەوە چاوم لێیە
قوڵپی زووخاوی دەروونتان
وەکوو کوورە جۆشی سەندووە
بۆ کارەساتی جەرگبڕی
بووکی ناکامی کوردستان

زۆر دڵنیام، یەک بە یەکتان
وەک وێنەگرێکی دڵسۆز
لق و پۆپی دارستانتان
دەکەن بە پێنووس بۆ تابلۆی
ئەم ڕۆژە ڕەش و سەختەمان

تاشەبەردی قەد لاپاڵتان
دەکەن بە لاپەڕەی دەفتەر
بۆ تۆماری کارەسات و
بەسەرهاتی ئەم وەختەمان

وەک بەڵگەیەکی مێژوویی
دەیخەنە بەردەستی نەوەی
ئیمڕۆ و دواڕۆژی گەلی کورد

هەتا قین و ڕقی پیرۆز
لە دڵیانا جۆش بسێنێ و
تۆڵەسێن بێ لەوە دوژمنەی
وازناهێنێ لە قەڵاچۆی
ئەم میللەتە بەدبەختەمان

هۆ چینی چەوساوەی وڵات،
بەردی بناغەی ڕێبازی
خەباتی سەخت وکۆڵنەدان،
ڕۆشنبیری خاوەنبیری
گۆشکراوی قوتابخانەی
بیر وبڕوای پاک و بێگەرد،
ئەکەن تەمی نائومێدی
ڕێبازی ڕاستتان لێ ون کا
ساردبینەوە لە تێکۆشان

ئەکەن چەکی تێکۆشانتان
بدەنە دەست هەڵپەرست و
کۆنەپەرست و خۆفرۆشی
ئەڵقە لە گوێی داگیرکەران
باری دنیا هەروا تاسەر
بۆ کورد لاسەنگ وخوار نابێ
ڕۆژ هەر ڕۆژی زۆردار نابێ،
ڕەشبین مەبن، هاکا گوڕ و
تەوژمی هەستی سەربەستی
هەمووتانی کرد بە بورکان

ژێر پێی دوژمنی فاشستی
دەکەن بە پشکۆ و ژیلەمۆ،
دەچزێن بە ژێر پێیانا،
ڕیسوا و شەرمەزارییان ئەکەن
لە لای میللەتانی جیهان

خەیالی دوژمنی سادی و
خوێنڕێژ خەیاڵێکی خاوە
وەکوو «پیرەمێرد» ووتەنی
بەراتی نەجاتی میللەت
بە خوێنی شەهید نووسراوە،
گەلی کورد هەتاکوو ماوە
مل کەچ ناکا بۆ دوژمنان

بە کوێرایی هەردوو چاوی
داگیرکەرانی کوردستان
کلاوی کورد ئەبێ تا ماوە
قووچ بێ و ڕوو بکاتە ئاسمان
سەر نەوی ناکا بۆ مافیای
ڕەگەزپەرستی بێ ویژدان

***

١٩٨٨/٢/٢٥

گوڵی زەرد

ھ. ا. سایە

گوڵی زەرد و گوڵی زەرد و گوڵی زەرد
وەرە تاوێ بناڵێنین لە تاو دەرد
هەتا هەوسار لە دەستی ناکەسان دا
دەکا زوڵمێ لە ئینسان پیاوی نامەرد!

ئەنزەلی، فەروەردینی ١٣٥٣

وەرگێڕانەوە: هێرش

دوو کورتە شیعر:

ئەحمەد عارف

لە ژووری کرتووخانەدا

ئاگاداری دیواری بەرد؟
دەرگای ئاسن، دەڵاقەی کوێر،
باڵیفەکەم، ڕایەخەکەم، زنجیری دەست!
دێم و دەچم لەو بەندەدا وەکوو مردوو،
وێنەی خەفەت بە تاریکی
ئاگاداری؟
ناردبووی بۆم تەرەپێواز، کێشکچییەکەم
ئاگاداری بۆنی مێخەک دەدا جغارەکەم
بەهار هاتووە لە چیاکانی وڵاتەکەم...

ئەوینی تۆ

ئەوینی تۆم قەت بەر نەدا
برسی مام، تونی مام
شەو نەنگوستەچاو
گیان نامۆ، بێدەنگ،
لەش کوت کوت،
کەلەبچە لە دەست
بێ تووتن مام، بێخەو مام
ئەوینی تۆم قەت بەرنەدا.

وەرگێڕان لە تورکییەوە: حەسەن ئەیوب زادە

* ئەحمەد عارف شاعیری بە ناوبانگی کورد لە کوردستانی باکوور بە تورکی شیعری نووسیوە. ئەم دوو پارچە هۆنراوەیەی لە کتێبی Hasretinden Prangalar Eskittim چاپخانەی Istanbul-cem yayinevi بە تورکی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

سێ تەرجەمە شیعر:

ناهید حوسێنی

١) موروومشەوە

لەوساتەوە
دەستی ئەوین
دوو موروومشەوەی پێدام
هەموو شتێک ڕەش ئەبینم
لە ناو دڵما
نوتفەی عەشقێکی ڕەش خوڵقاوە
ژاراو هەڵئەهێنمەوە و
مەگیرانی هەتاو ئەکەم...

١٣٧٥/٦/١٣

٢) شوێنی پێی هەتاو

لە خۆر ئاوابوونێ ئەفسووناوی
کاتێ مانگەشەو
تاجی شاژنی ئاسمان
بە ئارامی لەسەر ئەنێ
کە دیواری نائومێدی
درزی تێئەکەوێ و
ڕوو لە ڕووخان ئەکا
پەنجەی سارد و
غەریبترین ئاوازم
شوێن پێی هەتاو هەڵئەگرن...

١٣٧٥/٧/٥

٣) پێکەنین

گێژەڵووکەی کامە هاوار
تێکی داوە هێلانەکەت
کامە تۆفان
هیواکانی ڕامالیوی
بێ، پێکەوە
هێلانەیەک سازکەینەوە
گۆرانی ژینێکی تازە بڵێینەوە
ئینجا.. پێبکەنین
بە تۆفان
بە گەردەلوول
بە ئازار و ڕەنجی شەوان.

ساڵی ١٣٧٣

شیعر و ڕۆشنبیریی یی

ئازاد حەمە

ئەنژە

بەسەردەمیکردنی دەربڕین و ئاخاوتنی شیعری و ڕێڕەوی ڕەخنەی شیعری ڕۆشنبیرییەکی زۆر فرێدەداتە ناو کاری شیعرنووسین و کرداری ڕەخنەسازییەوە. هەروەها دیاردەی بەڕۆشنبیریکردنی شیعر و ڕەخنە پێداویستییەکی پڕ لە ناواخنی وتاری ئەمڕۆی ڕۆشنبیری نوێی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە پرۆسەی وتاری ڕەخنەیی و وتاری شیعرییان لە پاشکەوتندایە.

ئەم بابەتە کە بەسانایی خۆی لە قەرەی بابەتی پێوەندی نێوان شیعر و ڕۆشنبیری و، ڕەخنەی شیعری و ڕەخنەی ڕۆشنبیری داوە ناتوانێ گشت هێواو خواستەکانی کرداری بەڕۆشنبیریکردنی شیعر و ڕەخنە بهێنێتەدی. جێگای درکاندنیشە، پەیڤێن لەسەر پێوەندی نێوان شیعر و ڕۆشنبیری و، شیعر و ڕەخنە، لە ژیانی شیعری و ڕۆشنبیریاندا جۆرە موحاسەبەکردنێکی لەسەرخۆی بابەتی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی کرداری شیعری و کرداری ڕەخنەی ڕۆشنبیریانە. هەروەها جۆرە هەوڵدانێکی ترە بۆ دووبارە خوێندنەوەی ئەزموونی ڕەخنەی شیعری و ئەزموونی ڕەخنەی ئەدەبیمان.

لە بەستێنی ئەم باسەدا مەبەست لە بەڕۆشنبیریکردنی شیعر ئەوەنییە کە تێکستی شیعری ببێتە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی چەمکی شیعری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، یان وا لە دەربڕینی شیعری بکرێ کە ببێتە دەروازەیەک بۆ گوزارەکردن لە خەونە ئەنسکلۆپیدییەکان ـ مەوسوعییەکان ـ بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەرکی دەربڕینی شیعری (یان تێڕامانی شیعری، ئاخاوتنی شیعری، دیالۆگی شیعری، چەمکی شیعری) ببێ بەوەی کە بەشداری لە بەرهەمهێنانی مانا و چێژدا بکا و، ڕێزمان و ڕەوانبێژی زمانی شیعری لە شتە ئاکسیۆمییەکان ـ بەدیهییەکان ـ دوورخاتەوە. بەڕۆشنبیریکردنی شیعر ڕێگایەکی ترە لە بەردەم نووسەری شیعریدا کە بتوانێ وا لە شیعر بکا توانایێکی نادیار و بێ سنووری لەوێنەکردنی شتەماددییەکان و لە بەرهەمهێنانی میتافۆر (ئیستیعارە) و لە خوڵقانی میتافیزیک و جوانکاریدا هەبێت. بەم شێوەیە، بەڕۆشنبیریکردنی شیعر ئەوە ناگەیێنێ کە شاعیر بێت و تێکستێکی ڕۆشنبیری بنووسێ. چونکە ئەوە دەکرێ بەهۆی نووسینی تێکستێکی ڕۆشنبیرییەوە ئەنجامبدرێ نەک لەژێر سایەی تێکستێکی شیعریدا. جگەلەوە، پرۆسەی بەڕۆشنبیریکردن لە بواری شیعر لە پرۆسەی بەڕۆشنبیریکردن لە بواری ڕۆشنبیرییە جۆربەجۆرەکان (مێژوو، کۆمەڵناسی، سیاسەت...) جیاوازە. لەبەرئەوەش کە، دارشتنی ناواخنەکانی وتاری شیعری و ئەدەبی لە دارشتنی ناواخنەکانی وتاری ئایدیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی جیاوازە ئەو چوونە نێویەکدییە وتارییە(Interdiscours) کە لە ئامێزی وتاری شیعری و ئەدەبیدا لە دایک دەبێت بەهیچ جۆرێک لە نێو وتارە ئایدیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژەکاندا بەدیناکرێ. لەم لایەنەشەوە زانستی زمانەوانی هاوچەرخ تاکە بوارێکە کە توانیویەتی ئەم جیاوازی و لێکنەچوویەی نێوان وتاری شیعری و ئەدەبی و، وتاری ئایدیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی دەرخا.

سەرەڕای ئەوە، لە ئامێزی ئەم باسەدا شیعر وەک ڕۆشنبیری یان وەک بواری بۆ بەرهەمهێنانی زانین تەماشادەکرێ و ڕۆشنبیریش وەک چەمکێکی هونەری بەکاردەبرێ. هەر لەبەرئەوەش کە شیعر کیمیایێکی ئالۆزی دەروونە دەتوانێ ئەو بەرپرسیاریە مرۆڤایەتییە بگرێتە ئەستۆ و، ڕاستی کرداری شیعریش دەکارێ ئارختۆکتۆری تێکستی شیعری لە ئارختۆکتۆری تێکستەکانی دی جیاکاتەوەو، ئەوجۆرە شیعرەش کە بەم ڕۆشنبیرییەوە دەنووسرێ شاعیرو خوێنەری شیعری دەگەیێنێتە ئاستێک کە هەردوو دەتوانن لە وێڕا (نێرڤانا)ی خۆیان بەدەستبهێنن.

شیعر و بوون

تەنێ بە ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان شیعر و بوون شیاوە گومڕایی و ئالۆزییەکانی پرۆسەی بیرکردنەوە لە شیعر و لە بوون، لەم دوودیاردە سەرمەدییە، سانابکرێ. بۆیە گەر ئێمەی نووسەر و خوێنەری شیعر بکارین لەوە بگەین چۆن چۆنی بوونی مرۆڤ دەکەوێتە ناو ناواخنی شیعرەوە؟ چۆن چۆنی ڕەگەزە جیاجیاکانی شیعر دەتوانێ بوونی مرۆڤ بنەخشێنێ؟ یاخود چۆن چۆنی دەگونجێ لە شیعرێکدا بوونی مرۆڤ و بوونی گەردوون بخوڵقێنرێ؟ ئەوا دەکارین پەیڤێن لەسەر ئەوە بهێنینەکایەوە کە شیعر بەزمان یەکسانە و، ناوەڕۆکی شیعریش بەقەولی هێدگەر (Heidegger) بە ناوەڕۆکی زمان هاوتایە. ئەمجۆرە بەهاوتاکردنە لە نێوان کرداری زمان و کرداری شیعر یارمەتی ئەوەمان دەدا بێژین دەربڕینی شیعری کاتێک بەشداری لە بەرهەمهێنانی زانیندا دەکا کە شیعر گەردوونی لەخۆگرتبێ. بۆ پتر بتەوکردنی ئەم ڕاوبۆچوونەمان دەچینەوە سەر دیدێکی (هێدگەر) کە دەڵێ: شیعر ئەو بناغەیەیە کە مێژووی لەسەر بنیاد دەنرێ. بەپێی ئەم بۆچوونەبێ شیعر تەنیا دیاردەیەکی ڕۆشنبیری ڕووت نییە، هەروەها تەنیا دەربڕین نییە لە ڕۆحی ڕۆشنبیری بەڵکوو شیعرلەتوانایدایە ڕەهەندی دی بەبوون بدا و تراژێدیاکانی بوونەوەر نەمرێکا. ئەمەو، هەر بەهۆی شیعرەوەیە کە لە دەسەڵاتدا دەبێ نووسین تێکەڵ بە مرۆڤایەتی بکرێت.

بەڵام با بزانین چۆن دەکرێ پەیڤی شیعری ببێ بە بوونەوەرێکی مرۆڤایەتی؟ ئێمە وەک بوونەوەر پێوەندێکی قووڵمان لەتەک پەیڤدا هەیە. کاتێکیش کە ئەو پەیڤانە پەیڤی شیعری دەبن ئەوا ئەو پێوەندییە ڕەوتێکی تەواو جوداواز وەردەگرێ. هەروەها لە کاتێکدا لە ئامێزی شیعردا کە هەنگاو بەرەو بەمرۆڤایەتیکردنی شیعر دەنرێ ئەم هەنگاوە گۆڕانی بێ سنوور دەخاتە هەست و دەربڕینە شیعرییەکانەوە لەلایێک و، لەلایێکی دیشەوە لایەنی نیستاتیکی بە لایەنی ڕەوشتی موتووربە دەکا و پێوەندی نێوان چێژ و کەڵکیش بەتین دەکا. شیاوی وتنە کە،

لێخوردبونەوە لە حاڵەتی مرۆڤ و مانای دەوروبەر لەبواری شیعردا ئەوەمان یاددەخەنەوە کە شت و بوونەوەرەکانی ناو سروشت مەتریالی سەرەکی شیعرن. هەروەها شەڕی بەردەوامی شاعیر لەگەڵ پەیڤدا، کە خۆی ئەم شەڕە لە پێناوی بەرهەمهێنانی جوانکاری و مانادایە، دەروازەیێکە بۆ ئامادەکردنی ڕاستی بوون لەناو شیعرا. با ئەوەشمان لەیادنەچێ کە، شاردنەوەی ڕاستی بوون لە شیعر یاخود خۆشاردنەوەی شاعیر لە ڕاستی بوون بە زیانی کارە شیعرییەکە دەگەڕێتەوە.

هەر لەژێر سایەی ئەم بۆچوونەشدا دەڵێین، شیعر، کە دیاردەیێکی زمانەوانی و فەلسەفی و جوانکارییە، هەوڵدانە بۆ دەربڕین لە نهێنییەکانی بوون و لە شتە نادیار و نەدرکێنراوەکانی گەردوون. یان شیعر کۆششکردنە بۆ هێنانەکایەوەی دوان و خولقاندنی دەمەتەقێ لەتەک نەبینراو و نەبیستراوەکاندا. شیعر ئەم نهێنییە بوناوییە، ئەم کودەتا کۆسمۆلۆژییە سەماییێکی ڕەهای ڕۆحە لە ساتە پەشێو و ڕاڕاکاندا.

بەدیهێنانی ئەم ئەرک و ناواخنانەش لە منداڵدانی شیعرا وا لە خوێنەری شیعریی دەکەن بۆ پەیبردن بە ڕۆحە بێ ئۆقرەو سەردەرۆکەی شاعیر وێڵ و سەرگەردانی هەوراز و نشێوەکانی دونیای شیعر بن. هەر ئەم لایەنەشە وای لە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هێدگەر) کردووە، لە بەستێنی ئەو لێکۆڵینەوە ئەنتۆلۆژییەی کە لەمەڕ شاعیری ناوداری ئەڵمانی هۆڵدرلین(Hölderlin) ئەنجامیداوە، پرسیاری ئەوە ئاراستەی خۆی بکات کە: بۆ دەبێ من هۆڵدرلین هەڵبژێرم و لێکۆڵینەوەی لەسەربکەم نەک گۆتە (Goethe)، شکسپیر(Shakespear)، دانتە(Dante)، ڤیرژیل(Virgilius)، سۆفۆکلیس(Sofokles)و هۆمیرۆس(Homeros)؟ ئایا لەبەرئەوەی جەوهەری شیعر لەسەردەستی (هۆڵدرلین) پێکهاتووە؟ لەدرێژەی ڕاڤەکردنەکەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە(هێدگەر) ئەو ڕاڤەکردنەی لەسەر ئەو بناغەیە ئەنجامداوە کە (هۆڵدرلین) توانیویەتی نوزمی جەوهەری شیعر لە هۆنراوەدا جێگابکاتەوە.

ئەک هەر ئەوە، بەڵکوو گەشتە ئەنتۆلۆژییەکانی شاعیری ناوبراو بە نێو بووندا و، تێفکرین لە کرداره سەیرەکانی داهێنەری گەردوون زیاد لە گشت شتێک پرۆسەی خولقاندنی شیعریی شاعیریان مانادار و بەهادار کردووە. کەواتە، بۆ ئەوەی لە شیعر لەم بەرەکەتە گەردووناوییە بگەین پێویستمان بەوەیە کە پێوەندێکی ڕۆحیمان بە ئاسمانەوە هەبێت. چونکە، بەبێ ئەو پێوەندییە ڕۆحییە نە ئەتوانین ئەو پەیڤە شیعرییانە بەرهەمبهێنین کە دوو مەودا بەیەکدی دەگەیێنن، نەش ئەتوانین میتافۆری شیعری بەرفراوان بخولقێنین. بێجگەلەوەیکە، شیعر دەبێ بکرێ بە وتارێکی ئەوتۆ کە لە پێش هەموو کەسێکەوە ئاراستەی خۆ (لێرەدا مەبەست لە خودی شاعیرە)بکرێ. بەباوەری ئێمە، هەر ئەمەشە ناوەڕۆک و ڕاستیی وتاری شیعری و جیاوازی ئەم وتارە لە گەڵێ ڕووەوە لە ناواخنی وتارە جۆربەجۆرەکانی تر (وتاری سیاسی، وتاری سۆسیۆلۆژی، وتاری ئایدیۆلۆژی و...)، کە لە بنەڕەتدا ئاراستەی ئەوی دی(the other) دەکرێن نەک خۆ. کەوا بێت، لە بەرئەوەی سەرچاوەی هەڵقوڵانی ڕای شیعری ـ دەڵێم ڕای شیعری ـ چونکە شیعرنووسین ڕادەربڕینە لەمەڕ دیاردەکانی بوون؛ سەرچاوەیێکی خۆییە و، ناکرێ ئاراستەی ئەوی دی بکرێ. بۆیە لە دامێنی شیعرنووسیندا دەکرێ مرۆڤ پتر لە هەموو کەسێکی تر لە خودی خۆی نێزیک ببێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە لەم نێزیک بوونەوەیەی خودلە خۆی چی وەبەردێ، ئەوا هەوڵدەدین بۆچوونێکی فەیلەسوفی فەرەنسی پۆل ریکۆر (P. Ricaur) بەسەربکەینەوە کە دەڵێ: شیعر پرۆژەی وێرانکردنی خودە. بەبڕوای ئێمەش، ئەم وێرانکردنە کە دێتە سەر هەبوونی خود نێوانی شاعیر و شیعر بەتینترەکا و پرۆسەی توانەوەی شاعیریش لە ناو مانادا خێراتر دەکا. واتە، شاعیر بۆ ئەوەی بەهۆی مانا شیعرییەکانیەوە بزاڤی جیهان بوەستێنێ یان هەموو بوون بوورووژێنێ پێویستی بە وزەو دینامیکییەکی ڕۆحی مەزن هەیە. بەڵام لەبەرئەوەی شیعر هێزێکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و فیکری هەیە دەتوانێ لەو جیهانەی کاری تێدادەکا تاکێتی(Individual)بوونەوەر بەرامبەر بە هەمەیی (Totalitar) گەردوون دەرخا. ئەمەش بەڵگەیێکی ترە لەسەر ئەوەی کە، تەنیا شیعرە دەتوانێ بەگەمە و گەشتەکانی بگاتە ئەودیوی پەیڤەکانی بووغان. وێرای ئەمە، لەدامێنی شیعرا چەند گرینگە کە شاعیرکۆیێتی (colective)خۆی لەیادنەکا ئەوەندەش گرینگە کە تاکێتی خۆی لەدەست نەدا.[1]

بەگشتی ئەوی لەسەرەوە باسکرا ئاماژە بەوە دەکا کە شیعر نووسین ڕێگاییێکی ترە بۆ دەربڕین و دوان، بۆ بیرکردنەوە لە شتە بیرلێنەکراوەکان. بوونی شیعریش کە وابەستەیە بە هێزی دەربڕین و دوانەوە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ژینالۆژیا (بنەچە)ی دیاردەکان و، دوورکەوتنەوە لە گوتراوەکان و دوێندراوەکان. ئەڵبەتە، پێشبینی ڕووداوەکانی بوون و دیاردەکانی گەردوون گرینگی خۆیانیان لە ژیانی کرداری شیعریا هەیە. بەڵام ئامادەکردنی نادیار و ڕوونەدراوەکانی بوون و بەناگاهێنانی خوێنەری شیعری لێیان وەستایێکی شیعریی باڵای دەوێ. ئەم وەستایەتییەش تەنێ بەچۆنیەتی داڕشتنی گوتراوە شیعرییەکەوە وابەستەیە نەک شتێکی تر. شیاوی وتنە، مەسەلەیێکی دیش لەم بوارەدا لەناراددایە ئەوەش دیاردەی چلۆنیەتی ناولێنانە لە پەیڤ و چەمکە شیعیەکان یاخود چلۆنیەتی ناو دۆزینەوە بۆ دیاردە و ڕووداوەکانی دامێنی گەردوون. ئەم گرینگی پێدانەی ئێمەش بەمەسەلەی ناونیشان دۆزینەوە بۆ دەربڕین و تێڕامانە شیعرییەکان لەسەر ئەو بناغەیە بنیاد نراوە کە لە شیعرا بیرکردنەوە لە (بیرلێنەکراوەکان، نەگوتراوەکان، نەدرکێنراوەکان، هەست و درکپێنەکراوەکان) لە ڕەهەندی مانا و وێنە شیعرییەکان و ئاقاری نهێنیەکانی دوانی شیعری زیاددەکا. بەڵام داهێنانی ئەمجۆرە بیرکردنەوانە لە شیعرا توانایێکی ڕۆشنبیری فەلسەفی و ڕەوانبێژی چاکی دەوێ. خودی ڕۆشنبیرییەکەش وا لە شاعیر دەکا کە وەک هەڵکۆڵەرێک لەناو جوانکاری بوون و مانادا کاربکا. بەخۆیشی زانینی شاعیر لەسەر بوون و زمان ئەو پرۆسەیە بەرهەمدێنێ کە دەکرێ بە پرۆسەی (بەرۆشنبیریکردنی شیعر) ناوزەد بکرێ. ئەم پرۆسەیەش لەتوانایدایە ڕاستییە ئەنتۆلۆژی و تراژێدییەکانی بوون یادخاتەوە و، ناواخن و فۆرمێکی نوێ بۆ کرداری شیعر نووسین داهێنێ.

لەڕاستیدا، ئەو بۆچوونانەی سەرەوە لەمەڕ توانای شاعیرو ئەرکی شیعر هاتمان دەدن بپرسین بۆچی شاعیر هۆنراوە دەنووسێ؟ بۆچی دەربڕین و هەست ڕوو لە نووسین دەکا؟ هەروەها کەڵک و سوودی نووسین چی یە لەکاتێکدا ئەو نووسینە شیعر بێ؟ پێمان وایە گەر نووسین هەوڵدانێک بێت بۆ ڕوونکردنەوەی نامۆیەکانی ژیان ئەوا نووسینی شیعری هەنگاو هەڵهێنانە ڕووەو ناوچە ڕاڕا و بێدەرەتانەکانی گەردوون. ڕووەو ئەو شوێنانەی کە مەرگی تێدا سەوزدەبێت. گومانیشی ناوێ، تەنیا هەستی ڕەخنەیی و چێژی شیعری خوێنەریشە کە لە توانیدایە ئەم ماهیەت و ناواخنەی شیعر والابکات. ڕەوایە لێرەدا ئەوە دەستنیشانبکرێ کە ڕاڕای دەربڕینی شیعری سەرچاوەکەی ڕۆح و دەروونە و، زمانیش، کە پێکهێنەرو ڕاگری ئاخاوتنی شیعرییە دەرهێنەری ڕاستەوخۆی ئەو شیعریەتەیە کە لە ناخی مرۆڤدا ئامادەیە.

ئەم بۆچوونەشمان بۆ خودی کرداری شیعر نووسین یارمەتی باشمان

دەدا لەو پرسیارە بگەین کە بیریاری ئەڵمانی (هێدگەر) لەکارە فەلسەفییە ئەنتۆلۆژییەکانیدا بەم شێوەیە وە ڕووی خوێنەری شیعری خستووە: بوونە شاعیر یان بوونی مرۆڤ بە شاعیر چی دەگەیێنێ؟ یان وەکی تر، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە فەلسەفییەی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەکرێ ئەم شێوە ڕاڤەکردنەش بگیرێتە بەر.

بوونی مرۆڤ بە شاعیر واتە بوونی مرۆڤ بە خەمخۆر و نازار چێژی بوون. یان هەروەک شاعیری بەناوبانگی پورتوگالی فیرناندۆ پێسۆوا (F. Pessoa) بڵێ دەچێ کە شاعیر ناخۆشی دیدە، یان بە بڕوای ئێمە، شاعیر ئەو بوونەوەرەیە کە ئەو شیعرییەتەی لەناخی داخی دا ئامادەیە بە گومڕایی و نهێنییەکانی بوونی تێکەڵدەکا. بەم پێیە کرداری شیعر نهێنییەکی گەورەیە لە ژیانی مرۆڤ. بەڵام نووسینی ئەم کردارە بە زمانێکی عەقڵانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە خەونەکانی ئەم نهێنییە کەم بکاتەوە. وێرای ئەوە، دروستکردنی فەلسەفەیێک تایبەت بەبوون لە شیعرا لێزانینێکی زمانەوانی و جوانکاری و فەلسەفیی تایبەتی دەوێ. بۆیەش دەڵێین لێزانینێکی تایبەتی دەوێ، چونکە ئەو لێزانینە دەکارێ ناقاری تێڕامانە فەلسەفییەکانی کردارە شیعرییەکە لە ڕاوبۆچوونی فەلسەفیی رووت دوورخاتەوە. کە بە بڕوای ئێمە کەسی شاعیر دەتوانێ ڕاوبۆچوونە فەلسەفییەکانی لە دووتوێی سەرووتارێکی فەلسەفییدا جێگابکاتەوە نەک لە ئامێزی تێکستێکی شیعریدا.

بەمە (بەفەلسەفیکردنی شیعر) مانایێکی جیاوازی هەیە و ڕۆشنبیرییەکی جیاوازیشی دەوێ.[2] بەڵام هەرچی پێوەندی شیعرە بە هۆش(Intellect) و تێگەیشتنەوە، ئەوا کاریگەری خۆی بەسەر چۆنیەتی خوڵقاندنی واتا و مانا شیعرییەکان بەجێدێڵێ و ،هەروەها ئامادەبوونی هۆش و تێگەیشتن لە منداڵدانی دوانی شیعریدا، ڕێگا بۆ خوڵقاندنی سیستەمێکی شیعری جوداواز خۆشدەکا. ئەم جیاوازییەش بەبێ گومانەوە جیاوازی دەخاتە سێستەمی نیشانە و زماوانیی کارە شیعرییەکەوە.

بەڕۆشنبیریکردنی شیعر و ڕەخنەی شیعری

بەڕۆشنبیریکردنی شیعر، کە بەمانای تازەگەریکردن لە شیعر بەکاردەبرێ، ئەو هەوڵەیە کە ڕۆڵێکی زۆری لە بەرهەمهێنانی بەڕۆشنبیریکردنی ڕەخنەی شیعریدا هەیە. ئەم پرۆسەیە (بەڕۆشنبیریکردنی شیعر) سەرەتایێکی باش بۆ تیۆری شیعری نوێمان دادەمەزرێنێ و، کرداری شیعر نووسینیش دەخاتە بەر بەرپرسیارێتیکی ڕۆشنبیری فەلسەفی و جوانکاری و زمانەوانییەوە.

ئەم ڕۆشنبیرییانەش (فەلسەفی و جوانکاری و زمانەوانی) داوامان لێدەکەن تێگەیشتنمان لەسەر باری کارکردنی زمانی شیعری هەبێت.

دەسەڵاتی زمان لە ناو تێکستی شیعریدا لەسەر ئەو بناغەیە گەشە دەکا کە شاعیر بکارێ باس لەچەندین ڕووی دیاردەکانی بوون بکا نەک ڕووەو دیار و ڕاستەوخۆکانی. کەوابێ تێڕوانینی نوێ بۆ زمانی شیعری قووڵایی ئەو ڕۆشنبیرییە زیاد دەکا کە پاڵپشتی کرداری شیعر نووسینە. شیعر نووسینیش،کە کردارێکی زمانەوانییە، لە ئامێزی زماندا گەشەدەکا. لێرەدا، بۆ بتەوکردنی مەبەستەکەمان دەگەڕێینەوە باوەشی ڕوایێکی شاعیری ئێرلەندی شیمۆس هێنی (S.Heaney) کە دەڵێ: شیعر لە ناو ناوچەکانی ڕۆشنبیرییدا هەیە .بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ژیانی یەکەمی شیعر لە گۆڕەپانی زماندا ئامادەیە.

زمان کێڵان لە ناو شیعردا کرداری پێنووس دەگۆڕێ و، واش لە نووسین ـ ئەڵبەتە شیعری ـ دەکا کە هەڵکۆڵین لە نەگوتراو و لە فەرامۆشکراوەکان بکا. هەر بەم بۆنەیەشەوە دەڵێین، لەچەندین ڕوانگەوە پرۆسەی شیعری هاوچەرخ لەلایێک و ، نوسین لەلایێکی دی قەرزداری شاعیری هێماخوازی فەرەنسی مالارمێ (Mallarmé)یە، کە یەکەم کەس بووە لە ڕۆژئاوا لەمەڕ نووسین دواوە و، لە ئەزموونە شیعرییەکانیدا هەوڵیداوە جیاوازی بخاتە نێوان ئەو پەیڤانەی کە قسەدەکەن ـ دەدوێن ـ و ئەو پەیڤانەی کە وەک خۆیانن. بەڵام لە بەرئەوەی شاعیر ئەو بوونەوەرەیە کە دەتوانێ گوێی لەوە بێ کە کەس گوێی لێنابێ ـ نەک بە پێچەوانەوە ـ دەتوانێ بە زمان دەمامکە دەرەکی و ناوەکییەکانی ژیان بشکێنێ و، ئەوەش بسەلمێنێ کە شیعر تیۆریزەکردنێکی ئەبستراکت (abstract) نییە. بەم پێیە، زمانی شیعر ئەو شتەیە کە هەبوونی ژیان تێدەپەڕێنێ و وامان لێدەکا کە بیربکەینەوە و خەم بخۆین ونازار بچێژین و چێژ بەدەست بهێنین. مەبەستم، زمانی شیعر ڕەوتی مرۆڤ بەرەو ناوچەکانی نەبوون و نهێنی ناراستەدەکا. ئەو ڕاڕاییە ڕۆحییەی کە بەهۆی شیعرەوە لەدایک دەبێ توانەوەی خود ـ خودی خوێنەر ـ لەناو مانا شیعرییەکانا بێ گومان دەکا. هەر ئەوەشە وایکردوە کە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ کرداری شیعریی دەکرێن ناسنامەی نووسینی شیعری بەهۆی زمان و پەیڤە شیعرییەکانەوە بەرباس بخەن.

گەر لەم بوارەدا پتربدوێین ئەوا دەبێژین، ڕەگەزەکانی بنەمای شیعریی کارە شیعریەکانی هاوچەخ (بۆ نموونە ڕۆنییە شارR. Char، نۆکتاڤیۆ پازO. Paz، ژۆزێف بڕۆدسکیJ. Brodsky، شیمۆس هێنیS. Heaney، دێریک والکۆتD. Walcott و...هتد) ئەوەمان لا بایەخدار دەکەن کە فرەمانایەتی مەرجی گەورەیە بۆ پەرەدان بە لایەنی ئیستاتیکی و مۆرفۆلۆژی کرداری شیعری. ئەڵبەتە ڕەهەندە زەینی و ڕۆحی و مەعنەوییەکانی ئەو مانایانەیش کە لە منداڵدانی بەرهەمێکی شیعریدا دەهێنرێنە دونیاوە تەنێ لەکاتی شیکردنەوەی هەمە جەمسەریی ڕێڕەویدا بۆ خوێنەری شیعری ئاشکرا دەبێت.

هەروەها کەسی شاعیر، کە بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی کرداره شیعرییەکەیە، گەر ئاوڕێ لە تیۆری ڕەخنەی شیعری بداتەوە لەوە بەئاگا دەبێ کە پەرەسەندنی شارستانی و ڕۆشنگەری کاریگەری تایبەتی بەسەر شەپۆلە ڕەخنەییە شیعرییە نوێکانەوە بەجێهێشتووە و توانای کاری ڕەخنەی شیعری گەیاندۆتە تیۆریزەی باڵا. ڕێڕەوە ڕەخنەییە شیعرییە نوێکانی سەردەم، کەچەند ڕێڕەوێکی ئەپستیمین، بەزۆری لەژێر سایەی ڕێڕەوی ڕەخنەی فۆرمالیستی و بنەماخوازی و میتا(ئەودیو) بنەماخوازی و هەڵوەشاندنەوەگەریدا سەریان هەڵداوە و پەرەیان بەکاری ڕاڤەکردن و هێرمۆنتیکا(تەئویل) داوە واتە تیۆری ڕەخنەی نوێی شیعری ڕەوایەتێکی شیکردنەوەی زۆری دروستکردووە و دەسەڵاتی کاری ڕەخنەیی کردووە بە پیشەیێکی مێتۆدی.

هەرلێرەدا شوێنی گوتنە، بە پێی ڕۆشنبیری ڕەخنەیی سەردەم بواری داهێنانی شیعری لە بواری داهێنانەکانی تر (شانۆ، مۆسیقا، سینەما، تابلۆ کێشان...) جیاوازە. ئەم جیاوازییەش ڕەنگدانەوەی خۆی بە سەر کاری ڕاڤەکردن و توێژینەوەشەوە بەجێهێشتووە. ئەمەش لەبەرئەوەی، لەلایێک ئاستی داهێنان و ڕۆشنبیری هەریەک لەو بوارانە تایبەتێتی خۆی هەیە و لەلایێکی دی وەرگر و هەڵسەنگێنەری خۆی هەیە. بەڵام لەبەرئەوەی کە، دیاردە ئەنتۆلۆژییەکان بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی ئەو داهێنانە جۆراوجۆرانەن بۆیە زۆر ئاساییە کە تێهەڵکێشان لە دەربرین و ڕوانینەکان بۆ جوانکاری و ڕەوشت و لۆژیک لەنارادا بێت.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ یەکلادەکاتەوە کە شیعر جۆرە خەونێکی ڕۆحی و جوانکاری و ویژدانی تایبەت جڵەوی دەکا و وەک باڵاترین کرداری پەیڤینیش خۆی دەردەخا. گرینگە جوانکاریش لە ژیانی شیعردا بەوە ڕۆندەکرێتەوە کاتێ کە شیعر دەکەوێتە زۆرانبازی و

ململانێ لەتەک دەروەندا، پێویستی بەجوانکاری هەیە. ئەم جوانکارییەش لەناو تێکستی شیعریدا بەهۆی هەوڵە زمانەوانی و فەلسەفی و سیمیۆلۆژییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێ. ئەو لێخوردبوونەوە شیعرییانەش کە لە ئایدیالیسمێکی ئیستاتیکیی قووڵەوە سەرچاوە هەڵدەگرن توانایان هەیە کە بنەماییێکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و فیکری باش بۆ ئەو بنەما شیعرییە دارێژن کە کەسی شاعیر ئەیخوڵقێنێ. بە واتاییێکی تر، نووسینی خۆشیی و ئازار و خەون و چێژەکان، یان ئەوانەی لەناخماندا دەژین، تەنێ بە شیعر جوانکاری بەدەستدەهێنن. ئەگەر بەقەولی شاعیری ئەمەریکی بە ئەسڵ ڕووس (ژۆزێف برۆدسکی)ش بێت هەر جوانکارییە کە دونیا ڕزگاردەکا.

شاعیری ڕۆشنبیریش یان ئەوشاعیرانەی کە بە ڕۆشنبیرییەکی ئەنتۆلۆژییەوە شیعر بەرهەمدێنن دەزانن تێکستی شیعری کردارێکی زمانەوانییە و لێکدانەوەی ڕەهەندی جوانکاریی داهێنانیش لەسەر بناغەی زمانەوانی مەرجی گرینگە و بنەمای ناوەوەی جوانکاریش هەر بەهۆی ئەمجۆرە لێکدانەوەیەوە وەڕوودەخرێ. بەڵام لەبەرئەوەی شیعر گەران بەدووی بوون و یەکلاکردنەوەی ڕاستی جیهان و دەوروبەرە، ئەوا ئەو جوانکارییە لەشیعرا دیاردەیێکی دروست کراو نییە و، دیاردەیێک نییە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی شاعیر بدۆزرێتەوە. جگەلەوە، کەسی شاعیر- شاعیری ڕۆشنبیر- ئەوە دەزانێ کە جوانکاری دیاردەیێکی ئەکادیمی و ئەنسکلۆپیدی نییە بەڵکوو دیاردەیێکە پێوەندی بە کەلەپوورە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە. وێرای هەموو ئەوانەی لەسەر جوانکاری شیعریی و پێوەندی بە ڕۆشنبیری شیعری شاعیرەوە گوتران، ڕەوایە ئەوە ڕونکەینەوە کە، ئەمڕۆ پرۆسەی داهێنان و جوانکاری شیعریی لە شارستانیەت و ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە و، لە هەموو ڕوویەکیشەوە شیکردنەوەی بنەماو پێکهاتەی کرداری شیعری لەکۆمەڵگە شیعری و ئەدەبییە جۆراوجۆرەکاندا بە توانای لایەنە ڕێزمانی و فەلسەفی و سێمانتیکییەکانی دەربڕینە شیعرییەکانەوە وابەستەیە. لە ژێر سێبەری زەبرووزەنگی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا بنەمای شیعر تەواو گۆڕاوە و، ئەو زمانە سمبۆلییەی لەبەر سێبەری ژیانی ناوبراودا گەشەیکردووە ئامراز و شێوازی شیعریی سەیری داهێناوە. سەرباری ئەوە، شیعر لە شارستانیەتە هاوچەرخەکانا ئەو مانایانەیان بەرهەمهێناوە کە هەمیشە لە مانگرتندان، کە هەمیشە دیدی میتافیزیکی لەسەر ژیان و مەرگ بەرهەمدێنن. ئەو میتاڤۆرە هونەریانەش کە لەم جۆرە شیعرانەدا بەکاردەبرێن ڕەهەندی ئیستاتیکییان درێژە. گومانی ناوێ کە، لێخوردبوونەوە لە میتافیزیکیەتی شتەکانی گەردوون وەزیفەیێکی هەمیشەی شیعرە کە شیعریش لەم حاڵەتانەدا سەر بە ناوچەکانی نادیاریدا دەکا و باوەش بۆ بێدەنگی دەکاتەوە.

ئێمە لەم بوارەدا مەبەستمان لەتوانای شیعر ئەوەیە کە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتییە. نووسینی شیعریش لە ڕوانگەیێکی ڕۆشنبیری و هۆشمەندییەکی فیکرییەوە لە ئەرکی ئەو پەیامە زیاددەکا. واتە، وا لەو کرداڕە شیعرییە دەکا کە کۆکراوەی چرکەساتە تراژێدییەکان بێت. لەگەڵ گشت ئەو شتانەشدا دەڵێین، هۆنراوە هەرچەندە جوان بێت ناتوانێ بەرەنگاری مێشێک ببێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی هێزێکی نادیاریکراوە (شیمۆس هینی).

کەسایەتی شیعری و ڕۆشنبیریی ڕەخنەی شیعریمان

کەسایەتی شیعری و ڕۆشنبیریی ڕەخنەی شیعریمان دووکەسایەتی ناهاوتاو و دووپرۆسە و ئەزموونی نالێکچوون. ئەمەش تەنێ تایبەتێتی ئەم ساتە شیعری و ڕۆشنبیرییەمان نییە. شیعر هەر لە دێر زەمانەوە بۆ تاک و کۆمەڵگەی کورد تاکە ڕوانگەیێک بووە بۆ ژیان و بوون. ئەو شوێنە بووە کە تاکی کورد بۆ هۆشیاری و ئاگای خۆی گەڕاوەتەوە و، لێخوردبونەوەی خۆی تیا ئەنجام داوە، شیعری بە بوونەوەرێکی سەیر زانیوە و بە خۆشیەوە مانای بۆ خود - من - ی خۆی دۆزیوەتەوە. لەوێرا ئەو تاکە، ئەو خودە (ئەو منە) بە دووی ئەوەدا وێڵ و سەرگەردان بووە کە بۆ دەبێ مەرگ / ژیان هەبێت؟ بۆ دەبێ جەنگ، ئایدیۆلۆژیا، ئایین، بڕوا هەبن؟ ئەی بۆ دەبێ تاک (خود) قوربانی بڕوا دۆگما و تۆتالیتارییەکان بکرێ؟ ئەم کەسە کوردە لە ئامێزی شیعردا هەوڵی داوە: بەدووی مێژووی خۆی بگەڕێ کە تۆتالیتاریەت نووسیویەتەوە، بەدووی ماهیەتدا بگەڕێ کە ڕاستییە باو و گشتییەکان شاردویانەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئاخاوتنە شیعرییەکانمان لە گشت جۆرەکانی تری ئاخاوتنەکانمان کاریگەرتربوون و، شیعری کۆن و نوێمان جوانکاری جیای بەرهەمهێناوە و ئەم جوانکارییەش گەلێ شێوازی جۆراوجۆری خوڵقاندووە، بەڵام ئەم ئەزموونە شیعرییە نەیتوانیوە تێڕوانینی نوێ لەسەر ئاستی نووسینی ڕەخنەیی بخوڵقێنێ و، بازنەی ڕاڤەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی فراوان بکا و ئاسۆ لەبەردەم شیکردنەوەی ئەدەبییەتی تێکست(Littérarité) و شیعریەتی تێکست بکاتەوە. کەواتە، ئەو زانینەی ئەزموونی شیعریمان بەرهەمیهێناوە، نەکراوە بەهۆی کرداری ڕۆشنبیری و ڕەخنەی شیعریی و ئەدەبیمانەوە ناواخن و ئاسۆی ئاشکراکرێ.

لەبەرئەوەی لەمەڕ زمان بەتایبەتی و سیمیۆلۆژیای وتاری شیعری و ئەدەبی بەگشتی شیکردنەوەمان نەبووە، نەمانتوانیوە ئەزموونێکی ڕەخنەی هەمەمانا و هەمەدیدی تیۆری لە بواری ڕەخنە سازیدا بهێنینەکایەوە.

بەڵام لەبەرسایەی ئەم باسەدا و سەباردت بە هەڵوەشاندنەوەی تێکستی شیعری نوێی کوردی و ئاشکراکردنی سیستەمی فیکری ئەم تێکستە ئەوە دەبێژین کە، باری ڕۆشنبیریمان جارێ توانای ئەوەی نییە ڕۆشنبیریمان لەدەنگەوە بەرەو نووسین بگوێزێتەوە. بەپێی ئەم بیرکردنەوەیەش بێ، گرفتەکە تەنیا بواری شیعرسازی ناگرێتەوە؛ بەڵکوو سەرتاپای کاری ڕۆشنبیریمان دەگرێتەوە. سەرباری ئەوە، هاوشێوەیی شیعری نوێی کوردیمان و تاکمانایی ئەزموونی شیعریی نوێمان، کە خوێنەرێکی زۆری لە شیعر دورخستۆتەوە، ڕوانگەکانی تێگەیشتنی شیعری تەسککردۆتەوە و مێژووی بێدەنگی ڕۆشنبیریشمانی درێژکردۆتەوە، لە تواناشیدانییە وا لە چێژی خوێنەری کورد بکا لە شاشەی تەلەڤیزیۆنی ڕەنگاورەنگ و مۆسیقای جۆراوجۆری سەرددم (ڕۆک، پۆپ، جاز،...)دورکەوێتەوە.

لێرەدا باشترە بڵێین، گەڕان بە دووی ناسنامەی ڕۆشنبیریی تێکستی شیعریمان - تەنانەت تێکستی ڕەخنەییشمان - هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامان و خوڵقان لەمەڕ بنەمای نوێی شیعر(هۆنراوە)ی کوردی و ئەزموونە سەردییەکانی دیمان (چیرۆک، ڕۆمان،...)، کە بەشێکیان شێوازی زۆر سادە و بێ بنەمایان خستۆتە ناو نووسینی گێڕانەوەمانەوە.

بۆیە، ئەهاتنەکایەوەی تیۆرییەکی ڕەخنەیی تایبەت بە شیعر لەنێو ئێمەدا کارەساتێکی هێرمینۆتیکی دروستکردووە و، هەروەها لەدایکبونی تیۆرییەکی ڕەخنەیی لە بواری شیعری و ئەدەبیماندا وایکردووە کە نە تێگەیشتن لەسەرخودی نووسین سازی و شیعرسازی بهێنرێتەکایەوە و، نە ئەدەبیەت و شیعریەتی تێکستیش هیچ مانایێک بگەیێنێ.

لەڕاستیدا بابەتی کەسایتی شیعری و ڕۆشنبیری ڕەخنەیی شیعریمان

وا لە خوێنەری شیعریمان دەکا کە تێڕامان لەو جۆرە ڕۆشنبیرییە شیعریی و ڕۆشنبیرییە ڕەخنەییانە بکا کە تازەگەرانی شیعری کوردی و هەڵگرانی ئاڵای نوێخوازی لە ڕەخنەی شیعری کوردی بەرهەمیان هێناوە. چونکە هێنانە ئارای دیاڵۆگ لەمەڕ تازەگەری شیعری و ڕەخنەییمان هێنانەئارای دیاڵۆگە لەمەڕ ڕوخسارە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی داهێنانی ڕۆشنبیری شیعری و ئەدەبیمان. گەورەترین گرفتێک کە لەبواری ڕەخنە سازی ئێمەدا کاری خۆی کردووە ئەوە بووە کە شاعیر و ئەدیبەکانمان بەتایبەتی و نووسەرانمان بەگشتی شارەزاییان لەسەر کاری ڕەخنەی تیۆری و مێتۆدیی نییە. ئاگایان لەو مشت و مڕانە نییە کە قوتابخانە و ڕێڕەوەکانی ڕەخنە و لێکدانەوە بەرهەمیانهێناوە. توانای ئەوەشیان نییە کە ڕێڕەوە ڕەخنەییە نوێکان لە ڕێڕەوە ڕەخنەییە کۆنەکان جودابکەنەوە و ئەو بارودۆخە مێژوویی و ئەپستیمی و ئایدیۆلۆژییە جیاجیایانە لەبەرچاوبگرن کە ئاراستەی ڕۆشنبیریی ئەم ڕێڕەوە ڕەخنەییە نوێیانەیان پێکهێناوە. بەمجۆرە، بێناگایی بەرهەمهێنەرانی شیعری نوێی کوردی لە ڕێبازە ڕەخنەییە ڕێڕەوییە نوێکان، کە لێکدانەوەی تایبەتیان لەسەر جیهانی زمانەوانی و فەلسەفی و جوانکاری و میتاڤۆری تێکست بەرهەمهێناوە، بە زیانی کارە شیعرییەکانیان گەڕاوەتەوە و کارەشیعرییەکانیانی لە ئاخاوتنی سەرزارەکی و سەرپێی نێزیک کردۆتەوە.

زۆرجاریش تێکستێکی شیعری لەنێو ئێمەدا نەک لەبەر ناواخنە نەدەبیی و هونەرییەکەی بەڵکوو لەبەر بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بەهادارەدەکرێ. لای ئێمەش کە شیعری وتاری (پارتیزانی، جەماوەری، هوتافی، ئیلتیزامی،...) لە هەموو شێوەکانی تری شیعر باو بووە زیانێکی زۆری لە بەهای ئەدەبی و زمانەوانی و فەلسەفی شیعری کوردی داوە. کەچی هەندێ ئەزموونی شیعریی دی لە دونیادا هەن کە لەناو گرفتە ناسیۆنالی و تیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام شاعیرانی ئەو ئەزموونانە بەلۆژیکی ئەوگرفتانە شیعریان نەنووسیوە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان، نموونەیێکی بەرچاو دەهێنینەوە کە ئەویش لە سەر شاعیری ئیرلەندی (شیمۆس هێنیی) یە. لە ڕاستیدا لەگەڵ هەموو هۆیە ئەدەبییەکان بۆ هەڵبژاردنی شاعیری ناوبراو لەسالی ١٩٩٥ بۆ خەڵاتی نۆبێل(لە ئەدەب) هۆیەکی سیاسی و کۆمەڵەیەتی گرینگ لەپاڵیەوە بووە. ئەو هۆیەش ئەوەبووە کە شاعیری ناوبراو هەوڵی داوە بەهیچ جۆرێک لەشیعرەکانیدا بایەخ بە زەبرووزەنگ نەدا و کێشەتیۆلۆژییەکانی بەینی ئیرلەندییەکان (کاتۆلیک) و ئینگلیزییەکان (پرۆتستانت) نەخاتە ناو دەربرینە شیعری و وێنە ئیستاتیکییەکانیەوە. ئەڵبەتە لەم بارەیەوە شاعیرێکی دیش هەیە کە ناوی ڤیسینت ئەلێکساندەر(V. Aleixander) بووە و لەسالی ١٩٧٧ خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەب لەسەر هەمان مەبەست دراوەتێ. ڕەنگە ئەم دیاردەیە لای ئێمە بەپێچەوانەوە کەوتبێتەوە. مەبەستم، ئەو شاعیرانەی لای ئێمە شیعریان بۆ بە پێشمەرگەکردن و بەجەنگاوەرکردنی جەماوەر نووسیوە زۆرتر جێگای ڕەزامەندی خەڵک بوونە وەک لەو شاعیرانەی کە بەم جۆرە شیعریان نەنووسیوە. ئەم کردارەی شاعیرانی ئێمە لەزۆر ڕوانگەوە بەو بارودۆخە نانازادو دیسپۆتیستییەوە وابەستەیە کە تاک و کۆمەڵگەی کوردی تێداژیاوە. ئەمەش لەسەرێکی ترەوە وایکردوە کە وەزیفەی کۆمەڵایەتی شیعر لەناو ئێمەدا وەک خۆی بمێنێتەوە.

بۆ هەموان ئاشکرایە کە، گەلێ لە شاعیرانی کۆمەڵگەکانی دەوروبەرمان(وەک: نازیم حیکمەت، مەحموود دەرویش،...) یان کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا (پۆل ئێلوار، ئەراگۆن، ژۆرژ ئۆرێل، سۆرلی ماکلینی،...) هەڵوێستی بەرگرییان هەبووە و ئەم هەڵوێستەش بەچاکی لە شیعرەکانیانا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام دەکرێ ئەو هەڵوێستانەش بەوە ناوزەدبکرێن کە یەک ڕوو بوون لە ڕووەکانی هەڵوێست نەک هەمووی. جا لە بەرئەوەی هەڵوێست چەندین ڕووی جوداوازی هەیە دەشێ شێوازەکانی دەربرینیشی جوداوازیی تێکەوێ. وێرای ئەوە، شیعری بەرگری (یاخود هەڵوێست) شێوەیێکی تەقلیدییە لە شێوەکانی شیعر کە لە ناو گەلێ لە ئەزموونە شیعریەکانی دونیادا لە داچۆراندایە. زۆرتریش ئەو شیعرە بەرگرییانە لەداکەوتندان کە بە بێ بنەمای فەلسەفی و جوانکاری دەنووسرێن و پتر لە ئاخاوتنی سەرزارەکی و ڕۆژانەوە نێزیکن. پاشان لە دونیای شیعردا و لەبەر ئاڵۆزبوونی گرفتە مرۆڤایەتی و ڕاڕاییە میتافیزیکییەکان شیعری بەرگری ڕووی دی وەرگرتووە و شێوازی دەربڕینی دی لێوە بەرهاتووە.

ئەوی تایبەتە بەم شێوازە شیعرییە لە ئەزموونی شیعریی ئێمەدا ئەوە بووە شاعیرانمان هەمیشە هەوڵیان داوە لە حەزەکانی جەماوەر نێزیک ببنەوە. زیانی ئەم هەڵوێستەشیان ئەوەبووە کە نەیانتوانیوە توانای ناناسای خۆیان بەسەر خەیاڵکردنەوە و وێنەکێشانی دیاردەکانەوە دەرخەن و، ڕۆحی شیعریش، کە ماهیەتی بوون و مرۆڤ لە دەربڕینی فەلسەفی و جوانکاری جێگادەکاتەوە، بکەن بە پەیامێکی فەلسەفی بەرز. هەروەها ئەم شێوازە شیعرییانە (شیعری هەڵوێست، شیعری جەماوەری ،شیعری هوتافی...) لە نێو ئێمەدا ڕێگایێک بوون بۆ بە ئایدیۆلۆژیاکردنی شیعر- واتە بەشداریکردنی ئایدیۆلۆژیا لە بەرهەمهێنانی وەزیفەی شیعری - و لاواندنەوەی، هەوڵیان داوە مێژوو و کاتێکی بەسەرچوو بەعەقڵیەتێکی سیاسییەوە بلاوێننەوە.

پێمان وایە، بۆ ئەوەی شیعری لەمەودوای کوردی بتوانێ پێوەندی خۆی بە خوێنەر و کەلەپووری کوردییەوە بەهێز بکات، پێویستە کەمتر پشت بە ڕەگەزە ئایدیۆلۆژییەکان ببەستێ و زمانی شیعریش لە ڕۆحی پراگماتیستانەی سیاسەت دوورخاتەوە . واتە شاعیری کورد دەبێ هەوڵی ئەوەبدا کە نەهێڵێ ڕەهەندی سیاسی بکەوێتە ناو شیعرەکانیەوە و، شیعریش بەوە بزانێ کە شوێنگەی ئامادەکردنی شتە میتافیزیکی و جوانکارییەکانە .

دەتوانرێ بە گەلێ شێواز کەسایەتی ڕۆشنبیری شیعری و ڕۆشنبیری ڕەخنەیی شیعریمان بەر پشکنین بخرێ. بۆ نموونە، ئەگەر بێت و تەماشا باری ئەدەبی کوردی لەسەدەی نۆزدەی زاینیدا بکەین، کە باڵاترین سەدەی شیعریمانە و ناودارترین قۆناخی شیعریشمانە، دەبینین کە گەلێ ئەزموونی شیعری تیا دەرکەوتووە (ئەزموونی شیعری بابان، ئەزموونی شیعری ئەردەڵان،...). بەڵام لە بەرنەبوونی زمانی ستانداردی کوردی و دەسەڵاتی سیاسی سەرتاسەری کوردی نەکراوە ئەزموونە شیعرییە جۆراوجۆرەکانمان (ئەزموونی شیعری بە دیاڵێکتی کرمانجی خواروو نووسراو: عەلی بەردەشانی، نالی ، سالم ، کوردی ، مەحوی ...، ئەزموونی شیعری بە دیاڵێکتی کرمانجی ژوورو نووسراو: مەلای جزیری، فەقێ تەیران، خانی ...، ئەز موونی شیعری بە دیاڵێکتی گۆرانی نووسراو: بێسارانی، خانای قوبادی، مەولەوی...) تێکەڵ بەیەکدی بکرێن. نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی - بەتایبەت لە سەدەی ناوەڕاستەوە تا سەدەی بیست - ، کە گەلێ لە نهێنیەکانی ژیانی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئایینی و تیۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردەواریی کۆن و نوێ دەردەخا بە فراوانی شوێنی پشکنین و توێژینەوە نەبووە. ئەڵبەتە، لەگەلێ ڕووشەوە ئەم هۆیە (نەنووسینەوەی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی) و هەندێ هۆی تر (وەک یەکنەخستنی دەسەڵاتی سیاسی کوردیی و دەرنەکەوتنی زمانی کوردی وەک زمانێکی جیهانی

یان ناوچەیی) بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەزموونی شیعر و ئەدەبی کوردی نەبنە دیاردەیەکی جیهانی. لێرەدا نکۆلی لەوە ناکرێ کە ئەزموونی زمانی شیعریی ئەو سەدانە (لەگەڵ یەکەم دەستنووسی شیعری و ئەدەبی کوردییەوە تا سەدەی نۆزدە) لە بارودۆخێکدا پەرەی بەخۆی داوە کە ئاستی شارستانی و ژیاریی کۆمەڵگەی کوردەواری لاواز بووە و توانای زمانی رۆشنبیری کوردیش لە ئاستی ئەمڕۆدا نەبووە.

هەرچی ردەهەندی میتافیزیکی ئەزموونی شیعری کلاسیکیمانە (بەتایبەت، نالی، مەحوی، مەولەوی، خانی)، کە لەرەهەندەکانی دی زۆرتر شایانی تێخوێندنەوەیە و رۆشنبیرییەکی پتریشی تێدا بەدیدەکرێ، سەرچاوەکانی تەنێ ئایینی ئیسلام و سۆفیگەرییەکی ئیسلامییە. بەڵام ئەزموونە شیعرییە سۆفیگەرییەکانی کۆمەڵگەکانی تر جگە لە سەرچاوەئاسمانییەکان سوودیان لە سەرچاوە غەیرە ئاسمانییەکانیش (بۆ نموونە: هیندۆسی، بوودی، تاوی، کۆنفۆشیۆسی) بۆ خولقانی لێخوردبوونەوە و تێرامانی شیعری وەرگرتووە. ئەمە و بیری فەلسەفی هێلینی و گریکی توانیویانە گەشەیێکی زۆر بە ئەزموونی شیعری ئەورووپا و دەرەوەی ئەورووپا بدەن و، کارنەکردنی ئەزموونی شیعری کلاسیک و هاوچەرخی کوردیش لەبەر سایەی ئەمجۆرە بیرکردنەوە فەلسەفییانە بەزیانی نەک تەنیا کارە ئەدەبی و شیعرییەکانمان گەراوەتەوە بەڵکوو بەزیانی گشت ئەزموونی رۆشنبیرییشمان گەراوەتەوە. ئەم فرە سەرچاوەگەرییەش بەسوودە بۆ ئەوەی سروشتی مرۆڤایەتی بە باشی لە دەربڕینی شیعریدا جێگا بکرێتەوەو، سەردەمی نوێش توانیویەتی سنوور لە نێوان سروشت و کولتووردا نەهێڵێ.[3]

شوێنی یادخستنەوەیە، بواری شیعریمان لە رابردوودا، کە بوارێکی زانینی بووە و، بگرە لە بوارەکانی دیمان زووتر دەستی بەکار کردووە و گەشەی بەخۆیداوە و، هەروەها توانیویەتی زۆرجار زانینێکی تایبەت بە باری سیاسی و رۆشنبیری و عیرفانیمان درووست بکا؛ پێویستە لە ئەمڕۆشدا گەشە بە پرۆسەی خۆی و بوارەکانی دیمان بدا. زانین و سەرچاوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و بەها مێژوویەکانی ئەوەمان بۆ رۆندەکەنەوە کە ئەزموونی سیاسی کلاسیکیمان (بۆ نموونە بابان و ئەردەڵان کە دواتر ئەزموونی شیعرییان بەدووی خۆدا راکێشا) لە ئەزموونی سیاسی نوێمان کاریگەرتربووە. جگەلەوە، گەر تەماشای ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی بکەین درک بەوە دەکەین کە بەگشتی شیعری سیاسی ڕووبەرێکی زۆری لە ژیانی شیعریی کۆن و نوێی کوردی دا داگیرکردوە. هەر لەو ئەنتۆلۆژیایەشدا ئەوە بەدیدەکرێ کە زۆربەی ئەو شیعرانەش کە سەرچاوەیێکی لیریکی و قۆلاییێکی رەوشتییان هەیە مێژوو و ئەفسانەو ئایین و داهونەریتیان لەئاخاوتنەکانیانا چاندوە. زۆرترین جنسێکی شیعریش کە لە ناو ئێمەدا ئەم ئەرکەی گرتۆتەبەر شیعری غەزەلی بووە. بەڵام شیعری غەزەلی شیاوە لە گەڵ حالاتدا بەشێوازی زمانەوانی و ئیستاتیکی و فەلسەفی ئەوتۆ بنووسرێ کە نەکرێ دەرک بەبنەما ناپۆیەتیکییەکەی بکرێ. تارادەیەکیش ئەمڕۆ ئەم شێوازە شیعرییە (شیعری غەزەلی) و شێوازی شیعری لیریکی لەنێو ئێمەدا کەمبۆتەوە و، پتر شێوازی شیعری گێرانەوەیی ـ داستانە شیعر، چیرۆکەشیعر، شانۆ شیعر ـ وەک دیدێکی شیعری دەستی بەسەر ئەزموونی شیعریمانا گرتووە.

بە بڕوای ئێمە، دەشێ دوو شێواز بگیرێتە بەر بۆ بتەو کردنی بنەماکانی جوانکاری لە تێکستی شیعریی نوێماندا. شێوازی یەکەمیان بریتییە لە پەرەدان بە هۆنراوەی پەخشان. شێوازی دووەمیان بریتییەلە تێکەڵکردنی شێوازی داستانی و لیریکی بەیەکتر. سەبارەت بە خاڵی یەکەم بە چاکتری دەزانین بڵێین، هۆنراوەی پەخشان، کە پۆیەتیکی تایبەتی خۆی هەیە، لەزۆربەی ئەزموونە شیعرییە نوێکانا وەک جۆرە هەوڵێک بۆ بەپێتکردنی بەرهەمی شیعری هاتۆتەکایەوە. بەڵام ئەوی تایبەتە بە خاڵی دووەم ئەوەیە کە تەنێ زمانی گێرانەوەیە دەکارێ تراژێدیارۆحی و دەرونی و مێژووییەکانمان بنەخشێنێ. حەزدەکەم ئەوەش بێژم کە، گێرانەوە، وەک شێوازێک لە شێوازەکانی دەربڕین، تەنیا لە بواری چیرۆکدا بەدی ناکرێ بەڵکوو ئەم شێوازە لە شیعریشدا ئامادەیە. بەگشتی هونەرە جۆراوجۆرەکانی گێرانەوە (رۆمان، چیرۆک، شانۆ،..) لەیەکدی ناکەن و، ئەم لەیەکدی نەکردنەش وادەکا کە بڵێین، زمانی گێرانەوە لە شیعرا ئیستاتیکی و پۆیەتیکی ترە. هەروەها، خولقاندنی پێوەندی دراماتیکی لەنێوان ئاخاوتنە شیعرییەکان و گێرانەوەی بەسەرهاتە تراژێدییەکان لەداستانە شیعر و لە چیرۆکە شیعر و لەشانۆ شیعرییە هاوچەرخەکاندا لەسیفەتی ئیستاتیکی کارە شیعرییەکانیان زیادکردووە. لێرەدا مادام باس هاتۆتە سەر شێوازی گێرانەوە لە وتاری شیعریدا بە ئەرکی ئەم باسەی دەزانین کە بڵێین، شێوازی گێرانەوە لە وتاری شیعریدا لە شێوازی گێرانەوە لەوتاری رۆمان جوداوازە. چونکە رۆمان کردارێکی ئەدەبییە و توانای ئەوەی هەیە کە وتارێکی گێرانەوەی وەسفی دابهێنێ نەک وتارێکی پرلە پۆیەتیک.[4] زمانی ئەدەبیش لە زمانی شیعرناکا و، ئەم دووزمانەش هەمان وتار ناخولقێنن. ئێمە گومان لەوە ناکەین کە، لە بواری رۆماندا ئەدەب توانای ئەوەی نییە بەهۆی میتاڤۆر و میتانۆمیاوە نەگاتە ئاکامەکان.[5] گەرچی شیعر لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا لە چاو رۆمان بەگشتی و لەچاو مۆسیقا و گۆرانی و هونەری تابلۆکێشان بەتایبەتی لەپاشەکشەدایە، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم دیاردەیە بەپێچەوانەوە کەوتۆتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی شیعرلە نێو ئێمەدا تا ئەورۆ وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لەدەست نەداوە و جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە. پێدەچێ لە گەڵێ رووشەوە، هەر ئەمە بێ هۆی ئەوەی شیعری کوردی بزاڤێکی جەماوەری وەرگرێ.

مەبەستمان لە بزاڤی جەماوەریی شیعری نوێی کوردی ئەوەیە کە، شیعر بۆ ساتە سەرپێیەکانی تاک و کۆمەڵگەی کوردەواری دەنووسرێن. لە ژێر سایەی شیعری جەماوەریدا رۆحانیەت و پۆیەتیکیەتی شیعر پشت گوێدەخرێ و، بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکان پێش گشت شتێک دەخرێن. یان ئەم جۆرە شیعرانە هەوڵدەدەن بە زمانێکی باوی سۆسیۆ ـ سیاسی لە بابەتی وەک ئازادی و یەکسانی بدوێن.

ستۆکهۆڵم، دیسەمبەری ۱۹۹۵

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1-Tidskriften 90TAL, Nr : 2/3, 1991, 27.

٢) بەفەلسەریکردنی تێرامانی شیعری لە ئەزموونی فەلسەفی و ئەدەبی و شیعری گریک دا بناغەی چاکی بۆ دانراوە و تا ئەورۆش لە رۆژئاوا سوودی لێوەردەگیرێ. کارە شیعری و ئەدەبییە بەفەلسەفیکراوەکان شێوازی زمانەوانی و جوانکاری جیاوازیان هەیە و، لەو کارە فەلسەفییە ڕووتانەوە دوورن کە بۆ مەبەستی بتەوکردنی کرداری فەلسەفی نووسراون. بەمە شیاوە بگوترێ بەفەلسەفیکردنی شیعر و بەفەلسەفیکردنی فەلسەفە دووکرداری لێکنەچوون. پاشان، بەفەلسەفیکردنی شیعر ئەوە ناگەیێنێ کە شیعری فەلسەفی بنووسرێ. چونکە ئەوەیان دەکرێ لەسەر وتارێکی فەلسەفیدا بکرێ. بەڵام ئەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێ کە شیعری بەفەلسەفیکراو هەوڵدەدا زمانی لۆژیک بخاتەگەڕ و لەناواخنی هۆنراوە ناپرسێتەوە، .ئەمەش بەزۆری لە بەرئەوەی ئەم ناوەرۆکە لەناو لۆژیکەکەدا بنیادنراوە.

3- Ord & Bild, Nr: 4-5, 1993, 51.

٤) پۆیەتیک (Poetik , Poetic, Poetique)واتە، هونەری شیعری یان تیۆری شیعری. ئەم چەمکە لە کەلەپووری فەلسەفی گریکدا کاری تایبەتی خۆی کردووە و لەگەڵ داهاتنی مێتۆدی رەخنەی بنەماخوازی و (ستروکتورالیزم) و میتا (ئەودیو) بنەماخوازیشدا لە بواری تیۆری ئەدەبیدا بووە بە چەمکێکی مۆدێرن.

5- BLM, Nr: 3 , 1994 ,48.

ئەگەرچی ئەنفال یەکێکە لە گەورەترینی ئەو کارەساتانەی کە لەم سەدەیەدا بە سەر کورددا هاتووە، بەلام جێگای داخە کە تائێستا لێکۆڵەرەوە و دەزگا کوردییەکان وەکوو پێویست لێکۆڵینەوەی تێر وتەسەلیان لە سەر نەکردووە. لە کاتی ئەنفال و دواتریش من لە کوردستان بووم. ئەوکاتە هەوڵم دا هەندێک بابەت دەربارەی ئەنفال کۆبکەمەوە، بەلام بە هۆی بارودۆخی سەختی ئەو سا و بێ دەرامەتی و تەنهایی، توانیم تەنیا لیستێکی زانباریی تەواو لە سەر ١٦,٤٤٢کەس کۆبکەمەوە کە لە ئەنفالدا بێ سەرو شوێن بوون. هەروەها لیستێکی ترم بە ئینگلیزی بلاوکردەوە دەربارەی ٣٨٤٩ گوند و شار و شارۆچکەی کاولکراوی کوردستانی عێراق، کە زۆربەیان لە ئەنفالدا وێرانکرابوون.

لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٤دا لە ئەمریکا بەشداریم کرد لە دەرهێنانی راپۆرتێکی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر ناوی تاوانی جێنۆساید لە عێراق ـ شالاوی ئەنفال بۆ سەر کوردەکان ـ بەلام بە بۆنەی دەساڵ تێپەڕبوون بە سەر ئەنفالدا بە پێویستم زانی کورتە باسێک دەربارەی ئەنفال بلاوبکەمەوە، بەو هیوایەی کە سوودی هەبێ.

پێناسەی ئەنفال

ئەنفال وشەیەکی عەرەبی یە و بە مانای «تاڵان»دێت. ڕژێمی عێراق ئەم ناوەی لە سورەتی هەشتەمی قورئان وەرگرتووە. ئەنفال بەو زنجیرە هێرش و پەلامارانەی سوپای عێراق و جاشەکان دەگوترێ کە لە بەرەبەیانی ١٩٨٨/٢/٢٧ کرایە سەر ناوچە و هەرێمەکانی کوردستانی عێراق و بووە هۆی بێسەروشوێن بوونی دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیاو، وێرانبوونی تەواوەتی زیاتر لە ٢٢٥٠ گوند، زەرەروزیانێکی لە ژمارەنەهاتووی ملک و سامانی خەڵکی گوندەکانی کورستانی عێراق کە تا نیوە شەوی ١٩٨٨/٩/٥ی خایاند.

تائێستا زۆربەی لێکۆڵەرەوە بیانییەکان مشتومڕیانە لە سەر ئەوەی کە ئایا ئەنفال پیادەکردنی سیاسەتێکی تازەی ڕژێمی عێراق بوو لە ساڵی ١٩٨٨دا دژی کورد، یاخود هەر درێژەپێدانی سیاسەتی بگروبکوژی پێشینەی عێراق بوو بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد بەلام بە ڕادەیەکی گەورەتر!! بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە و وەڵامدانەوەی، پێویستە تیشکێک بخەینە سەر ڕووداوەکانی چەند ساڵەی پێش ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا.

پێشینەی ئەنفال

جێگای سەرنجە کە ڕژێمی عێراق تاکە دەوڵەتە لەڕیزی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کە لە دستووردا دانی بە بوونی گەلی کورددا ناو و، بە ڕەسمی هەندێ مافی فەرهەنگی و سیاسی کوردیی سەلماندووە. کەچی لە هەمان کاتدا، سیاسەتێکی شۆڤینیستییانەی دژ بە گەلی کوردی هەیە و هەوڵی لەناوبردنی ئەگەر هەموو گەلی کوردیشی نەدابێ، ئەوا بە ڕاشکاوی هی خەڵکی گوندەکانی کوردستانی عێراقی داوە. ئەم سیاسەتە دوو لایەنە ئەگەر بۆ ئێمەی کورد شتێکی دیار و ڕوون بێ، بەلام بۆکەسێکی بیانی مەتەڵێکی ئاڵۆزە و تێگەیشتنی ئاسان نییە.

بە پێی ئایدیۆلۆژیەتی حیزبی بەعس، هەموو ئەو نەتەوانەی کە نیشتمانەکەیان بە هەر هۆیەک کەوتبێتە سنووری وڵاتانی عەرەبی، ئەوانە میوانن لە سەر خاکی عەرەب و، هەر هەوڵێک لە لایەن ئەو نەتەوانەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم تیۆرییە بەمانای دوژمنایەتی کردنی عەرەبە. لە نەخشەی ستراتیژی (مجلس الامن القومی) عێراق، کورد بە یەکێک لە خەتەرە سەرەکییەکان دانراوە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و عەرەب. بۆیە حیزبی بەعس لەوکاتەوە کە لە عێراق حوکمی گرتووەتە دەست هەوڵی داوە ئەم مەترسییە نەهێڵێ. بۆ ئەم مەبەستەش تەعریب و تەرحیل و تەهجیر(عەرەبیکردن و ڕاگوێزان و دوورخستنەوە) و بەتاک وکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستانی پیادەکردووە.

عەرەبیکردن(تعریب)ی ناوچەکانی خانەقین، کەرکووک، مەخموور، موسک و ژەنگار.. لە شەستەکانەوە و ڕاگواستنی ١٢٤٢ گوندی سەرسنوور لە ٧٦-٧٨ و سیاسەتی بگروبکوژ وبە سووتانکردنی خاکی کوردستان ڕووی ئاشکرای ئەم سیاسەتەی ڕژێمی عێراقن.

ڕژێمی عێراق پێی وایە بزوتنەوەی چەکداری بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی یە و پاڵپشتی حیزب و ڕێکخراوی نەتەوەیی یە وگەورەترین فاکتەرە بۆ پارسەنگکردنی تای تەرازووی کورد بەرانبەر بە ڕژێم. بۆیە هەر کاتێک خەباتی چەکداری سەری هەڵدابێ و گەشەی کردبێ، ئەوا مۆتەکەی خەتەری کورد لە سەر ئاسایشی عێراق و عەرەب لای ڕژێم گەورەتر بووە و درندانەتر سیاسەت و پلانەکانی دژی کورد جێبەجێ

کردووە. بێگومان کوتەکی دەستی ڕژێمیش بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەی هێزی سوپا و جاش و داموودەزگا حیزبی و داپلۆسینەرەکانی بووە لە کوردستان.

هەرکاتێک ڕژێم ویستبێتی کە ئەو جۆرە سیاسەتە پیادە بکات، ئەوا تەوژمی سەرە نێزەی درندەییەکەی ئاراستەی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی ناوچە دەشتاییەکان و چیاکان کردووە.

دوابەدوای ڕاپەڕینەکان بەهاری ساڵی ١٩٨٢، سەرانی ڕژێم هەبوونی بنکەیەکی خاوەن دەسەڵاتیان لە کوردستان زۆر بە پێویست دەزانی بۆ جێبەجێکردنی تەواوەتی سیاسەتی حکوومەت. ئەو سیاسەتەش خۆی لە قرچ و بڕکردنی خەڵکدا دەدیت. ئەمە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٦١ی ڕۆژی ٨٢/٥/١١ی مدیری ئەمنی عامەوە بۆ سەددام حوسێن بە ڕوونی باسکراوە. لە سەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعسییان لە کەرکووک دانا.

لە سەر ڕێنمایی مەکتەبی ڕێکخستنی باکوور هەموو ئەو گوند و ناوچانەی دەوروبەری شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکانی کوردستان کران بە ناوچەی قەدەغەکراو و، ئابلۆقەی ئابووری تەواویان لەسەر دانرا و، هاتوچوو لە نێوان شار و شاخ ودەشت قەدەغە کرا. سوپای عێراق و جاش و فرۆکەش بەردەوام هێرشیان دەکردەسەر ئە ناوچانە و هێندەی بۆیان کرابێ گوندەکانیان تەخت کرد و خەڵکەکەشیان ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملییەکان کرد. شایەنی باسە کە لە کاتی وێرانکردنی گوندەکاندا، ڕژێم کانی و کارێزو بیرەکانی کوێر دەکردەوە و دارو دەوەن و پووش و پاوانەکانیشی دەسووتاند، بۆ ئەوەی شوێنەواری ئاوەدانیان تێدا نەهێڵێ و، وا لە خەڵک بکات کە جارێکی تر بیر لە ئاوادانکردنەوەی گوندەکانیان نەکەنەوە.

ڕژێم هەمیشە هۆی شکستهێنانی سیاسەتەکانی لە کوردستاندا، بێجگەلە هێزی پێشمەرگە و حیزبەکان، بە خەتای مەسئولەکانی خۆی دەزانی کە نەیانتوانیوە وەکوو پێویست سیاسەتەکانیان پێڕەو بکەن. بۆیە لە ماوەی چوارساڵی دوایی دامەزراندنی مەکتەبی ڕێکخستنی باکوور سێ ئەمینداری گشتیی گۆڕان. ئەمینداره گشتییەکان بریتیبوون لە سەعدی مەهدی سالح و محمد حمزه الزبیدی و علی حسن المجید. هەریەک لەمانەش هەوڵی دا بە پێی توانای خۆی سیاسەتەکانی ڕژێم جێبەجێ بکات.

ڕژێمی عێراق بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی لە ناوبردنی خەڵکی گوندەکان، لاسایی ئەلمانییە نازییەکانی کردەوە کە کاتی خۆی هەوڵی لەناوبردنی جوولەکەکانیان دا. نازییەکان پێیانوابوو لە ناوبردنی کۆمەڵە خەڵکێکی لەیەکدابڕاو و پەڕاگەندە دەبێ بە سێ قۆناغ بکرێ. قۆناغەکانیش ئەمانەن:

١) پێناسکردنی ئەوانەی دەیانەوێ لە ناویان ببەن.
٢) کۆکردنەوەیان.
٣) لەناوبردنیان.

شەڕی سەختی چەند ساڵەی نێوان عێراق و ئێران مەودای عێراقی نەدابوو بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی لە ناوبردنی گەلی کورد، کە لە خەڵکی گوندەکانەوە دەست پێدەکات. بەڵام زیادبوونی قەوارەی هێرش و پەلامارەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر هێز وداموودەزگاکانی عێراق و، چەکداربوونی خەڵکی گوندەکان و، هاوکاریکردنی هێزە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئێراندا ترسێکی گەورەی خستە دەروونی ڕژێم و وای لێکرد کە پەلە لە جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە بکات کە چەند ساڵێک بوو داینابوو، بەڵام مۆڵەتی نەبوو بیکات.

دەرکەوت کە ڕژێم لە قۆناغی یەکەمی نەخشەکەیدا، هەوڵی لە ناوبردنی گوندنشینەکانی دا. جێبەجێکردنی ئەم پیلانە درندانەیەشی لە ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ بە پێی بڕیاری ژمارە(١٦٠)ی (مجلس قیاده الثوره)ی عێراق بە علی حسن المجید سپارد. بە پێی ئەم بڕیارە المجید کرا بە ئەمینداری گشتیی مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس و بە نوێنەری مجلس قیاده الثوره و سەرکردایەتی هەرێمی عێراقی حیزبی بەعس بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەم دوو دەزگایە لە کوردستان و گێڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەکە.

علی حسن المجید چی کرد؟

دانانی علی حسن المجید بە ئەمینداری گشتیی مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس نیشانەی جیددیەتی ڕژێم بوو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی لەناوبردنی کورد. فەرماندەکانی سوپا و مەسئولەکانی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات لە کوردستان ئەم ڕاستییەش باش دەزانن.

المجید یەکسەر دەستی کرد بە کۆبوونەوەی فراوان و تایبەتی لەگەڵ سەرانی ڕژێم (فەرمانده سوپاییەکان، جاشەکان، پارێزگار، مەسئولەکانی ئەمن و حیزبی بەعس) لە کوردستان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانیان. المجید لەو کۆبوونەوەیەدا بە ڕاشکاوی سیاسەتی عێراقی بەرانبەر گەلی کورد بەگشتی و خەڵکی گوندەکانی بەتایبەتی باسکرد و دیاره ئەو لێپرسراوانەش کۆپی بڕیاری ژمارە (١٦٠)یان پێگەیشتبوو.

عەلی حسن المجید نەخشەی تەختکردنی تێکڕای گوندەکانی بە دوو قۆناغ دابەشکرد کە تا ئەوسا مابوون. بە پێی ئەو نەخشەیە دەبوایە تا ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٠ هەردوو قۆناغ کۆتایی بێ و تەواوی گوندنشینەکانیش لە ئۆردوگای زۆرەملی کۆبکرێنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو توانای شەڕ و سەربازیی، فەیلەقی ١و ٥، پێنج فەرماندەی هێزی فەوجەسووکەکانی جاش، دەزگاسەرکوتکەرەکان، ڕێکخراوی حیزبی بەعس، فرۆکەخانە و تۆپخانەی سوپای خستەگەڕ.

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧دا شاڵاوێکی زۆر سەخت و درندانەی ڕژێم بۆ سەر گوندەکان دەستی پێکرد. هەموو ئەو توانا سەربازییانەی کە لە سەرەوە باسکران بەکار هێندران و سەدان گوندی تر تەخت کران؛ سەدان کەسی تر کوژران؛ دەیان هەزار کەسیش لە گوندەکانی خۆیان ئاوارە بوون و یان ڕوویان کردە گوندەکانی تر و یاخود بە ناچاری چوونە ئۆردوگاکانەوە.

هاوزەمان لەگەڵ ئەو شاڵاوە توندوتیژەدا، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦، بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا، فرۆکەکانی ڕژێم بە گازی کوشندەی ژەهراوی گوندی (شێخ وەسان)یان لە ناوچەی خۆشناوەتی بۆمباران کرد. ئەم هێرشە کیمیاوییە ئەک هەر تەنها بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە (٤٠٠)ژن ومنداڵ و پیاو، بەڵکوو بووە هۆی تۆقاندن و تاساندنی سەرتاپای خەڵکی کوردستان، بەشاروگوندنشینەوە. خەڵکی گوندەکان ئیتر خۆیان بەبێ دەسەڵات دەزانی لە ئاستی ئەم چەکە تۆقێنەر و مەرگچێنەدا، چونکە هیچ ڕێگاچارەیەکیان لە بەرانبەریدا نەبوو بۆ خۆپاراستن.

هێرشی کیمیاوی بۆ سەر ناوچەکانی تری کوردستان دەستی پێکرد. ڕژێم بە تۆپ و تەیاره ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی، قەرەداغ، بەری مەرگە، گەرمیان، قەڵاسێوکە و بادینانی کیمیاباران کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خەڵکی گوندەکان چۆکیان دانەدا و بەهاوکاریی هێزی پێشمەرگە زۆر گوند و ناوچەیان لە بەرانبەر هێرشەکانی عێراقدا پاراست.

علی حسن المجید، بە پێی بڕیاری ژمارە (٤٠٠٨)ی مەکتەبی ڕێکخستنی باکوور لە ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٠ هەموو داموودەزگاکانی

عێراقی لە کوردستان ئاگادارکردەوە کە ئیتر بە هیچ شێوەیەک نابێ ژیان لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بەدی بکرێ؛ گوندەکان دەبن بە ناوچەی قەدەغەکراوی ساحەی شەڕ و، هەرکەسێک لەو ناوچانە بگیرێ دەبێ دەستبەجێ بکوژرێ مەگەر هێندە بهێڵرێتەوە تا زانیاریی پێویستی لێ وەربگیرێ. هەروەها هێزی سوپای ئاگادارکردەوە کە دەبێ بەردەوام بۆمباران و کیمیابارانی ئەو ناوچانە بکەن، بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارەی مرۆڤ. ئەو، لەو بڕیارەیدا ڕێگەی بە جاش و سەرەک جاشەکان داوە کە بێجگە لە چەکی زۆر قورس، دەتوانن هەر چەک و کەلوپەلێک کە لە کاتی کوشتنی خەڵکی گوندەکان دەستیان دەکەوێ بۆ خۆیانی ببەن.

هەنگاوی دووەمی علی حسن المجید و بڕیاری مجلس قیادە الثورە هەر کەسێک کە لە سەرژمێری گشتی ١٩٨٧ بەشداری نەکات، ئەوا هەقی جنسییەی عێراقی نامێنێ و هەر کاتێکیش لە هەر شوێنێک بگیرێ ئەوا وەک بێگانەیەک لە ناو خاکی عێراق مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بێگومان ئەمە و بڕیاری (٤٠٠٨) ڕێگەی خۆشکرد بۆ کوشتنی تێکڕای خەڵکی گوندەکان.

ڕۆژی سەرژمێری گشتی، هیچکام لە وانەی سەرژمێری خەڵکیان کرد، نەچوونە گوندەکان و سەرنووسی هیچ گوندنشینێکیان نەکرد. بەمەش هەموو دانیشتووانی ناوچە قەدەغەکراوەکان بە لۆجیکی علی حسن المجید و بڕیاری مجلس قیادە الثورە، بوون بە دوژمنی ئاو و خاکی عێراق و، کوشتنیان حەڵاڵ کرا.

ئەم سیاسەتی بگروبکوژ و سووتاککردنەوەی خاکی کوردستان ساڵی ١٩٨٧ درێژەی کێشا تا مانگی فیبریواری ١٩٨٨. خەڵکی گوندەکان و هێزی پێشمەرگە بەرگرییەکی بێوێنەیان نواند لە بەرەکانی بەرگریکردن لە خاکی کوردستاندا. ئەمە و هێرشی پێچەوانەی ئەوان بۆ سەر سوپای عێراق و جاش و دەزگاجاسوسییەکان لە زیادبووندا بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە لە کوردستاندا، ئێران لە بەرەکانی شەڕدا شکا و ڕۆژبەڕۆژ عێراق فشاری زیاتری دەهێنایە سەر ئێران و سوپای ئێرانیش هەر لە پاشەکشەدا بوو. ئیتر عێراق دڵنیابوو لەوەی کە خەتەری سەرکەوتنی پەلاماری ئێران لە بەرەکانی جەنگدا نەماوە. بۆیە ڕژێم بڕیاری دا، ئەو نەخشەیەی کە ماوەیەک بوو دژی گوندنشینەکان دایناوبوو جێبەجێی بکا. ئەوەبوو حکوومەتی عێراق هێز و تواناییەکی سەربازیی یەکجار زۆری لە بەرەکانی جەنگی ئێران کێشایەوە و بە هاوکاریی هەموو ئەو سەدان هەزار جاشەی کە لە کوردستان بوون لە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ قۆناغی یەکەمی ئەنفال دەست پێکرا.

قۆناغەکانی ئەنفال

ئەنفالی یەک: لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣دا ئەنفالی یەک بە تۆپبارانێکی خەستی کیمیاوی گوندەکانی چۆخماخ، یاخسەمەر، هەڵەون، سەرگەڵێ، بەرگەڵێ و چالاوە دەستی پێکرد. هاوکات لەگەڵ ئەو کیمیابارانە، سوپای عێراق و جاشەکان پەلاماری هەردوو بەرزایی «قوڵەپۆشین» و «قوڵەسەوز»ی کلکەی چیای پیرەمەگرون و چەند بەرزاییەکی پشتی گوندەکانی «گاپیلۆن»و«قەرەهەنگوێ»ی ناوچەی دۆڵی جافایەتییان دا. ئەو ناوچانەی بەر شالاوی ئەنفالی یەک کەوتن بریتی بوون لە: دۆڵی جافایەتی، ناوچەی مەرگە و چیای ئاسۆس، بەشێکی شینکایەتی و دۆڵەڕووت لە ناوچەی سلێمانی؛ سنووری عەمەلیاتی ئەنفالی یەک بریتی بوو لە: دوکان، بنگرد، زێی بچووک، ماوەت، چوارتا، ئەزمەڕ، سلێمانی، سووڕداش و دوکان.

ڕژێمی عێراق، بۆیە هەڵمەتی ئەنفالی یەکی لەو ناوچانە دەست پێکرد، چونکە بارەگای مەکتەبی سیاسی، ئیزگە، ئیعلام و دەزگا ناوەندییەکانی تری یەکێتی نیشتمانی کوردستانیی لێبوو. حکوومەت پێیوابوو تا سەرکردایەتی یەکێتی لە ناو جەرگەی کوردستانی عێراق بمێنێ، ئەو ناتوانێ سیاسەتی لە ناو بردنی گوندنشینەکان وەک چۆن دەیەوێ ئاوا جێبەجێ بکات. ڕژێم پێیوابوو کە بوونی دەزگاناوەندییەکانی یەکێتی لەوێ دەبێتە پاڵپشت و پشتیوانییەکی گەورەی مادی و مەعنەوی بۆ هەموو ناوچەکانی تر؛ بۆیە سەددام گوتەنی: «بڕیار درا سەری مارەکە پان بکرێتەوە».

عێراق هێزێکی گەورەی لە فەیلەقی ١و٥ی سوپای عێراق، یەکەکانی تۆپخانە و تانک و زرێپۆش، حەرەسی جمهوری و دەیان هەزار جاشی بۆ ئەم پەلامارە بەکارهێنا، هێزەکانی عێراق تەقدیر دەکران بە ٥٠تا٧٠ هەزارکەس. بەرانبەر بەو هێزانەی عێراق، یەکێتی نزیکەی ٢٥٠٠ پێشمەرگەی لە ناوچە کۆکردبووەوە. هەندێک مەفرەزەی پاسۆک و حسک یش لەوناوە بوون، لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیریی خەڵکی ناوچەکە.

سوپای عێراق لەم شەڕانەدا هەموو توانای جەنگی خۆی، بە چەکی کیمیاویشەوە، بەکارهێنا. تەیارەی سۆخۆی، میگ، پیلاتۆس، هەلیکۆپتەر، تۆپی ١٥٥ملم، ١٣٠ملم و کاتیۆشای ٤٨لوولەیی بەشێکن لەوانەی بەکارهێنران. ئیمکانیاتی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە تەنها چەکی سووک و چەند دانەیەک هاوەنی بچووک بوو.

شەڕەکان زۆر سەخت بوون، پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە چەندین داستانی کەم وێنەیان لە مێژووی شەڕی بەرگریی کورددا تۆمارکرد. کوژراو وبرینداری پێشمەرگە نزیکەی ٦٠٠ کەس بوو. بەڵام دوای زیاتر لە سێ هەفتە شەڕ، توانا و ئیمکانیاتی پێشمەرگە و خەڵکەکە بەرەبەرە کەم بووەوە. ڕژێمیش پەیتاپەیتا هێرشەکانی سەختتر دەکرد و هێزی تازەی دەهێنا ناو شەڕەکەوە. هەوای ناوچەکەش بە چەکی کیمیاوی، ژەهراوی بووبوو.

سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی گوندەکانی ناوچەکە کرد. لەم کۆبوونەوانەدا وەزعی بەرەکانی شەڕ باسکرا. سەرکردایەتی یەکێتی ئاگاداری ئەنجومەنەکانیان کرد کە بۆ سەلامەتی ژیانی خەڵکی ناوچەکە، واچاکە، خەڵکەکە لە ڕێگای ژیلوان و دۆڵی گەلاڵەوە بڕۆنە دیوی ئێران. هەروەها پێیان گوتن ئەگەر دەتوانن و دەوێرن ئەوا ئازادن لەوەی کە بڕۆن بۆ شار وئۆردوگای عێراق. تەنها دوو کەس لە خەڵکی ناوچەی جافایەتی بەردەستی عێراق کەوتن. باقی خەڵکەکە، ناوەدیوی ئێران بوون.

هاوزەمان لەگەڵ پەلامارەکانی ئەنفالی یەکدا، ڕژێمی عێراق، لە ڕۆژی ١٦ی ئازاردا بەگازی ژەهراوی پەلاماری شاری هەڵەبجەی دا و نزیکەی (٣٥٠٠)کەسی کوشت و هەزارانیشی بریندار کرد.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٩دا، سوپای عێراق بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یان داگیرکرد و هەموو گوندەکانی ناوچەکەیان تەخت کرد. ڕژێمی عێراق بەیانی ژمارە (٣٠٨٧)ی دەربارەی ئەم شەڕانە دەرکرد و ئەو پەلامارانەی سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی ناو نا ئەنفال. ئەمەبوو بۆ یەکەمجار ئەم وشە نەگریسە کەوتە ناو قاموسی سیاسی کوردەوە.

ئەنفالی یەک گرینگییەکی زۆر گەورەی هەبوو لە سەر ڕووداوەکانی دوایی تر. ئەم ئەنفالە بۆ عێراق سەرکەوتنێکی زۆر گەورەبوو، هەروەها ئەنفالی یەک تەنسیرێکی سەلبی زۆری کردە سەر هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق. خەڵک ئیتر ئەو شوێنەی نەما کە هەمیشە بۆ پێشتیوانی و کۆمەک چاوی تێوەبوو. هێزی پێشمەرگەش بارەگای سەرکردایەتییەکەی و ئیزگە و ئیعلامی گیرا.

بەکورتی، جگە لە زەرەر و زیانی سەرومال، ئەنجامی ئەنفالی یەک، سەرکەوتنێکی مەعنەوی زۆر گەورەبوو بۆ دوژمن و چاوشکانێکی کەم وێنەش بوو بۆ خەڵک و پێشمەرگە. ئەمە جگە لە پەلاماری هەڵەبجە کە بە جارێک زەندەقی تەواوی خەڵکی کوردستانی بردبوو.

ئەنفالی دوو: دوای تەواوبوونی ئەنفالی یەک، قۆناغی دووەمی پەلامارەکانی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەیەکی تری کوردستان لە ڕۆژی ٨٨/٣/٢٢، بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ دەستی پێکرد.

سنووری ناوچەی عەمەلیاتی ئەنفالی دوو بریتی بوو لە: سلێمانی، چیای گلەزەردە، بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان، زەرایەن، ئوردوگای نەسر و عەربەت. ڕژێمی عێراق هێزێکی گەورەتری لە فەیلەقی ١ و هەندێک لەو هێزانەی کە بەشداربیان لە ئەنفالی یەکدا کردبوو، یەکەکانی تانک و زرێپۆش، توێخانە، هێزی ئاسمانی و ٣٥ فەوجی سووکی جاشەکانی بۆ ئەم ئەنفالە کۆکردەوە.

بەرانبەر بەو هێزانەی دوژمن، هێزی پێشمەرگە و چەکداری خەڵکی ناوچەکە لە ٣٠٠ کەس تێنەدەپەڕی. هەندێک لەو هێزانەی تازە لە شەڕەکانی ئەنفالی یەکدا گەڕابوونەوە بەوە ڕانەگەیشتن بەشداری ئەم شەڕانە بکەن.

ئەمجارەش زۆر بە خەستی چەکی کیمیاوی بەکارهێنرا. گوندەکانی جافەران، بەڵەکەجار، ساووسێنان، مەسۆیی و سەرکۆ و شاخی قەرەداغ و چیای زەردە کیمیاباران کران. دوای چەندین داستانی پڕ سەروەری وبەرگرییەکی قارەمانانە گوند وشاخ ودۆڵەکان، یەک لە دوای یەک کەوتنە ژێر دەستی عێراقەوە. تێکڕای گوندەکانی ئەم ناوچەیە تالان و وێران کران. لە ڕۆژی ٢ی نیساندا، سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیانی ژمارە (٣١٠٩)ی دەربارەی گرتنی ناوچەکانی قەرەداغ بڵاوکردەوە. ئەم شەڕانە لەو بەیانەدا ناونراوبوون ئەنفالی دوو.

لەم قۆناغەی ئەنفالدا، هەزاران ژن ومنداڵ و پیاوی ئەو ناوچانە لە لایەن سوپای عێراق و جاشەکانەوە گیران و دواتر بێ سەروشوێن کران. ئەوانەی کە دەرباز بوون لەگەڵ پێشمەرگەکان بەرەو قوولایی گەرمیان ڕۆیشتن.

ئەنفالی سێ: ئەنفالی سێ یەکێکە لە گەورەترین قۆناغەکانی ئەنفال. ئەم قۆناغە ناوچەیەکی زۆر فراوانی پێدەشتەکانی گەرمیانی گرتەوە. سەدان گوند و ئاوایی ناوچەکانی جەباری، زەنگەنە، داوودە و جافی ڕۆغزایی کەوتنە بەر ئەم شالاوە. سنووری ناوچەی عەمەلیاتی ئەم ئەنفالە بریتی بوو لە: توزخورماتوو، کفری، کەلار، دەربەندیخان، چیای قەرەداغ، تەکیە، چەمچەماڵ، قەرەهەنجیر و کەرکووک.

سامناکیی ئەم قۆناغەی ئەنفال لەوەدایە کە دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیاو لەو ناوچانەدا لەلایەن سوپای عێراقەوە گیران و بێ سەروشوێن کران. هەروەها زیاتر لە یەکهەزار گوند و هۆبە و هەوار و ئاوایی تالان و وێران کران.

ڕژێمی عێراق چەند فیرقەیەکی سەربازی لە فەیلەقی ١و٢ی سوپای عێراق، هێزەکانی پارێزگاری نەوتی کەرکووک، زیاتر لە سەد فەوجی جاشی سووک، هێزی ئاسمانی، یەکەکانی تانک وتوێخانە و زرێپۆشی فەیلەقی ١ و مەفرەزەخاسەکانی ئەمن و طوارئ ی بۆ ئەم پەلامارە سازدا. هێزی بەرگری لە گەرمیان بریتی بوو لەو هێزانەی کە لە ئەنفالی یەکدا بە شکاوی گەڕابوونەوە و، هەندێک مەفرەزەی تر کە لە ناوچەکەدا بوون لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیریی خەڵکی ناوچەکە.

ئەو هێزە زەبەلاحەی دوژمن کە تەقدیر دەکرا بە زیاتر لە ٧٠ هەزارکەس لە ڕۆژی ٧ی نیسانەوە کەوتنە گیانی خەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاعی گەرمیان و، بەپانتایی ئەو دەشتە کاکی بەکاییانەی گەرمیان، هێزی مەرگچێنی بەعس لە چوار قۆڵی سەرەکی و دەیان قۆڵی سانەوەییەوە کەوتنە گرتن و کوشتنی خەڵکی ناوچەکە و تالان و وێرانکردنی تێکڕای گوند و هۆبە و هەوار و ئاواییەکانی گەرمیان.

قۆڵە سەرەکییەکانی پەلامارەکە بریتی بوون لە: قۆڵی پیباز، قۆڵی کەلار، قۆڵی کفری و قۆڵی توزخورماتوو. ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی ئەو هێزانەی کە ئەنفالی دوویان تەواوکرد، لە قەرەداغ و زەردەوە شۆڕبوونەوە بەرەوگەرمیان. مەفرەزەکانی پێشمەرگە و هەندێ لە هێزی پشتگیریی ناوچەکە لە چەند پەلامار و بەگژاچوونەوەیەکدا داستانی وەهایان بە خوێنی خۆیان نەخشاند کە جێگای شانازی و شکۆمەندیی نەوەکانی دواڕۆژیشە.

مەخابن! لە ڕۆژی ٨٨/٤/٢٠دا، هێزەکانی دوژمن توانیان دوا سەنگەری بەرگری لەو ناوچەیەشدا بگرن و، تێکڕای ئاواییەکان بسووتێنن. شایەنی باسە، چەکی کیمیاوی لەم قۆناغەی ئەنفالدا بە ڕادەیەکی کەمتر لە قۆناغەکانیتر بەکارهێنرا. ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە هێزەکانی دوژمن لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکەیان دابوو و، لەو ناوچانەشدا پێشڕەوی جیاجیایان کردبوو. بەمەش هێزەکانی ڕژێم لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەدا تێکەڵ بووبوون.

ئەنفالی چوار: ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی مەڵبەندی ١و٢ی یەکێتی لە ئەنفالی ١و٢و٣دا تەفروتونابوون. پاشماوەی ئەو هێزانە و مەفرەزەکانی لایەن و هیزەکانی تر، بەرەو ناوچەی شوان و شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە ڕۆیشت. لەوکاتانەدا ڕژێم دەستیکرد بە جێبەجێکردنی نەخشەی ئەنفالی چوار.

ئەنفالی چوار ناوچەکانی شوان، سالەیی، قەڵاسێوکە، چەمی ڕێزان، شێخ بزێنی و دەشتی کۆیەی گرتەوە. سنووری ناوچەی عەمەلیاتەکە بریتی بوو لە: کەرکووک، ئالتون کوپری، دێگەلە، کۆیە، دوکان، سووردراش، تەکیەو چەمچەماڵ.

ئەنفالی چوار لە ڕۆژی ٨٨/٥/٣ بە قەسفێکی خەستی کیمیاوی گوندی گۆیتەپەی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر دەستپێکرد. ئەم هێرشە کیمیاوییە بووە هۆی کوژرانی ١٥٤ کەس وبریندارببوونی سەدان کەسی تر. ئەم پەلامارە خەڵکی ناوچەکەی تۆقاند و مۆتەکەی مەرگ باڵی بە سەر تەواوی ناوچەی کۆیە، ئاغجەلەر و چەمچەماڵ داگرت.

ڕژێمی عێراق دوو فیرقەی پیادە و سێ لیوای مغاویری فەیلەقی یەک، هێزەکانی پارێزگاری نەوتی کەرکووک، توێخانە و هێزی زرێپۆشی فەیلەقی یەک، هێزی ئاسمانی و نزیکەی هەشتا فەوجی جاشی بۆ ئەم پەلامارە بەکارهێنا. هێزی دوژمن بە ٥٠تا٦٠هەزار کەس تەقدیر دەکرا کە لە دە قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکەیان دا. قۆڵەکانی بریتی بوون لە: ئاغجەلە، چەمچەماڵ، قەرەهەنجیر، خوارووی تەقتەق، سەرووی تەقتەق، شوان(ریدار)، کۆیە، هەیبەت سوڵتان، دوکان و سوسێ.

ئەمجارەیان ڕوحی بەرگری و هێزی پێشمەرگە و وردی خەڵکی ناوچەکە بە هۆی ئەو شکست و کارەساتە یەک لە دوای یەکانەو، پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی عێراق لە چەندین قۆڵەوە، وەک جاران نەمابوو. خەڵک و پێشمەرگە بیریان لە ڕێگەی دەربازبوون دەکردەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتی لە ناوچەی شەقلاوە، نەک لە شەڕ و بەرگری کردن.

دەبێ بگوترێ کە هێزێکی پێشمەرگەی گەرمیان لە سەر بەرزاییەکانی تەکەڵتووی دەشتی کۆیە شەڕێکی زۆر قارەمانەیان کرد. ئەو شەڕە بووە هۆی ڕاگرتنی شالاوی لەشکری عێراق بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک لە دەشتی کۆیە. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەکان شەهید بوون، بەڵام ئەو قوربانییە هەزاران کەسی ناوچە و سەدان پێشمەرگەی ڕزگار

کرد. سەرەنجام لە ڕۆژی ٨ ی مایسدا هێزەکانی عێراق هەموو ئەو ناوچانەشیان گرت و، تێکڕای گوند و ڕەز و باخەکانیان تاڵان و وێرانکرد. لەم قۆناغەی ئەنفالدا هەزاران ژن و منداڵ و پیاو گیران و بێسەر وشوێن کران.

ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت: پەلامارەکانی ڕژێمی عێراق بۆ سەر باقی ناوچەکانی سۆرانی بریتی بوو لە سێ قۆناغی نەپچڕاوە و لە یەکچوو. ئەم سێ قۆناغەی ئەنفال بەکردەوە پاشماوەی سنووری دەسەڵاتی مەڵبەندی سێی یەکێتی دەگرتەوە.

ناوچەکانی ئەم سێ قۆناغە بریتی بوون لە چەند دۆڵێکی دوورودرێژی ناوچەی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی. ئەم ناوچانە کۆمەڵێک چیای بەرزی کوردستانی لێهەڵکەوتووە، وەک: هەیبەت سوڵتان، سەفین، هەورێ، کۆرەک، ماکۆک، کارۆخ، هەندرێن، کێوەڕەش و قەندیل.

سنووری ناوچەی عەمەلیاتی ئەو ئەنفالانە بریتی بوو لە: کۆیە، دێگەڵە، هەولێر، شەقڵاوە، ڕەواندوز، چیای قەندیل، ڕانیە، چوارقورنە.

هێزەکانی مەڵبەندی سێ تاڕادەیەک حەساوە بوون، تەنها بەشێک لە هێزەکانیان لە شەڕی ئەنفالی یەکدا شکستیان خواردبوو. لێپرسراوانی مەڵبەندی سێی یەکێتی بە باشی خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکردبوو کە هەموو توانای خۆی بەکاربێنێ بۆ ئەوەی دیفاع لەو ناوچە بکا، چونکە ئەوێ دوابنکەی دامەزرانیان بوو لە ناو خاکی عێراقدا.

ڕژێمی عێراق لە ڕۆژی ٨٨/٥/١٥ دا ئەو زنجیرە ئەنفالەی بە بۆمبارانێکی خەستی کیمیاوی گوندی (وەرێ)ی نزیک بێتواتە دەست پێکرد. ئەم پەلامارە بە لایەنی کەمەوە، بووبە هۆی کوژرانی ٢٢ کەس و بریندارببوونی زۆری تر. هێزی پێشمەرگە شەڕی زۆر سەخت و ئازایانەیان لەگەڵ سوپای عێراقدا کرد و زەرەر و زیانێکی زۆریان بە ڕژێم گەیاند کەوا نەیتوانی لەکاتی دیاریکراودا ئامانجەکانی بهێنێتەدی. دوای چەند هەفتەیەک شەڕ، ڕژێم توانی دۆڵی نازەنین بگرێ. هەموو گوندەکانی تاڵان و وێران کرد و بەیانێکی عەسکەری دەرکرد کە تێیدا تەواوبوونی ئەنفالی پێنجی ڕاگەیاند.

لە کاتی ئەنفالی شەشدا بوو کە ئێران بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی لەگەڵ عێراق ڕاگەیاند. ئەم بڕیارە بۆ عێراق سەرکەوتنێکی گەورەبوو و بۆ هێزی پێشمەرگەش ورە دابەزینێکی زۆر کە ئیتر عێراق توانی بە تەواوی لە بەرەی شەڕ لەگەڵ ئێران ئاسوودە بێ و هێز و تەکانی زیاتر بۆ ئەم ئەنفالە بەکاربێنێ.

لە ڕۆژی ٨٨/٨/٢٥ سوپای عێراق دوا سەنگەر و بنکەی چیای ناوچەکانی تا بناری قەندیل داگیر کرد. لە ڕۆژی ٨٨/٨/٢٦ دا سەرکردایەتی گشتیی هێزەکانی عێراق کۆتایی ئەنفالی حەوتیان ڕاگەیاند.

هیچ کەسێک لە دانیشتووانی خەڵکی ناوچەکانی ئەنفالی ٥، ٦و٧ ئەکەوتنە بەردەستی عێراق. زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکە لە ڕێگەی قەندیلەوە ئاوەدیوی ئێران بوون. مەڵبەندی سێ هەندێک مەفرەزەی هەڵبژاردەی لە ناوچەکانی دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی بەجێهێشت. هەر لەوکاتەدا هەندێک مەفرەزەی تریش بەرەو ناوچەکانی چەمی ڕێزان و سالەیی و گەرمیان بەرێخران، بەڵام پاشماوەی هێزەکانی تری یەکێتی و حیزب و لایەنە کانی تر بەرەو چیای قەندیل بەڕێکەوتن.

دوا ئەنفال: دوای داگیر و وێرانکردنی هەموو ناوچەکانی سۆران کە یەکێتی تێیدا باڵادەست بوو، ڕژێم دەستی کرد بە جێبەجێکردنی نەخشەی پەلامار و خاپوورکردنی ناوچەی بادینان. پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەو ناوچەیەدا باڵادەست بوو. ئەو ناوچانەی کە لە بادینانداە بەر دوا ئەنفال کەوتن بریتی بوون لە: دهۆک، سەرسەنگ، ئامێدی، دێرەلوک و باتوڤە و زنجیرە چیاکانی گارە و زاخۆ. ئەو ناوچەیە پێدەشت و شیوودۆڵ و چیای زۆر سەختی وەک گارە و مەتین و... لێیە.

ڕژێمی عێراق سێ فیرقەی سەربازی لە فەیلەقی ٥، یەکەکانی تۆپخانە و تانک و زرێپۆشی فەیلەقی ٥، هێزی ئاسمانی و نزیکەی حەفتا و پێنج فەوجی جاشی بۆ ئەو پەلامارانە سازدا. دوای ئەو حەوت قۆناغەی ئەنفال لە ناوچەی سۆران، لەوە دەچوو هێزی پێشمەرگەی بادینان هیچ بەرنامەیەکیان بۆ بەرگریکردن نەبێ، هەرچەند هەندێک دەڵێن بڕیاریان دابوو کە خۆیان لە شەڕی هێزەکانی دوژمن بپارێزن، بەڵام چەند مەفرەزەیەک لە هەندێ شوێن شەڕی زۆر ئازایانەیان کرد.

لە ڕۆژی ٨٨/٨/٢٥ دا ئەو قۆناغەی ئەنفال بە کۆمەڵێک بۆمبارانی کیمیاوی بۆ سەر گوندەکانی ناوچەی بیگۆڤە و گوندەکانی کانی ماسی، بالوکە، باوەرکەگەڤرێ، میرگێتی، گیزێ، گێلناسکێ، بیرجینی، بیلیجانە، تیلاکرۆ، روسێ و زێوێ دەستی پێکرد. ئەو پەلامارە کیمیاویانە هێندە بەربڵاوبوون کە تەواوی ناوچەکانی بادینانی گرتەوە. ئەمەش ترس وخورپەیەکی زۆری خستە دڵی هێزی پێشمەرگە وخەڵکی ناوچەکە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٨٨/٨/٢٦ دا، دەیان هەزار جاش و سەرباز لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری گوند و شاخ و دۆڵەکانی ناوچەی زاویتە، ئەتروش، ئامێدی، سەرسەنگ و چیای گارە یان دا و توانیان هەموو ناوچە و گوندەکان بگرن. بە پێی ڕاپۆرتی سەرکردایەتی فەیلەقی ٥، لە ڕۆژی ٨/٢٨ دا هێزەکانی سوپای عێراق و جاشەکان بە کردەوە هەموو بارەگاکانی پێشمەرگە و گوندەکانی بادینانیان داگیر کرد وکەوتنە تاڵان و وێرانکردنیان. هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەی بادینان لەم ئەنفالەدا کەوتنە ژێردەستی هێزەکانی عێراق و زۆربەیان دوایی بێ سەرو شوێن کران. دەیان هەزارکەسیش بەرەو تورکیا بەڕێکەوتن و دەیان هەزاری تریش تا ڕۆژی لێبوردنی گشتییەکەی عێراقی دوای ئەنفال، لە بەرزاییەکان وحەشارگەکاندا خۆیان شاردەوە.

لە ڕۆژی ٨٨/٩/٦ دا، سەرکردایەتی ڕژێمی عێراق بە پێی بڕیاری ژمارە ٧٣٦ی «ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش» کۆتایی ئەم قۆناغەی ئەنفالی ڕاگەیاند و ئەم پەلامارانەی ناونا دوا ئەنفال. لەو ڕۆژەوە بەکردەوە هیچ گوند و هۆبە و هەوار و، ئاواییەک لە سەرتاسەری ناوچە گوندنشینەکان بە پێوە نەمان. هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا بنکە و بارەگای لە نزیک شار و نۆردوگاکاندا نەما.

بۆ هەر قۆناغێکی ئەنفال یەکێک لە فەرماندە گەورەکانی سوپای عێراق دانرابوو بۆ سەرپەرشتی کردنی مەیدانی شەڕەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، علی حسن المجید لە سەرووی هەموویانەوە بەرپرسی یەکەمی جێبەجێکردنی تەواوەتی نەخشە و پلان و پیلانەکان بوو. لە مەکتەبی ڕێکخستنی باکوورەوە بەردەوام تەوجیهات و ڕێنمایی بۆ دەناردن و فەرماندەکانیش لە تەواوی ڕووداوەکان ئاگاداریان دەکردەوە. ئەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو هێندەی بۆشی کرابێ خۆی سەردانی بەرەکانی شەڕی کردووە.

«عێزەت الدوری» یش لە کاتی ئەنفالی یەکدا چوو بۆ سلێمانی و لە کاتی ئەنفالی ٣دا سەردانی کەرکووک و لە دوا ئەنفالدا چوو بۆ موسڵ.

چارەنووسی خەڵک لە ئەنفالدا

ژمارە و جۆری گیراوەکان و چارەنووسیان و چۆنیەتی گرتنەکەیان لە

قۆناغەکانی ئەنفالدا جیاوازن و جێگای سەرنجە.

جێگای داخە کە دوای ٧ساڵ بەناو ئازادبوونی کوردستانی عێراق و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستاش سەرژمێرێکی ڕاست و دروست بۆ گیراوەکانی ئەنفال نەکراوە. هەندێک کەس وحیزب و لایەنی سیاسی ژمارەی گیراوەکانی ئەنفال بە (١٨٢,٠٠٠) و (٢٠٠,٠٠٠) کەس تەقدیر دەکەن، بەڵام من پێموایە ژمارەیان لە نێوان (٧٥,٠٠٠ تا ١٠٠,٠٠٠)کەسە.

لە هەندێ قوناغی ئەنفالدا کەس نەگیراوە؛ لە هەندێکی تردا پیاوەکان گیراون و، لە هەندێکیاندا ژن وپیاو منداڵ گیراون. هەندێک جار گیراوەکان یەکسەر لە شوێنی گرتنەکەیان گوللەباران کراون. لە هەندێک قۆناغی تردا پیاوەکان جیاکراونەتەوە و کوژراون و هەندێک جاریش ژن وپیاو منداڵ بەیەکەوە بێسەر وشوێن کراون.

لە ئەنفالی یەکدا جگە لە دوو پیاوی مالومە نەبێ، کە یەکیان شێت بوو، هیچ کەسێک لە دانیشتووانی ناوچەکە نەگیران. هۆی دەربازبوونی خەڵکی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی ئەو ناوچانە لە سنووری کوردستانی ئێران، کە زۆر سەخت و بەفراوی بوو. کۆچڕەوی خەڵکی ناوچەکە بە کوێستانەکانی ژیلوان و گۆجاردا کارەساتێکی هێندە پڕناسۆر بوو کە دەیان کەس لە ڕێگادا یا لە ناو بەفردا ڕەقهەڵاتن یان لە بەستەڵەکی چیاکاندا هەڵدێران.

لە ئەنفالی ٢دا، گوندنشینەکانی ناوچەی قەرەداغ بوون بە سێ بەشەوە: بەشێکیان لە گوندەکانی خۆیان گیران و، ڕەوانەی ئەمنی سلێمانی کران و، لەوێشەوە پێش ئەوەی بۆ شوێنێکی نادیار بنێردرێن ڕەوانەی سەربازگەی تۆپزاوای نزیک کەرکووک کران. بەشی دووەمی خەڵکەکە بەرەو گەرمیان ڕۆیشتن. زۆربەی ئەوانە وایان دانابوو کە بگەنە شاری کەلار و ئۆردوگای صەمود. بەڵام لە ڕێگا کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفالی ٣ وە. بەشی سێیەمیش لە شاخ و دۆڵەکان خۆیان شاردەوە و بەڵام دوایی ناچار بوون خۆیان تەسلیم کرد. ئەوانە وایان دەزانی کە لێبوردنی گشتی دراوە، بەڵام هەموویان ڕاپێچی ئەمنی سلێمانی کران و لەوێشەوە بۆ تۆپزاوا. جاشەکان هەندێکیانی لەوانە گەیاندە سلێمانی و دەربازیان کردن.

لە ئەنفالی٣ دا، زۆربەی گوندنشینەکانی گەرمیان بەردەستی سوپای عێراق کەوتن و گیران. ئەو ڕۆژانەی کە ئەو حەشیمەتەی گەرمیانی تێدا گیرا، لە ڕۆژە هەرە ڕەشەکانی مێژووی ئەم سەدەی گەلی کوردە. بەشێک لەوانەی لە گوند و هەردەکان گیران هەر لەوێ گوللەباران کران. ئەوانەی تریش ڕەوانەی شارەکانی توز، کفری، کەلار، کەرکووک و چەمچەماڵ کران ولەوێشەوە بۆ سەربازگەی تۆپزاوا. لەو سەربازگەیە ناونووس کران و بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەڕێکران.

لە ئەنفالی٤ دا، هەزاران ژن وپیاو منداڵ گیران و، ڕەوانەی دایرەی ئەمنی کەرکووک، چەمچەماڵ، تەقتەق و کۆیە کران و لەوێشەوە بۆ سەربازگەی تۆپزاوا و دیارە دواتر زۆربەیان بێسەروشوێن کران.

شایەنی باسە کە ژمارەیەک لە ژن وپیاوی بەتەمەن و هەندێک منداڵ برانە گرتووخانەی نوگرەسەلمان لە خواروی عێراق. ئەوانە هەندێکیان لە کاتی عەفووەکەی ٨٨/٩/٦ دا بەردران. هەندێکی تریان تا کۆتایی ساڵی ٨٨ هەر لەوێ مانەوە و هەندێکیشیان ئێستاش هەر نەگەیشتنەوە لای کەس وکاریان.

لە ئەنفالی٥، ٦و٧ دا تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی گیران. ئەوانە لە کاتی ئەنفالدا چووبوونە شارەکانی شەقڵاوە، حەریر، خەلیفان، ڕەواندوز، ڕانیە، چوارقورنە و کۆیە و دواتر زۆربەیان لە ڕێگەی قەندیلەوە ئاوەدیوی ئێران بوون.

لە دوا ئەنفال لە بادیناندا دەیان هەزار کەس گیران و دواتر ژمارەیەکی زۆریان بێسەروشوێن کران. خەڵکی بادینان بوون بە سێ بەشەوە: بەشێکیان لە گوندەکانی خۆیاندا گیران و نێردرانە سەرسەنگ، زاخۆ، هێزاوا و مێرسڤێ و، لەوێشەوە دوای ناونووسکردن ڕەوانەی سەربازگەی نیزارکێ ی نزیک دهۆک کران. ئینجا لەوێ ژن وپیاو بە جیا ناردرانە ناحیەی (سولامییە)ی نزیک شاری موسڵ و، لەوێوە پیاوەکان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕەوانە کران و تا ئێستاش بێسەروشوێن. بەشی دووەمی خەڵکەکە، ڕوویان کردە سنووری تورکیا و نزیکەی (٦٥,٠٠٠ ـ ٨٠,٠٠٠) کەس گەیشتنە تورکیا و زۆربەیان دوای لێبووردنە گشتییەکەی ٩/٦ی حکوومەت تەسلیم بوونەوە. بەشی سێیەمی خەڵکەکە لە سەر چیا بەرزەکان و دۆڵ و حەشارگەکاندا خۆیان شاردەوە و پاشان تەسلیم بوونەوە.

لێبووردنی گشتی

لێبووردنە گشتییەکەی ڕۆژی ٦و٨ /١٩٨٨/٩ ڕاستەوخۆ سووکایەتییەکی زۆری بە وانەکرد کە تەسلیم بوونەوە. لە ماف و ئەرکی نیشتمانیدا وەک هاوڵاتی ژمارە دوو حیسابیان کردبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمەدا بۆ زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠)کوردی ئاوارەی تورکیا و ئێران و دەیان هەزار گیراوی سەربازگەکانی نوگرەسەلمان ، تۆپزاوا، نیزارکێ و سولامییە شتێکی باش بوو.

ڕژێمی عێراق لە دەوروبەری شارەکانی هەولێر، سلێمانی ودهۆک دا چەند شوێنێکی دیاری کردبوو بۆ ئەوەی وەک ئۆردوگا خەڵکی لێ کۆ بکرێتەوە. ئەوانەی لە گرتووخانەکان بەردەدران یان ئەوانەی تەسلیم دەبوونەوە، یەکێک لەو شوێنانەی بۆ دیاری دەکرا ودەبوو بچن لەوێ بژین. هیچ پارە و پووڵێک و کەرەستەی خانوودروستکردنیان بە خەڵکەکە نەدەدا. دانیشتووانی شارەکانی هەولێر، سلێمانی و باقی شارەکانی تر کۆمەگ و و پێداویستییان بۆ ئەوانە کۆدەکردەوە و هەندێ کەسیش لەلایەن کەس وکاریانەوە یارمەتی دەدران.

ئەوانەی کە تەسلیم دەبوونەوە، ئەگەر خەڵکی شاریش بوونایە هەر دەبووایە لەو شوێنانە بژین و بۆیان نەبوو لە شارەکانی خۆیان نیشتەجێ بن. هیچ کەسێک لە دانیشتووانی ئەو ئۆردوگایانە نەیدەتوانی جێگۆڕکێ بکات و یاخود بەبێ ئاگاداریی دایرەی ئەمن هاتوچوو بکات.

وەزعی کوردستان لە دوای ئەنفال

ڕژێمی عێراق تا بەهاری ساڵی ١٩٨٩ ش، بە بەردەوامی هێزی سوپا و جاش و هەلیکۆپتەری بەکاردەهێنا بۆ پشکنین و چاوەدێری ناوچەکانی کوردستان. هەر دار و دیوار وکۆزێتێک کە لە کاتی ئەنفال بەپێوەمابوون یان دواتر بە هەر هۆیەک دروست دەکرانەوە، یەکسەر تەختەدکران ودەسووتێنران. ڕژێمی عێراق نەیدەویست هیچ نیشانەیەکی ژیان و ئاوەدانی لەو ناوچانەدا بمێنێ و، واش لە خەڵکەکە بکات کە جارێکی تر بیر لە ئاوەدانکردنەوەی نەکەنەوە. تا بەهاری ساڵی ١٩٨٩ هەمان بڕیاری نەگریسی ژمارە ٤٠٠٨ی مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچە قەدەغەکراوەکان پێڕەودەکرا.

بەکورتی لە بەهاری ٨٩ دا، تێکڕای دانیشتووانی گوندەکانی کوردستان لە ٨٢ ئۆردوگای نزیک شارەکان کۆکراببوونەوە. جگە لە شار و ئۆردوگاکان، لە سەرتاسەری دەشت ودۆڵ و چیاکانی کوردستانی عێراقدا هیچ خانوو و هەوار و دیوارێک بە پێوەنەمابوو.

لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٨٩ دا عەلی حسن المجید کارەکانی

پاشماوە لە لاپەڕەی ٧٥

ڕۆژژمێری تەورێز

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا

وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی

Fo. 371/45478

(ڕاپۆرتی ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٤٥)، ١تا ٢٢ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٥

٦٤) ورمێ

لەمەڕ هەنگاونان دژ بە کوردەکانی ڕەشید بەگی هەرکی لە نزیک [گوندی] گەجین، دوابەدوای مردنی «میجەر مەعافی» (ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگرافی ژمارە ٤٩)، باشترین بۆچوون، هی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێزە: دوای ئاژاوەی ڕۆژی ١٤ی فەبریوەری، بەشێک لە هێزەکان [ی ئێران]، مەئمور کران بچن گوندی گەجین بگرن، ئەو کارەشیان بێ هیچ ڕووداوێک بۆچوەسەر. چەند ڕۆژێک دواتر، هێزەکە جێگەی خۆی دا بە ٤٠٠ سەربازی پیادە و دووتانک. ئەو هێزانەی وا جێگەی خۆیان داوە بە تاقمە تازەکە، هاوڕێ لەگەڵ تانکدا، لە کاتی گەڕانەوە بۆ ورمێ، چاویان بە تاقمێکی نزیک بە ٣٥٠کەسی کوردەکان دەکەوێت، کە لە گوندێک بەناوی «جهودلەرداغی» کۆببوونەوە، بەنزینی تانکەکان گەیشتبوە ڕادەیەکی کەم، هەر بۆیەش درێژەیان بە ڕێگادا، بۆ ئەوەی لە ورمێ بەنزین بکەنە تانکەکانەوە.

کوردەکان لایان وابوو پاشەکشەیان کردووە و لەگەڵ سەربازەکاندا کەوتنە شەڕەتفەنگ. سەربازەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە تا کاتێ تانکەکان گەڕانەوە شوێنەکە، لە کێوەکە چوونە سەرێ و لەوێوە بە ڕەشاش گوللەبارانیان کردن. کوردەکان چوونە پشت دیوارێکی بەردین و لەوێ تانکەکان ئەو دیوارەیان بە گوللە چکاند. کوردەکان وا بە پەشۆکاوی هەڵاتن کە نەیانتوانی هەموو کوژراوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن. هێزەکانی ئێران چوونە پێشەوە و سێ کوژراوی کوردیان لە مەیدانەکەدا دۆزیەوە، دواتر، زانرا کە دوو کەسی دیکەشیان لێ کوژرابوو، بەڵام ئێرانییەکان کوژراو و بریندارەکان نەبوو.

یەک لە کوژراوەکان، پیاوی تاهیر، کوڕی [سمایل ئاغای]سمکۆ بوو و دەگوترێ کە تاهیر دوو سەرەک هۆزی دیکەی شکاک بە ناوی «شێرۆ» و «عەبباس فەننانی» لەگەڵ ڕەشید بەگ کەوتوون. ڕەشید بەگ هەروەها داوای یارمەتی لە عەمەرخانی شکاک کردووە بەڵام ئەو داویەتە دواوە.

لە کاتێکدا هەواڵی هیچ ڕووداوێکی دیکە نەگەیشتووە، بارودۆخەکە نیمکانی هێرشی زیاتر دەدات. پیاوانی ڕەشید بەگ بەگشتی پەڕیونەتە دەوروبەری گوندی «نوشنەوە»[شنۆ؟]، بەڵام وا دەردەکەوێت لە دەوروبەری ورمێ جووڵانەوەیەکی زۆریان هەبێت و لەوێ تفاق و خەڵەی گوندنشینەکانی دۆڵی «ڕەوزەچای» زەوت دەکەن.

حیزبی تووده‌ی ورمێ ناڕەزایینامەیەکی توندی دەرکردووە کە دژ بە ڕەشید بەگ نییە بەڵکوو دژ بە حکوومەت[ی ئێران]ە و وەک جاران هەموو تاوانی تەنگوچەڵەمەکە دەخاتە گەردنی «پاشکەوتنخوازەکان» بەڵام چۆن؟ ڕوونی ناکاتەوە.

٦٥) کاروباری دیکەی کورد

ڕاپۆرتی نێو ڕۆژژمێری پێشوو، کە تێیدا گوترابوو هێزی سوپای ئێرانی بە فەرماندەیی سەرتیپ «هۆشمەند ئەفشار» دەبێ لە سەقزەوە بچێتە ناوچەی مەهاباد ئێستا تەئیید دەکرێت. گەرچی دەست بەسەرداگرتنی ڕاستەقینەی مەهاباد بەستراوەتەوە بە ئیجازەی دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتەوە.

بەشێک لەو هێزە، کە پێکهاتووە لە ٦٠٠ سەرباز و تانکێک و دە خومپارەهاوێژ، لە ١٣ی مانگی مارسدا گەیشتۆتە گوندی «سەرا» ــ کە نزیکەی هەشت مایل لە بۆکانەوە دوورە. بەفری سەر ڕێگەی نێوان سەقز و بۆکان، پاشماوەی [هێزەکەی] ڕاگرتووە. وا دەردەکەوێت کە سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار، هێشتاخۆی لەگەڵ هێزەکە نەکەوتبێ. هەواڵی پێشڕەویی [هێزەکە]، ئاژاوەیەکی لە مەهاباد ناوەتەوە و هیچ گومانێک نییە کە ئامانج[ی هێزی سوپا]، گرتنی شارەکەیە. فەرمانداری مەهاباد و قازی محەمەد چوون بۆ میاندواو و لەوێ بە فەرماندەی هێزەکانی ئێرانیان گوتووە کە کوردی مەهاباد، بەربەرەکانی [سوپاکە]دەکەن. بازاڕی مەهاباد داخراوە و «کوردە گەنجەکان» (ژ.ک)، دەستی کردووە بە بانگکردنی ئەندامەکانی خۆی لە هۆزەکانی دەوروبەر [ی شار]، لە کاتێکدا کە خەڵکی شار بەگشتی دەستیان کردووە بەوەی خۆیان بخەنە دۆخی داکۆکی کردنەوە.

لە عەینی وەختدا، وا دەردەکەوێت کە سەرهەنگ کەمال، فەرماندەی جاندرمەری ورمێ چووە بۆ مەهاباد و دەقی تێلگەرافێکی لەگەڵ خۆیدا بردووە کە خەڵکی مەهاباد بینێرن بۆ تاران و داوای ناردنی هێزی جاندرمە بۆ دامەزراندنەوەی نەزم و ئاسایش لە شارەکەدا بکەن. ئەو نوێنەرە کوردانەی وا ئەو، پێشنیارەکەی ئاراستەکردوون، مەسەلەکەیان داوەتە دواوە. کەمال، دەست بەجێ لە ڕێگەی میاندواوەوە چوە بۆ تەورێز و لە ڕێگا، هەواڵی چوونە پێش و گەیشتنی سوپای بۆ نێو شاری بۆکان پێگەیشتووە.

لە تەورێز کەمال و فەرماندەی جاندرمەی ئازەربایجان ــ سەرهەنگ هومایون، چوونەتە لای کونسولی گشتی، کەوا دەردەکەوێت پێی گوتبێتن کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت ئیجازەی گرتنەوەی مەهابادی بە هێزەکانی سەرتیپ هۆشمەند نەداوە، بەڵام ئەگەر بیانەوێ بیگرنەوە، دەبێ هێزێک کە لە ورمێوە دێت بیگرێتەوە. فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێز، کە وا هەیە بەرپرسی هەموو عەمەلیاتێکی مەهاباد بێت، پێشتر ئاگاداری ئەکراوە کە دەسەڵاتداریەتی ڕووس دژ بە گیرانەوەی مەهاباد نین.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەوان هێشتا بە تەواوەتی [گیرانەوەی

مەهابادیان] یاساخ نەکردووە، بەڵام ئەو مەرجەی کە هێزەکە پێویستە لە ورمێوە بێت، بەڕێوەبردنی بەکردەوەی مەسەلەکە دەکاتە شتێکی نەگونجاو. ئەوەش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە سەربازخانەی ورمێ لەوە بچوکترە ژمارەی پێویستی هێزی سوپایی تێدا بێت بەتایبەت کە ڕەشید بەگ لە دەوروبەری شاردا، خەریکی هاتوچۆیە.

ڕاپۆرتێکی تەئیید نەکراو، باسی بەرگریکردنی کوردەکان لە هاتوچۆی کاربەدەستانی ئێرانی دەکات کە دەیانەوێ لە ورمێوە بچن بۆ میاندواو. دەگوترێ «تەها» ناوێکی هەرکی، لۆرییەکی پڕ جاندرمەی لە «دزە» ـ ٢٠ مایلی باشووری ورمێوە گێڕاوەتە دواوە.

گومان هەیە هیچ سەرەک هۆزێکی کورد هاوکاریی هێزەکانی سەرتیپ هۆشمەند بکات. ڕاپۆرتێکی دیکە دەڵێ هەندێ لە سەرۆکەکانی هۆزی مەنگوڕ و گەورک کە لە شەڕی ساڵی پاری «هۆشمەند» دژ بە حەمەڕەشید[خان] دا، لە بانە یارمەتییان داهبو، ئێستا لە مەهابادن و چاوەڕوانی هاتنی دەکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری لەم هاوکاری کردنە دوودڵە. سەرەتا، جێگیری فەرماندەی سۆڤیەت پێی گوتبوو هاوکاریی هۆشمەند بکات بەڵام درەنگتر پێی گوترا کە ئیجازە بە هۆشمەند نادرێت مەهاباد بگرێتەوە.

چاووڕاو هەیە شێخ عەبدوڵلای کوڕی شێخ سەعید ـ سەرۆکێکی کوردی عێراق کە دوو ساڵێکە لە شنۆ نیشتەجێ بووە، ماڵێکی لە مەهاباد گرتووە ولەگەڵ قازی محەمەددا ڕاوێژی کردووە، سەرێکی تەورێزیشی داوە و بە تەمای ئەوەیە هەڵوێستی دژ بە هۆشمەند بگرێت.

لێژنەی لێکۆڵینەوەی ئاژاوەی مەهاباد (ڕۆژژمێری ژمارە ٤، پاراگرافی ٥)، هەر لە تەورێز ماوەتەوە و پێیان گوتراوە پێش ئەوەی هۆشمەند بگاتە مەهاباد، نەچنە ئەوێ. پێشنیاری فەرماندەی جاندرمەی ورمێ لەمەڕ ئەسپاردنی کاری چاوەدێری مەهاباد بەهێزێکی هاوبەشی کورد و جاندرمە، کە ئوستاندار و بەڕواڵەت، دەوڵەتی ناوەندیش پەسندی کردوبوو، تووشی تەنگ وچەڵەمە هاتووە. دەگوترێ ئەو سەرەک هۆزە مەنگوڕانەی وا ساڵی پار لەگەڵ قازی محەمەددا چووبوونە تاران، لە گەڕانەوەیاندا بۆ مەهاباد، باسی ئەم پێشنیارەیان بۆ کوردەکان کردووە و گوتوویانە ئیدارەی دارایی لە تەورێز ٥٠ هەزار تمەنی پێگەیشتووە تا بیدات بەو هێزە[ی کورد و جاندرمەیە]، بەڵام کوردی مەهاباد کاتێ تێگەیشتن کە کوردەکانی ناو هێزەکە ناکەونە ژێر ڕێبەرایەتی سەرۆکایەتی خۆیانەوە، موافەقەیان لەگەڵدا نەکردووە.

Fo.371/45 475

(ڕاپۆرتی ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٤٥)، ٢٢ی مارس تا ٣ی ئاوریلی ١٩٤٥

٧٧) کاروباری کورد

ڕۆژی ٢٤ی مارس، سەرۆکی "لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ئاژاوەی ڕۆژی ١٥ی فەبریوەری مەهاباد"، ڕایگەیاند کە بە هۆی گەیشتنی هێزی ئێران بە ڕێبەرایەتی سەرتیپ هوشمەند ئەفشارەوە کە نێردراوە بۆکان (ڕۆژژمێری پێشوو پاراگرافی ٦٥)و وا گەیشتووەتە مەهاباد، ئەویش چاوەڕوان دەکرێ بەم زوانە تەورێز [بەرەو مەهاباد] بەجێبهێڵێت.

ڕاپۆرتەکە، لە شوێنی خۆیدا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئوستانداری تازەی ئازەربایجانی ڕۆژهەلات دوو ڕۆژ دواتر ڕایگەیاند کە بێ هیچ گومانێک ڕووسەکان ئیجازەیان بە هێز[ی ئێران] نەداوە بچنە مەهاباد و ئێستاش گەڕاونەتەوە سەقز واتە ئەو شوێنەی وا لێوەی وەڕێکەوتبوون. ئوستاندار نەیدەتوانی تەئیدی ئەو هەواڵە بکات کە لە نێوان هێزەکە و سەربازخانەی ڕووس لە میاندواودا، موشکەلەیەک هەبووبێت. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، هێزی ئێرانی لە [گوندی]سەرای نێوان بۆکان و میاندواو[سەرنج: سەرا لە نێوان بۆکان وسەقز دایە ـ وەرگێڕ] چۆتە دەرەوە، بەڵام ڕووبەڕووی ئەفسەری فەرماندەی سەربازخانەی ڕووس لە میاندواو بۆنەتەوە، کە بە ئەفسەری فەرماندەی ئێرانی گوتووە پێش ئەوەی دەستوور لە جەنەرالی سۆڤیەتی لە تەورێز وەربگرێت ناتوانێ ئیجازەی جموجوڵ بەهێزی ئێرانی بدات.

ئەفسەرە ئێرانییەکە لە وەڵامدا گوتوویەتی دەبێ دەستوورەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت کە بریتین لە گرتنەوەی مەهاباد و درێژەی لەشکرکێشانەکە. ئینجا فەرماندە ڕووسەکە هێزێکی لە میاندواوەوە خستۆتەڕێ، کە بریتی بووە لە شەش تۆپ و ١٥٠ سوارە و بەم شێوەیە، دژ بە بە ئێرانییەکان وەستاوە بەرەوپێش بچن.

ڕاپۆرتێکی تەئیدنەکراو، دەڵێ سوارەی ڕووس بە شمشێری ڕووت هەڕەشەیان لە ئێرانییەکان کردووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت وادەردەکەوێ کە خوێنێک نەڕژابێت. ئەفسەری فەرماندەی ئێرانی، ملی بۆ «فۆرس ماژور»ی [ڕووسەکان]دانەواندووە و پیاوەکانی خۆی کێشاوەتەوە بۆکان ـ شوێنێک کە دەگوترێ سەرەک هۆزێکی کورد لەوێ دەوری نێوبژێکەری لە نێوان ئەفسەرانی ئێرانی وڕووسی بینیوە و ڕووسەکانی دڵنیا کردووە کە هێزەکانی ئێران دوای حەسانەوەیەک، لە بەیانی ڕۆژی دواییدا دەکشێنەوە بۆ سەقز.

وادەردەکەوێ کە دەسەڵاتداریەتی ئێران لێرە، ئەو پاشەکشەیەی بە دواناکام وەرگرتووە چونکە لێژنەی لێکۆڵینەوە، ڕێگای خۆی گۆڕیوە و سەفەری دوری ئەردەبیل، بوستاناباب، سەراب و مشکین[شەهر]ی هەڵبژاردووە بۆ تۆژینەوە لە مەسەلەی کۆکردنەوەی گەغی ئیداراتی «غەللە».

واهەیە فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێز ـ سەرهەنگ دورەخشانی، ئەم هێرشە پێشنیارکراوەی هێزەکانی «هۆشمەند» بۆ مەهابادی بە هێمنی هەڵنەسەنگاندبێت. کاتێ مەسەلەکە بۆ یەکەمجار پێشنیار کرا، ئەو بۆچوونی خۆی وا دەردەبڕی، کە هێزەکە دەبێ لە ژێر قۆماندانی ئەوابێت و ئێستا وا دەزانرێت کە پشتگیری لە ڕوانگەی ڕووسەکان دەکات، کە دامەزراندنی هێز لە مەهاباد، دەبێ «تیپ»ی سێهەم بە قوماندانیی ئەو بەڕێوەی بەرێت.

ڕاپۆرتێکی دواتر، کە تەئیید نەکراوە، دەڵێ هێز [ی سوپایی] ئێستا لە تەورێزەوە دەنێردرێتە مەهاباد وئەویش لە ژێر قۆماندانیی سەرهەنگ جەلیلی دا.

Fo. 371/45 478

(ڕاپۆرتی ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٤٥)، ٣ تا ١٩ی مانگی ئاوریلی ١٩٤٥

٨٧) کاروباری کورد

لە کاتێکدا سەرچاوە کوردییەکانی پێوەندیدار بە بۆکان لە تەورێز، تەئیدی ئەو ڕاپۆرتە دەکەن وا سەربازخانەی ڕووس لە میاندواو، هێزەکانی [سەرتیپ]هوشمەند یان لە مەهاباد گێڕابێتە دواوە (ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگرافی ژمارە ٧٧)، دانیشتوویەکی کوردی مەهاباد کە لەم دواییەدا گەیشتووەتە ئێرە، ئاگاداری هیچ بەربەرەکانییەکی سوپایی [نێوان ئەو دوو هێزە] نییە.

به گوێرەی قسەی ئەو، بە ماوەیەکی کەم پێش وەرێکەوتنی هێزەکانی ئێران بە قوماندانیی سەرتیپ هوشمەند ئەفشار لە سەقز و گەیشتنە بۆکانیان، ئەفسەری سیاسی رووس لە ورمێ ـ میجەر جەعفەرۆف، سەردانی مەهاباد کردووە و شەوێک لای قازی محەمەد بووە. قازی محەمەد رۆژێک دوای گەیشتنی جەعفەرۆف، لە قوتابخانەیەکی شاردا وتارێکی داوە و گوتوویەتی ئەگەر هێزی ئێردراو، جاندرمە بن، ئێمە بەرهەڵستیان دەبینەوە بەڵام ئەگەر هێزی ئاسایی بن، بایەخی ئەوەی نییە ڕووبەڕوویان ببینەوە.

ئینجا قازی محەمەد چوو بۆ میاندواو بۆ ئەوەی سەر لە مەسەلەکە دەربهێنێ و هەواڵی ئەوەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە هێزەکان ئاسایین و ڕاگەیەندرا کە بەرەو مەهاباد کەوتوونە ڕێ. پاشان جەعفەرۆف خۆی، چوو بۆ میاندواو و وا دەزانرێ کە لەگەڵ ئەفسەری رووسی پادگانەکەدا، بڕیاری ئەوەیان داوە ئێرانییەکان بگێڕنەوە دواوە.

یەک لە کوڕانی ئێلخانی زادە ـ سەرەک [هۆز]ی دێبۆکری، پێشوازیی هێزەکانی ئێرانی لە نزیک بۆکان کردووە (ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگرافی ژمارە ٧٧).

بارودۆخی دێبۆکرییەکان لەم کێشەیەدا، هەندێ ناسکە. ئەوان لە هەموو دەرەتانێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی خۆیان وا نیشان بدەن کە ئامادەی [هاوکاریی] دەوڵەتی ئێرانن بەڵام داواکاریی سەرتیپ هوشمەند بۆ هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆ، لایان گرانە.

قاسم ئێلخانی زادە کوڕی بایزید، یەک لە سێ سەرۆکی ئەسڵی [دێبۆکری] دەڵێ بە دەستووری فەرماندەی جاندرمەری لە تەورێز ئامادەی ئەوە بوو یارمەتی ئێرانییەکان لە سەقز بدات(گەرچی دەیزانی هوشمەند خۆی، لەگەڵ ئەو شتەدا نییە). سوارەکانی خۆشی نارده مەهاباد تا لەوێ چاوەڕوانی هاتنی [ئێرانییەکان] بن. ١٢ڕۆژ لەوێ مانەوە و پاشان گەڕانەوە ماڵێ. بەڵام قاسم سوێند دەخوات کە هیچکاتێ هاوکاریی هوشمەند [وەک شەخس] ناکات. بەگوێرەی قسەی ئەو، ئەگەر هێزەکانی ئێران لە لایەن هەر ئەفسەرێکی دیکەی جگە لە هوشمەندەوە ڕێبەرایتی بکرایەن، کوردی مەهاباد داوایان لە رووسەکان نەدەکرد پشتیان بگرن؛ هۆزەکەی ئەویش بە هیچ شێوەیەک بەرهەڵستی لە سەر ڕێگای ئەفسەرێکی نەجیبی ئێرانی دانەدەنا.

Fo. 371/45 475

تیلگەرامی ژمارە ٢٨ (لە کۆنسولیەتی تەورێزەوە بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران)

٨ی مارسی ١٩٤٥

راپۆرتی بارودۆخ

٣) ناردنی سوپا بۆ تەمێکردنی ئەو کوردانەی «میجەر مەعافی» یان لە نزیک ورمێ کوشت، بەرێگەوەیە. راپۆرتی ئەوە گەیشتووە، کە یەکێک لە پیاوانی تاهیر ئاغا کوژراوە. ئێستا دەگوترێ «تاهیر»لەگەڵ «ڕەشید بەگ»[ی هەرکی] کەوتبێ کە لە ڕێگەی ژنخوازییەوە خزمیەتی. هیچ هەواڵێک لەمەڕ شەڕ و پێکدادانی دیکە، نییە.

***

سەرهەنگ:Colonel ؛ سەرتیپ: Brigadier General

لە دەقی ئینگلیزی بەڵگەنامەکاندا، ئەم نازناوانە بە هەمان شێوەی فارسییان هاتوون(وەرگێڕ)

لێکدانەوە: مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی

حەوت بەندە دووپاتەکیی(ترجیع بند)ەکەی موستەفابەگی کوردی

پێشەکی

بەناوی ئیزەدی مێهرەبان وبەخشندە

مستەفا بەگی ساحیبقران کە بە نازناوی «کوردی» ناسراوە، لە بنەماڵەیێکی بەناوبانگی خەڵقی سلێمانی یە، سەرگوزەشتی ژیانی، ئەفسووناوی یە، لەوبارەوە هەواڵ و باس تێکەڵ پێکەڵە. مامۆستا سەجادی زۆرشتی دەربارەی نووسیوە و ستایشی زۆری کردووە. ئەوانەی چەندجار دیوانەکەیان چاپ کردووە، زۆر قسە وقسەڵۆکیان دەربارەی تۆمار کردووە، تەنانەت گیوی موکریانی هەندێ پرۆپووچی داوەتە پاڵی و سەرزنشی کردووە.. من لەو پێشەکییەدا نە سەرگوزەشتی دەنووسم و نە بەرگری لێدەکەم، تەنیا ئەمەوێ ئەم دووپاتەکییە فارسییەی بەکوردی واتا لێبدەمەوە کە خوێندەوارانی کوردیی فارسنەزان بۆیان دەرکەوێ ئەم هەستیارە کوردە چ بڵیمەتێ بووە.

کوردی سەردانی ئێرانی زۆر بووە، لەگەڵ هەستیاری بەناوبانگی زەنگەنەی کورد «قائانی»دا ـ کە سەرامەدی شاعیرانی دەرباری ناسرەدین شای قاجار بووە، شەڕەشیعریان زۆرکردووە، جارجار کار لە نێوانیاندا گەیوەتە گاڵتە وقەشمەری، گوایە: جارێکیان لە دەرباری شادا لە کۆشکی شاییدا لە کناری چاڵەناوێکی لە مەڕمەڕ دروسکراودا دانیشتوون، هەرکەسە بەرهەمی هەستی خۆی خوێندووەتەوە قائانی وەخت بووە بەرانبەر بە کوردی بۆڕ بخوا، زۆر سەری سووڕ ئەمێنێ لە قەریحەی سافی کە جوانترین دوڕ وگەوهەری نایاب لە ڕشتەی مرواریدا ئەهۆنێتەوە و ناتوانێ بەرەنگاری بکات. سەرنج ئەدات کوردی سەری بە سەر چاڵاوەکەدا شۆڕ کردووەتەوە، لەوێوە شەیتانی شیعریی سروشی ئەداتێ، سەر هەڵنەبڕێ ئەبینێ پەیکەری نیگاری جوانێ بە پشتی سەریەوە ڕاوەستاوە و وێنەی لە ناو ئاوەکەدا پڕتەو ئەدات بە دڵی کوردی، جا لەپڕ بە گۆچانەکەی دەستی ئاوی حەوزەکە ئەشێوێنێ. کوردی ڕانەپەڕێ و بە چەپۆک بەرئەبێتە لێدانی سەری تاسی قائانی کە ڕووت و بێ موو ئەبێ. دانیشتووان لەم کارە منالانەی کوردی ئەپەشۆکێن و، سەریان سووڕئەمێنێ. کوردی بە دەم قاقای پێکەنینەوە ئەڵێ: ئاغایان ببورن لە کوردستانا باوە کە مانگ بگیرێ لە تاس و دەفری مس ئەدەن، تەقە ئەکەن، بەڵکوو شەیتانان مانگ بەربدەن، من مانگم گیرابوو تەنها کەللەی سووری قائانی لە دەفری مس ئەچوو بۆیە کەوتە کوتانی.. دانیشتووان ئافەرین لە هەستی تیژی قائانی و تەڕدەستی کوردی ئەکەن و بەزمەکە بە پێکەنین ئەبەنەسەر.

لە تاران بووم لە کتێبخانەی موعتەمەدیی کانی مشکان دا، ←

دەقی داستانی چیبە تا ئەیبەختاریی، ملنامی تەوەی زانایی کەیخەسرەو

کەشکۆڵێکی پەڕپووت هەبوو ناوی نووسەردەو و کۆکەردەوەی پێوە نەمابوو. ئەم حەوت بەندە دوپاتەکیی(تەرجیع بەند)ەکەی تیابوو بە فارسی و نووسرابوو کە هی مستەفابەگی ساحیبقرانی خەڵکی سلێمانی یە کە نازناوی «کوردی»یە. ئەم داستانە شیرینەشی لەبەردەو نووسرابوو کە بە کوردی پێشکەشتانی ئەکەم:

«ئەگێڕنەوە مستەفابەگی کوردی لە تارانا کاتی بە سەرئەبرد لەم دواییەدا کەمێ تێکچوبوو، دێوانەئاسا بە جلێکی شڕی نیوەڕووتەوە بە کۆڵانەکانا ئەسووڕایەوە.. گوایە: فخرالعلمای سنەیی ـ کە یەکێ لە شەیدایانی کوردی بووە و هەمیشە بە دوایا وێڵ بووە بە کۆڵانێکا بە ڕووتوقووتی ئەیبینێ، زۆر بە توندی پیاهەڵئەشاخێ و ئەڵێ: "زۆر مەخابنە بۆ تۆی خاوەنی حەوت بەندە(انت شمس الهدی و نور الحق..) بەمجۆرە خۆت ڕیسوا بکەی، ڕووتوقووت بەناو خەڵکا بسووڕێیەوە و کەرەسەکەت بە دەردەو بێ..."

مستەفابەگ لە وەراما ئەڵێت: جارێ تۆ خشڵەکەم [خشتەکەم]مەشکێنە، ڕستەکە «منادی»یە نەک «مبتداو خبر»، وەها بیخوێنەوە: "ئەنتە شەمسەلهودا/ وەننورەلحەقی.." ئنجا بابێینە سەر ئەوەی کە من ڕووتوقووتم و کەرەسەکەم بەدەردەویە، نازانم چ جیاوازێ هەیە لە نێوان لووتم و کەرەسەکەمدا؟ بۆ لووتم بەو ڕووتوقووتییە بە بەرزی چارەمەوەیە باسی نییە؟ بۆچ کەرەسەکەم کە لە ناو گەڵمایە و لە نێوانی دولاقما ڕووت بێ نەنگە؟ مەگەر هەردووکیان پارچەی لەشی ڕووتم نین؟..

فخرالعلما لە وەراما گوتی بەشی یەکەمی قسەکەت ڕاستە. بەڵام بەشی دووەمی قسەکەت ڕاست نییە، هەم پێچەوانەی ئایین ودابو نەریتی خەڵکی وڵاتە، هەم داهێنانێکی ناشایستەیە لە تۆوە دەربکەوێ. سەیر کە حافزی شیرازی ئەڵێ چی:

در کار گلاب و گل حکم ازلی این بود/ کاین شاهد بازاری وآن پردەنشین باشد

(واتا: لە بارەی گوڵاو و گوڵەوە فەرمانی ئەزەلی بەم جۆرە بووە/ کە گوڵ لە بازاڕا دابنرێ، بەڵام گوڵاو بخرێتە شووشەوە پەردەپۆش بێ).

هەڵبەستە حەوتبەندییەکی کوردی ئەوەندە بەرز و گرانبایە لە فارسیشدا کەم وێنەیە، ملبەندی مرواری یە لە ڕشتەی هەوریشما هۆنراوەتەوە... جا بۆ ئەوەی ڕۆڵەیانی کورد لە بەروبوم و تام وبۆی ئەم ئەدەبە بەرزە بێبەش وبەهرە نەبن و، بۆ ئەوەی دەقەکەشی لە ناو نەچێ و لە ئایندەدا (ئەدەبدز)ێک نەیکا بە هی خۆی بڕیارم دا لە سەر چەند ڕونووسێکی جێی متمانە وشە و ڕستەکان بگرمەیەک و ڕاست و چەوتوچێڵییەکان دیاری بکەم و یەکالایان بکەم و، فارسییەکە وەربگێڕمەوە سەرکوردی..

... ئەمە وەها مایەوە تا لە تاران گەڕامەوە، ئنجا بە هۆی ئەدیبی بەڕێز کاکە «حەمەی مەلا کەریم»ەوە هەواڵی چەند دەستنووسێکم زانی:

١) ڕوونووسی لای کاکە حەمە، بە چیری خۆشنووسی ئەدیبی بەهرەمەند «سەید تاهیری هاشمی»بۆی نووسراوەتەوە و لەگەڵ ڕوونووسەکەی لای مندا هەندێ وشەیان جیاوازبوو و دوور نییە سەید تاهیر بە سەلیقەی خۆی ئەو وشانەی گوڕیبێ وهی تری بە ڕاستتر زانیبێ و لە جێی دانابێ..

٢) نۆ دانە ڕوونووسی کاک حەمە مستەفا(حەمە بۆر) کە خۆی بە تەلیفون باسی جیاوازییەکانی بۆ ئەکردم بەڵام وادیارە ئەوانەی ڕوونووسەکانیان تۆمارکردووە فارسینەزان و نائەدیب بوون و، ڕوونووسەکانیان بە کەیفی خۆیان دەسکاری کردووە لە یەکێ لەو ڕوونووسانەدا دوو هەڵبەستی زیاد هەبوو لە هی کوردی نەئەچوون. هەروا لە یەکێکیانا چەند هەڵبەستێکیش ناتەواو بوو(بەداخەوە جگە لەوە کە یەکێکیان هی عەلی کەماڵ باپیر بووە ئەوەکانی ترم بۆ نەزانرا)..

٣) ڕوونووسێکی مامۆستا سەجادی کە لەگەڵ ڕوونووسەکەی لای حەمەبۆر ـ کە لە بنەڕەتا هی عەلی کەماڵ باپیر بووە لە یەک ئەچن. جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو.. هەموو ڕوونووسەکان چەندین هەڵبەستیان ناتەواو بوو.

کوردی بێگومان ئەم پارچە هەڵبەستەی بە شانوشکۆی پێغەمبەری مەزندا(د. خ) هەڵداوە. هەندێ وایان داوەتە قەڵەم کە حەوت بەندەکەی دەربارەی ئیمامی عەلی یە. بەڵام من ئەوە بە دوور نەزانم کە کوردێکی سوننی مەزهەبی وەکوو کوردی بەمجۆرە بە شانوشکۆی ئیمامی عەلی دا هەڵبدا.. هەندێ بەدگومانیش گوتوویانە کە مەبەستی کوردی لە ڕستەی «ظهور الحق»، (بهاء الله)یە کە پێشەوای ڕچی «بەهائی» یە.

ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیە کە تۆمەتێکی ناڕەوایان داوەتە پاڵ کوردی. سەیر ئەوەیە کە بەندی حەوتەم وەکوو شەشەکەی پێشوو نییە، وادیارە ئەو هەڵبەستە پەڕیوە. لە ڕوونووسەکەی لای مندا پاشبەند (قافیە)ی چەند هەڵبەستێک لە (هیم)ەوە: «..... + + فارغ از هر ثواب و هر گنهیم» بووە بە (میم):«.....++شاگرد جود آن ولی نعمیم» کە پاشبەندی دە بەیت بە«هیم» تەواو دەبێ و هەشت بەیتیش بە پاشبەندی ««میم». هەندێ وایان زانیوە کە ویستوویە بیکات بە هەشت بەند.. من لام وایە مستەفا بەگ توانیویە دەیان وشەی تری پاشکۆ «هیم» وەکوو(کوتەهیم، هەمڕەهیم، گلەهیم و بدەهیم...تاد) بکات بە پاشبەند، بەڵام ویستویە یاری بە پاشبەند بکات و لە «هیم»ەوە لای داوە بۆ «میم». باوەڕیشم وانییە کە ویستبێتی بیکات بە هەشت بەند چونکە لای کورد و هەموو ئاری نەژادو لای هەموو ئایینەکۆنەکانیش ئەفسانەی پیرۆزی حەوت شتێکی ناشکرایە.. ئەم باوەڕانە کاتێ بە ڕاست وەرنەگەڕێ کە ڕوونووسێکی خەتیی «کوردی» بدۆزرێتەوە ئەوەیش لە سەرخوا.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم دیباردی بۆ ئەوە بکەم: کە شێخ ڕەزای تاڵەبانیش سێ بەندە دووپاتەکییەی(ای جهان آفرین ثناگویت++وی دو عالم معطر ز بویت) بە پەیڕەوی لە کوردی هێناوەتە بەرهەم..

لە پاومانا بە هیوام ئەوانەی ناشارەزای زبانی فارسین بتوانن بە هۆی ئەم لێکدانەوە لە بەرزی و نایابی وشیرینیی هەڵبەستەکانی بگەن.

بەندی یەکەم:

ای ز شیهور تو جهان پر شور++وز نوای توعالمی مسرور

واتا: ئەی بە کەرەنای تۆ دنیا پڕ لە زەلە وشوڕش، وەی لە ئاوازی نەوای تۆ گیتییەک بە کەیف و دڵخۆش.

از وصال تو ملک جان آباد++وز خیال تو شهر دل معمور

واتا: بەگەیشتن بە تۆ ولاتی گیان ودڵ ئاوایە، بە بیرا هاتنی تو شاری دڵ ئاوەدانە.

بهوای تو عاشقان دلشاد++بولای تو دوستان منصور

واتا:بە ئەڤینی تۆ (بەو بایەی لای تۆوە دێ) شەیدایان و حەزلێکەران دڵشادن، بە دۆستایەتی تۆ(بە نۆکەرێتی تۆ) دۆستان زاڵ وسەرکەوتوون.

گمرهان طریق حیرت را++سایهء نور نخل وادی طور

تۆی بۆ ڕێ بزرکردووان و گومانی ڕێی وێڵ، سێبەر وتاپۆی ڕووناکی و دارخورمای شیوی طور.

نغمهات رشک لحن داوودی++ پاسخت حل مشکلات زبور

واتا: ئاوازت جێی بەغالەتی ئاوازی داوودی یە، وەرامت بکەرەوەی گرێکوێرەی زەبورە.

هم دلت در غیب را حقه++ هم لبت گنج راز را گنجور

واتا: هەم دڵت بۆ دوڕی نایابی نادیار نەقیمدانە، هەم لێوت بۆ گەنجی نهێنی و ڕاز گەنجوانە. هەڵبەستەکە دییاردی یە بۆ سروش وبۆ ئەم فەرمایشە(قلب المومن عرش الرحمان)= دڵی خاوەن باوەڕ بارەگای خوای مێهرەبانە.

ذرهء مشعل تو مهر بود++ آنچه در کائنات کرده ظهور

واتا: گردیلەی شاپڵیتەی تۆ خۆرە(بەرێخەرە)، هەر ئەوەی لە گیتی وپەیدایشا هاتووەتەدی.

مهر از مشعل روخت روشن++ ماه از نور جبههات پر نور

واتا: هەتاو بە هۆی چرای ڕووتەوە ڕوون وڕۆشنە، مانگ لە شەوقی تەوێڵی تۆوە گەش وبە شەوقە.

جز صفاتت نگوید الا گنگ++ غیر ذاتت نجوید الا کور

جگە لە باسی سروشت و ڕەوشتت نالێ کەس مەگەر لاڵ، بە دوای خودی تۆدا نەبێ کەس ناگەڕێ مەگەر کوێر.

خوش آن دم که سوی مقتل خویش++یابم از یار خاص خود دستور

واتا: ئای چ خۆشە ئەو کاتەی بەرەو کوشتارگەی خۆم، بەدەست بێنم لە یاری تایبەتی خۆمەوە فەرمانی کوشتن.

پای کوبان ز شوق و دست افشان++ فاش گویم بناله، پر شور

واتا: بە چۆپی وهەڵپەڕکێ، لە تاوی تاسەو ئارەزووا و بە دەست هەڵتەکاندن، بەناشکرا ئەڵێم بە نالەی پڕ لە جۆش وخرۆشی ئەڤینەوە.

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

واتا: کە ئەی هەناسەت هەناسەی بێنخۆشی ئیسرافیلی، جێ دابەزینگە و بۆ لاهاتنی جبرائیلی. تۆی ڕۆژی ڕێنوێنی، ڕۆشنی و پەرتەوی ڕاستی، دەربخە ڕاستی ئەی دەرکەوتنی ڕاستی.

بەندی دووەم:

آن گدایان که خلق را ننگند++شهریاران تخت واورنگند

واتا: ئەو گەدا و هەژارانەی کە لای خەڵک پەڵەی ڕەشی کۆمەڵن، هەر ئەوانن پادشایانی خاوەن تەخت و شکۆ.

گنج در آستین و کیسه تهی++پای بر عرش و زیر سر سنگند

واتا: گەنجینەیان لە باخەڵ و بەردەستایە و کیسەیان خاڵی ی، پایان بە سەر عەرشەوەیە و ژێر سەروسەرینیان بەردە.

چون خزانه نهان بویرانه++همچو گوهر نهفته در سنگند

واتا: گەنجینە ئاسان، شاردراونەوە لە کەلاوەکۆنا، هەر وەک گەوهەری خۆشاردوون لە ناو جەرگەی بەردا.

خلوتی پوش کاخ شاهد ماست++کان در آن مجمعی هماهنگند

واتا: کۆشە پۆشی کۆشک، گەواهی ئێمەیە، کە لەو کۆگایەدا هاوەمەبەست و هاوبیرن.

همه پیل افگنان آهووش++ ملک اخلاق و آدمی رنگند

واتا: گەداکان هەموو فیل ڕمێنن و ئاسک شێوەن، فریشتە ڕەوشن و مرۆ ڕەنگن.

گاه در گنج دلبری مبسوط++ گه ز طول زمانه دلتنگند

واتا: جارێ لە گەنجینەی (دوور نییە کونج بێ و بە هەڵە کرابێ بە گەنج) خۆشەویستی یا دڵخۆش، جارێ لە بەر درێژی ڕۆژگار دلتەنگ و بێزار.

طائر وهم و مسرع افکار++در بیابان وصلشان لنگند

واتا: مەل و باڵندەی گومان و بیری تیژ، لە دەشتی پێکگەیشتنەیانا شەل و لەنگن پێیانا ناگەن(لای مامۆستا سەجادی «وەصف» لە باتی وەصل، واتا؛ لە دەشتی پان وپۆڕی هەڵنانی ئەوا لەنگن).

هم در اقلیم دل چو سلطانند++هم بر افواج جان چو سرهنگند

واتا: هەم لە ولاتی دڵدا وەکوو پادشا و خاوەن دەسەڵاتن، هەم بە سەر هێزەکانی گیان ودڵانا سەردار وسەرتیپن.

از لب لعل و گیسوی مشکین++طبله در طبله تنگ در تنگند

واتا: بە هۆی لێوی گوڵاڵەئاسا و زوڵفی ڕەشی میسک ڕەنگەوە، قوتووی ددانی مرواری لە قوتوو دایە و کەزیش توند توند تەنراوە.

دل زکف دادگان شوریده++ شوخ وشیرین وشاهد وشنگند

دڵ لە دەس داوانی شەیدای لە خۆچووی، شۆخ وشیرین و دڵدار وگەش وشەنگن.

از سرافیل عشق در یک دم++ تا دم صور واپسین دنگند

واتا: لەو کاتەوە فریشتەی ئەڤین دڵیان ئەفڕێنێ و ئەمرن، تا ئەوکاتەی کە ئیسرافیل فوو ئەکات بە کەرەناکەیا، ئەوان دەنگن(زیندوون و دەنگی یادی خواییان دێ).

انبیائی که در مدارس غیب++کشف کشاف و فر فرهنگند

واتا: پێغەمبەرانێ کە لە قوتابخانەی نەبینراوی پشت پەردەدا، ڕوونکەرەوەی شتی نهێنی و نەزانراون و پیت و بڕشتی خوو و ڕەوشتن(ماویە بۆ هەڵبەستی دوایی).

با دد و جن بصدق و وفا ++ لیک با دیو نفس در جنگند

واتا: پێغەمبەرەکان لەگەڵ جانەوەران ومرۆڤان و درنجاندا بە دۆستایەتی ودڵپاکی ئەژین، بەڵام لەگەڵ خودی دێوی دەروون(شەیتانی ناو دەروون)دا لە شەڕ و بەرەنگاری دان.

جان ودل را ز پرتو نظری++ کحل ابصار و صیقل رنگند

واتا: بۆ گیان و دڵ بە شەوقی سەرنجەوە کلی چاوانن، و تاس و لووسکەری ڕەنگان(لە گوناه پاکیان ئەکەنەوە).

غافل از خویش و بیخود از مستی ++ واقف از روم و آگه از زنگند

واتا: بێ ئاگان لە خۆیان و، لە خۆچوون لەبەر مەستی، بەڵام ئاگاداری روم(سپی ڕەنگ)و زەنگی(قولەڕەش)هەن (ئەگەرچی ئەوان لە ئەڤینی خودادا مەست(و بێهۆش بوون بەڵام ئاگایان لە هەموو جیهان هەیە).

گوش سوی خروش و دف بر کف++نای بر نای و چنگ بر چنگند

واتا: گوێیان هەڵخستووە بۆ جۆش و خرۆشی کۆڕ و دەفیان لە سەر دەستە و بلوێری لە نەی دروستکراویان بە سەر لێوەوەیە لە گەرووە پڤی پیانەکەن و چەنگی مۆسیقایان بە سەر(بە بان) چنگەوەیە.

مطربان خموش به نغمه سرای++ با خروشی چنین هم آهنگند

واتا: سازنە بەزم گێڕەکان کڕوکپن، گۆرانی وێژەکان بە زەڵەوە هاو بەزم وناهەنگن.

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

بەندی سێیەم:

باز دل را چه عکس پیدا شد++ شاهد معنوی هویدا شد؟

واتا: دیسان بۆ دڵ چ وێنەیی(یا بۆ بازی دڵ چ نا هەمواریێ)ڕووی دا؟ گەواهی مەبەستی (یا دڵبەری پشت پەردە)دەرکەوت؟

باز آن پردەدار پردەنشین++ چهره بنمود و عقل پیداشد

واتا: دیسان ئەو پەردەدارە پەردەنشینە ڕووی خۆی دەرخست و ژیر و ئاوەز پەیدابووەوە(یا ژیر شەیدا بوو).

همچو روح القدس پیام از خویش++ داد ازان پس بشکل عیسی شد

واتا: هەروەکوو فریشتەی سروش، پەیام و هەوالی خۆی ڕاگەیاند ئینجا خۆی خستە وێنەی «عیسا»وە.

ارنی گو بطور شوق آمد++ پرتو انداز نخل سینا شد

واتا: بە «ارنی(نیشانم بدە)» گوتنەوە بەوپەڕی ئارەزو و هەوەسەوە(ئەشێ طور بێ نە طەور) هات و تیشکی ڕووناکی بە خورمای سینادا پەخش کردەوە. سینا=بیابانی سینا.

باز آن شمع بزم خلوت غیب++ مجلس افروز و محفل آرا شد

واتا: دیسان ئەو چرا (مۆم)ی ئاهەنگی خەڵوەتە تەنیایەی پشت پەردە دیوانی ڕوون کردەوە و کۆڕی ڕازاندەوە..

باز زان نوشخند شیرینش++ عالمی پر ز شور و غوغا شد

واتا: دیسان بە هۆی پێکەنینی پڕ لە کەیف و خۆشییەوە گیتییەک پڕە لە هەرا و هوریا و زەڵەی خۆشی..

جلوەگر شد بصورت وامق++برقع افگند و عین عذرا شد

واتا:خۆی نواند لە وێنەی «وامق»دا.. کە ڕووبەندی هەڵماڵی، بوو بە خودی عەزرا (ئەم بەیتە دیاردییە بۆ داستانی وامق و عذرا کە «عونصوری» شاعیری ئێرانی لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بە فارسی هەڵیبەستووە.)

گه ز دنبال ناقهء مجنون++ گه بمحمل نشست و لیلا شد

واتا: جارجارە بە دوای وشتری دا «مجنون»(شێت وێت).. جارجار کەژاوەنشین و بووە بە لەیلا.

هدهد آسا خبر بملک سبا++ برده چون جم بتخت صفا شد

واتا: وەکوو پەپووسلێمانە هەوالی برد بۆ ولاتی سەبا و وەکوو جەمشید لە سەر تەختی خۆشیی دانیشت.

از شش جهت چار مام یک جوهر++ سه موالید هفت آبا شد

واتا: شەش لا، چوار ڕەگەز، تاقە گەوهەر، سێ بەرە، حەوت ئاسمان (ئەم هەڵبەستە دیاردییە بۆ: یەکەم هاتنەدی کردگار، بە پێی بیروباوەڕی کۆنی ئارییەکان، یەزدییەکان، یۆنانییەکان.

گاه بر صورت خلیل آمد++ گاه در جسم لات و عزی شد

واتا: جارێ لە دیەەنی ئیبراهیمی خەلیلدا هات و جارێ لە قالبی لات و عزی (دوو بوتی عەرەب بوون و لە باتی خوا ئەپەرستران). تەماشای سورەی عنکبوت ئایەکانی (١٥-٢٥) و سورەی نجم ئایەکانی ١٨-٢١)بکەن.

طوطی نطقم از خوشی است++ باز شکر شکست و گویا شد

واتا: توتی گوفتار وقسەکردنم لە خۆشی دا، کەوتە شەکر شکاندن و کەوتە دوان وگوتن.

ساقی میر بزم مجلس بود++ باز چون باده سوی مینا شد

واتا: مەیگێڕ میری دێوخانەی نشینگەکە بوو++ بووبە بادە وخۆی کوتا بەرەو لای سوراحییە شەرابەکە..

گاه چون شمع و گاه چون پروانه++ گاه خورشید وگاه حربا شد

واتا: جارێ مۆم بوو ئەسووتا، جارێ پەروانەی دەورەی چرابوو، جارێ خۆربوو، جارێ حربا(دوڵقەدەر، قۆڕی=کە لە بەر خۆرا ئارنگ ئەداتەوە و چەند ڕەنگ ئەداتە خۆی) بوو.

مدتی در رکاب بندهء خویش++ قنبری کرد و باز مولا شد

واتا: ماوەیەکیش لە ئاوزەنگی بەندەکەیانا نۆکەری کرد، قەنبەرئاسا(ئیمامی عەلی، قەنبەری بەندەی خۆی سواری وشتری دەکرد و خۆی لە خزمەتیا بە پێ ڕێی کردووە)بووە بە گەورەی جاران.

بر سر شاخ سدره از دم و روح++این سخن بر زبانم القا شد

واتا: لە سەر «سدر المنتهی»یەوە بە دەم وگیان (یا لە دەس جبریلی روح القدس)ەوە ئەم وتەیەم بە سەر زوبان دا هات..

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

بەندی چوارەم:

خیزجانا نای دیگر زن++ خرمنم را شرار فروهر زن

واتا: هەستە گیانەکەم ساز و مەقامێکی تر بژەنە و لێدە، خەرمان(جۆخین)ەکەم بدەرەبەر پڕیشکی ئاگری فروهەر(نەورۆز)ی.

دفع سودای فاسد غم را++ بر رگ دل ز غمزه نشتر زن

واتا: بۆ لابردنی نەخۆشیی مالیخولیای بێگەنی دەردی دڵ، دڵی پڕلە خەم و خەفەت نیشتەر بدە لە ڕەگی دڵ.

موسی آسا برغم سحاران++ یک عصائی بنفس اژدر زن

واتا: وەکوو موسا دژی جادووگەران گالوکەکی کوتایە زەویا وهەموو جادووەکانی پووچ کردەوە. تۆش گالوکێ لە خودی ئەژدەر(ماری گەورە)ی دەروونیخۆت بدە.

ضربت از تو دل از تو جان از تو++خواه شمشیر و خواه خنجر زن

واتا: کوتەک هی خۆت، دڵ هی خۆت گیان هی خۆت، ئەتەوێ شمشێر وئەتەوێ خەنجەری لێدە.

تو شه تخت (ماعرفناک)ی ++ خیمه از ممکنات برتر زن

واتا: تۆی پادشای تەختی تۆمان نەناس(ماعرفناک)، چادرەکەت لە سەر هەموو پەیدابوو و گونجاو هەڵبدە.

شهباز نشیمن قدسی ++ تا سر برج لامکان پر زن

واتا: تۆی شاباز‌ی نیشگه و دێوخانه‌ی خاوێن و پاکژکراو، تا سه‌ری که‌ل و کونگره‌ی (ئیتر جێنه‌ما) باڵ بکه و سه‌رکه‌وه.

ای که داری هوای دلبر ما++نقش مهرش بهر دلی بر زن

واتا: ئه‌ی ئه‌و که‌سه‌ی که هه‌ته ئاره‌زو و ئه‌ڤینی دڵبه‌ری ئیمه، ئه‌خشی خۆشه‌ویستی ئه‌و(یا ئه‌خشی مۆری ئه‌و) به هه‌موو دڵێکا بچه‌سپێنه.

کیمیای سعادت ار خواهی++ بر درش چو سکه بر زر زن

واتا: ئه‌گه‌ر ئه‌ته‌وێ بگه‌ی به کیمیای به‌ختیاری(زاراوه‌یه‌کی صۆفییانه‌یه) له‌به‌ر ده‌رگاکه‌یا خۆت بده به هی وه‌ک سکه به سه‌ر زێرا.

دست کوتاه کن از دق الباب ++ قامتت حلقه ساز و بر در زن

واتا: ده‌ست هه‌ڵبگره له ده‌رگا کوتان، به‌ژنت بکه به هه‌ڵقه و بیده له ده‌رگاکه‌دا.

گر در آن آستانه ره یابی++ پشت پای بقصر قیصر زن

واتا: ئه‌گه‌ر بۆ ده‌رگای ئه‌و به‌رماڵه ڕێگه‌ت به ده‌س هێنا، پێ له‌قه‌یێ له کۆشکی قه‌یسه‌ر هه‌ڵبده.

ور نهندت بجبهه داغ قبول++ داغ غم بر دل سکندر زن

واتا: ئه‌گه‌ر مۆری په‌سندت بنێن به ته‌وێڵا(جاران به‌نده‌ی زێڕخریدیان مۆر ئه‌کرد، ته‌وێڵیان داغ ئه‌کرد)، تۆ مۆری خه‌فه‌ت بنێ به دڵی ئه‌سکه‌ندرا که ئه‌گه‌یوه‌ته ئه‌و پایه‌یه.

سر بپای سگان کویش نه++ دست رد بر سریر سنجر زن

واتا: سه‌رت بخه‌ره به‌ر پێی سه‌گه‌کانی گه‌ڕه‌که‌که‌ی و ده‌ست بنێ به ته‌خت و ئه‌وره‌نگی سوڵتان سه‌نجه‌را(بۆ حه‌سانه‌وه).

از سر افگن خیال افسر و زر++ سنگ درگاه و دست بر سر زن

واتا: له سه‌ر ده‌رکه ڕاوی پڕوپووچی تاج و زێڕ، به‌ردی ده‌رگای(دۆست) ده‌ست بماڵه به سه‌رتا.

قلم رد بپنج مصحف نه++ کرنگ رد بچار دفتر زن

واتا: قه‌ڵه‌می په‌سند نه‌کردن و دانه‌دواوه بخشێنه به سه‌ر پێنج سیپاره(مصحف)دا و قوڵنگه‌ی ڕه‌تکردنه‌وه بده له ڕه‌گ وڕیشه‌ی چوار ده‌فته‌ره‌که. (له ڕوونووسێکا «حه‌ک»نووسراوه واته کوژاندنه‌وه و کڕاندن. لای کاکه حه‌مه و سه‌جادی«کزلک» له باتی کولنگ که هه‌ڵه و نه‌هه‌موارە.

پێنج سیپاره: مه‌به‌ست ئه‌و سیپارانه‌یه که خوای مه‌زن ناردوونی بۆ ئیبراهیمی خه‌لیل و هه‌ندێ پێغه‌مبه‌ری تر. گوایه بۆ «ئادەم» ۲۱، بۆ «شیت» ۳۰، بۆ ئه‌خنوخ(نوح) ۱۰، بۆ موسا به‌ر له ته‌وڕات ۱۰ و مه‌به‌ست له چوار ده‌فته‌ریش زه‌بور، ته‌وڕات، ئینجیل و قورئانه.

جرعه‌ء برکش و بدین آهنگ++ شور و غوغا بر اهل محشر زن

واتا: قومێ هه‌ڵقوڕێنه و به‌م مه‌قامه زه‌ڵه و ئاژاوه بخه‌ره نێو خه‌ڵقی مه‌حشه‌ره‌وه.

کای دمت نفخه‌ء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

به‌ندی پێنجه‌م:

وقت قرب وصال می بینم++ عشق رو در کمال می بینم

واتا: کاتی نزیکی ژوان وبه یه‌کگه‌یشتن ئه‌بینم، ئه‌ڤین ڕوو به‌ره‌و ته‌واوبوونه‌یین(ئه‌ڤین له پۆینه‌دا) ئه‌بینم.

با ندیمان خسرو اندر راز++ خسرو با جمال می بینم

واتا: له‌گه‌ڵ یاوه‌ران و هاوده‌مانی خوسره‌ودا له نهێنیی ڕازونیازا خوسره‌وی خێوی جوانیی ئه‌بینم.

آنچه در کائنات کرده ظهور++ مظهر لایزال می بینم

واتا: ئه‌وی له هه‌ستییا هاتووه‌ته‌دی و په‌یدایه، به دیارده‌ی خوای هه‌میشه پایه‌داری ئه‌زانم.

آنچه در کارگاه نقش صور++ذره‌ای زان جمال می بینم

واتا: ئه‌وه‌ی له کارخانه‌ی نه‌خشاندنی وێنه‌کانا هه‌یه، به‌تۆزقاڵێ له‌و جوانییه ده‌بینم.

پرتو مهر خلعت جانان++ بی کسوف و زوال می بینم

واتا: تیشکی خۆر(یا خۆشه‌ویستی)خه‌ڵاتی دۆستان (گیانان) بێ گیران و لاربوونه‌وه ئه‌زانم ـ ئه‌بینم(دوایی نایێ).

با ندیمان بخلوت شیرین++ خسرو با جلال می بینم

واتا: له‌گه‌ڵ هاوده‌مان و یاوه‌ران دا له نیشتنێکی نهێنی و خه‌ڵوه‌تیدا خوسره‌وی خاوه‌ن شکۆ ئه‌بینم.

رازداران خاص آن خلوت++ همه عیسی خصال می بینم

واتا: راز و نهێنی پارێزانی تایبه‌تی ئه‌و کۆبوونه‌وه نهێنییه، هه‌موویان عیسا ڕه‌وشت دێنه به‌رچاوم.

پاسخ و حرف اهل آن مجلس++ همه رمز وصال می بینم

واتا: وه‌رام و وتووێژی خه‌ڵکی ئه‌و دێوخانه، هه‌موو قسه‌ی سه‌رپۆش و به توێکڵ دێته به‌رچاوم.

درس وبحث و بیان این مجلس++ عاری از قیل و قال می بینم

واتا: خوێندن و لێکۆڵینه‌وه و ڕوون کردنه‌وه و ده‌رخستن له‌م فێرگه و قوتابخانه‌یه‌دا دوور ئه‌بینم له وتووێژی بێ سوود.

حل اشکال و رمز آن استاد++ بی جواب و سؤال می بینم

واتا: کردنه‌وه‌ی گرێکوێره و هه‌ڵهێنانی دروشمی سه‌ر پۆشراوی ئه‌و مامۆستایه بێ پاسوخ و پرسینه‌وه‌یه، بێ چه‌ن وچۆن و گومان(جێی باوه‌ڕ) ئه‌بینم.

طوطی نطق را در آن محضر++ پشت آیینه لال می بینم

واتا: ئه‌وانه‌ی وه‌کوو توتی قسه ڕه‌وانن له‌به‌رده‌م ئه‌ودا له پشتی ئاوێنه‌وه لاڵ دێنه به‌رچاوم.

طائر وهم را در آن مجلس++ خسته و بی پر وبال می بینم

واتا: باڵداری گومان و خه‌یاڵ له‌و دێوخانه‌دا ماندوو و باڵشکاو و دێته به‌رچاوم.

بختی عقل را در آن مجلس++ همه دور از عقال می بینم

واتا: وشتری ژیر و هۆش له‌و چۆڵ و بیابانه‌دا، هه‌موو به‌ره‌ڵا و ئه‌ژنۆ به‌ستراو دێنه به‌رچاوم.

تشنه را زیر پای خضر نبی++ چشمه‌ای بس زلال می بینم

واتا: بۆ تینووانی (زانست و زانیاری) له ژێر پێی خدری(زینده)دا کانی ئاوێ زۆر شیرین وزوڵاڵ ئه‌بینم.

در رکاب محمدی خود را++ هندوئی چون بلال می بینم

له ناو ئاوزه‌نگی ڕێبازی محه‌مه‌د(د.خ)دا خۆم وه‌کوو به‌نده‌یه‌کی قوڵه‌ڕه‌شی زێرخه‌رید و بیلال ئاسا ئه‌بینم.

قطع این راه جز بلطف دلیل++ رهرولن را محال می بینم

واتا: بڕینی ئه‌م ڕێگه‌یه(ڕێی ڕاستی و دروستی) به بێ نه‌وازیشی ڕێنیشانده‌ریکی ڕێناس، بۆ ڕێبواران سه‌خت و دژوار ئه‌بینم.

قدسیان بر افراز علیین++ ذکرشان این مقال می بینم:

واتا: فریشته پاکژ و پیرۆزەکانیش کە بە سەر جێ بەرزەکانەوەن زەمزەمە و وێردی سەر زبانیان هەر ئەم وتەیە ئەبینم:

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

بەندی شەشەم:

وقت عشق است و صبح وموسم دی++خیز جانا بیار بربط و نی

واتا: کاتی ئەڤین و بەیان و کەشی زستانە(جەژنی سەرماوەزە)، هەستە گیانە بهێنە بەربەت ونەی(تار و شمشاڵ).

از خراباتیان مست مطلب++ جام جمشید و تخت و افسر کی

واتا: لە کەلاوەنشینە مەستەکان داوای جامی جەم و تەخت وبەختی کەی مەکە. کەی: بنەماڵەی کەیانیان دووەمین بنەماڵەی پادشای ئەفسانەیی ئێرانن.

ترک تاتار و بادهء خلر++ رد سیم دهم گر بملکت ری

واتا: جوانی تاتاری و بادەی شەڕابی خوللەری، سوڕی سێیەمین، ئەمانە نادەم بە وڵاتی ڕەی(شاری ڕەی کە لە سەرەتادا یەکێ لە پایتەختەکانی مادبوو، زۆربەی موغەکان و شەڕابنۆشان لە وێ نیشتەجێ بوون.)

نخوری بر ز نخل آزادی++ نبری تا نهال کام از پی

واتا: ناخۆی بەری دارخورمای ئازادی، تا نەمامی ئارەزووەکانت لە ڕیشەوە دەرنەهێنی.

نکنی طواف محمل لیلی++ نکشی تا هزار لطمهء حی

واتا: ناکەی زیارەتی کەژاوەی لەیلی، تا نەچێژی هەزار کوتەکی زیندووان (یا هەزار گەستنی مار یان کوتەکی خەڵکی گەڕەک).

نه همدست بحلقهء دستان++ تا چو یاران نغلطی اندر قی

واتا: نابی بە هاوەدم وهاوەدەسی کوڕ و جەغزی مەستان، تاک وەکوو یاران (یا ماران) نەگەوزێتەوە لە ناو ڕژانەوە(ڕشانەوە)ی خۆتا.

پی کن اسب خیال رجعت را++ تا بری سوی منزل او پی

واتا: پارچەپارچە بکە ئەسپی ئەندێشەی بە دواداگەڕانەوە و پەشیمانبوونەوە، تاکوو بتوانی ببەی بەرەو هەواری ئەو شوێنەوار وشوێن پێ.

پی ما گمرهان اگر گیری++ پی بری سوی راه رشد از غی

واتا: شوێن پێی ئێمەی ڕێبزرکردووان هەڵبگری و بە دوومانابێی، پەی ئەبەی بەو ڕێی ڕاستەقینە وپێ گەیێن و لە گومڕاهی ئەڕەخسێی.

ای پسر تاکی از پدر گویی++ جود حاتم چه کند بعدی؟

واتا: ئەی ڕۆڵە تاکەی باسی باوکت دەکەی وپێی ئەنازی، پیاوەتی ودەسبڵاوی حاتەم چ دەکات وچ دەخڵی هەیە بە «عودەی» کوڕییەوە(ئەگەر خۆی پیاو نەبێ؟).

مستی و خواب و بیخودی تا چەند++هستی و عجب وسرکشی تا کی

واتا: سەرخۆشیی وخەوالوویی و بێ ئاگایی تا چەندان ساڵ، خۆبەشتدانان و خۆپەسندی و سەرچڵی تاکەی؟

بشنو از پند من بسمع قبول++ گر زیان دیدی الضمان علی

واتا: گوێ ڕایێڵە بۆ پەند ونەسیحەتی من بە گوێچکەی قسەوەرگریی، ئەگەر زیانت کرد هەڵگرتنەوە و جێپڕکردنەوەی زیانەکەت لە سەر من.

شه ظهور الحق از دو عالم دلن++ نائب خاندان فخر لۆی

واتا: پادشای دەرکەوتنی ڕاستەقینە لە دوو جیهاندا بناسە(بزانە)، جێگری خێزان و بنەماڵەی شانازیی لوئەی(لۆی کوڕی غالب باپیرەگەورەی پێغەمبەرە). (لای کاکە حەمە «نائب و فخر خاندان لۆی» نووسراوە).

شد بساط سخاش چون مبسوط++گشت فرش بساط طائی طی

واتا: خوانی جوامێری و دەسبڵاوی ئەو ڕاخرا، ئیتر ڕایەخ و سفرەی حاتەمی تایی پێزی نەما وپێچرایەوە.

ای خوشا وقت آنکه حاصل کرد++ دوستی با سگان درگه وی

واتا: ئای خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی کاتی ئەوەی بە دەست هێنابێ دۆستایەتی ببەستێ لەگەڵ سەگانی دەرگای ئەوا.

چند عشقش بدل نگاه دارم++ سوختم صبر و عاشقی تا کی؟

واتا: ئەوەندەی ئەڤینی ئەوم لە دڵا شارەوەیە، ئەوەندە سووتاوم جا خۆڕاگرتن و شەیدایی تاکەی؟

خواهم این قصه بر سر بازار++ فاش گویم بنغمهء دف ونی

واتا: ئەمەوێ ئەم داستانە لە ناو بازارا بە ئاشکرا بدرکێنم وبڵێم بەدەنگ وناوازی دەف وشمشاڵەوە:

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

بەندی حەوتەم:

ما پناه جهان بی پنهیم++ راه گم کرده رهروان رهیم

واتا: ئێمە پەناگای دنیای بێ پەناکانین، ڕێبزرکردووانین و ڕێڕۆیانی ڕێگاین.

بی کلاهان بوریا مسند++ زیور تخت و زینت کلهیم

واتا: ئێمە بێ تاج و کڵاوین، حەسیر(ی لە ژاژ دروستکراو)جێی ڕایەخ وپاڵکەوتنمانە، نەخش ونیگاری تەخت و پڵپڵەو نەخشی تاجین.

خاکساران راه خاک نشین++ تاج و دیهیم وتەخت پادشهیم

واتا: ئێمەی خاکئاسای زەبوونی سەر ڕێ لە خۆڵاگەوزاوە ودانیشتوو، تانج وپۆینە و تەختی پادشاین.

بر زمین افتاده سایه صفت++ بر فلک نور بخش مهر ومهیم

واتا: ئێمەین لە سەر زەوی کەوتوو وەک سێبەر، بە سەر چەرخی عاسمانا ڕۆشنایی بەخشین بە خۆر و مانگ.

شهریاران جهان معنی++حامی ملک و حافظ سپهیم

واتا: ئێمەین پادشایانی دنیای مەبەست(نەک مادە)، ئێمەین پارێزەری وڵات و پاسەوانی هێز ولەشکر.

چون زلف دلبران لرزان++ سر پر از آشوب ودل پر گرهیم

واتا: ئێمە وەک تاتای پرچی دڵبەران لەرەلەرمانە، سەر پڕ لە ئاژاوە و دڵ پڕ لە گرێین.

گر چو احمد به قاب قوسینیم++ور چو یوسف به قعر تیرەچهیم

واتا: ئەگەر ئێمە وەکوو ئەحمەد جێمان (قابی قەوسین)بێ ، یا وەکوو یۆسف جێمان بنی چاڵاوی تاریک بێ... قابی قەوسین:بە پێی سورەی النجم پلەیێکە نزیک بە عەرشی خوا.

دیده بربسته از نعیم دو کون ++بر ره دوست طالب نگهیم

واتا: چاومان پۆشیوە لە خۆشیی و کەیفی هەر دووجیهان، لە سەر ڕێی دۆستا وەستاوین وداواکاری سەرنج و تەماشایەکین.

گرچه خورشید چرخ توحیدیم++ذرهء مهر مظهر الهیم

واتا: ئەگەرچی ئێمە خۆری چەرخی عاسمانی خوابەیەکناسین، گەردی خۆری(یا خۆشەویستی) دیاردە و دەرکەوتنی خواین.

چشم پوشیده از جحیم ونعیم++فارغ از هر تواب و هرگنهیم

واتا: ئێمەین چاوپۆشیو لە هەموو خۆشی و ناخۆشی و خالی لە هەموو کاری باش و پاداش و هەر گوناح و تاوانێ..

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهدی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

بەندی هەشتەم:

ما ندیمان رنج و بزم و غمیم++ طالب درد و شایق المیم

واتا: ئێمە هاودەم و هاوڕێی ئەرک و خەم وخەفەتین، داخواز و داواکاری دەرد و بەتاسە وئارەزووی ئێش و ئازارین.

بسته زنار وکوفته ناقوس++ساکن دیر و راهب صنمیم

واتا: ئێمە زوننار لە پشت بەستووین و ناقەوس لێدەرین، دانیشتووی دێر و پەرستاری بوتەکانین.

پا به گل رفته سر پر از غوغا++دست بر جام و چشم بر کرمیم

واتا: پا بە قوڕا چوو، سەر پڕ لە ئاژاوە، دەست بە جامەوە چاوەڕێی بەخشیش و جوامێرین.

طوطی نطق و شاهباز قفس++بلبل خلد و آهوی حرمیم

واتا: ئێمە توتی قسەکردن و بازی ناو قەفەسین، بولبولی جاوید و ئاسکی مالی خواین.

گاه گریان بسان ابر بهار++گه نم ژاله گاه موج غمیم

واتا: ئێمە جارجارە گرینۆک و فرمێسکڕێژین وەک هەوری بەهار، جارجارەش شەونمی سەر گوڵە شەونمین و جاجارە شەپۆلی خەفەت وخەمین.

خضر رفتار و منزلت ادریس++مصطفی طلعت و مسیح دمیم

واتا: ئێمە لە ڕەوش وڕەفتاردا وەک خدرین و بە پایە وەک ئیدریس، ڕوومان پەرتەوبەخشە وەک ڕووی موستەفا و هەناسەمان پاکژ و شەفابەخشە وەک هەناسەی عیسا. ئیدریس: لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلە، خوا پایەی بەرزی پێ ڕەوا دیوە، ئایەتی (ورفعناه مکانا علیا) ٥٦-٥٧ سورەی مەریەم، هەندێ وایان داوەتە قەڵەم کە خوا بردوویە بۆ عاسمان(؟!).

گر چو سلطان ملک اجلالیم++بندهء خاص مفخر امیم

واتا: هەرچەندە ئێمە پادشای ولاتی شکۆ ونەورەنگین، بەڵام نۆکەری تایبەتیی جێی شانازیی گەلانین(مەبەستی پێغەمبەرە). لای کاکە حەمە لە باتی (گر)ی سەردێڕی هەڵبەستەکە (گە) نووسراوە، بەڵام هەڵەیە چونکە لەگەڵ (بندهء) ڕێکناکەوێ.

مترنم به ذکر این نعمت++ شاکر جود آن ولی نعمیم

واتا: سرودوێژانە زەمزەمە ئەکەین بە یادی ئەم نیعمەتە و سوپاسگوزاری بەخششی ئەو خاوەن نیعمەتەین:

کای دمت نفخهء اسرافیلی++ مورد واردات جبرئیلی

انت الشمس الهسی و نورالحق++ اظهر الحق یا ظهور الحق

***

بەغدا، ٣٠/١٠/١٩٨١(٢ محرم ١٤٠١ک) ٨ی گەلاوێژان ٢٧٦٨ مادی

م. جەمیل ڕۆژبەیانی



ئەو کتێبانەی وا کورد خۆی لە سەر شار و ناوچەکانی کوردستان نووسیویە، زۆربەی کات، مێژوویەکی سەرچڵ و ناتەواو و لەڕێبازی زانستییانەی ئەمڕۆیی بە دوورن. تاقە جیاوازییەک هەیێت. شار و ناوچەی کرماشانە، ئەویش بە هۆی ئەرک و زەحمەتی ڕۆڵەی زەحمەتکێشی کورد کاک **محەمەد عەلی سوڵتانی** یەوە کە، حەوت بەرگ کتێبی قەبارە گەورەی لە سەر مێژوو و جوغرافیای شاری کرماشان و شارەکانی دیکەی نوستانی کرمانشاهان نووسیوە و تائێستا پێنج بەرگی بڵاوکردوونەتەوە کە دەکاتە زیاد لە سێ هەزار لاپەڕە.

من پێشتر، لە ژمارە ٣و٤ی ڕۆژنامەی «پەیام» چاپی لەندەندا، وتارێکی کورتم لە سەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە نرخە نووسیوە بەڵام شاکارەکەی کاک محەمەد عەلی بایەخی لەوە زیاترە بە یادداشتێکی کورت سەروبەری پێکبێت. ئەم دێڕانەی خوارەوە هەوڵێکن بۆ شیکردنەوەی زیاتری کاکڵی مێژووی کرماشان.

با لە پێشدا خاڵێکی سەرەکی ڕوون بکرێتەوە: لە زاراوەی ئیداری و دەوڵەتیی ئێران و هەروەها لە نێو خەڵکی ناساییشدا، دوو ناوی «کرمانشاه» و «کرمانشاهان» لێک جیاوازن، لە کاتێکدا بۆ کورد خۆی، ئەم جیاوازییە نییە وهەردوولایان بە «کرماشان» ناودەبات. بە گوێرەی زاراوە ڕەسمییەکە، «کرمانشاه»بریتییە لە شاری کرماشان بەڵام «کرمانشاهان» هەموو نوستان (محافظه)ی کرماشان دەگرێتەوە کە بریتییە لە: شاری کرماشان خۆی و شارەکانی سەحنە، گیڵانی ڕۆژئاوا، هەرسین، سونقور، هارون ئاوا، کەرەند، کەنگاوەر، قەسری شیرین، سەرپێڵی زەهاو، نەفت شەهر و هەروەها ناوچەی هەورامان(پاوە، نەوسوود، جوانڕۆ و ڕوانسەر).

بەرگی یەکەمی کتێبەکە، لە ساڵی ١٩٨٩ وبەرگی پێنجەم، لە ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوکراونەوە. بەم پێیە، ماوەیەکی پێنج ساڵەی خایاندووە تا ئەو پێنج بەرگە لە چاڕ بێنەدەرێ و هەروەها لەوماوەیەشدا، سێ بەرگیان گەیشتوونەتە چاپی دوەهەم، بەرگەکانی ٦و٧یش بەگوێرەی ڕاگەیاندنی نووسەر، ئێستا ئامادەی چاپن.[1]

کتێبەکە، بە زمانی فارسی نووسراوە ونەوەش بۆ بارودۆخی ئێران و بەتایبەت شاری کرماشان، دیاردەیەکی ناساییە، بەڵام کوردبوونی نووسەر و شارەزایی زۆری لە زمان و ئەدەبی کوردی[2]، جێگەی ئەم پرسیارە دەهێڵێتەوە کە ئەگەر سەرچاوەیەکی بە نرخی وەک ئەم کتێبە بە کوردی بنووسرایە، ئایا یارمەتیی خەڵکەی ناوچەکەی نەدەدا، زیاتر لەگەڵ زمان ونووسینی کوردی ناسیاویی پەیدا بکەن؟ ئایا ئەزموونی دیوانی شیعری «شامی کرماشانی» بەس نییە بۆ قەڵەم بە دەستی کوردی ئێران کە بیر لە نووسین بە زمانی زگماک بکاتەوە؟ لە ماوەی ١٥ساڵدا، دیوانی شامی

٩چاپی جیاوازی لێ بڵاوکرایەوە و تەنیا چاپی نۆهەم، بیست هەزار نوسخەی کەوتە بازاڕەوە، ئەوەش لە کاتێکدایە تەنانەت تیراژی کتێبی ناسراوترین شاعیری هاوچەرخی فارس (ئەحمەدی شاملو)، لە دەهەزار نوسخە تێپەڕنابێت!

شاری کرماشان، لەگەڵ ئەدەب وزمانی کوردیدا، ئولفەتی کۆنی هەیە و ئەو یەکەم کتێبانەی وا ٧٠ساڵ پێش ئێستا لە کرماشان چاپکراون، هەندێکیان کوردین: «***نزانی؟ مزگانی***» نووسینی دوکتور سەعیدخانی کوردستانی و «***دیوانی حەیرانعەلیشا***».

هەرچۆنێک بێت، ئێستا لە سایەی زەحمەتی دوازدە ساڵی نووسەرێکی کوردەوە گەورەترین ناوچەی کوردنشینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە خاوەنی ئەسیکلۆپێدیایەکی دەوڵەمەند کە تائێستا دوو خەڵاتی گەورەی کتێبی ئێرانی وەرگرتووە.٣

کتێبەکە، مەودایەکی بەرینی توێژینەوەی گرتووەتەبەر: لە «وجە تسمیە» (تۆپۆنێمی)ی ناوەکانەوە، هەتا جوغرافیا، سروشت،داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، وەرزش و ڕاو، خواردن و جل وبەرگ، زمان و شێوەزمان، کتێب، ڕۆژنامە، مۆسیقا، بارودۆخی ئابووری، سوپایی، کۆمەڵایەتی وبەتایبەت مێژوویی.

لە بەشی مێژوودا، کە زۆرترین لاپەڕەی کتێبەکەی گرتووەتە خۆ، نووسەر ئاوڕێکی خێرای لە مێژووی کۆنی ناوچەکە داوەتەوە و خۆی لەوە پاراستووە کە نووسراوەی کتێبە مێژوویەکان دووپات بکاتەوە، بەڵام لە باسی مێژووی هاوچەرخ و کەمتر نووسراوەی ناوچەکەدا، ئەسپی هیممەتی تاوداوە و گەلێک قوژبنی تاریکی مێژووی ناوچەکەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە.

زانیارییەک کە سوڵتانی بە خوێنەری کتێبەکەی دەبەخشێت جێگەی متمانەیە، زۆربەیان پشتیان بە سەرچاوە و بەڵگە و وێنەی فۆتۆگراف و شەجەرەنامە بەستووە. بەگشتی، لە نووسینەکانی سوڵتانیدا، ئەوە، ڕاستەقینەیە کە شیرازەی باسەکان پێکەوە دەبەستێت، ئەک خەیاڵ و ئارەزووی نووسەر.

تۆپۆنێمی یا (وجە تسمیە) ناوەکان (بەرگی١، ل ٦٠تا ٧٤)، یەک لەو بوارانەیە وا نووسەری پێ تاقی دەکرێتەوە. بەگشتی، سەرچاوە کلاسیکییەکانی کورد (وا هەیە لە ژێر شوێن هەڵگرتنی عەرەبدا)، بیچمی ئەمرۆی وشەکان دەگرن و مەفهوومێکی خەیاڵی ونابەجێی لێ وەردەگرن (وەک تێگەیشتنی مامۆستا عەلایەدین سەجادی لە وشەی گەلباخی، کە دەڵێ «گەل»ی تورکییە بە واتای وەرە + باغ = وەرەباغی! لە کاتێکدا وشەکە، بە هەزار ساڵیش پێش هاتنی تورکان بۆ ناوچەکە، هەبووە و دەبێ لە پێوەندیی ناوی «بەلخ»دا سەیر بکرێت کە ناوچەیەکە ناوی لە ناڤێستادا هاتووە و زەردەشت پێغەمبەر، لە لێواری گۆلی ورمێوە ڕووی کردووەتە ئەوێ. یا خود تێگەیشتنی خوالێخۆشبوو کاک ئیبراهیم ئەفخەمی لە وشەی «بۆکان»، کە دەڵێ «بووک+ان»! لە کاتێکدا وشەکە، پێوەندی بە ناوی خوای «بەک/بەغ»ەوە هەیە و ئەم خوایە، لە پێش «ئەهورامەزدا»دا خوای مەزنی ئاریەکان بووە.)

سوڵتانی بەپێچەوانە، وجەتسمیەی کرماشان، زەهاو، کەنگاوەر و گەلێک شوێنی دیکەی بەشێوەیەکی زانستیبیانە نووسیوە و بۆ چونەکانی خۆی بە سەرچاوەی متمانە پێکراو پشت ئەستوور کردوون.

ئەم شێوازە نوسووڵییە، لە بەشەکانی دیکەی کتێبی سوڵتانیشدا ڕەچاوکراوە و بەگشتی هۆیەک بۆ خوێنەری کتێبەکە نییە، لە بۆچوونی نوسەر دڕدۆنگ بێت. فەسڵی «زمان و شێوە زمان» بەم ڕستەیە دەست پێدەکات: «زمانی خەڵکی کرمانشاهان کوردی یە» (بەرگی١، ل ٢٦٥). دەربڕینێکی بێ سێ ودووی ئەوتۆ، لە نێو نووسەر وئەدیبی ئێرانیدا، ئاسایی نییە و خەڵکانی دەست بەقەڵەم بۆ ئەوەی بڵێن کوردی زمانی سەرەکی خەڵکی کرماشان هیچ، خەڵکی هەورامانیشە، هەزار شێروڕێوی دێننەوە و بە شان و باڵی زمانی نەتەوایەتی (فارسی) دا هەڵدەڵێن و ئینجا بەردەماوێک بۆ زمانی کوردی دەهێڵنەوە کە نەیهێڵنەوە باشترە! بۆچوونی سوڵتانی لە شوێنێکی دیکەشدا دووپات دەبێتەوە ئەویش کاتێکە وا باسی زمانی خەڵکی شاری کرماشان دەکات ودەڵێ: فارسییەکی تایبەتە و تیایا وشە کوردییەکان گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە (بەرگی١، ل ٢٧٠) کە ئەویش گەلێک دوورە لە تێگەیشتن و بۆچوونی ڕەسمی ئێران وا «کرماشانی» دەبەستێتەوە بە کلکی زمانی فارسییەوە هیچ پێوەندییەکی بە زمانی کوردییەوە نادەن.

خاڵێکی سەلبی لە کاری سوڵتانیدا، گێژی و سەرلێشواوییەتی لە نێوان دوو مەفهوومی کرمانشاه و کرمانشاهان دا. نووسەر بە درێژایی هەموو کتێبەکە، لە یەکەمیانەوە باز دەداتە دوهەم و لەویانەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەمیان. بۆنموونە، با سەیرێکی بەرگی یەکەم بەکەین:

فەسڵی یەکەمی ئەم بەرگە (ل ١ تا ١٥٨) باسی جوغرافیای تاریخی و ئابووری و سروشتی ئوستانی کرمانشاهان دەکات، بەڵام بە بێ ئاگادارکردنەوەی خوێنەر، لە فەسڵی دووهەم (ل ١٥٩ تا ١٦٨) و فەسڵی سێهەم (ل ١٨٧ تا ٢٦٣)دا، کاتێ باسی پیشەسازی بچووک و دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەکات، باسەکە لە چوارچێوەی شاری کرمانشاه دا قەتیس دەهێڵێتەوە و ناچێتە سۆراغی ناوچەکانی دیکە. ئینجا لە فەسڵی چوارەم (ل ٢٦٥تا ٢٧٨) و فەسڵی پێنجەم (ل ٢٧٩ تا ٣٣١)دا، کە باسی زمان و شێوەزمان یا فەرهەنگ و سەقافەتە، دەگەڕێتەوە سەر هەموو ناوچەکە و هەمدیسان لە فەسڵی شەشەم (ل ٣٣ تا ٣٤٨) و فەسڵی حەوتەم (ل ٣٤٩ تا ٣٥٦)دا، تەنیا لە چاپەمەنی و شانۆی شاری کرمانشان دەدوێت و بە شوێن ئەویشدا لە فەسڵی هەشتەم (ل ٣٥٧ تا ٤٠٨) بادەداتەوە سەر باسی مۆسیقای شاری کرمانشاه. بە بۆچوونی من، سوڵتانی لە سەرەتای کاردا، گەڵاڵەیەکی داڕژاو و ئامادەکراوی بۆ کتێبەکەی خۆی نەبووە و تەنیا لە درێژەی ڕێگادا توانیویەتی شێوازێک بە کتێبەکە ببەخشێت ـ ئاتەواوییەک کە هیوایە لە چاپەکانی دواتردا، قەرەبوو بکرێتەوە. هۆیەکی دیکەی مەسەلەکە، واهەیە ئەو ڕوانگەیە بێت کە لە باسی دیاردەی وەک چاپ و ڕۆژنامە و شانۆگەرییدا، تەنیا دەتوانێ مێژووی شارێکی گەورە وەک کرماشان بنووسێ ئەک شارۆچکەی وەک کەرەند و سەحنە. ئەم بۆچوونە، هەڵەیە و هیوادارم کاک محەممەد عەلی لێی دووربێت، چونکوو گەلێک سەرەتای هونەری شانۆ ـ وەک میرمیرێن یا «شبیە» دروستکردنی ڕۆژانی مانگی موحەڕڕەم لە زۆربەی شارەکانی ئوستانی کرماشاندا هەبوون و دەکرا باسیان لێوە بکرایە یا خود شانۆگەریی قوتابخانەکان. هەروەها لە باسی پیشەسازی بچووکدا، ئەک هەر شارە بچووکەکان بەڵکوو گوندەکانیش تەون و مافورەچنین[پێموایە هەر گۆرەوی و کلاو... دەچندرێن ئەک بەرە ومافورە] و بەرە و جاجم یا خود کەرەسەی دارینە و گڵینە و ئاسنیان تێدا بەرهەم دێت کە ئەدەبوایە چاویان لێ بپۆشرێت.

بەرگی یەکەم، زانیارییەکی زۆری لە سەر مۆسیقای ناوچەکە، تێدا

کۆکراوەتەوە؛ بەڵام گۆرانی بێژەکان کراون بە دوو بەشەوە: ئێرانی و کوردی. تا ئێرەی مەسەلەکە، ئاساییە و قسەی لەسەر نییە چون ڕاستییەکی بەرچاوە، کە هەندێ لە گۆرانی بێژەکانی کرماشان لە بواری مۆسیقای ئێرانیدا ئیشیان کردووە (بۆ نموونە: جەمال وەفایی و شەهرام ناظری). بەڵام ئەوەی جێگەی ڕەخنەی جیددی بێت ئەوەیە نووسەر، ئەو گۆرانی بێژانەی وا گۆرانی کوردییان چڕیوە، بە «خوانندگان محلی» ناودەبات (بەرگی١، ل ٤٠٠)، ئەوەش بێ ئینسافییەکی گەورەیە! سوڵتانی بە داخەوە کەوتووەتە داوی ڕەسم ودابی باوی ئێران کە هەموو هونەرێکی گەلانی غەیرە فارس (ئازەری، کورد، لوڕ و گیلەک و...) بە سیفەتی «محلی» واتە ناوچەیی ناودەبەن وناسنامەی «نەتەوایەتی» لێ دەستێننەوە.

ڕاستە دەکرێ شیعر و مۆسیقای خۆراسان یا ئیسفەهان و شیراز، بەنیسبەت زمانی ڕەسمیی فارسییەوە بە «ناوچەیی» بزاندرێت بەڵام ئایا شیعری تورکی تورکمانانی باکوور و عەرەبی باشوور و کوردی ڕۆژئاوا و بەلووچی ڕۆژهەڵات، فەرعی شیعری فارسین تاکوو بە «ناوچەیی»ناویان ببەین؟! ئایا هەڵپەڕکێی کوردی ناوچەیی یە؟ ئایا فارسی ئێران شێوازی هەڵپەڕکێیان بە کیلۆمەتریش لە هەڵپەڕکێی کوردی نزیک دەبێتەوە کە ئەمیان لقی ئەوی دیکە بێت وبە ناوچەیی باسی لێ بکرێت؟ ئەوە سیاسەتی ئاتاتورک و موریدە موخلیسەکەی ـ واتە ڕەزاشای پەهلەوی بو کە ئەم مەفهوومانەی لە واتا خاڵی کرد و سوڵتانی ئەدەبوایە بکەوتایەتە داوی بۆچوونێکی ئەوتۆوە کە لە ماهیەتی خۆیدا، ڕەگەزپەرستانەیە.

فەسڵی ١٠تا ١٣ی بەرگەی یەکەم. ژیننامەی شاعیر و نووسەر و توێژەرەوە و نیگارکێشی ئوستانی کرماشانە بەڵام تەنیا هونەرمەندانی هاوچەرخی گرتووەتەبەر و ناوڕی لە مێژووی کۆنی کرماشان و شارەکانی دیکە نەداوەتەوە، لە ئەنجامدا،شاعیرانی مەزنی کورد وەک خانای قوبادی و ئەڵماس خانی دینەوەری و میرزا وەلەدخان لە بیرکراون (بەرگی١، ل ٤١٩ تا ٥٣٠).

بەرگی دووهەم وسێهەمی کتێبەکە (٢/١و ٢/٢)[٤]، تەرخانی هۆز و تایفەکانی ئوستانی کرمانشاهان کراوە و تێیدا جاف، کەڵهوڕ، گۆران، زەنگەنە و هەموو لقوپێکانیان کەوتوونەتە بەر باسێکی مێژوویی و کۆمەڵناسانەوە و بۆ هەموویان شەجەرەنامەیەکی ڕێکوپێک ئامادەکراوە کە بە خەتی ڕازاوەی نووسەر یا خود خاتوو «فریبا مقصودی(؟)» نووسراونەتەوە. لەم بەشەدا، «هەورامان»یش وەک هۆزێک سەیرکراوە ومێژووی هەورامان بە هۆی چاپی گوڵبژێری «مێژووی ئەردەڵان» نووسینی مەلا عەبدوڵلای قازی هەورامانی یەوە گەلێک دەوڵەمەند بووە. ئەو مێژووە کە ئێمە هەر ناومان دەبیست و خۆیمان نەدەدی بۆ یەکەمجار لە کتێبی کاک محەمەد عەلی دا چاپ کراوە و سەد بریا لە جیاتی گوڵبژێر، هەر هەمووی چاپ بکرایە.[٥] ئەم بەشە، دارمالی بەڵگە و قەبالە و نامەی پێوەندیدار بە هۆزەکانی ناوچەیە و بۆ توێژەرەوەی ئەم بوارە، گەنجینەیەکی بەنرخە.

بەرگی چوارەم و پێنجەم، تەرخانی مێژوو کراوە و تێیدا مێژووی شار و ناوچەکە، هەر لە پێش زایینەوە تا ئەمڕۆ کەوتووەتە بەر لێکۆڵینەوە (بەرگی ٣، ل ١ تا ١٣٢٨). نووسەر، بە لێزانی تەواوەوە، بەشی کۆنی مێژووەکەی ـ کە دووپاتکراوی سەرچاوەکانی ئەورووپی وئێرانی یە، گەلێک بە کورتی بڕیوەتەوە بەڵام لە بواری مێژووی هاوچەرخدا، کارێکی بێ وێنەی کردووە. ئەم بەشەی کتێبەکە، واتە مێژووی سەردەمی قاجار و دواتر(ل ٢٨٤ تا٩٦٥)، بە بڕوای من سەرکەوتووترین بەشی کاری کاک «محەمەد عەلی»ین و بەتایبەت فەسڵی «ڕاپەڕینی مەشروطە»(٧-١٩٠٥)، بە یارمەتی بەڵگەنامەی ئەو سەردەمە، بووەتە سەرچاوەیەکی کەم وێنە بۆ مێژووی ئەو سەردەمەی کرماشان و بەگشتی کوردستان.

سوڵتانی، ئەم بەشە، بە بۆچوونێک دەست پێدەکات کە بۆ ئێمە سەرنجڕاکێشە: "ڕەگەزی غالب لە ناوچەی کرماشان،لە نزیک هەزار ساڵی پێش زایینداا، «کورد» بووە و ئێستاش هەر وەهایە. لقوپۆپی ئەم بنەچەکە، وەک لوڕ و لەک، بە گشتی ناوی «کورد»یان پێدەدرێت." (بەرگی٣، ل ٣٤)

سەبارەت بە مێژووی کرماشان لە سەردەمی مەشروطەی ئێراندا، پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بکرێ ئەویش بۆچوونی مێژوونووسانی ئێرانی یە کە کورد بە گشتی تاوانبار دەکەن گوایە لە پرۆسەی ڕاپەڕینی ساڵانی ٧-١٩٠٥دا لایەنگری «استبداد»ی شاه بوون و دژ بە هێزەپێشکەوتنخوازەکان وەستاون. ڕاستەقینە ئەوەیە بەشێک لە کوردی ڕۆژهەڵات وبەتایبەت ئەندامانی هۆز و عەشیرەتەکان، بە پیلانی دەرەبەگ و شێخەکان و هەڵخلاندنی «سالارالدوله»، لە بەرەی «استبداد»دا وەستان، بەڵام کەم نەبوون خەڵکی شار و بەتایبەت زەحمەتکێشانی شارە کوردنشینەکان و توێژە ڕۆشنبیرە کوردەکان، کە بەو پەڕی فیداکارییەوە لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی ئێرانیدا، وەستان.

سوڵتانی لە زمان «ئەحمەدی کەسرەوی» مێژوونووسی ئێرانییەوە ، دەنووسێ: "تەنیا کەسانێک کە لە شارەکانی دیکەوە هاتنە یاریدەی خەڵکی تەورێز، یارمحەمەدخانی کرماشانی وهاوڕێکانی بوون (بەرگی٤، ل ٦٤٨). گرینگایەتی ئەم بەشە، تا ڕادەیەکە، کە بە بڕوای من دەتوانێ ببێتە وانەی دەرسی و لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بگوترێتەوە.

دوایین بەشی بەرگی پێنجەم٥، تایبەت بە هەندێ بنەماڵەی ناسراوی ئوستانی کرمانشاهان کراوە: وکیل الدوله(پالیزبان، دهبان)، جلیلوند، حاتم، دولتشاهی و...(ل ٩٦٥ تا ١٣٢٨). لێرەدا نووسەر سەبارەت بەهەرکام لەو بنەماڵانە، تاقمێک وێنە و بەڵگە و شەجەرەنامەی ئامادە کردووە.

سوڵتانی لە دوا لاپەڕەکانی بەرگی چوارەمدا، سەرچاوەکانی کاری خۆی ناساندووە، کە زۆربەیان فارسی و وبەشێکی کەمتریان عەرەبی وکوردین. ژمارەی ئەو سەرچاوانە دەگاتە ٢٦٨ و کەڵک وەرگرتن لە ژمارەیەکی ئەوتۆی سەرچاوە و بەڵگە، شەو و شەونخوونی زۆری دەوێ کە بۆ هەموو ئەو زەحمەتانە دەبێ ماندوونەبینی لە کاک محەمەد عەلی سوڵتانی بکەین. بە هیوای ئەوەی چاومان بە بەرگەکانی دیکەی مێژووی کرماشان، کە لەلایەن هەندێک کەسەوە نازناوی «ئەنسیکلۆپێدیا»ی پێ بەخشراوە، ڕوون بێتەوە.[٦]

پەراوێزەکان

١) بەرگی یەکەم، سەرەتا، ل ٢٥.

٢) نووسەر پێشتر دوو بەرگ کتێبی «حدیقه سلطانی» چاپ کردووە کە کۆمەڵەی شیعری کوردیی ٥٠شاعیری کوردی ناوچەی کرماشانە. هەروەها دیوانی شیعری کوردیی «حەیرانعەلیشا» و «شامی کرماشانی»بلاوکردووەتەوە کە جیاوازە لە دیوانی شامی چاپی «سروش».

٣) لوحه تقدیر سیزدهمین دوره انتخاب کتاب سال ١٩٩٥؛ لوحه تقدیر نخستین دوره انتخاب پژوهش سال ١٩٩٦.

٤) نووسەر، بەرگی دووهەمی کتێبەکەی بە ٢/١و بەرگی سێهەمی بە ٢/٢ دیاری کردووە. لە ئەنجامدا بەرگی چوارەم ژمارە٣ و بەرگی پێنجەم ژمارە٤ی لە سەردانراوە.

٥) کاک محەمەد عەلی لە کتێبی تازەی خۆی «قیام و نهضت علویان زاگرس» چاپی ١٩٩٧ یشدا، کەڵکی زۆری لەم دەستنووسە وەگرتووە.

٦) عبد الحسین نوائی، سەرەتای بەرگی یەکەم، ل ٢٦.

ئەحمەد ئەسکەندەری

ڕانانی کتێب

کریس کوچێرا

ململانی کورد یان خەونی گەوجانەی سەربەخۆیی

Chris Kutschera, Le défi Kurde ou le rêve fou de l´indépendence (Bayard Editions, Paris 1997)

نوسەری ئەم کتێبە کە نازناوی کریس کوچێرا Chris Kutschera ی بۆخۆی هەڵبژاردووە، ڕۆژنامەنووسێکی فەرانسەیی یە کە لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانە لە سەر کورد لێکۆڵینەوە وکتێب و نووسراوەی هەیە؛ کوچێرا بە تایبەت لە گۆڤارەکانی The Middle East و Le Monde Diplomatique دا دەنووسێ. لە سەر کوردستان لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە و ئەمە دووهەمین کتێبە لە سەر کوردی نووسیوە. پێشتر لە ساڵی ١٩٧٩دا کتێبێکی بە ناوی Le Mouvement National Kurde واتە «بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد» نووسیوە کە لە وێدا مێژووی کورد هەر لەسەرەتاوە هەتا ساڵی پەیمانی ئەلجەزایر(١٩٧٦) و هەروەها ڕووداوەکانی سەروبەندی ناشبەتاڵ باسدەکا. ئەم کتێبە لەلایەن کاک «ئیبراهیم یونسی» یەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی؛ وەرگێڕانی کوردییەکەی کە کاک محەمەدی ریانی کردوویەتی بەداخەوە زۆر ناسەرکەوتووە (لە سەر ئەم دوو وەرگێڕانە چەند سەرنجێکم نووسیوە کە لە گۆڤاری «رابوون» ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٧٧دا بڵاوکراوەتەوە).

وەک لە نووسەرم بیستووە دووکەس خەریکی وەرگێڕانی ئەم کتێبە تازەیەن بە فارسی و بە کوردی کە هیوادارم سەرکەوتووانە و بە ڕێکوپێکی وەرگیردرێ و بەتایبەت هەموو سەرچاوەکانیش کە لە ئاخری کتێبەکەدا هاتوون هەر بەوشێوەیە وەرگێڕدرێنەوە با خوێنەرەوانی کوردی و فارسی زمانیش کەڵکی لێوەرگرن.

کتێبی ...Le defi kurde لە باری ڕۆژنالیستی و کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکانەوە زۆر بە کەڵکە. بۆ کەسێک بیەوێ لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان بکۆڵێتەوە، سەرچاوەیەکی باشە و سەرەڕای ئەوەش هەموو ئەو کتێب و گۆڤارە و ڕۆژنامە و... باقی سەرچاوەکانی بۆ نووسینی کتێبەکە کەڵکی لێوەرگرتووە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هێناویەتی کە ئەوانەش زۆر بە کەڵکن.

مادام دانیەل میتێران Danielle Mitterrand سەرۆکی کۆمەڵی France Liberté کە یارمەتی باشیان ناردووە بۆ کوردستان و هەروەها حەولیان داوە تا مەسەلەی کورد زۆرتر لە دنیادا دەنگبداتەوە، سەروتارێکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە و لە ڕوانگەی خۆیەوە سەرنجێکی مەسەلەی کوردی داوە.

کریس کوچێرا دوای نووسینی پێشەکییەک، کتێبەکەی کردووە بە سێ بەشەوە:

- "لە عێراق ـ هەر لە تەفر و توناکردنەوە... هەتا سەربەخۆیی"
- "لە ئێران ـ هیوای درۆیینی شۆڕشی ئیسلامی"
- "لە تورکیا ـ خەونی گەوجانەی سەربەخۆیی"

لە پێشەکییەکەدا سێ فاز (قۆناغ) بۆ سەقامگیربوونی بزووتنەوەی کورد دادەنێ: فازی فیۆدالی، فازی ئایینی و فازی سیاسی؛ هەڵبەت پێی وایە کە ئەم قۆناغانە جاری وایە تێکەڵ بە یەکیش دەبن. میربەدرخان بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردیی دادەنێ لە بەر ئەوەی توانیبووی زۆرترین بەشی کوردان لە چوارچێوەی حکوومەتێکی کوردیدا کۆنکاتەوە، بەڵام پێی وایە کە یەکەم مانیفێستی ناسراوی ناسیۆنالیزمی کوردیی، شێخ عوبەیدوڵلا داینناوە کە لەوێدا باسی ئەوە دەکا گەلی کورد دەیەوێ کاروباری خۆی بە دەستی خۆیەوە بێ. سەبارەت بە پێوەندی دیپلۆماتیکیی وڵاتانی دەرەوە و کورد لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا لە زمانی کارمەندێکی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستانەوە وتەیەک دەگێڕێتەوە کە زۆر جێگای سەرنجە: «ئەو خەونەی حیزبە گەنجەکانی کورد، کە خوازیاری ئەوەن هێزێکی بێگانە بە پارە و خەڵکەوە، لە سەر حکوومەتێکی کوردی تازە و جوان کە بۆیان دروست کراوە دایان بنێ، خەونێکە ناتوانێ بەدیبێ»!؟

دواتر هەر لەم پێشەکییەدا دێتە سەر ئەوە کە:

ـ هێزە کوردییەکان هەموو هێزوتوانای خۆیان بۆ لە ناوبردنی هێزی ڕەقیبان بەکاردێنن؛

ـ ئەو فەرماندەیەی کە هەر خەریکی کاری پێشمەرگایەتی یە. فریای ئەوە ناکەوێ بیر لە مەسایلی سیاسی بکاتەوە؛

هەروەها ئەڵێ: "مەگەر بە دەگمەن لە مێژوودا هەڵکەوتبێ، دەنا ناکرێ کەسێک لە هەمان کاتدا فەرماندەی لەشکر(ژەنەرال) و سیاسەتمەداریش بێ"!

دیارە لەم بەشەدا کوچێرا زۆر تووڕەیە لەو وەزعەی کە لە کوردستانی عێراق هاتووەتەپێش، هەربۆیە ئەڵێ: "ئەو حیزبانە هەر ناوی حیزبیان لە سەر ماوە دەنا لە باشترین حاڵەتدا بزووتنەوەی چەکداری و لە خراپترینیشدا چەتەن! ئەمانە بە داخەوە نیشانیان داوە کە توانایی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسییان نییە... ". لە سەر کوردستانی تورکیاش ئەڵێ: "پ.ک.ک پتەوترین و ڕێکوپێکترین هێزی چەکداری کوردین، بەشێوەیەکی جێگای ستایش ئەندامانی خۆیان فێرکردووە کە شەڕ بکەن و گیانی خۆیان بەخت بکەن؛ ئەگەرچی هیچکات تەنانەت

سیبەری ئۆپۆزیسیۆنێکیش ناتوانن قەبوڵ بکەن! بەڵام هەروەکوو ئەریترەییەکان بەبێ دانی دەیان هەزار قوربانی بەم سەربەخۆییەی ئێستایان نەدەگەیشتن و فەلەستینییەکان بە بێ چالاکیی کۆماندۆیی ئەم نیمچە حکوومەتەیان نەدەبوو (سەیرە نووسەر لەم لێکدانەوەدا دەوری گرینگی ئینتیفاضە لە بیردەکا!)، هەر بەم چەشنە بە بێ ئازایەتی حەماسیی پێشمەرگەی کورد لە ئێران و عێراق و گریلاکان لە تورکیا، مەسەلەی کورد لە بیردەچووەوە و کوردیش دەتوایەوە..."

لە کۆتایی پێشەکییەکەیدا نووسەر ئەڵێ: "سەربەخۆیی خەونی هەموو کوردێکە هەروەکوو خەونی ئەریترەییەکان و فەلەستینییەکان بووە پێش کوردەکان. بەڵام ئەم هەموو قوربانی دان و شەڕکردنە بۆچی؟ لە پێناوی کامە کۆمەڵگادا؟ کامە سیستمی ئابووری؟ کامە فەرهەنگ؟ ڕێبەرانی کورد دەبێ هەموو ئەم پرسیارانە لە بەردەم خۆیاندا دابنێن و چەکبەدەست ئەوە بزانن کە بە زووترین کات دەبێ چەکەکانیان لە ڕەختخانەی کۆمەڵگای مەدەنی دا دابنێن و جێگا بۆ سیاسەتمەداران بەجێبهێڵن".

نووسەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا «لە عێراق ـ هەر لە تەفروتوناکردنەوە... هەتا نیوەسەربەخۆیی» پاش لێکدانەوەیەک لە سەر بارزانی و ئەو هەڵسەنگاندنانەی ـ بە چاکە و بە خراپە ـ کەسی جۆراوجۆری کورد و بێگانە لە سەریان کردووە، ئەچێتە سەر باسی پێکهاتنی قیادە موەقەتە، هێزەکانی پێکهێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبەکانی دیکە و هەروەها دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری...

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم بەشەی کوردستاندا وادەردەکەوێ کە نووسەر زۆربەی زانیارییەکانی یان ڕاستەوخۆ لە بەرپرسانی پارتی وەرگرتووە یان ئەوەیکە خوێنەرەوە هەست بەوە دەکا کە ئەگەر لە کەسی دیکەشی وەرگرتبێ ئەوا لەگەڵ کەسێکی ئەوان ڕاوێژی لەسەر کردووە. یەکەم نموونە چۆنیەتی باسکردنی کوژرانی «ئیبراهیم عەزۆ»یە لە یەکەم فەرماندەکانی پێشمەرگەی ینک کریس کوچێرا لە لاپەڕەی ٣٤دا دەنووسێ کە ئیبراهیم و نزیکەی چل پێشمەرگە کە بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە سەرەتای مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٦دا هاتبوونە بادینان، لەبەر ئەوەی بە ژمارە کەم بوون و هەروەها کەرەسەی پێویستیشیان نەبوو، دوای مانگێ فەرماندەکەیان ئیبراهیم لە تورکیا دەگیرێ و لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان دەکوژرێ. نووسەر ناڵێ کێ ئەمانەی گرتووە و بۆچی کوشتوونی! هەر لە سەر ئەم بابەتە کاک ئەوشیروان مستەفا ئەمین لە کتێبی «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» لە لاپەڕەی ١٢١ و ١٢٢دا ئەڵێ ئەمانە لە گوندی نیروە لە کوردستانی تورکیا چەک کراون وتەسلیمی لیژنەی سراوانی قیادە موەقەتە کراون و... بەبێ گوێدانە نامەکانی مام جەلال بۆ سەرانی ق.م و هەروەها ناوبژی و هەوڵەکانی سەرانی د د ک د، هەموویان کوشتوون.

لە سەر دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی کوردستان، کوچێرا باسی کارەساتەکەی هەکاری ئەکا و لە لاپەڕەی ٤٢دا ئەڵێ: «ڕێگای هاتوچووی سوریا بۆ ی.ن.ک گرینگ بوو هەر بۆیە هێزێک بە سەرکردایەتی عەلی عەسکەری و دوکتور خالید و شێخ حوسێن ئەنێرن بۆ "پاک کردنەوەی بادینان" و هێنانی چەک لە سووریاوە... دەکەونەڕێ و لەوێ تووشی شەڕێکی قورس ئەبن لە گەڵ بارزانییەکان. ٥٠ پێشمەرگە ئەکوژرێن، ٢٠٠ تا ٣٠٠ی تریش بە دیل ئەگیرێن و ١٠ پێشمەرگەش ڕەق هەڵدێن؛ بارزانییەکان عەلی عەسکەری و دوکتور خالید و شێخ حوسێن یش ئەگرن و ئیعدامیان ئەکەن... » ئەم بەشەش بە دووروودرێژی لە کتێبی «لە کەناری دانوبەوە...» باسکراوە و لەگەڵ ئەم گێڕانەوە فەرقی زۆرە.

نووسەر لە ڕوانگەی دڵسۆزی بۆ کوردەوە ئەڕوانێتە دوژمنایەتی نێوان حدک و پدک و ئەوە دگێڕێتەوە کە چۆن ساڵی ١٩٧٩ مەسعود بارزانی لەگەڵ مستەفا چەمران وەزیری دیفاعی ئێران ڕێککەوتن و لە ئاکامدا پارتی کەوتە دژایەتی حیزبی دێمۆکرات وەها کە دوکتور قاسملوو بە نووسەری گوتووە ئەوانە جاشن... بە بۆچوونی کریس کوچێرا ئەوە تراژێدییەکی تەواوە بۆ کورد کە کار گەیشتووەتە ئەو جێگایە. هەر بۆیە حەولی ئەوەی داوە هۆی پێشهاتنی ئەو وەزعە لە ڕێبەرانی پارتی بپرسێ. سامی عبدالرحمان گوتوویەتی: «من ناتوانم ئەوە قەبوڵ بکەم کە پێشمەرگەی پارتی تەقە لە خۆپێشاندەرانی کورد لە شنۆ بکەن و لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ کورد تەقە لە کورد بکا». سامی هەر لە سەر ئەوە پارتی بە جێ دێڵێ. یەک لە ڕێبەرانی پارتی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە هۆی ئەو دوژمنایەتییە لە گەڵ حدک چییە؟ گوتوویەتی "ئێمە شەڕی قاسملوو ناکەین، ئێمە شەڕی جاشەکانی عێراق ئەکەین، بۆ ئێمە تەنیا یەک حیزبی دێمۆکرات هەیە ئەویش حیزبەکەی غەنی بلوریان ه...».

بەشێک لەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ دەستپێکردنی شەڕی ئێران ـ عێراق، تەشەنەی ئەم شەڕە بۆ کوردستان و لێکدانەوەی پارتی و یەکێتی لە سەر ئەم شەڕە و هەروەها بۆچوونی ڕێبەرانی ئەم دوو حیزبە لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان، گۆڕینی لایەن و بەو پێیە گۆڕینی تاکتیک؛ هاریکاری پارتی لەگەڵ ئێران کە بە "دۆستی ڕاستەقینەی" خۆیان ئەزانن و یارمەتی دانی ئەرتەشی ئێران و ماوەیەک دوای ئەوە واتە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ و سەرەتای ١٩٨٣ گفتوگۆکردن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق زۆر بەنهێنی، بێئاکام بوونی گفتوگۆ و دیسانەوە هاریکاری لەگەڵ ئێران؛ لەلایەکی دیکەوە شەڕی یەکێتی لەگەڵ ئێران شانبەشانی حدک و دوابەدوای ئەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا(١٩٨٤)، شکستی گفتوگۆکان و کەڵک وەرگرتنی سەددام لە لاوازیی و گیروگرفتی ناوخۆی یەکێتی... (لێرەدا کوچێرا ئەوە ئەگێڕێتەوە کە دوکتور قاسملوو لە گفتوگۆکانی عێراق و یەکێتی دا نەک هەر ناوبژیکەر بەڵکوو لە دانیشتنێکدا لە نێوان سەددام و جەلال تاڵەبانی دا ئەویش بەشدار بووە).

سەبارەت بە هەڵەبجە، کوچێرا باسی گرتنەوەی شار لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتی و دوابەدوای ئەوە هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئەو شارە دەکا و ئەڵێ هەڵەبجە ڕەمزی تراژێدیی کورد و دڕندەیی سەددام حوسێنە. هەروەها لە زمان دوکتور عوسمان ەوە دەگێڕێتەوە کە: «هارکاریکردنی ئێران و پاسداران بۆ گرتنەوەی هەڵەبجە هەڵەیەکی گەورە بگرە تاوانێک بوو کە نەک لە سەر ڕێبەران بەڵکوو لە سەر گەلی کورد زۆر بە گران تەواو بوو». جگە لەوە هاریکاری هێزەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئێران بە هەڵەیەکی گەورە ئەزانێ و لە بەراوردکردنێکدا لە سەر کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق هەڵسەنگاندنێکی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هەلومەرجی ساڵی ١٩٧٥ دەکا و دەڵێ ئەوکاتە شوڕشی کورد بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی شای ئێراندا بوو.

داگیرکرانی کوێت لە لایەن عێراقەوە بە بۆچوونی نووسەر هەلێکی مێژوویی گەورەبوو بۆ کورد بەڵام کەڵکی لێ وەرنەگیرا. لەم بەشەدا هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەخرێتە پێش چاوی خوێنەرەوە و دەوری بارزانی و تاڵەبانی لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ سەرۆکانی جیهان و هەروەها هاتوچووەکانیان بۆ بەغدا و شێوەی لێکدانەوەیان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و لەگەڵ یەکتر و... باسدەکرێ. هەڵبەت بە نیسبەت مام جەلالەوە ڕەخنەکان زۆر زیاتر و توندوتیژترن و وەکوو کەسێک باسی لێدەکا کە هەڵوێستی یەکدەستی نییە و زۆر زوو هەڵوێست دەگۆڕێ. بەڵام ئەوەش دەڵێ کە سەددام حوسێن ـ لانیکەم لەگەڵ کورد ـ گفتوگۆکەرێکی زۆر لێهاتووە و توانیویەتی هەموو ڕێبەرانی کورد

هەڵخەڵەتێنێ! دیسان ئەوەشی لێ زیاد دەکا کە هۆیەکی گرینگ بۆ سەرۆکە کوردەکان کە دەیانەوێ لەگەڵ سەددام ڕێککەوتن ئیمزا بکەن، ئەوەیە کە دەترسن ئەگەر وانەکەن دەسەڵاتی خۆیان لە دەست بدەن!؟ لە سەر جەماوەری کوردیش دوای هەڵبژاردنەکەی بەهاری ١٩٩٢ پێی وایە کە ئەوان بوون بە نموونەی ژیربوونی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واتە ئەو ناوچەیەی کە دەنگدانی ئازاد و پلۆرالیزم بەدەگمەن هەیە؛ بەڵام ئەم ژیربوونی سیاسییە لەلای ڕێبەرانی ئەوان نەبوو...

کوچێرا ڕووداوەکانی ١٩٩٦/٨/٣١ بە کورتە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ «شەیتان» ناودەبا و ئەو پرسیارە دەکا کە چۆن مەسعود بارزانی پەنا بۆ ئەو سەددام حوسێنە دەبا کە بنەماڵەکەی خۆی یەکەم قوربانییەکان بوون و ٨٠٠٠ بارزانی لە ڕۆژێکدا ون کران؟ ئێستا ئەو داوا لە هێزەکانی هەمان سەددام دەکا بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی بپارێزێ! لە کۆتایی ئەم بەشەدا نووسەر ئەو گوتنە دووپات دەکاتەوە کە «ئایا کورد خراپترین دوژمنی خۆیان نین؟»

● **"لە ئێران ـ هیوای درۆیینی شۆڕشی ئیسلامی"**

لەم بەشەدا نووسەر ڕووداوەکان زیاتر لە زمان ڕێبەرانی حدکەوە دەگێڕێتەوە و لەوانیش زیاتر لە **دوکتور قاسملوو**. ئەمەش شوێنەوارێکی وای داناوە لە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان و لێکدانەوەکان لە سەر کوردستانی ئێران کە لە تەواوی ئەم بەشەی کتێبەکەدا دیارە. تەنانەت ئێوی کەسەکانیش ئەوانەی کە لە حدک دوورن یان ناوەکانیان بەهەڵە نووسراوە یان ئەوەی کە وەکوو ئەندامی فلانە حیزب و ڕێکخراو باسیکردوون، کە باسی کۆمیتەی ئینقلابی و شوڕشی چەکدارانەی ١٩٦٨-١٩٦٧ دەکا دوکتور قاسملووش وەکوو ئەندامی ئەم کۆمیتەیە نێو دەبا کە گوایە کاک سولەیمانی موعینی لە سەفەرێکدا بۆ ئورووپا ئەم داوایەی لێکردبێ! لەم بارەوە کاک سەعیدی کاوە لە کتێبەکەیدا دەڵێ ئەندامانی کۆمیتەی ئینقلابی بریتی بوون لە: ئیسماعیلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سەننار مامەدی، حەمەدەمینی سیراجی، مەلا عەبدوڵلا عەبدوڵلاهی، سالار حەیدەری و سەعید کاوە(کوێستانی).

نووسەر کە دێتە سەر باسی ڕاپەڕین لە شارەکانی کوردستان لە دژی ڕێژیمی شا، هەروەها دواتریش دیارە هەر شاری مەهاباد دەبینێ و ڕووداوەکانی کوردستان لە وێوە چاو لێدەکا...

لە سەر یەکەم چاوپێکەوتنی نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی و نوێنەرانی کورد لە مهاباد(زستانی ساڵی ١٩٧٩) لە لاپەڕەی ١٦٤دا دەڵێ: «نوێنەرانی کورد بریتی بوون لە دوکتور قاسملوو، غەنی بلوریان، ساڵەی موختاری(!)، شێخ عەزەدین و نوێنەرێکی کۆمەڵە(؟)... کە داخوازی کوردەکانیان لە گەڵاڵەکەیدا پێشکەش کرد کە بە گەڵاڵەی ٦ خاڵیی مهاباد ناوبانگی دەرکرد..» نوێنەرەکەی کۆمەڵە کە دیارە بە کریس کوچێرا نەگوتراوە ناوی چی بووە کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی ـ لە ڕێبەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ـ بوو، نەفەری سێهەمیش کاک سەلاحەدینی موهتەدی یە. گەڵاڵەکەش قەت بە ناوی ٦خاڵی باسی لێنەکراوە و هەر لە ڕۆژی نووسین و پێشکەشکردنییەوە هەتا ئێستاش هەر بە ناوی گەڵاڵەی ٨ خاڵیی مهاباد باسی لێکراوە. هۆی باس لێنەکردنی ئەو دوو خاڵە لە بیرچوونەوە نییە بەڵکوو هەڵوێستی سیاسی یە. خاڵی ٧ لە سەر ڕێبەرانی قیادە موەقەتەیە کە نوێنەرانی کورد نیگەرانی ئەوەبوون هاوکاری ئەوان و ڕژێمی تازەی ئێران بێتە گیروگرفت لە سەر ڕێگای بزووتنەوەی کوردستانی ئێران. بە پێی خاڵی هەشتەم نوێنەرانی کورد بە نوێنەرانی دەوڵەت ڕادەگەیەنن کە هەر دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کورد کە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بکەوێتە گفتوگۆ، دەبێ بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عەزەدین حوسێنی بێ. دیارە لە کاروباری سیاسیدا هەڵوێست گۆڕین بەرانبەر بەم یان بەو کەسایەتی یان حیزب وڕێکخراوە دێتەگۆڕ و هەموو ڕێکخراوەیەک بۆی هەیە ئەو چەشنە ئاڵوگۆڕە لە هەڵوێستی سیاسی خۆیدا بێنێتە کایەوە، جێگای سەرسووڕمان ئەوەیە کە بە هۆی هەڵوێستی سیاسی ئێستاوە. ڕووداو و جەرەیانی مێژوویی کە پێشتر ڕوویان داوە، تووشی لە بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕی لەونەوعە ببێ.

لە باسی دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی کورد و حکوومەت دوای فەرمانی جیهادی خومەینی و هێرشی هێزەکانی ڕژێم بۆ سەر کوردستان و شەڕی سێ مانگە (هاوین و پاییزی ١٩٧٩)، هێندێک باسی هێناوەتەگۆڕ کە لە جێگای خۆیدا نییە. نووسەر لە لاپەڕەی ١٨٢دا دەنووسێ: «ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/٢٩ وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە "هەموو چەشنە جموجۆڵی سەربازی ڕاگیراوە بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکرێ بۆ هاتنی نوێنەرانی حکوومەت بۆ کوردستان... بەڵام کوردەکان دیسان جارێکی تریش بە شێوەیەکی جیا لە یەک دەچنە گفتوگۆکانەوە... حدک دەڵێ من شەڕەکەم کردووە و دەبێ سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەران بە من بێ،... کۆمەڵە دەڵێ هەتا "مجلیسی خوبرەگان" هەڵنەوەشێتەوە و "قانوونی ئەساسی" تازە ئەنووسرێ من بەشداری لە گفتوگۆدا ناکەم و هەروەها کۆمەڵە بە بیانووی جێژنی قوربانەوە خۆپێشاندانی سازمان دا بەتایبەت لە مهاباد...»

لەبەر ئەوەی من خۆم لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی دەستپێکردنی گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران، تەقەڕاگرتن و هەروەها پێکهاتنی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" بووم، هیوادارم لە جیگایەکی دیکەدا بە وردی لە سەرئەوە بتوان بنووسم؛ بەتایبەت کە لە چەندین کتێب وبیرەوەری کە ئەم دواییانە دەرچوون (لەوانە نووسراوەی بەڕێزان غەنی بلوریان، عەبدوڵلا حەسەنزادە، نەوشیروان مستەفا ئەمین) بە شێوەی وا باسی ئەو وتووێژانە کراوە کە بە بڕوای من جێگای لێکۆڵینەوە و ڕەخنەن. کوچێرا لەم بەشەدا تووشی چەند هەڵە بووە:

<u>یەکەم</u>، وەزیری ناوخۆ نەک هەر هیچ چەشنە شەڕاگرتنێکی ڕانەگەیاندبوو، بەڵکوو لەیەکەم کۆبوونەوەکاندا ڕۆژەکانی ١٧و١٨ ئۆکتوبری ١٩٧٩ گوندی بێورانی ناوچەی سەردەشت (بە بەشداریی **مامۆستا شێخ عەزەدین** و چەند ئەندامی دەفتەرەکەی، نوێنەرانی کۆمەڵە و چریکەکانی فیدایی خەڵق) کە منیش بەشدار بووم، کێشەمان ئەوەبوو **داریوش فروهەر** کە وەزیری نوێنەری حکوومەت بوو دەنگی بەرزکردبووە و دەیگوت «تەقە ڕاگرن». ئێمەش دەمانگوت گەلی کورد لە ماڵی خۆی دانیشتبوو، بە بێ ئەوەی هێرش بباتە سەر هیچ شوێنێک و تەقە لە هیچ لایەک بکا، ئێوەی حکوومەت هاتن وتەقەتان کرد و خەڵکتان کوشت و فەرمانی جیهادتان دەرکرد. کێ تەقەی ڕاگەیاندووە هەر ئەویش فەرمانی ڕاگرتنەکەی بدا، ئەوا دەستبەجێ تەقە لە کوردستان ڕادەگیرێ...

<u>دووهەم</u>، سەبارەت بە سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی کورد قسەی ئێمە ئەوە بوو کە خەڵکی کورد لە هەموو شارەکانی کوردستان لە خۆپێشاندانی جەماوەریدا پشتیوانی خۆیان لە خاڵی هەشتەمی بڕیارنامەی مهاباد ڕاگەیاندووە کە دەبێ مامۆستا سەرۆکایەتی هەر دەستەیەک بکا کە دەکەونە وتووێژ لەگەڵ حکوومەت. ئێمە لە سەر ئەو خواستەی خەڵکی کوردستان پێ دادەگرین.

<u>ستهەم</u>، سەبارەت بە مەجلیسی خوبرەگان و قانوونی ئەساسی دەبێ ڕاستییەک دەربخەم:

بەیانی ئەو ڕۆژەی کە لە بێوران قەراربوو چاوپێکەوتنەکە دەست پێبکا، مامۆستا داوای کرد جارێکی دیکەش چاوێک بخشێننەوە بە

داخوازییەکاندا کە شەوی پێشتر ئامادە کرابوو؛ من لە کاتی نووسینی داواکارییەکاندا شەوی پێشوو لەوێ نەبووم. خالی یەکەم ئاوا نووسرابوو: «هەڵوەشانەوەی مەجلیسی خوبرەگان». من پێشنیارم کرد ئەوە بگۆڕین. گوتم بە بڕوای من ئەوە بە «دوژمنایەتی» دادەنرێ و پێوەندی بەسەرتاسەری ئێرانەوە هەیە و کورد ناتوانێ داوای هەڵوەشاندنەوەی بکا. هێندێک ناڕازی بوون بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر سەرەنجام قەبوڵ کرا و بە من سپێردرا بیگۆڕم. تەنانەت لەبەر ئەوەی زۆر پەلەمان بوو هەر خۆیشم تایپم کرد. پێشنیارەکەی من ئەوە بوو: «لەبەر ئەوەی نوێنەرانی گەلی کورد لە مەجلیس خوبرەگان دا بەشداربیان نەبووە، خەڵکی کوردستان بە ئەرکی خۆیان نازانن لەو قانوونانەی کە لەوێ پەسند کراوە، پێڕەوی بکەن». ئەوە بەپێچەوانەی ئەوەی کریس کوچێرا بیستوویەتی نەک ئەوەی شەرت و بەهانە بۆ بەشداری نەکردن لە گفتوگۆکان نەبوو، بەڵکوو خاڵێک بوو لە گەلاڵەیەک کە لە کاتی دانیشتن و توێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتدا بسی لێکرابوو؛ ئەمە هەڵوێست گرتنێک بوو بەرانبەر بەو یاسا و قانوونە دواکەوتووە کۆنەپەرستانەی کە لەو ڕۆژانەدا پەیتاپەیتا و هەر ڕۆژەی چەند بڕگە و خاڵێکیان لە ڕاریۆ ـ تەلەڤیزیۆنی تارانەوە بڵاودەکرانەوە.

چوارەم، ئەوە مامۆستا شێخ عەزەدین بوو، نەک کۆمەڵە کە داوای لە خەڵکی شارەکانی کوردستان کرد بەبۆنەی ڕۆژی جێژنی قوربانەوە لە ماڵ بێنەدەر و خۆپێشاندان بکەن بۆ دژایەتی ڕێژیم و پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان؛ ئەو خۆپێشاندانە کە لە هەموو شارەکانی کوردستان کرا (نەک هەر بەتایبەت لە مهاباد)، ئەوەندە گەورەبوو کە لە زۆر ڕادیۆ و دەنگوباسی دەرەوەشدا دەنگی دایەوە.

لە بەشێکی دیکەدا کوچێرا گەلاڵەیەکی ١٤خاڵی نووسیوە کەلە ڕۆژنامەی لومۆند (Le Monde)ی ٧٩/١٢/١٨ وەرگرتووە بە ناوی "ماف و ئەرکەکانی ناوچەگەلی خودگەران لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا". نووسەر لای وایە ئەوە تاقە بەڵگەی ڕەسمی ڕێژیمی ئێرانە لە سەر داواکانی گەلی کورد. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نەک گەلاڵەی ڕێژیم بەڵکوو داوای حیزبی تووەدەی ئێران بوو کە بۆ هاریکاری لەگەڵ جمهوری ئیسلامی و بەربەرەکانی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان هێنابوویانە کایەوە و بە هۆی دۆستانی خۆیانەوە لە کوردستان و لە ناو حدک دا حەولی چەسپاندنیان دەدا. وشەی خودگەردانی(Autogestion) لە بەرانبەر خودموختاری(Autonomie)دا لەبەر ئەوە بەکار هێنرا کە هەم زۆر لە ڕادەی داخوازەکان و مافەکانی دەهێنایەخوارەوە و هەم ئەوەی گوایە سەرانی ئێرانی ڕازی دەکرد کە ڕایانگەیاندبوو لە ئیسلامدا هەموو تاکەکەسێ خودموختارە و جمهوری ئیسلامی مافی خودموختاری بۆ هیچ بەشێکی ئێران بەتایبەتی بە ڕەسمی ناناسێ...

نووسەر دواتر بە وردی دەچێتەسەر ڕووداوەکانی ساڵەکانی ١٩٨٠ هەتا ١٩٩٦ لە کوردستانی ئێران، پێوەندیی نێوان کۆمەڵە و حدک، تێرۆری ڕێبەرانی حدک و هتد... و زانیاری زۆری لەو بارەیەوە هەیە و هەڵبەت بە گوێرەی شوێن، دەکرێ لە سەر هەڵوێست و شێوەی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە قسە وباس بکرێ.

● "لە تورکیا ـ خەونی گەوجانەی سەربەخۆیی"

لەم بەشەدا دوای چۆنیەتی دامەزرانی کۆماری تورکیا، دەوری ئاتاتورک و دامەزرانی حیزبە سیاسییەکان باس دەکا هەتا کودەتای ١٢ی مانگی ٣ی ١٩٧١. لێرەدا کوچێرا بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێ. هەڵبەت لێرەش ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە جێگای سەرنجە و قسە و باسی زۆر لە سەرە ئەویش کوژرانی سەعید ئیلچی و دوکتور شڤان ه. بە پێی نووسینی کوچێرا دوکتور شڤان بۆ تەجرەبە وەرگرتن لە پێشمەرگەکانی بارزانی، مانگی سیپتامبری ١٩٦٧ دوای پێوەندی گرتن لەگەڵ چەند هێزی سیاسی بچووک وەک «کۆمەڵەی ئازادی کوردستان»، لەلایەن «پارتی دێمۆکراتی کوردستانی تورکیا»وە دەچێتە بادینان. ساڵی ١٩٧٠ کە دەگەڕێتەوە حیزبێکی تازە واتە «پارتی دێمۆکراتی کوردستان ـ تورکیا» پێکدێنێ... ساڵی ١٩٧١ سەعید ئیلچی دەچێتە کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی شڤان رازی بکا ناوی حیزبەکەی بگۆڕێ و داواکاری داوەریی بارزانی دەبێ. کوچێرا زۆر بەداخەوەیە لەوەی کە "یەکێک لە ڕەشترین دەورانی مێژووی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا ڕوودەدا... ڕۆژی ١٩٧١/٦/١ دوکتور شڤان، سەعید ئیلچی دەکوژرێ؛ شڤان دەگیرێ و لەلایەن بارزانی یەوە ئەسعەد خۆشناوی محاکمەی دەکا. شڤان ئیقرار دەکات و پێشمەرگەی بارزانی ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ ئیعدامی دەکەن(وتوێژ لەگەڵ Durmas بەهاری ١٩٩٣ لە پاریس).

ئەم ڕووداوە قسەی زۆر لە سەرە:

کەسانێک کە ساڵی ١٩٧٢ لە ئورووپا چاویان بە دووکەس کەوتووە کە لە هاوڕێیانی شڤان بوون (یەک لەوان کاک ئەجمەدین بویۆک کایا)، لە زمان ئەوانەوە ئاوای دەگێڕێتەوە کە «سەعید هات ولەوێ موناقشە کرا لە سەر وەزعی کوردستان و شەڕی چەکداری و هتد، پاشان ڕێیشتن لەگەڵ پێشمەرگەکانی بارزانی و دواتر بیسترا کە سەعید کوژراوە...»

ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی دیکەش دەگێڕدرێتەوە: «... بۆ ئەوەی دوژمنایەتی بخەنە نێوان دوکتور شڤان و سەعید ئیلچی، شتێک بڵاودەکەنەوە لە سەر سەعید کە گوایە هاریکاری میتی تورکیا دەکا؛ ئەم "بەڵگەیە" نیشانی شڤان دەدرێت و ئەویش دەبێ باوەڕی کردبێ و ئەوە هۆی کوژرانی بێ لەلایەن دوکتور شڤان دەوە...»

دیارە لە نەبوونی بەڵگەی نووسراو و جێگای متمانە لەلایەن ئەوانەی وا لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕووداوە بوون یان ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر نووسیبێ، ناکرێ باسێکی پڕبەپڕ لە سەر ئەو ڕووداوە بکرێ. نووسەر دواتر دەچێتە سەر باسی زەمینە و چۆنیەتی دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوری لە ڕووداوەکانی کوردستاندا... هەروەها هەڵوێستیان بەرانبەر پدک و ینک ئەوە دەگێڕێتەوە کە چون پارلەمانی کورد کە تازە فێدرالیزمی لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا ڕاگەیاندبوو، «...ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ ئولتیماتۆمی دا بە پکک کە هەتا ٩٢/١٠/٦، یان هێزەکانی لە ناوچە سنووریەکان بگوێزێتەوە و یان ئەوەی بەزۆر وەدەری دەنێن... بەڵام مەعلووم نییە ئایا لە دوا دەقیقەدا عوسمان نوجالان بریاریدا هێزەکەی بکشێنێتەوە؟ ئایا مەسئوولانی پارتی لە ناوچەکە ویستیان لەم هەلە کەڵک وەرگرن بۆ

ئەوەی پکک لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە؟ هەرچۆنێ بێ، ڕۆژی ١٠/٥ شەڕ دەستی پێکرد و ئەرتەشی تورک ڕۆژی ٩٢/١٠/٨ هێرشی هێنا بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە...»!؟

لە درێژەی ئەم بەشەدا باسی پێکهاتنی DEP و HADEP، خەباتی پارلەمانی، گیرانی نوێنەرانی کوردیی پارلەمان و لەناویاندا تێکۆشەر لەیلا زانا، دامەزرانی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەکا و هەروەها لە سەر دەوری کوردی دەرەوەی وڵات و پشتیوانی ئەوان لە بزوتنەوەی ناووڵات دەدوێ.

لە کۆتایی باسەکەیدا ئەو پرسیارە دەکا ئایا گوشاری دەوروبەر وای لە کورد کردووە بگاتە ئەو باوەڕەی کە ڕێگای پارلەمانی و خەباتی هەنگاوبەهەنگاو بۆ دامەزرانی کۆمەڵگای مەدەنی کورد بە بنبەست گەیشتووە و هیچ ڕێگایەک جگە لە خەباتی چەکداری نەماوەتەوە...؟!

ئاکام

کریس کوچێرا لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەکەوێتە لێکدانەوەی بزووتنەوەی کورد و دوای ئاماژەکردن بەو ڕاستییەی کە بۆ یەکەم جار لە سێ پارچەی کوردستاندا شەڕی چەکداری بەرپایە، دەڵێ ئاخۆ کوردان لەم هەلە و لە نێونەتەوەیی بوونی مەسەلەی کورد کەڵک وەردەگرن یان ئەوەی کە هەروەک ساڵی ١٩٢٠ و دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بە هۆی نەبوونی ستراتێژی ڕوون و چەندبەرەکایەتی ناوخۆوە، ئەمجاریش لە کیسیان دەچێ؟ "ئاشکرایە کە نابێ نەبوونی ئێلیت (elite)ێکی کوردیی لێهاتوو و هەروەها دەوری مەزنهێزەکان لەبیربکەین".

لە کوردستانی تورکیا پێی وایە: «...بزووتنەوەی کوردیی تێرۆریزمی کردووە بە چەکێکی سیستیماتیک و ڕێبەرانی حیزبەکانی کوردستانی عێراقیش خەڵکەکەیان لە ساڵەکانی ١٩٨٨ و ١٩٩١دا بەرەو کارەساتی یەک لەدوای یەک بردووە (ئەوەکەی ساڵی ١٩٧٥ی پارتیمان هەڵبەت لەبیر نەچێ)...». لەم بەشەدا کوچێرا تووڕەیی خۆی ناشارێتەوەو دەڵێ ئەم بەشەی کوردستان وا لە دەست خوداوەندانی شەڕ دایە کە هەموو دەسەلاتێکیان هەیە و بەم چەشنە بە لایەوە سەیر نییە ئەگەر ئەندامانی نوێ و نوێنەرانی بۆرژوازی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک لە ڕیزی ڕێبەرانی سیاسی حیزبەکاندا نابینرێن. لەوەش خراپتر، کوچێرا پێی وایە ئەم وەزعە بە شێوەیەکی ڕووخێنەر کاری کردووەتە سەر ئێلیتی کوردستانی ئێران.

سەبارەت بە دەوری هێزەکانی بێگانە، نووسەر لە پێشدا باسێک لە سەر تورکیا دەکا کە چۆن ساڵی ١٩٩١ لەبەر ئەوەی میلۆنەها کوردی ئاوارە نەڕژێنە ناو خاکی تورکیاوە و بەم چەشنە موشکیلی کوردی لەوەی کە هەیە دژوارتر نەبێ ، ئەمریکا و ئەوانی دیکەی ڕازی کرد «ناوچەی هێمنایەتی بۆ کوردەکان تەرخان بکرێ کە عێراق نەتوانێ هێرشیان بکاتە سەر... نووسەر لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هەتا تورکیا مەسەلەی کورد بە مەسەلەی دەرەکی و تێرۆریزم بزانێ و وەک پرسێکی ناوخۆیی تورکیا چاوی لێنەکا، ئەم موشکیلەی هەر لە کۆڵ نابێتەوە (ئەم قسەیەی کوچێرا لەو بابەتەوە جێگای سەرنجە کە ڕۆژنامەی Turkish Daily News لە سەروتارێکیدا لە ٢١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧دا ئەم هەڵوێستەی دابووە بەر لێکدانەوە و ئەویش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو).

ئەوەشی بە لاوە سەیرە کە ئەمریکا (C.I. A) بە پێی نووسراوەیەکی "واشینگتۆن پۆست"١٦ی سیپتامبری ١٩٩٦، بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر دەسەلاتی کەسێک بە ناوی «کۆلۆنێل باب» ئانتینێکی تایبەتی لە سەلاحەدەین دانابوو و هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ هەتا ١٩٩٦ سەد میلیۆن دۆلاری تەرخان کردبوو بۆ کاروباری جاسوسی و هیوایەکی زۆری بە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی هەبووە... کوچێرا پێی وایە دەبوو کارتی کوردییان بەکارهێنابایە نەک هی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراق ئەویش بە فیتی تورکیا و عەرەبستانی سعوودی...!!

نووسەر کە خۆی لایەنگری ئەوەیە کورد دەبێ حەولی دامەزرانی حکوومەتی خۆی بدا لە کوردستانی عێراق و بەیارمەتی کۆمەڵی نێونەتەوەیی، ئەو وتارانەی ڕۆژنامەنووسانی بەناوبانگی ئەمریکا لە واشینگتۆن پۆست و هی دیکەدا نووسراون دەگێڕێتەوە کە باسی پارچەپارچەکردنی عێراق دەکەن و لایان وایە ئەمە هەم بۆ ئەمریکا و غەرب و هەم بۆ وڵاتانی عەرەب قازانجی هەیە. "...سەددام حوسێن لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە، کورد لە باکوور و شیعە لە باشوور کاریان جێبەجێ دەبێ و وڵاتانی عەرەبیش لە دەست ئەم وەزعەی ئێستا کە سەرچاوەی هەموو چەشنە مەترسییەکە ڕزگار دەبن".

هەروەها بۆ پشتیوانی لەم بۆچوونەی لە سەر تەواوەتی ئەرزی عێراق دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: خۆ سەددام دەستی بە سەر هەموو خاکی وڵاتەکەیدا ناڕوا، خۆ بەجێبەجێبوونی بڕیارنامەی ٩٨٦ عێراق دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، خۆ تورکیا پەیتاپەیتا دەچێتە ناو خاکی عێراقەوە، خۆ ئێران ئەوەتا جگە لە جارەکانی پێشوو، هاوینی ١٩٩٦ زۆر قووڵ چووە ناو خاکی عێراقەوە، خۆ سوریا ئەوەتا نزیکەی ٢٥ ساڵە خەریکە لقی حیزبی بەعسەکەی خۆی لە بەغدا دابمەزرێنێ ـ بە واتایەکی تر دەیەوێ عێراق بخاتە سەر سوریا ـ ... دەیجا خۆ سەددامیش لەباتی ئەوەی ببێتە لەمپەرێک لە سەر ڕێگای پەرەگرتنی بیروباوەڕی ڕێبەرانی تاران، کوێتی داگیر کرد و خۆی سەرچاوەی ئاژاوەیە...! کریس کوچێرا لە کۆتایی کتێبەکەیدا ئاواتی خۆی بۆ گەلی کورد ئاوا دەردەبڕێ: «بەو هیوایەی لەو کاتەدا کە بۆ کێشەی فەلەستین خەریکی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکن، نیو سەدەی دیکەش خوێن و فرمێسک و شەڕ پێویست نەکا بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد بگاتە ئەنجامێک».

خوێندنەوەی کتێبەکەی کریس کوچێرا بۆ هەموو ئەوانەی خوازیاری ئەوەن زانیاری باشیان لە سەر ڕووداوەکانی بیست ساڵی ڕابردووی کوردستان دەست بکەوێ پێویست و بەکەڵکە.

ستۆکهۆڵم، پاییزی ١٩٩٧

* وشەی Défi ی فەرانسە واتا challenge ی ئینگلیسی بە گوێرەی شوێن و ئەوەی لە چ بابەتێکدا بەکاردەهێندرێ، دەتوانێ مانای جۆراوجۆری هەبێ لەوانە ڕاوەستان، بەربەرەکانی، بەرهەڵست، خەبات، دژایەتی، ململانی و هیتر. ■

چاپەمەنی گلارا

چاپەمەنی گلارا بە جوانترین شێوە بەرهەمەکانتان بۆ چاپ دەکا

چاپی: کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، کارت و... هەرچەشنە کارێکی دیکەی چاپەمەنی لە خزمەتتان دایە.

ئادرێس:

GLARA
v. Vollenhovenstraat 15 Loods M
3016 BE Rotterdam
NEDERLAND
TEL: 010-436 98 02

دوو هەواڵ سەبارەت بە:

کۆچی دوایی محەمەدی قازی

□ کۆڕی پرسە بۆ گەورە پیاوی کورد

محەمەدی قازی، گەورەترین وەرگێڕی ئێرانی ڕۆژی چوارشەمە /٧٦/ ١٠/٢٤ ڕێکەوتی١٤/١/٩٨ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد.

محەمەدی قازی کوڕی میرزا عەبدولخالقی قازی[ئیمام جومعە] و لە بنەماڵەی قازی یەکانی مهاباد بوو کە لە ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی (١٩١٣ز)، لە شاری مهاباد لە دایک بوو. پاش خوێندنی سەرەتایی لە مهاباد دەچێتە تاران و لای مامی واتە میرزا جەوادی قازی دەمێنێتەوە و درێژە بە خوێندن دەدا. دوای وەرگرتنی دیپلۆمی ئەدەبی (١٣١٥) لە مەدرەسەی مەشهوری دارولفنون، لە زانستگای تاران لە ڕشتەی حقووق دانیشنامەی لیسانس وەردەگرێ(١٣١٨)و پاشان لە وەزارەتی دارایی دادەمەزرێ و لەبەردەوە خەریکی کاروباری وەرگێڕان لە فەرانسەییەوە بۆ سەر زمانی فارسی دەبێ کە سەرجەم نزیکەی (٧٠) جلد کتێبی وەرگێڕاوە.

کاک محەمەد جگە لە وەرگێڕان، لە نووسینیشدا دەستێکی باڵای هەبوو. ڕۆمانی «زارا، یا ئەوینی شوان»، «بیردەوەرییەکانی وەرگێڕێک» و «سەرگوزەشتی وەرگێڕاوەکانی من» نموونەیەکن لە کاری نووسینی ئەو گەورە پیاوە.

دوای ئەوە کە خەبەری مەرگی بلاوبۆوە و هەواڵەکە گەیشتە مهاباد، دەستبەجێ کاک ئەحمەدی قازی و دەستەیەک لە لاوان و گەنجانی بنەماڵەی قازی بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی، خۆیان گەیاندە تاران. ڕۆژی شەمە لە تالاری «وەحدەتی تاران»دا ئایینی ماڵاوایی و پرسەی لە لایەن شاعیران و نووسەران و ئەدیبانی تاران بۆ پێکهات و ڕۆژی یەکشەمە تەرمی پیرۆزی گەیشتەوە مهاباد.

بۆ ئایینی ناشتنی تەرمی ئەم زانا گەورەیەی کورد، لە مهاباد کۆڕ و ستادێکی تایبەت لە فەرماندار، ڕەئیسی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، ڕەئیسی ئیدارەی ئیرشاد، دەنگ و ڕەنگ (ڕادیۆ- تەلەڤیزیۆن)، سێ کەس لە بنەماڵەی قازی و ٤ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەن(لیژنە)ی ئەدەبی و زانستگەی ئازاد و پەیامی نووری مهاباد پێکهات تا بە جوانترین شێوە و ڕێوڕەسمی تایبەتی تەسلیم بە خاک بکرێ.

تەرمی کاک محەمەد، سەعات ١١ی ڕۆژی یەکشەمە گەیشتەوە مهاباد و لە مزگەوتی سوور نوێژی لە سەر کرا و پاشان لە سەر شانی لاوان و گەنجان بەرەو گۆڕستانی بوداق سوڵتان وەرێخرا. عالەمێکی یەکجار زۆر بە پێیان و بە سواری لەگەڵ تەرمەکەی بوون. لە پێشەوەی خەڵکەکەدا، موهەندیس غەریبانی ئوستانداری ئازەربایجان، کاک ئەبوبەکری سپێهرەدین جێنشینی ئوستانداری کوردستان، بارامی وەلەدبەگی مشاوری ئوستانداری کوردستان و دەستەیەکی تر لە کاربەدەستانی ئوستانی ئازەربایجان دەبیندران.

ئەگەرچی هەوا یەکجار سارد بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش خەڵک بە ئەمەگداریییەوە بەرەو گۆڕستان داژوان. سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ ئایینی تایبەتی تەسلیم بە خاککردن کۆتایی هات و حەشیمەت بەرەو مزگەوتی سوور گەڕانەوە و کۆڕی پرسە هەتا درەنگانێک درێژەی هەبوو.

لەم کۆڕەدا، آغای بابایی فەرمانداری مهاباد، سپاسی خەڵکی مهاباد و میوانانی کرد و یاد و بیرەوەریی کاک محەمەدی قازی ڕێزگرت و ئاغای سپێهری مودیری کوللی ئیرشادی ئوستان سەبارەت بە کار و کردەوە و وەرگێڕانەکانی قازی قسەی کرد.

بەڕێوەبەری بەرنامە کاک مەنافی ئیرانپەناه داوای لە ئوستاندار کرد کە گۆڕستانی بوداق سوڵتان ئەو شوێنەی هەژار، هێمن، خاڵەمین، مەلا غەفور و محەمەدی قازی لێ نێژراوە، بکرێتە (مقبره الشعرا) [گۆڵکۆی شاعیران]. ئوستاندار دەسبەجێ ئەم پێشنیارەی پەسند کرد و گوتی لە بودجەی ئەمساڵ ٤ میلیۆن تمەن بۆ ئەمکارە حەواڵە دەکرێ و بودجەی تەواوبوونیشی لە ساڵی داهاتوودا پێشبینی دەکرێ.

کۆڕی پرسە ڕۆژی دووشەمە لە سەعات ٩ هەتا ١٢ و لە ١٤.٣٠هەتا ١٧ بەردەوام بوو و خەڵکێکی یەکجار زۆر لە شارەکانی تاران، ورمێ، سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان و هەروەها گوند و ئاواییەکانی دەوروبەری موکریان تێیدا بەشداربوون. لەم کۆڕەدا، چەند کەس لە زانایان و شاعیرانی مهاباد و شارەکانی تر شێعر و وتاریان خوێندەوە.

ڕادیۆ- تەلەڤیزیۆنی مهاباد، لە ماوەی دوو شەودا، بەرنامەی تایبەتی لە بارەی ژیان و بەسەرهات و کارەکانی ئەدەبی محەمەدی قازی بڵاو کردەوە.

مهاباد ـ ئەحمەدی شەریفی

□ ...هەتا کوردێک بمێنێ- ڕێگای قازی دەمێنێ،

بەیانی ڕۆژی یەکشەمە ١٣٧٦/١٠/٢٨(١٩٩٨/١/١٨)خەڵکێکی زۆری شاری مهاباد لە مزگەوتی سوور کۆبوونەوە تا پێشوازی لە تەرمی ئەم بەرێزە مامۆستا محەمەدی قازی بکەن. هەرچەند لە کەش و هەوای چەند ڕۆژ پێشترەوە وا چاوەڕوان نەدەکرا کە ئەم خەڵکە زۆرە بەشداریی

به خاک سپاردنی بکەن، چونکە ماوەیەکی زۆر دوور لە زێدی خۆی ژیاوە و لەم خەڵکە دوور بووە؛ بەڵام خەڵک لە بیانوویەک دەگەڕێن بۆ کۆبوونەوە و شتی وا...

سەعات نزیکی ١١ ئەو ڕۆژە، تەرم گەیشتەوە شاری مهاباد و پاشان لە سەر دەستی ئەم خەڵکە و لە سەر شانی لاوەکان و بە بەشداربوونی چالاکانەی هەمووان بەرەوگۆڕستانی بوداق سوڵتان وەڕێکەوتین. ڕێپێوانەکە بۆ ناشتنی مامۆستا قازی، لە مزگەوتی سوورەوە دەستی پێکرد و بە چوارچرا و چوارڕێی نازادی و مەیدانی حەیواناندا درێژەی کێشا، دیارە لەم ماوەیە دا جارجارە دەنگ بەرزکردنەوەیەک هەبوو: «هەتا کوردێک بمێنێ... ڕێگای قازی دەمێنێ»، «هێمن میوانت بۆ هات»، «تا کوردەواری هەیە... ناوت شانازی مەیە» و هتد...

ئەم چەند خاڵەی من ئیشارەم کردووە، پێوەندی بە ئەمەوە هەیە کە خۆم دیتوومە و ڕەنگە لە ڕۆژنامەکانی ئەم چەند ڕۆژەدا نەبێت. دیارە ئێمە هەموومان بەشداریی چالاکانەمان هەبوو لەم بۆنەیەدا. من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە لە ڕێگای نووسراوەکانی محەمەدی قازی یەوە کەوتمە دنیای خوێندنەوە و خۆ دەوڵەمەندکردن لە بواری فێرکارییەوە، هەر بۆیە پێم خۆشبوو شتێکی جوانم لە سەر ئەم بەرێزە نووسیبایە بەڵام هێشتا وەخت نەبووە. بەتایبەت من زۆرم سەرنج بۆ هێندێک شت هەیە کە پێویستە لە سەری بنووسرێ لەوانە: ١) ڕابردووی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەم بەرێزە(ئەک بیۆگرافییەکی ڕووتوقووت)؛ ٢)شێوازی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی؛ ٣) هێندێک وەرگێڕانی سەبارەت بە مەسەلەی کوردوکوردستانەوە، وەک: ژانی گەل، کورد وکوردستان... و ٤) ئەم نەخۆشییەی کە چەند ساڵێک بوو پێوەی گرفتار بوو.

٩٨/١/٢٠، مهاباد ـ فاروق

□ ئەم هۆنراوەیەی «محەمەدی قازی» وا لێرەدا دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرەوان، لە کەشکۆڵێک وەرگیراوە کە بە دەستخەتی خۆی بەر لە جێهێشتنی ساباڵاغ لە تەمەنی ١٥-١٦ ساڵان دا نووسراوەتەوە. ئەم کەشکۆڵە جگە لە چەندین هۆنراوەی خۆی بە کوردی و فارسی، شێعری هێندێک لە شاعیرانی دیکەشی تێدایە.

وا دەردەکەوێ ئەو کەشکۆڵە لە سەرداوای شەهید «محەمەد حوسێنی سەیفی قازی» نووسرابێتەوە. هەروەک کاک محەمەد لە «بیرەوەرییەکان»ی خۆیدا باسی دەکا بەر لە چوونی تاران و جێهێشتنی کوردستان ماوەیەک لە «گوێگجەلی» میوانی «حەمە حوسێنخان» بووە. لە سایەی بەرپرسیاری خودالێخوشبوو«فەروخ لەقا خانمی مەلیک قاسمی» هاوسەری سەیفی قازی ئەو کەشکۆڵە لە نێونەچووە وگەیوەتە سەردەمی ئێستا.

لێرەدا هۆنراوەکەی دەستخەتی «قازی» وەکوو خۆی و بۆ باش خوێندرانەوەشی بە ڕێنووسی ئێستا بڵاودەکەینەوە.

حەسەنی قازی

بسم الله الرحمن الرحیم

خوماسی[پێنج خشتەکی]

محەمەدی قازی

وەرن کوردینە تاکەنگێ کە ئێمە غەرقی گێژاوین
لە دەستی میللەتی غەیرە پەرێشانحاڵ و داماوین
لە بازاڕی جەهالەتدا بە بێ پولی هونەر ماوین
وەکوو دارێکی بێ ڕیشە هەموو وشکین و بێ ئاوین
بە پەیکانی بەڵا ئەمڕۆ هەموو مەجروح و پێکاوین

لە بۆمە عەیبە تاکەنگێ بمێنین وا دە زیللەت دا
بە لەفزی کوردی کوردین ئێمە ئەما نەک دە میللەت دا
بەڵێ کوردیش کەسێکە گەر بەبێ میسلە دە غیرەت دا
نە وەک ئێمە هەموو وەختێ کە تێماوین دە قیللەت دا
وەکوو خانم دە خەڵوەت دا، هەمیشە غەرقی سووراوین

خەریکی عەیشی شاران و خەریکی نۆشی بازاڕین
لە لایەکدا موتیعین و لە ژێر ئەحکامی ئەغیارین
لە لایەکدا دەگەڵ یەکتر هەموو خەسمین و وەک مارین
نە دۆستیی و ئیتیحادێکە وەکوو دێوانە وا هارین
خودایا چەند خراپین و لە بۆیە هێندە شێواوین

تەماشای میللەتی ئینگلیس لە سایەی عیلم و مەعریفەت
لە سایەی عیلم ئەمڕۆکە بەرەوژوورە لە گشت دەوڵەت
لە سایەی عیلم بیدارە لە خوابی جەهلەت وغەفلەت
لە سایەی عیلم مەحفوزە لە شەڕی جوملەی میللەت
فەقەت هەر ئێمە بەدبەختین تەباری جەهل سووتاوین

وەرن ئەمڕۆکە خۆ تاکەی ئیدی وەختی هونەرمانە
لە خوابی غەفلەتا ماوین بەسە وەختی حەولدانە
لە کەسبی مەعریفەت سەعیی بکەین وەک مەرد و مەردانە
ئیمامی کوردە بۆیە وا تەعەسسوب کێشی کوردانە
هەزاران حەیف بۆ ئێمە کە بێ شوێنین و بێ ناوین.

❀❀❀

ئۆردوگای ڕۆمادییە

عارف باوەجانی

من لێرەدا دەمەوێ زۆر بە کورتی ـ وەک کورد دەڵێ: مشتێ لە خەرمانێ ـ باسی ئەو ئۆردوگایە بکەم. دیارە نووسراوەکەشم بێ کەموکوڕی نییە بەڵام لە بێدەنگی هەر باشترە.

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ و هەروەها چەند مانگێک پێش دەستپێکردنی شەڕەکە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی سەر سنوورەکانی ئێران لە ناوچەکانی سەلاسی باوەجانی، قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو، کەرند، جوانڕۆ، دالەهۆ، پاوە، مەریوان. سەردەشت، بانە و هتد... بڕێک بە هۆی جەرەیانی سیاسی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان وهێندێکیش بە هۆی بێدەرەتانی لەو نێوەدا، بۆ ماوەیەکی کورت خۆیان تەحویلی ئەرتەشی عێراق دا، کە لە مەرزەکانی سەرەتەک لە بناری کێوی بەمۆ، حاجی لەر، دەربەند بێلوولە، چوارکلاو، سازان، سیدەکان و دیانا گیرسانەوە.

یەکەمین کاروان لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٧/١٥ لە ماڵەکانی ئۆردوگای سەنگەر بەرەو ڕۆمادییە بەڕێکران. جا هەر ئەو تاریخە دەبێتە ڕێکەوتی دامەزرانی ئۆردوگای ڕۆمادییە.

دیارە دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکی زۆر لەو خەڵکەی بۆ ئۆردوگای ڕۆمادییە هێنران، لە شەڕی بەناوبانگی پاوە لە ٢٧-٢٤ی گەلاوێژی ١٣٥٨(١٩٧٩) بەشداربیان کردبوو.

دوای ماوەیەک ئەو خەڵکەیان لە مەرزەکان زۆر ڕانەگرت و بۆ کەمپەکانی مەیدان، دەورە، سەنگەر، عەربەت، عەبابەیلە و چوارقورنە گوێزرانەوە. هەر لە سەرەتای ئاوارەبوونەوە، ئەو خەڵکە بە فێڵ و فریو و بە ناوی کوردایەتی چەکدار کران. پاش ماوەیەک بە سەر ڕووداوەکەدا، خەڵک بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەوە کوردایەتی نییە، بەڵکوو چەک هەڵگرتنە بۆ حکوومەتی عێراق لە پێناوی پارەدا.

ئەو خەڵکەی کە پێیان وابوو بۆ ماوەیەکی کورت ڕادەگیرێن، دوو ساڵی ڕەبەق لەو کەمپە جۆراوجۆرانەدا ژیانێکی سەخت ودژواریان تێپەڕ کرد و تەنانەت زیاتر لە ٢٠٠کەس بوونە قوربانی سیاسەتی کورد بە دەست کورد کوشتنی شەڕی نێوان ئێران وعێراق.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەشی زۆری خەڵکەکەیان بۆ ئۆردوگای ڕۆمادی گواستەوە کە دەکەوێتە ١٢٠ کیلۆمیتری بەغدا. ئەو شوێنە ئاخرین پارێزگای عێراقە کە لە نێوان سنوورەکانی ئۆردەن و سووریا و سعوودی هەڵکەوتووە. ئەو شوێنەی کە دەبوو خەڵکەکەی لێ سەقامگیر بکەن لە دەشتێکی چۆڵ وهۆڵی پڕ لە تەپوتۆزی بێ ئاو هەڵکەوتبوو کە کاتی خۆی وەک دەڵێن لە زەمانی عەرەب نشینەکانی دەوروبەردا جێگای شەڕی ئەسحابە و کافر بووە. نزیکەی ٦٠٠٠ماڵیان لەو شوێنە قاقڕە دامەزراند و هەرماڵەی خێوەتێکی لە ئیختیار نرا. لە ٢ کیلۆمیتری ئەو ئۆردوگایە چۆمێک هەبوو کە ئاوەکەی قوڕاو وتفت وسوێربوو و خەڵک بە ناچاری بۆ شت شۆردن و خواردنەوە کەڵکیان لێ وەردەگرت. دوای ماوەیەک بڕیاردرا کە ٢ تانکێر ئاو بۆ ئەو ٦٠٠٠ماڵە تەرخان بکرێ و ئاوی پێویستیان بە سەردا دابەش بکرێ، بەڵام شۆفێرەکان بە ڕیشوە و بەرتیل بە هەرکەس پێیان خۆشبا دەیانفرۆشت و زۆرجار شەڕ و هەڵلای لێ ساز دەبوو.

دوای چەند مانگ ژیانی ژێر خێوەت، زستان بەسەردا هات و خەڵکێکی زۆر بە هۆی نەبوونی خانوو و شتومەک و نوێن و پێخەفی پێویست تووشی جۆرەها نەخۆشی بوون و بە هۆی نەبوونی ئیجازە بۆ چوونی شار و هەروەها بێدەرەتانی ونەبوونی داو ودەرمان گیانیان لە دەست دا. تا سەرەنجام لە ڕێگەی چەند مامۆستای ئایینییەوە هاواری خەڵک گەیشتە ئۆرگانی باڵای حکوومەت و دوای ٩ مانگ دامەزرانی ئۆردوگا، بۆ یەکەم جار کارگێڕانی حکوومەت دەستی یارمەتییان درێژ کرد و هێندێکیان پارە بەم شێوەیەی خوارەوە بە سەر خێزانەکاندا دابەش کرد:

١ کەسی٨٠ دیناری عێراقی، ٢ کەسی١٢٠، ٣ کەسی ١٤٠، ٤ کەسی١٦٠، ٥ کەسی١٨٠، ٦ کەسی٢٤٠، ئەگەر خێزانێک لە ٦ کەسیش زیاتر با، هەر پارەی ٦کەسییان دەدایە. بەهەرحاڵ بە دابەشکردنی ئەو پارەیە هەرچۆنێک بێت خەڵکەکە، کەمێک حەسایەوە. بە دوای ئەوەدا، هەر دوو مانگ جارێک بە شێوەی سەرەوە ئەو پارەیە لەگەڵ کەمێک خواردەمەنی دەهێنرا کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئۆردوگاوە کە بە موختار نێودەبرا، بە سەر خەڵکەکەدا دابەش دەکرا.

بۆ ئەوەی خەڵک نەتوانن لەو شوێنە دەرباز بن، حکوومەت دەورانەوری ئۆردوگاکەی بە تێڵدڕوو بەربەست کردبوو کە زۆر جار لەلایەن خەڵکەوە خراپ دەکران. هەروەک گوترا هاتوچوو بۆ ناو شار قەدەغە بوو، بەڵام دەتوانرا بە پێناسەیەک کە بە «عدم التعرض»ناودەبرا، ماوەی سێ سەعات چووبایە ناو شار کە ئەویش خۆی داستانی زۆر سەخت و تاڵی هەیە. بۆ وەرگرتنی پێناسە هەموو جارێک خەڵکێکی زۆر دەکەوتنە بەر پەلاماری قامچی وکێبڵ و پەیاغی پۆلیسەکانی ئۆردوگا، دیارە هەر جارەش پێناسەیەکی زۆر کەمیان دەدا و بەڵام بە خەڵکیان ڕادەبوارد و تێڕوپڕیان لە خەڵکی هەڵدەدا. زۆرکەس کە تووشی نەخۆشی گران هاتبوون و بەڵام نەیاندەویست بۆ وەرگرتنی وەرەقەیەک و چوونی شار بێ ئیحترامی وسووکایەتییان پێبکرێ، گیانی خۆیان لە دەست دا.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر ئەو وەزعە نالەبارەدا، خەڵکەکە کەوتنە فکری دوو مەسەلەی زۆر گرینگ، ١) لەبەر ئەوەی زۆر کەس لە زستانی ڕابردوودا تووشی سەختی و سەرما وسۆڵ ببوون، هاتنە سەر ئەو ڕایە کە هەرچۆنێک بێت دەبێ بە بڕینەوەی خشتی قوڕین، خەریکی خانوو دروستکردن بن. بێ ئەوەی حکوومەت هیچ چەشنە یارمەتییەک بدات، ئەوکارەیان کرد و هەر خێزانەی توانی کەچە چاوەیەک بۆ خۆی پێکەوە بنێ. ٢) دروستکردنی بازارێک بۆ ٣٠ تا ٣٥ هەزار کەس ئەرکێکی زۆر پێویست بوو کە دوای چەرمەسەرییەکی زۆر ئاخرسەر چەندین دووکانی کەپری کە بە «بەیعەکە» ناودەبران، دروستکران. ئەو دووکانانە کە بریتی بوون لە دووکانی قەسابی، میوەفرۆشی، کوتاڵ فرۆشی و خەیاتی(بەرگدروویی) و... زۆربەی خەڵکی لە موشکیلەی «عدم التعرض» ڕزگار کرد.

هەڵبەت شتێکی کە بە خەڵکەکە چارەی نەدەکرا، مەسەلەی دوکتور(حەکیم)بوو. بۆ ئەو حەشیمەتە زۆرە تەنیا خانوویەکی بچووک هەبوو کە دوو بەرپرسی تێدابوو و بە حیساب ئەوانە دوکتور بوون، بەڵام چ دوکتورێک کە قەت لە چەند سەعات زیاتر لە وێ نەدەمانەوە. کە لە خەڵکیشیان دەپرسی، مەسەلەی فەحس و شتی و الە گۆڕێدا نەبوو، بەڵکوو لە دەلاقەی ژوورەوەڕا چاویان لە نەخۆش دەکرد و لە گۆترە حەبێک یان شەربەتێکیان بۆ نەخۆشەکە دەهاویشتە دەرەوە و هەموو جارێکیش خەڵکێکی زۆریان بێ جواب دەهێشتەوە و دەیانگوت وەختمان نەماوە ولێیان دەدا ودەڕۆیشتن.

نزیکەی پتر لە ساڵێک بە سەر دامەزرانی ئۆردوگا تێپەڕیبوو کە بۆ یەکەمجار ڕێکخراوی خاچی سوور خۆی گەیاندە ئۆردوگا کە دیاربوو لەمێژبوو بە دوای ڕێ وشوێنی ئەو ئۆردوگایەوە بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە لایەن ١٠ نەفەری ئەفرادی حکوومەتی عێراقییەوە ئیسکۆرت دەکران، ئیجازەیەکی ئەوتۆ نەدەدرا کە خەڵک بە ڕاشکاوی قسەی دڵی خۆیانیان پێ بڵێن. ئەوانە ٢ مانگ یان ٣ مانگ جارێک سەردانی ئۆردوگایان دەکرد و تەنیا زانیارییان کۆدەکردەوە.

ساڵ بە ساڵ حەشیمەتی ئۆردوگا زیادی دەکرد. ئەو خێزانانەی کە بەهۆی تایبەتییەوە لە کوردستانی عێراق مابوونەوە، یان ئەو دەستە فارس و ئێرانییانەی کە بە دەلیلی جۆراوجۆر ڕاگیرکرابوون، پەیتا پەیتا دەهێرانە ئۆردوگا. بێ لەوەش بە هۆی زیادبوونی زاوزێ، جەمعییەتی کەمپەکە گەیشتە ٤٠ هەزارکەسێک. سەرەڕای تەواوی ئەو گیروگرفتانەی کە هەبوون، گرینگترین مەسەلەیەکی کە ئەوجار هەستی پێکرا، مەسەلەی خوێندنی زارۆک و منداڵان بوو. ئەو موشکیلەیەش لە لایەن چەند کەسێکی تازەهاتوو کە پێشینەی ئەوکارەیان هەبوو، چارەسەر کرا و بە دروستکردنی خانوویەک، مەدرەسەی منداڵان کرایەوە. ئەو مامۆستایانە لە ڕووی ئەو کتێبانەی کە لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو دەرسی فارسی و کوردییان دەگوتەوە. دوای ماوەیەک لە لایەن خاچی سوورەوە مەدرەسەی ئۆردوگا بە چەند کتێبی جۆراوجۆری وەک قامووسی ئینگلیزی ـ فارسی بۆ مامۆستایان و هەروەها قەڵەم و کاغەز ودەفتەر بۆ قوتابییەکان یارمەتی درا. مەبەست لە هێنانی قامووس ئەوە بوو کە بە فێربوونی ئینگلیزی بتوانرێ هێندێک لە گیر وگرفتەکان باس بکرێن. هەر بۆیە دواتر دەرسی ئینگلیزیش دەگوتراوە.

لە ساڵی ١٩٨٣لە لایەن حکوومەتەوە ئاو و بەرق کێشرا کە ئەوە خۆی بە ڕادەیەکی زۆر خەڵکی حەساندەوە. هەروەها لە ٨٤ یشەوە مەدرەسەیەکی حکوومەتی بە ناوی «المجاهدین»کرایەوە. تا ساڵی ١٩٩٠کە حکوومەتی عێراق دەستی بە سەر وڵاتی کوێت دا گرت، ئەو خەڵکە سەرەڕای گەلێک کەموکوڕی وسەختی و دژواری هەرچۆنێک بوو ژیانی خۆیان ڕادەبوارد. بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕ و بەتایبەت ڕاپەڕینی خەڵک لە باکوور و باشووری عێراقەوە، دەلاقەی هیوایەک بۆ ئۆردوگای ڕۆمادییە کرایەوە و ئەویش هاتنی UN بوو بۆ ئەو شوێنە.

دیارە هۆی هاتنەکەشی بە هەڵکەوت بوو. کەمپێکی دیکەی ئێرانی کە لە شاری حلە دەبێ، لە لایەن شیعەکانی ناوچەی حلەوە هێرشیان دەکرێتەسەر و ماڵەکەیان تاڵان دەکرێ. لقێکی ئەو ڕێکخراوەیە کە هەر سەردانی ئەو کەمپەی دەکرد، بە ناچار بەرەو ڕۆمادییە باردەکا و ئیتر لەوساوە ئەو کەمپە دەبێتە عایدی ئەوان و ڕێکخراوی خاچی سوور چالاکییەکانی کەم دەبێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، گێڕانەوەی تەواوی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەو ئۆردوگایە لە توانای ئەو نووسراوەیە بەدەرە، بەڵام بۆ ئەوەی بزاندرێ کە ئەو خەڵکە چ ژیانێکی سەخت و پڕ لە کوێرەوەرییان تێپەڕکردووە، تەنیا ئەوەندە دەگوترێ کە ئەو جەماوەرەی کە ناچار بوون بۆ نان پەیداکردن وتێرکردنی زگی برسی خاووخێزانیان ڕووبکەنە گوند وشارە عەرەبنشینەکانی دەوروبەر، هەردەم ڕووبەڕووی مەترسیی مەرگ دەبوونەوە. جگە لەوەی کە خەڵکێکی زۆر بە ئانقەست وەبەر ماشێنان دراون، ئەمن بۆخۆم ٣٥ کەسم بە نێو دەناسی کە لە جەرگەی کار وکاسبی ونان پەیداکردندا کوژراون و بێسەروشوێن بوون. هەروەها لە کاتی نووسینی ئەو وتارەدا، بە داخەوە هەواڵێکی دڵتەزێنی دیکەش گەیشت کەوا لاوێکی ١٤ ساڵە بە ناوی «موختار بابانی» کە بۆ فرۆشتنی وردەواڵە، ڕێگای گوندەکانی عەرەب نشین دەگرێتەبەر، ماوەی دوو حەوتوویەک بزردەبێ و دوای ماوەیەک لاشەکەی بە کوتکراوی لە دەشتێکی چۆڵ دەبینرێتەوە.

بەر لەوەی UN چالاکی خۆی لەو ئۆردوگایەدا دەست پێبکا، خەڵکێکی زۆر بە ڕێگای قاچاغدا بەرەو ئێران دەرباز دەبوون. بەڵام کاتێ ئەومەسەلەیە بۆ کاربەدەستانی UN ڕوون بۆوە، هەوڵیاندا لە سەر خەرجی ڕێکخراوەکەیان ئەو ئەرکەی بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرن. وابوو دوای نێونووسین نزیکەی ٥٠٠ ماڵێکیان گەڕاندەوە، بەڵام دواتر ئەو پرۆژەیە بە هۆی ڕێکەوتنی نێوان ئێران وعێراق ڕاگیرا.

بە کورتی لە ساڵی ٩٤دوە تائێستا ماڵێکی زۆر لە لایەن ڕێکخراوی UNدوە بەرەو وڵاتانی سکانیدیناڤیا ڕاگوێزراون و نیشەجێ کراون. دیارە ئێستاش خەڵکێکی زۆر (نزیکەی ١٥,٥٠٠کەس) هەر وا لەو ئۆردوگایەدا ماون کە بەشێک لەوان چاوەڕێی یارمەتی UN دەکەن و بەشێکیش خۆیان بە ڕێگای جۆروجۆردا دەیانەوێ بگەڕێنەوە ئێران.

شایانی گوتنە کە لە ئۆردوگای ڕۆمادییەدا، سەرەڕای ژیانی پڕ لە چەرمەسەری، گەلێک ئینسانی خاوەن بەهرە و قەڵەم لە بواری ئەدەبیدا هەڵکەوتووە و هەروەها دوو گۆڤاری ئەدەبی لەو ئۆردوگایە بڵاوکراوەتەوە: ١) گۆڤاری *بانگەواز* کە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو و پاشان بە چەند هۆی تایبەتی داخرا؛ ٢) گۆڤاری چرۆ کە تائێستاش هەر بەردەوامە و تا من خۆم لەوێ بووم ٦ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوپەڕی ڕێز و پێزانین ئاراستەی کۆمیتەی کوردی کارلستاد لە سویّد بکرێ کە لەو ماوەیەدا زۆری چالاکی نواندووە و باس و خواسی ئەو ئۆردوگایەی بە زۆر شوێنی جۆراوجۆر ڕاگەیاندووە.

گوزارشتی یەکەم کۆنفەرانسی کار لەسەر وێژەکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنانی کورد و چالاکییان: شەبەکەیەکی جیهانی

به میوانداریی زانکۆی ئازادی بێرلین، ١١و١٢ی ژووییەی ١٩٩٧

کورتەی کاوباری کۆنفەرانس

ڕۆژی یەکەمی کۆنفەرانس و وتاری کرانەوە لە لایەن:

ـ مارتین ڤان بڕاونێسن(Martin van Bruinessen)

ـ هایدی وێدل(Heidi Wedel)

دانیشتنی یەکەم:

ـ شەهرزاد موجاب(Shahrzad Mojab): «لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ژنان: ئاسۆی تیۆرییانە و مێتۆدۆلۆژییانە».

ـ پرۆفیسۆر ئووتێ لوویگ(Ute Luig) مامۆستای ئەنستیتووی ئێتنۆلۆژیی زانکۆی ئازادی بێرلین، وێژەر(discussant)ی ئەم دانیشتنە بوو. ئەو مامۆستایە تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە مۆدێلی تیۆریی زاڵ لە بواری مردمناسیی فێمینیستیدا هێنایەگۆڕێ و هێمای بەو ڕێبازانە کرد کە هێندێک لەو تیۆری و مێتۆدۆلۆژییانە دەتوانن لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ژنانی کورد تەتبیق بکرێن.

دانیشتنی دووەم: «ژنانی کورد لە ئەدەبی سەفەریی ئورووپایی و فۆلکلۆری کوردیدا»

ـ ئەزەند بەگیخانی(Nazand Bagikhani): «ژنانی کورد لە حەرەمدا: ئیماژی حەرەمی کوردیی لە ئەدەبی ئورووپاییدا».

ـ میرێلا گالێتی(Mirella Galletti): «دەوری ژنانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەپێی ئەدەبی سەفەریی ئورووپایی».

ـ کریستین ئالیسۆن(Christine Allisson): «فۆلکلۆر وفانتازی: سیمای ژن لە ئەریتی زارەکیی کوردیدا».

ـ فازل ئەحمەد(Fadil Ahmad): «ژنان لە ئەریتی زارەکی و ئەدەبیی کوردیدا».

ـ ئەم دانیشتنەبە وتاری سابینە بوومرس(Sabine Boomers) کۆتایی هات.

دانیشتنی سێیەم: «ژنانی کورد و بەشداریی سیاسی»

ـ هایدی وێدل(Heidi Wedel): «ژنانی موهاجیری کورد لە ئەستەمبوڵ: جڤات و سەرچاوەکانی بەشداریی سیاسی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لێوارەیی».

ـ زێنەب باران(Zeynep Baran) و فەخرییە ساتیک(Fahriye Satik): «ئەزموونی ژنانی لە جێی خۆهەڵکەندراوی کورد لە ئەستەمبوڵ».

ـ نەجلە ئاچک(Necla Açik) و ئایتەن موتلو(Ayten Mutlu): لێکدانەوەیەک لەمەڕ بیروبۆچوونی پارتی کرێکارانی کوردستان سەبارەت بە ژنان».

دوا دانیشتن: «ژنان وئیسلام»

ـ ئاننابێل بوێتر(Annabelle Bötteher): «سیمای ژنانی کورد لە سۆفیزمی هاوچەرخدا».

ڕۆژی دووەم(پانێل): «ژنان، شەڕ و دروستکردنەوە لە کوردستانی عێراق»

ـ ئاندریا لوشێر- تابور(Andréa Luschher-Tabur): «خۆڕاگری و بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراق».

ـ کارین ملۆدخ(Karin Mlodoch): «کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ژنانی کورد لە سلێمانی، کوردستانی عێراق».

ـ ئینگا ڕۆگ(Inga Rogg): «لە نێوان ماڵ و زیندانداا: لایەنی ژیانی ڕۆژانەی ژنانی کورد لە عێراق».

ـ هایکێ شمیت(Heike Schmidt) باسێک لە سەر ئەزموونی خۆی لە ئەفریقا و وێکچوونەکانی ئەزمونی ژنان لە شەڕ و زەبروزەنگی جینسی لە ئەفریقا و کوردستان.

ئاخر دانیشتن: «لەمەڕ ئەزموونی ژنانی چالاک»

ـ فاتمە کایهان(Fatma Kayhan)، بلاوکەرەوە و سەرنووسەری **ڕۆزا** باسی خەباتی خۆی کرد سەبارەت بە وەدەرخستنی یەک لە تەنیا دوو گۆڤاری فێمینیستی لەمەڕ ژنانی کورد کە بڕیارە لە ئەستەمبوڵ بلاوبکرێتەوە.

ـ خەدیجە(خەجێ) یاشار(Hatice Yaşar) باسی ڕابردوو و ئێستای خەباتی خۆی کرد وەکوو چالاکێکی سیاسی و فێمینیستێک.

ـ ئیرما لەیزل (Irma leisle)، بە نوێنەرایەتی **هین بوون**، لە خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە دوا لە ساڵی ١٩٨١وە بۆ خزمەتکردن بە ژنانی موهاجیری کورد لە بێرلین.

ـ لالە یالچن هێکمان(Lale Yalçin Heckman) دەرەنجامی سەرەتایی لێکۆڵینەوەی پاولین ڤان گێلدر(pauline van GeldER)ی ناساند بە نێوی «چالاک بوونی سیاسی ژنانی کورد لە تورکیا:خۆڕاگری و هەوێتی، ئیماژ و ڕاستەقانی».

دوای پێشکێشکردنی باسەکان، پاشماوەی ئەم ڕۆژە بۆ پلاندانی پێشەڕۆژ و هەروەها هەڵسەنگاندنی یەکەم کۆنفەرانس تەرخان کرا. ئەو دانیشتنە نێوی «سازکردنی شەبەکە» بوو و تەنیا ئەو کەسانەی وا بڕیاریان دابوو چالاکانە لەم شەبەکەیەدا بەشداری بکەن بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا مابوونەوە.

بڕیارەسەرەکییەکان

ئەگەرچی کاتمان کەم بوو، بەڵام ئێمە توانیمان هێندێک بڕیاری سەرەکی بدەین لەوانە:

● ئەو خاڵانەی وا لە «گەڵاڵەیەک بۆ باس لەسەرکردن»دا هێمایان پێکراوبوو (کە لە لایەن شەهرزادەوە ئامادەکراوبوو و لە کۆنفەرانس دا بڵاو کرایەوە) بە گشتی پەسند کران. لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا و وتووێژەکاندا ئەم خاڵانەی خوارەوە جەخت کرانەوە: نیاز بە هاوکاریی نزیکتر لە نێوان توێژەرەوە و ژنانی چالاکدا؛ گرینگی بەردەوامبوونی کۆنفەرانسی ساڵانە؛ تاڵووکەی پەیداکردنی سەرچاوەی ئابووری و پێداویستیی بڵاوکردنەوە و تەبلیغات.

● سەبارەت بە هەڵسووڕاندنی شەبەکەکە یەکێتی و تەبایی بۆچوون لە گۆڕێدا بوو، جابۆیە، بڕیاردرا کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری بۆ ماوەی دوو ساڵ پێکبهێندرێ و بە دەنگی زۆربە هەڵبژێردرێ. ئەندامانی هەڵبژێراوی یەکەم کۆمیتەی بەڕێوەبەریی بریتین لە نەجلە ئاچک، زەینەب باران، شەهرزاد موجاب و ئینگا ڕۆگ.

● بەشداران هەروەها لە سەر ئەوە ڕێک کەوتن کە لە سەر ئەو دوو پرۆژەیەی وا ئێستا بە دەستەوەن بەردەوام بن، بیبلۆگرافی و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەڵبژاردەیەک لەو وتارانەی لە کۆنفەرانسدا پێشکێش کران. شەهرزاد لەتەک ئەوکەسانەی وا یارمەتی بە وەدیهاتنی ئەو پرۆژانە دەکەن، لە پێوەندی دا دەبێ.

● وتوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا سەبارەت بە دامەزرانی یەکەم نێوەندی بەڵگە و دوکۆمێنتی ژنانی کورد. لەم نێوەندەدا کتێب، مەقاڵە، گۆڤاری ژنان، مادە وکەرەسەی ئودۆڤیزوێل (گوێ ـ چاوی)، ئارشیڤی مێژووی زارەکی، هتد... کۆدەکرێتەوە.

پلانی پێشەڕۆژ

دوای ساڵێک کاری سەخت، ئێستا ئێمە شەبەیەکی تاقانەمان هەیە کە توانایی ئەوەی هەیە یارمەتی بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کورد بدا و ژێندری بهێنێتە نێوی. ئەو شەبەکەیە هەروەها هێزێکی لێ زیادبووی بە خێر وبێریشە بۆ تێکۆشانێکی جیهانی لەمەڕ تیۆری و کردەوەی فێمینیستی جۆربەجۆر. بەپیرەوەهاتن و وڵامی ئەرێی بەرچاوی ئەوانەی لە کۆنفەرانس دا بەشداری بوون لە ئاست شەبەکەکەمان، توانایی گروپەکەمان جەخت دەکاتەوە هەم بۆ یارمەتیدان بە لێکۆڵینەوە لە سەر کوردان وهەم خەباتی ژنانی کورد لە پێناو عەدالەت، یەکسانی و ئازادی دا.

هەروەک لە سەرەوە باس کرا، ئێمە هەر ئێستاکە سەبارەت بە یەکدوو پرۆژە بڕیارمان داوە لەوانە بڵاوکردنەوەی ئەو نامە و وتارانەی لە کۆنفەرانسدا پێشکێش کران و گردەوەکۆیی بیبلۆگرافییەک لەمەڕژنانی کورد. ئێمە درێژە بە تێکۆشانەکانی خۆمان دەدەین بۆ ناساندنی شەبەکەکە لە نێو کۆڕوکۆمەڵی زانستی و بڵاوکراوەی ژناندا، ڕوو لە گرووپی ژنان، ڕێکخراوی حکوومەتی و ناحکوومەتی دەنێین بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی ئابووری، نوێنەرایەتیکردنی شەبەکەکە لە کۆنفەرانسەکانی جیهانی و ناوچەییدا و سازکردنی بەشێکی تایبەتی لە ئینترنێت(website)دا بۆ ئەوەی کە دەست ڕاگەیشتن بە شەبەکەکەمان ئەوەندەی تریش هاسان بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ بڵێین کە پەیداکردنی سەرچاوەی ئابووری بۆ هەموو چالاکییەکانمان ئەرکی دەرەجە یەکمانە. قسەی تێدا نییە، کە بەستنی کۆنفەرانسی ساڵانە، بە هەبوونی سەرچاوەی ئابووری بەستراوەتەوە. ئەگەر نێوە لەمبارەوە چ ڕا و پێشنیارێکتان هەیە، یان دەرەتانێک شک دەبەن، تکایە ڕامەمێنن و پێوەندیمان پێوە بکەن.

Shahrzad Mojab
Assistant Professor OISE/UT
252 Bloor Street West
Toronto, Ontario M5S 1V6 CANADA
Fax: (416) 926-4725
E-mail: smojab@oise.utoronto.ca

پاشماوەی لاپەڕەی ٥٣ (چەند سەرنجێک لە ئەنفال)

ئەو قۆناغەی تەواوبوو و گوێزرایەوە بۆ بەغدا و. دواتریش کرا بە وەزیری بەرگریی عێراق. حسن علی العامری لە جێگەی ئەو کرا بە ئەمینداری گشتیی مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس لە کەرکووک.

یەکەم چالاکی حسن العامری تەختکردنی شاری قەڵادزێ و نۆردوگاکانی ناوچەی پشدەر و شارۆچکەی سەنگەسەر بوو، کە بەمە زیاتر لە هەزار کەس بێ ماڵ و حاڵ بوون. دانیشتووانی ئەو ناوچانە برانە نۆردوگای سلێمانی و هەولێر. ماڵ و حاڵی هەزاران جاش لە ناوچەی پشدەر بە شوڤڵ و بوڵدوزەری عێراقی تێکدران. دیارە زۆربەی ئەو جاشانە پێشتر بەشداریان لە تەختکردنی سەدان گوندی کوردستان کردبوو.

ڕژێمی عێراق لە جاران ڕوونتر پەردەی لە ڕووی سیاسەتی شۆڤینیستییانەی لە بەرانبەر گەلی کورددا لادا. بۆ ڕژێم کورد، هەر کورد بوو؛ چ جاش بێ و چ باش!

سیاسەتی عەرەبیکردن(تعریب)ی کەرکووک و دبس و مەخمور وگەرمیان لە جاران زیاتر پێڕەو دەکرا. لە ناقاری گونده کوردییە تەختکراوەکانی ناوچەی کفری و توز و کەرکووک و دەشتی قەراج و دبس هەزاران ماڵە مەڕداری عەرەب نیشتەجێ کران. بەردەوامیش ماڵە عەرەبی زیاتر دەهێنرانە ئەو ناوچانە بۆ مەڕداریی و کشتوکاڵ.

ڕژێم لەلایەک، یەک لەدوای یەک لێبووردنی گشتیی دەردەکرد بۆ ئەوەی ژمارەی زیاتر بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و، لەلایەکی ترەوە سیاسەتی بگرو بکوژ و توند وتیژیی پێڕەو دەکرد.

ئائومێدی و بێ هیوایی باڵی بە سەر کوردستانی عێراقدا کێشابوو. دنیای دەرەوەش گوێی خۆیان لە ئاستی ئەو نەهامەتییەی خەڵک کەڕ کردبوو. هەر دەوڵەت و ڕژێمەی بە شێوەیەک هەوڵیان دەدا لە عێراق نزیک ببنەوە و پێوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ دابمەزرێنن.

کورد دەڵێ: «ئەگەر خوا غەزەب لە گامێش بگرێ باڵی لێ دەڕوێنێ»... دوای شەڕی عێراق ـ ئێران، ڕژێم خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی و ئارەزووی شەڕ و فراوانخوازیی تینی بۆ هێنا. ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٢ دا سوپای عێراق پەلاماری کوێتی دا و داگیری کرد. ئەوە، شەڕێک بوو، خێری کوردی تێدا بوو؛ چونکە کێشەی کوێت و شەڕی خەلیج(کەنداو) و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی عێراق تا ئێستاش مۆڵەتی نەداوە هەموو نەخشە و سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی بەرانبەر بە گەلی کورد تەواو بکا.

١٩٩٨/٢/١٥

لە ژمارەی داهاتوودا:

- گفتوگۆی میلان کوندێرا سەبارەت بە: کتێبی پێکەنین و فەرامۆشی، ئامادەکردنی: فیلیپ ڕۆس، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: هەندرێن
- ژنانی ئومێدبەخش، نووسینی: لوسینا جافەرۆڤا، وەرگێڕان لە فەرانسەییەوە: هاوڕێ ئەحمەد
- ژن لە پەراوێزی مێژوودا: مەهاباد قەرەداغی

خارەمان

بە دیالێکتی گۆرانی: سیامەک

هەرسال وەختێ ئاگر نەورۆز تێ. تەمام جەمایەت ئاوایەگە وە هەر شار و شارستانێ ک بن؛ جەم وەبن تا هەر کەس ئاگر نەورۆز وە بان خانک بکەیێدەوە. وەی ناوهەینیچە بازی و سەرگەرمیەیل خوەشێ کریبەی، یەکی وەی بازیەیلە خارەمانە.

خارەمان قادە و قانوون خوەی دێرێ. کەسێ خارەمان کەر تەردەسێ بوو. وەختێ خا چەشێ فەورەن وەلێی ئاگا بوو ک خاگە چەنێ سفتە! ئایەمەیل ک دی فرە واردن هەتا تەواشای خا بکەن چوونیەتی فەروەرن دەرک کەن.

منیچ ئی وەختە ک تواستم بازی خارەمان بکەم، وەقە دالگم:

ـ دا! تو خوەد ویشی ڕوولە کەلاس پەنج سەختە وە ئمتحان نەهاییە، م(من) خوو جارێ کەلاس چوارم ئیمسال، یە خای مامرەکولی بیەیێدە پیم بچمە خارەمان. مالمەگەمان وەت: هە فەقەت سوو بان، دی تا سێ هەفتەتر مەدرەسە تاتیلە.

ـ ڕوولە ئەوانە خارەمانکەرن تو سەرد ناو، ئەوانە چەشن فەورەن زانن. م(من) زانم تو خاگەد هەرازایێ باخید

ـ نە دا، تو گیان ماموت، تو گیان مامەد، هە تەنیا یە خا!

ـ نە ڕوولە تو سوو مەشقەگاندان ویشن، پارەکە وەفکرد چی. هەرچی ڕووژ مەشق نووسای ئاخریچ بڕ پێیانا نەکردی، تازە پارەکە کەلاس سێ بیید، ١٤٠ مەرتەبە دانە مل دانا.

ـ نە دا، ئیمسال مالمان فەرە پیاگ خاسێگە، تازە خوەی وەت: من زز(زید) ئەوانەمە ک جەرێمەی منال کەن.

ـ خاس، تو سوو بچوە مەدرەسە بزاین ئاخای قەشلاخی مالمدان چە وە پێدان ویشێ.

وە خوەشیا تواستم جیق بکەم. سووبێ چیمە مەدرەسە...

ئاخای قەشلاخی تەنیا ٤٠ مەرتەبە مەشق دا ملمانا. تا مال بدەو بدەو هەلا کردم. دالگم وە خوار بی، کەیێدان پوولەگان کردیا، هەی هەلا چیمە ناو گەلەخانەگەوە وەتم دا، دیدە مالمەگەمان پیاگ خاسێگە، تەنیا ٤٠ مەرتەبە مەشق دا ملمانا!

ـ هە!! چەوم ڕووشن! چما وە داو! ئیسە تێ کەیێدان مانگاگانیچ وە گەردما کەی...

تەمام مەردێک ک چوونە ئەڕا بەندەر وە ساوە وە ئاواز وە ئامەدئاباد گشتی هاتنەو، وەختێ خوەر بان داخ بیا ئەو وەرە بیا قولقولە.

چیم ئەڕا ئەو وەرە، یە دەوردام، دیم خارەمان دەسکریاسەپێ. زوو هاتمەو لالکیامە دالگمەو، تا ئاخری یە خای مامرەکولی دا پیم. منیچ هەی هەلا چیمە ئەووەرە، خاگە سفت گردوومە ناو دەس، دیم بێرووز ک یەکی لەو خارەمانکەرەیل کوونەکارە بی. هاتە وەو و وەت: ها خا دێری. ئەوەل تواستم بووشم نا، وەلی وەیەدەف وەتم ئا، وەلی من نە چەش بازی کەم. ژێر سێولی خەنی و وەت باشەد کەیین.

ـ ئی جفتە وە ئەو سەرە چوونی؟

ـ نا، ئی جفتە وە ئەو سەرە!

ـ من وە جفتەگەی تو خەفتم.

وە لای خوەم فکر کردم بێرووز چشێ وە خاگەی من زانێ، خاگەی من فەرە سفت بو خوەم نازانم.

ـ نا برا وە جفتەگەی خوەم خەفم.

ـ یە کار تر من وە سەرەگەی تو خەفم ئەڕا ئی جفتەی خوەمە.

دوارە یە قەیرتر فکرکردم زانستم بێرووز فێلی ها ژێر کلاوی. وەتم نا برا من وەگەرد تو بازی نیێکەم.

ـ هەرچی تو ویشی من حازرم وەلی بچەش.

ـ باشەد.

خاگەی چەشی فەرە خوەش زڕەی هات یە جووری، جوور شیشە زڕیگەی هات. خاگەی خوەمیچ جوور کوچک ڕەق بی، نەزانستم چە بایێدبکەم. هەر زاورم چیا، هە وەتیام من خاگەی خوەم گرم. بێرووز وەت:

ـ جفت وە جفت

ـ بخەت تا بیەمە لێی

ـ منیچ وە خاگەی خوەم خەفم

تا خاگەم ئەڕای گردم، چەقە وە بانی ڕاسوە کرد، سەرەگەی شکیا، تاگەیچی ئەڕای گردم، تاگەیچی شکان. دی نەوسام هاتمە ئەڕا مال، هاتمە لای دالگم ببمە گیرەوە.

ـ وە گەرد بێرووز خارەمان کردی؟

ـ نا دا، گوولم دا، خاگەی فەرە خاس بی، دا یە خاتر دەیە پیم، ئی دەفە قەول دەم وەگەرد بێرووز خارەمان نەکەم. چما دالگم بەزەیی هاتەپیما وەت:

ـ وە سێ تەشاویەگەیێ سەی براگە ئیمرو ئاخرین خاس ک بەیێدەی، بباخیدیچەی ئەو قە کوشمەد تا بمری.

دوارە چیمە ئەڕا ئەو وەرە، دی زانستم مامرەکولی خاگەی ئەڕا خارەمان وە دەرد ناخوەی. ئی کەشە هەرچی بێرووز وەت خا دێری وەتم نەیرم، ئەریچ داشتووم وەگەرد تو خارەمان نیێکەم.

ـ تو خوو خوەد ڕازی بید.

ـ یانی تو ئیسە حازری ک من خاگەی تو بگرم؟!

ـ ئەڕا چە نا، وە بازی، ئایەم یا بەیێد یا باخێد.

ـ ئەر ڕاست ویشی خاگەد بیەپێم من وەو سەر تووە ئەڕای ئی جفتەی خوەمە خەفم.

یەکەم فکر کرد، وەت نە برا، یە خا تر هاوردە دەیشت کەمێ گەوراتر وە ئەوەلیەگە بی، وەگەرد ئیە چوونی؟

من دی بن کول وە فکرم چوو قەول دائوومە دالگم ک وەگەرد بێرووز بازی نەکەم. وەتم بیەرەی تا بچەشمەی. ئەوەل نەیا دەی، وەلی چون زانست من وە چەشێن سەر دەر نیێکەم، دادەی تا بچەشمەی.

وەلی ئی کەشە چەش ئی خایە یە جوورتر بی، چما کوچک دیایە دگانوە، وەتم ئیە دی فەرە سفتە.

ـ من وەی سەر خای تووە خەفم.

ـ خوەمیچ خەفم، تو چەنی دەسد گرییە خوار؟
ـ من ئادی گرمەی...
ـ تواشا من دەس گرمە ناو قەی ئەراد...
ئەڕام گردەی دڵ وە ناو دڵ نەمەن، تواستم بیەمە لێ، دوارە بە تاڵموە بی، وەتم دەمەی لێ، وەلی شەرتە ئەر بباخمەی دی ئاخر جارم بوو خارەمان بکەم. چەوم نوقانم وە پرتەی دڵی خوەم ژنفتیام، وەشانمەی، دیم دەسی گردە ملیا وەت:
ـ منیچ وە جفتەگەی تو حازرم.
ئەو وەختە زانستم بێروز وە خارەمان چەنی ڕاوبازە(فێڵبازە). وەتم دی ئووجەسە من وەگەرد تو بازی نییێکەم.
ـ یە جوورتر، ئی جفتە وەو تا چوونی؟
ـ وە جفتەگەی تو خەفم.
ـ نا، بگرەی ئەڕام...
ئەڕای گردەمەی تا تایێ خاگەی خوەم دا مل سەر خاگەی خوەی، فەورەن خاگە وەدەسم شکیا. هە وەیجوورە تا گەیچی شکیان.
دوارە وە خەم خوسەی خوەموە هاتمەو، چیمە کوڵ سووکێ پنگ کردم. دالگمیچ هوو چە پێم نەوەت، من ماتەڵ بیم بیێد یە دەس هەساوی بوکشیدەم.
یە فکر ڕەسییە سەرم. ئی ڕووژگەی یە خای قاز هەڵگردم و یە خای مامرە کوڵی، وە دالگمیچ هووچ نەوەتم. دوارە چیمە ئەڕا خارەمان. چەنە یە کووھ خوسەی بێروز وەبان دڵم بی. ئی دفە وەتم وە هووچووچ نەیلم بێروز خای قازەگە بچەشێ.
خای قازیچ فەرە گەورس، مامراوی و قاز جوور یەکن وەی فەرقە ک قاز فەرە گەوردس، وە ئەو ئاواییچە تەنیا ئیمە ماڵێک بیمن ک قاز داشتیم، وەلێ باوەتە هووچکە نەزانستیا ئەڕا خارەمان خای قاز چوونە.
بێروز وەت وە نەزر ناچەشمەی، خاگە گردە دەسوە و وەت بزان چوو خای ئەڵا جەویگە! وەلی فەوەرن دادەی دگان(دیان)وە، تازە قەسەمیچ خواردوو...
ـ بزان قەتار کەم وەگەردد، ئی شانەی خا گری یا ئەو تایێ خاگەی قازە. وەتم:
ـ وەلی خا قازەگە ئەر بشکێ وە جیا یە خای مامرەکوڵی دەمەپیێد.
ـ قەی چەس!
خوەمیچ زانستم خای قازەگە وەختێ چەشیمە لێ فەرە نەرم بی وەلی چەشێ جوور مامراوی نەوی. گشتی زانن خای مامراوی وە دەرد خارەمان ناخوەی. دوارە ئەڕام جی پرسیار بی، ئەڕا بێروز ویشێ وەگەرد ئی قەتارە...؟ بایە ئەوەڵ دەرکی بکردیام ئەڕا بێروز ئووجە ویشێ، هەم دوارە ڕاوێ وە ناو کاری بی! بێروزیچ خوەشی ئیە بی ک من کەفتوومە دەسی هەرچی کەشە وەلێم بردیاوە، وەلی یە چشت جوور ڕووژ ڕووشن وە من ئاگا بی، بایە خای خوەم وە دەس خوەم بوو. وەتم من خای خوەم گرم بەو تا قەتار بکەیم.
ـ بگرەی، وەلی بایە بخەفی.
ـ بوەشن...
دڵ وە ناو دڵما نەوی، وەتم ئەر ئی جاریشە ببازم چە بوو، «یە پاکەت نوقل کردمە خیێرزنە».
بێروز بە کەنین دەس کردەپێ، تا ئەوەڵین چەقە وە دەسی ڕاسوە بی، دیم خاگەی شکیا، دوو ، سێ... گشت خاگانی شکیان.
دیم وەت ماڵ ڕمیاییێگمە، خاگەد نەرمەچەش بی... نزیک پانزە خا داشت گشتی باختەپێم. وە خوەشڵەخوەشی تا ماڵ تیر کردم وە دەو دەویم. خاوڕوون خوەشێ وەلێیان کردم و نیشتمە پای مەشق نووسانم.

فەرهەنگۆک:

سەرهات بووچکێ: کورتە چیرۆک
خا: هێلکە، خایە
خارەمان: یاری هێلەکە شکاندن
ناوهەین: نێوان، بەین
مەیێزوور: مەبەست، مەنزوور
دا: دالگ، دایک، دایە
هەرازایێ: بەخۆڕایی، لەخۆڕا
بایە: (بایەد) دەبێ
سەر: لا چکۆلەکەی هێلکە، سەرەتیژەکەی هێلکە
تا: بن، لا گەورەکەی هێلکە
سوو: سوبح، بەیانی
زز: دژ، زید
پەس پووڵە: مێگەل، ڕانەمەڕ، پەزوبزن
قوڵقوڵە: بەزم وهەرا
دێری: (داشتن)هەتە، هەست (لە چاوگەی هەبوون)
هاتیا: ڕەنگە، لەوانەیە، شایەد
یە قەیر: تۆزقاڵێ، نەختێک
هەڵەدوان: مان، هەوڵدان
پرتە: دڵە خورپە، دڵ لێدان
پنگ: مات ، گرمۆڵە
ڕاو: فێڵ، فریو، مەکر
گوول: فریو، هەڵخەڵەتاندن
سێ تەشاوی سەییراگە: لە بیروبڕوای ئەهلی حەق دا چوار دەورە هەیە کە زاتی خودا لە سەر زەوی دەردەکەوێ، لە دەورەی چوارەم کە لە نیوسەدەی سێزدەهەم بووە، سەییراگە زهوور دەکا. ئێستا خانیانی لە تووشامی نزیک گاوارەی گۆران، زیارەتگای هەموو گەلی ئەهلی حەقە و سوێندخواردن بە پەنجەرەکان(تەشاوی)زۆر باو بووە و ئێستاش هەر باوە.
داو: (داود) لە یارسانی ئەهلی حەق دا یەکێک لە«هەفتەوانە»کانە و لای خەڵک پیرۆزە.
خیێرزنە: (خدری زیندە) لە باوەڕی ئەهلی حەق دا، زیارەتگایەکە لە بەرانبەر «چیای بوورکاکی» لە نزیک گاوارەی گۆران. وشەی کاکی لە ڕیزی وشەی سەید و خەلیفە بە حیساب دێ وبە کەسێک دەگوترێ کە بیێتە دەلیل و ڕێنیشاندەری خەڵک. خەڵکی ئەم ناوچەیە لایان وایە خدری زیندە یەکێکە لە «هەفتەوانە»کانی ئەهلی حەق و بۆیە سوێندی پێ دەخۆن.
تیر کردن: لە خۆشیان هەڵاتن
خاووڕوون: هێلکەوڕۆن.

چەن قادە(قاعیدە) لە خارەمان:

خاچەشن: تاقیکردنەوەی نەرمی و ڕەقیی هێلکە بە ددان لە کاتی یاریدا.
سەروەسەر: لێدانی هێلکەکان لەلای نووکە تیژەکەیەوە.
سەر وە تا: یەکێک لە لای سەرەوە لە لای خوارەوەی هێلکە بدا.
تا وە تا: هەردووک لە لای بنەوە لە یەک بدرێن
جفت وە سەر: چ لە سەر و چ لە بنەوە هێلکەکان لەیەک بدرێن.
جفت وە جفت: سەر لەلای سەر و بب لە بنەوە لەیەک بدرێن.
قەتار: لە سێ گلە (دانە) زیاتر بێ.
خەفتن: ئەوەیکە هێلکەی دەدەستیدا ڕادەگرێ.
خای نەرمە چەش: هێلکەیەکە کە یاریکەر فریو دەدا و پێیوایە نەرمە و زوو دەشکێ.

***

٢
بژوێنەوەی نیشتمانی کورد
لە
کوردستانی ئێران
١٩٧٧ - ١٩٧٨
کەریمی حسامی



میرایەتی بابان
لە نێوان
بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا
نووسینی ستاسین
١٩٩٨

ریبوارسیوەیلی
نوسین
و
بەرپرسیاری
1997

رەفیق سابیر
ئیمپراتۆریای لم
دەربەدەری ئیسلام، خێڵ و نەسیلناهێزم
سوید 1998
ئەیلول

Peyam
پەیام
مەڵبەند
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە
ژمارە ٨٥ هەرێمی/١٩٩٨ ژمارەدان / ژمارە ٢٦٠٩

پەیام

KURMANCÎ
SIMDÊ
HETAW
هەتاو
HALABJA
هەڵەبجە
28

پیرەو
ئەبدر ئاویەر
رابوون
گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

FORENINGS-BREV
چراخان
پێوار
BEWAR
April & May 1997
کوردستان

هەوار
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

GZING

Journal of Kurdish Politics and Culture.

Editor:
Solaiman Chireh

Editorial Board:
Hashem Ahmadzadeh (Sweden)
Nazand Bagikhani (France)
Hassan Ghazi (Sweden)
Amir Hassanpour (Canada)
Abbas Vali (U.K.)

Associate:
Ali Karimi (U.K.)

Address:
GZING
Box: 327
824 41 Hudiksvall - Sweden

Fax: +46-650-94029
Postgiro: 443 5022-1

E-mail: chireh.solaiman@hudiksvall.mail.telia.com
Web Address: http://w1.650.telia.com/~u65002195

No. 19 Spring 1997 Published in Sweden: Kitab-i Arzan ISSN 1104-3473

GZING

Journal of Kurdish Politics and Culture.

No19, April 1998

کتێبی هەرزان بریتی لە "ئەو رۆژە" کە هەرمێنی سلێمانی خۆی پێناکێشێ وەکان

Kitab i Arzan\B.Jarlsg.9B\55463Jönköping\Sweden Telefax 0046 36 710999\Mobil 0046 70 4926924 E-post kitab.i.arzan@jonkoping.mail.telia.com